حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە ١٨
ساڵی دووەم
یۆلیۆی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی ، هونەری ، روناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر:
محەمەد کوردۆ
جێگری سەرنوسەر:
محەمەد عەبدوڵا
سەرپەرشتیاری هونەری:
رێبین مەجید
لۆگۆ:
حەمیدی ئازمودە
مۆتیڤ:
ئاریان ئەبوبەکر
تیراژ:

دەستەی نوسەران:
عارف ئاسراو
کارزان عەبدوڵا
نەورۆز جەمال
سەلام فاتیح
هەڵە چن:
ئاریان کامیل
تایپیێست:
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە:
مەهدی ئەحمەد
چاپخانە:
یاد

# هەنار

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ – بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

Email,hanarkurd@gmail.com Email,hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| کورد لەنێوان بەرداشی ئایدۆلۆجیی ڕەهاگەرایی | هەندرێن | ٥ |
| لەدایکبوونی موزیک لەڕۆحی ڕۆمانەوە | بەکر عەلی | ٣٣ |
| کەرامەتی بیرەوەریی | مەجید عەزیز | ٥٢ |
| قۆناغی سۆفیگەریی | بوشرا کەسنەزانی | ٩٢ |
| **دەق** | | |
| ئەم قەسیدەیەش بۆ تۆیە گوڵعوزاری قەدەم | ئەحمەدی مەلا | ١٠٥ |
| فێرم بکە وەک ئاشقان پیاسە بکەم! | پشکۆ نەجمەدین | ١٠٧ |
| شانۆیی چیتر چاوەڕوان نابێ | تالیب عەبدولکەریم | ١٠٩ |
| سنوورەکانی جیهان | محەمەد عەبدوڵڵا | ١١٧ |
| **وەرگێڕان** | | |
| تەنگژەی سەلەفییەتی ئیسلامی | دلێر محەمەد | ١٢٣ |
| سەردەمی ئاتیک (١) | حەمە کەریم عارف | ١٢٨ |
| لەپەیڤە ئاسکەکانی نزار ئەلقەبانی | شێرزاد هەینی | ١٣٥ |
| سۆما | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | ١٣٩ |
| **هونەر** | | |
| دیدار لەگەڵ ساکار عەبدوڵڵا | چنور محەمەد | ١٤٩ |
| دیدار لەگەڵ تاریق ئاکرەیی | ڕێبوار ئازادی | ١٥٧ |
| جەزیرە و CNN بکوژێننەوە.. | تۆفیق عەبدول | ١٦٤ |

هەندرێن

کورد لەنێوان بەرداشی
ئایدۆلۆجیی رەهاگەرایی



# مەلەفێکی ئایبەت لەسەر بەختیار عەلی

لەدایکبوونی موزیک لەڕۆحی رۆمانەوە

بەکر عەلی

کەرامەتی بیرەوەریی

مەجید عەزیز

قۆناغی سۆفیگەریی
لەشاری مۆسیقارە سپییەکان-دا

بوشرا کەسنەزانی






## لێکۆلینەوە

# کورد لەنێوان بەرداشی ئایدۆلۆجیی ڕەهاگەرایی ڕەوشتی حکومەت و باڵادەستیی تەکنیکدا

هەندرێن ـ سوید

**دەروازەیەک**

کاتێک لەساڵی ٢٠٠٥ دوای دەیان ساڵ ژیان بەسەر بردن لەهەندەران کوردستانم بینییەوە، هەستم بەگۆڕانێکی لەڕادەبەدەری کەشوهەوای ژیانی شارو ڕەوشتی کۆمەڵگەی کوردستان کرد: شەقامەکان تژی بوون لەماشێن و ڕۆژانەش دەیان کەس بەهۆی نەبوونی سیستمێکی شیاوی هاتوچۆ ماڵوێران دەبوون. مۆبایل تەلەفۆن وەك چەشنە لیبووکێکی منداڵانە نەك کەرەسەیەك بۆ سازاندنی بەختەوەرکردنی ژیان، خێزانی کوردی هەراسانکردبوو. ئەندامانی خێزان زۆربەی کاتەکانیان بەسەیرکردنی فیلم و گۆرانی کەناڵە عەنتیکەکانی سەتەلایت بەسەر دەبرد. لەوێدا خەڵك، وێڕای ئاوێزانبوونیان لەڕووی دەرەکییەوە بەڕەهاگەرایی نەریت و ڕەوشتە کۆنباوەکان، لێ هەڵسوکەوتی ڕەمەکیی و مەیلەکانیان بەگشتی لەگەڵ وێنای ئەو پەیوەندییە نەریتگەراییانەی پێشووی کورددا جیاوازییان هەبوو کە لەیادەوەریی مندا هەڵکەنرابوون. مەیل و پەرۆشیی نەوە کۆن و نوێیەکان، ناسیاوە نزیك و دوورەکان بەدوای گەیشتن بەئەورووپاو بەرخۆریی کاڵا باوەکان، بواری ئەوەیان بۆ منێکی ڕاهاتوو بەسرووشتی خاکیی و دۆستانەی ئەو کۆمەڵە نەدەهێشتەوە کە هەست بەنامۆبوون نەکەم. دەخوازم بێژم، ئەگەر ئەو ئامرازانەی تەکنیك لەبنەڕەتدا بۆ ئاسانکردن و ئاسوودەیی ژیانی مرۆڤ بەرهەمهێنرابن، کەچی بەگشتیی بۆ مرۆڤی کورد بوونەتە مایەی کارەساتی گەورە. بەکورتی کێشەی سەرەکی کۆمەڵگەو حکومەتەکەی ئەوەیە، بەهۆی باڵادەستیی تەکنیك لەژیانیدا، هەتا دێت زیاتر ئاوێزانی جیهانبینی ڕەهاگەرایی ڕەوشتی دەبن. لەئاکامی ئەوەشدا ئەو ڕەهاگەرایی ڕەوشتییە وەك جیهانبینییەك لەهەناوی کۆهێزە کۆنپارێزەکانی ناو کۆمەڵگەو حکومەتدا توند و تیژتر خۆی بەرجەستە دەبێتەوە.

هەر بۆیە بەدەم پەژارەی ئەو بوونە ژانگرتووەی بوونی کورد بەدەست باڵادەستی تەکنیك و بەرهەمەکانی، هەمیشە ئەو بیرۆکە بایەخدارەی مارتین هایدگەرم بەیاد دەهێنێتەوە. هایدگەر لەسەرەتاکانی سەدەی بیست و بەهەرمێنبوونی قۆناغی تەکنۆلۆجییەوە، لەکتێبە نایەبەکەی، "گەوهەری تەکنیك"دا پێشبینی ئەوەی کردبوو کە تەکنیك بوو بە"ئۆنتۆلۆگییەکی باڵادەست" بەسەر بوونی مرۆڤەوە، لەبۆیە ژیانی مرۆڤ لەهەموو سەردەمەکانی تر لەمەترسیدایەو بەدەست ئازاری تەکنیکەوە دەتلێتەوە، کەچی گرفت ئەوەیە مرۆڤ هەست بەو ئازارە ناکات.[1] لەژێر رکێفی باڵادەستی تەکنیکدا، ئەوە خودی بوونی مرۆڤ نییە کە بیر دەکاتەوە، بەڵکو ئەوە خودی تەکنیکە. لەو روانگەیەوە ئەمرۆ باڵادەستی تەکنیك بوونی کوردی پەرتەوازەو بەخۆنامۆکردووە. ئەو بەخۆنامۆبوونەش، لەنەبوونی ئاگاییەك بۆ بەیادهێناوەی سەرچاوەی ئەو فەرامۆشکردنە، ژیانی کوردی تووشی ئازار و دڕدۆنگی کردووە.

بەمجۆرە هەستمکرد بوونی مرۆڤ لەکوردستاندا بوو بوو بەکۆیلەیەك بەدەست ئەو ئۆنتۆلۆگییە باڵادەستەی تەکنیکەوە. لەوێدا مرۆڤ وەك بەرخۆرێك لەهەوەسی تەکنیك، بەتێرکردنی هەوەسەکانی رانەدەگەیشت. هاوکاتیش هاووڵاتیان لەنێوان پاراستن و رەفتارکردنی رەهاگەرایی بەهای نەریتە چەقیوەکانی ناخیان و ئەو رەوشت و خووانەی کە مۆبایل و کاڵاگەرایی بەهەرمێنی کردوون دەعەجان بوون. بەواتایەکیتر، کەشوهەوایەکی گرژ و چەپێنەر رووی دەرەکی کۆمەڵگەی تەنیوەتەوەو رووی ناوەکیشی مەیلە مازۆشی و سادیستییەکانی بەجیهانبیبوون دەیورووژێنێت، لەوێدا نەریتە کۆنەکان لەشێوەیەکی ساختەکارانەدا لەئاستی رووکەشیدا پەیوەندییە جڤاکییەکانی مرۆڤ ئاراستە دەکەن و لەئاستی ناوەکیشدا ئایدۆلۆجیای مۆبایل کۆمەڵگە ئاراستە دەکەن. لێرەوە دەکرێ بێژین، دۆخی ئێستای کوردستان لەئاستی پێکهات و جیهانبینییەوە لەدۆخی کۆمەڵگەی سەدەی نێوەڕاستی رۆژئاوا دەچێت. لەسەدەی نێوەڕاستدا کۆمەڵگەی رۆژئاوا، وەك کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگ و مەسیحیگەرا، لەلایەك بەگوێرەی نەریت و رەوشتی کڵێسەو پادشادا دەژیاو لەلایەکی دیکەشەوە ئارەزووەکانی خۆی لەژیانێکی نهێنیدا مەیسەر دەکرد، لەمەڕ رەوشتی کۆمەڵگەی سەدەی نێوەڕاستی ئەوروپاوە، میشال فۆکۆ لەکتێبی "مێژووی سێکسگەرایی"دا ئاماژە بەوە دەکات، کە لەوێدا،

هەرچەندە سێکس لەژێر سایەی کڵێسەدا تابۆ بوو، کەچی خەڵك لەئێستا زیاتر سەرقاڵی باسکردن و رەفتاکردنی سێکس بوون. وێنای ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانیش، وەك کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگ و خاوەن نۆرمێکی رەهاگەرایی رەوشت، لەژیانە دوو رووەکەیدا کتومت لەو کۆمەڵگەی سەدەی نێوەڕاستی یان سەدەی شازدەو حەڤدەی ئەورووپا دەچێت: لەلایەکەوە لەدیدی رەهاگەرایی رەوشتەوە، شەرەف خێزان و پیاوی لەنێو رانی ژندا پیرۆزاندووە، لەلایەکی دیکەشەوە بەدوای هەوەسە سێکسییە پەنگخواردووەکانییەوە بۆتە بەرخۆرێکی مەستی بازاڕی سێکسفرۆشی.

لەو دیدەوەدەکرێ بپرسین: ئایا لەکاتێکدا کە کۆمەڵگەی کوردستان بۆتە بەشێك لەکۆمەڵگەیەکی بەرخۆری مۆبایل و بەهاکانی بەبازاڕی بەجیهانیبوون، دەکرێ ئێستاش بەدیدی رەهاگەرایی رەوشت و ئیدیۆلۆجیی گەندەڵیی، نۆرمە رەوشتییە خێڵەکیی، ئایینی و نەریتە بەجێماوەکانەوە، سەیری بەها جڤاکیی و پێگەی ژن بکات؟ ئایا ئەو بەجیهانیبوونە، ئاڵوگۆڕی بەرهەمە ئابووریی و زانیارییەکان لەناخەوە بوونمان ناگۆڕن؟ گەلۆ ئەرکی حکومەت و بەرپرسیارانی کۆمەڵگە نییە بیر لەوریاکردنەوەو گۆڕینی ئاوەزی خۆیی و سیستمی بەهای کۆمەڵ بکاتەوە؟ لێ گەلۆ حکومەتێك کە پێکهاتەیەك بێ لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و جیهانبینییە خێڵەکیی و ئایینییەکان، دەتوانێت خاوەن کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی و بەهای نوێخوازی بێت؟

سەرەتا ئێمە ئەوە بەیادی خوێنەر دەهێنینەوە کە ئەمڕۆ هەم لەمەسمێدیای دەمڕاستەکانی حزبە قەڵەمڕەو و هەمیش لەمەسمێدیای سەرەبەخۆکانەوە، قسەگەلێکی زۆر لەسەر ئەو تەنگژەو پێشهاتە قەتیسماوانە دەکرێن کە مرۆڤی کورد لەژێر ئیدیۆلۆجی ئەو حکومەتە نەریت گەندەڵەو تەکنیکە، "ئۆنتۆلۆگییە بالادەست"ەدا دەتلێتەوە. بەلام ئەو قسەگەلە لەسەر ئەو تەنگژانەی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی لەچەند دیدی گوتراو یان باودا تێپەڕ ناکەن، بۆ نموونە بەشێك لەو بەرپرس و نووسەرە دەمڕاستانەی حزب و حکومەت، بگرە زۆرینەی نووسەر و حزبە بەناو بەرهەڵستکارەکانی حکومەتیش کە لەمەڕ گەندەڵییدا رەخنە لەحزب، حکومەتی کوردیی و ئاستەنگە کۆمەڵایەتیی، رەوشتیی، ئابووریی و سیاسییانە دەگرن، وێڕای ئەوەی کە خۆشیان گەندەڵن، لەسەرنجگەلێکی وەکو "حکومەت هێشتا ساوایە"، "لە هەموو جیهان و بگرە ئەورووپاشدا گەندەڵی هەیە"،

یان بۆ ئەوەی بەرگی ویژدان و ئاوەڵایی دەپۆشن، کێشەی ئەو گەندەڵیی و ئازارە جڤاتییانە بۆ نەزانیی و بێتوانایی هەندێك بەرپرسیاریی خوارەوەی حزب و حکومەت دەگەڕێننەوە. بەمجۆرە ئەوانە، بەرپرسیارەکانی سەرەوەو جەستەی گەندەڵی، ئایۆلۆجی گەندەڵیی ئەو حکومەتە، وەك سەرچاوەو بەرهەمهێنەرێکی ئەو کێشانە، سەیر ناکەن.

لە کاتێکدا، بەڕای ئێمە، کۆڵەکەو وزەکانی سیستمی ئەو حکومەت و حزبانەی کوردستان، لەئیدیۆلۆجییەکی گەندەڵدا پێکهاتووە، چونکە ئاوەزەی ئەو حکومەتەو پێکهاتەکانی، هەڵگری بەهای کۆهێزە کۆنپارێزو جیهانبینییەکی ڕەهاگەرایی ڕەوشتییە، کە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جڤاتی کورددا باڵادەستە، نەك جیهانبینی تاکەکەسە نوێخوازەکان یان ئەو پەیوەندییە بەرهەمهێنەر، خاوەن ئێتیکە نیشتمانیی و چاکەخوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان. هاوکاتیش ئەو بەناو بەرپرسیارە ژن و پیاوانەی حکومەت و نووسەرە وابەستەو ناوابەستەکانیش، کە بەشێکیان خۆیان مێشکێکی خێڵەکی و باوکسالارییان هەیە، کە باس لەو گرفتە ڕەوشتییانەی، کە بەهای مرۆی کورد بەتایبەتیش ژنی کوردی وێرانکردووە، دەکەن، هۆکارەکەی دەبەنەوە سەر قسەگەلێکی گوتراوی پێشوەختی وەك نەریتی پیاوسالاریی و ئایینی ئیسلام. کەواتە ئەوانەش کەم و زۆر بەو بیانوانەوە هەوڵدەدەن پاساوێك بۆ حکومەتی حزبەکان بهێننەوە، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەمهێناوەو پەیڕەوکردنی خودی جیهانبینی ڕەهاگەرایی ڕەوشتییە.

لێ بەدیدی ئێمەوە، ئەو لێکدانەوە تاکڕەهەند و کەنفتانە، نەك هەر دەستەوەستاونن لەدەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی سەرچاوەو کایەکانی ئەو تەنگژانە، بەڵکو لەدواجاردا، وەك کۆمەڵێك دەسەڵاتداری حکومەت، بەگەمەی دەمامکە ڕۆشنبیرییەکانیانەوە دەبن/بوونەتە سەرچاوەی مانەوە یان قەتیسمانی ئەو نۆرمە ڕەوشتییانە، هەروەك هەنووکە زۆرێك لەو نموونە نووسەرە ژن و پیاوانەی سەر بەحزبەکان، بەپۆشینی دەمامکگەلی وەك "ئازاد"، "لیبرال"، "فێمێنیست" و... هتد، ئەو تەڵەکەبازییانە لەکۆمەڵگەدا پەیڕەودەکەن.

لەو روانگەیەوە ئەو نووسینە هەوڵدەدا بەرۆشناییەك لەڕوانگەی بیرۆکەی مێژووناسی فەرەنسیی و پسپۆڕ لەپێکهاتی کۆمەڵگەی سەدەی نێوەڕاستی ئەوروپا، یۆرجیس دێبای (Geoges Duby)[*]، بەتایبەتیش لەڕوانگەی خوێندنەوەی ئەو بۆ پرۆسەی دروستبوونی "مێژووی کۆمەڵایەتیی و ئایدۆلۆجییە کۆمەڵایەتییەکان"ەوە، رەڤگەلێك بۆ تەنگژە یان ئاکامەکانی ئەو جیهانبینییە رەهاگەرایی رەوشتی، ئەو کۆنەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنباوانەی کە وەك راستییەکی گەوهەریی، ئاراستەی کۆمەڵگەی کورد دەکات، هاوکاتیش بالادەستبوونی بەهاکانی ئەو تەکنیکە بالادەستەی، کە لەگەڵ روانگەی رەهاگەریی رەوشتی کۆهێزە کۆنپارێزەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا تووشی پێکدادان بووە، نمایش بکات. دواجاریش هەوڵدەدات بەڕامانگەلێك لەکۆی ئەم بابەتە ئاکامگیرییەك بەرجەستە دەکاتەوە.

لێ نابێ وابزانرێت کە ئەم نووسینە وەك دوا خوێندنەوەیەکی "راست" دەتوانێت تەواوی ئەو تەنگژانە بنەبڕ بکات، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەدیارخستنی ئەمدیوی ئەو تەنگژانەی کە کۆمەڵگەی کوردستانی تەنیوەتەوە. کەواتە ئەو تەنگژانە ئەوکاتە وەردەچەرخێن کە فرە خوێندنەوەو راڤە زانستییەکان لەدواجاردا توانییان ئاکامگرییەکمان بۆ دەستەبەر بکەن و سیستمێکی شۆڕگێڕانەی سیاسیش ئەو ئاکامگیرییە لەڕێگای پرۆژەو دامەزراوە کاراکانییەوە بەکردە بکات.

هەڵبەتە لێرەدا بەکورتی مەبەستمان لەچەمکی "رەهاگەرایی رەوشت"، ئەو چەشنە جیهانبینییە سەپاوەیە کە پێی وایە "رەوشت"ی "راستی"یەکی بەلگەنەویست، کەلتوورێکی گەوهەرییەو لەناخی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵقووڵاوەو ناکرێت دەستکاریی بکرێت. بەواتایەکی گشتی، لەدیدی "رەهاگەرایی رەوشتی"یەوە، بۆ نموونە، شەرەفپارێزی، کە لەڕەوشتی خێڵدا ژن هێمای ئەو شەرەفەیە، داب و نەریتە باوەکان، نۆرمەکانی رەوشت، راستییەکان و... هتد راستییەکی رەهاو نەگۆڕن یان خواکردن. ئەم چەمکە لەفەلسەفەی رۆژئاوادا، کە بە"رەهاگەرایی بەهاکان" ناودەبردرێت، ئامادەیی هەیەو ریشەکەشی هەر لەبیرۆکە فەلسەفییەکانی پلاتۆ (ئەفلاتۆن)، ئەرستۆوە بگرە هەتا دەگاتە بەشێك لەفەیلسووف و ئاراستە هزرییە نوێگەرەکانی رۆژئاوادا ئامادەیی هەیە. هاوکاتیش دەکرێ بێژین، ئەو

جیهنابینییــە كۆڵەكـــەی زۆرینـــەی ئایینـــەكان، بەتایبـــەتیس مەســـیحیی و ئیـــسلام پێكدەهێنێت. لێرەوە دەكرێ بڵێین، بەشێك لـەو بزاڤـە تێرۆریـستییە بـەناو ئیـسلامگەراو جڤاكییەی ئەمڕی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، جـۆرە ڕەنگدانەوەیـەكن لـەو جیهانبینییـە ڕەهاگەریی ڕەوشتییەی كە لەدیدی ئەو بزاڤانـەوە "هەقیقـەت"ێكی ڕەهـاو نـەگۆڕە یـان خواكردن. وێڕای ئەمەش، مەبەستمان لەبەهاكانی تەكنیك یان ئایدۆلۆجی مۆبایـل، واتـای ئەو دەسەڵاتە تەكنیكییە باڵادەستەیە كە بازاڕی كاڵاكانی بەجیهانیبوون بەرهـەمیهێناوە. بەمجۆرە لەگەڵ پەلهاوێژانی ئەو كاڵا تەكنیكییەدا، بەرتەكی ئەو جیهانبینییە ڕەهاگـەرایی ڕەوشتییەش كە لەهەناوی جڤـاتی كـورددا واتـای "هەقیقـەت"ێكی نـەگۆڕە، دڕدۆنگـتر و توند و تیژتر دەبێت.

## ڕەهاگەرایی ڕەوشت و ئیدیۆلۆجیی كۆهێزەكانی جڤاتی كورد

هەڵبەتە ئـەو جیهانبینییـە ڕەهاگەراییـە ڕەوشـتییەی، كـە سەرچـاوەیەكی سـەرەكیی قەتیـسمانی بیركردنـەوەی زۆرینـەی دەمڕاسـتە ئـایینی، سیاسـیی و ڕۆشـنبیرییەكانی كوردییە، تەنیا بوارێكی جەستەی كۆمەڵگەی كوردستانی نەتەنیوەتەوە، بەڵكو سەرتاپای جەستەی هێزە بەناو نوێخواز و حكومەتەكەشی تەنیوەتەوە. لەبۆیە دەمنادەم ئەو هـەراو زەنایە سۆز و دروشمئامێزانـەی، كـە بـۆ نموونـە، لەسـەر پێـشهاتێكی ویژدانهـەژێنی وەك كووشـتنی (دوعـا)و بگـرە دیـاردە گەنـدەڵیی و سیاسـییەكانیش، بـەناوی هەڵوێـست و داكـۆكیكردن لـەئازایی و مـافی ژن لـەزاری نووسـەری قـسەنووسی كـورد هەڵدەڕێـژین، بەدەراوێتەكردن لەچەند وتارێك، نەك هەر خوێندنەوەیەكی چاوەڕوانكراون بۆ چـارەكردنی ئــەو پێـشهاتانە، بــەڵكو خــودی ئــەو وێنایــە لــەو نووســینانەش بــەردەوامیی و بەرهەمهێنانەوەیەكن لەخودی ئەو ڕەهاگەراییە ڕەوشتییەی كە ناخی مرۆی كورد ئاراستە دەكـات. ئاكـامی ئـەو قـسەو نووسـینانەش بەهــەرمێنكردنی ئـەو توونـد و تیـژیی و گەڕەلاوژانەن، كە ئەمڕۆ بەهۆی نەبوونی ئاوەزێكی نوێخـواز، سیـستمێكی بەرهەمهێنـەری نوێباو، كۆمەڵگـەی كوردییـان هـاڕیووە. هـەر بۆیـە دیاردەی ئـەو نووسـینە هوتافئـامێزو شێوە پەخـشانییانە لەمەسمێدیاكانی كـورددا، كتومـت دیمـەنی بـەردبارانكردنی مێگـەلی (دوعا) نماییـشدەكەنەوە. لـەوەش گـەڕێین، كـە زۆرینـەی ئـەو قسەنووسانەی كـە گوایـە پێشڕەوی داكۆكیكاری مافی ژنن، نەك هەر هیچ زانیارییەكیان لەسـەر پاشـخان و هـۆكردی

ئـەو كووشـتنە نـەبوو، بـەڵكو بێبـەريش بـوون لەسـادەترين زانيـاريى لەسـەر مێـژوو و جيهانبينى ئێزيدييەكان. لێرەدا ئێمە لۆمەى ئـەو قسەنووس و شاعيرە "ناگرينگانە"و دەمڕاستە خەمساردەكانى حكومەت ناكەين، كە بێئاگان لـەجيهانبينى ئـايينى ئێزيـديى و پاشخانى ئەو كووشتنە، لىٚ بۆ نموونە، شەرمەزارييە بۆ نووسەرێك كە گوايە رووناكبيرێكى "گرينگ"ى كـورد و گۆشەنووسـى رۆژنامەيـەكى بەهـەرمێنى "مـەدەنى" يشە، بێئـەوەى بزانێـت لــەژێر كاريگــەريى نووســەرە شــۆڤينييەكانى عارەبــەوە، لــەبرى وشــەى ئێزيدى"يەزيدى" بەكار بهێنێت! هەر بۆيە، بەڕاى ئێمە، زۆرێك لەو نووسـەرانە كوردانـەى كە لەڕێگاى پشت بەسـتن بەوتگـەلى فەيلەسووفە ناسراوەكانەوە، هەوڵدەدن دەمـامكى "شـۆڕگێڕانە" بپۆشـن، كەچـى لـەدواجاردا ئـەو نووسـەرانە بەشـێكن لـەو زانينـە چاوەشـەكارييانەى كـە حزبـەكان لەمەسميّـدياى خۆيانـدا بەرهەميـدەهێنن، چـونكە ئـەو نووسـەرانەش، وەك ئـەو كۆمەڵـە وەزيـر و بەرپرسـە حزبييانـە، لەلايەكـەوە بازرگـان و سەرچـاوەى گەنـدەڵين و لەلايـەكى ديكەشـەوە بـاس لەچـەمكە رازاوەكـان و كۆمەڵگـەى مــەدەنى دەكــەن. لێــرەوە لــەو رەوشــە تەڵەكــەبازەدا، مــرۆى كــورد رۆژ بــەدواى رۆژ لەبەديهێنانى خەونەكانيدا وێڵتر و بێئومێدتر دەبێت.

لە پەيوەندى بەو كێشانەوە، پێويستە ئاماژە بەوە بكەين، كە دواى راپەڕينى بـەهارى ١٩٩١، بەتايبـەتيش دواى رووخـانى رژێمـى بەعسيى و هـاتنى بـازاڕى بـەجيهانيبوون بـۆ كۆمەڵگـەى كوردسـتان، كتـوپڕ نـەك هـەر تـەنيا پێكهـاتى شـارەكان، بـەڵكو پايـەى دێهاتــەكانيش گۆڕانيــان بەســەرداهات: مــرۆى كــورد بــەڕێگاى هاتوچــۆى خــەڵكانى هەندەرانشين، باڵادەستى مۆبايـل و كەناڵـەكانى سـەتەلايت، لـەبێئاگا بـوونێكى رەهـاوە لەژيانى جيهان بووە بەشێك لەبازاڕى كـاڵاو لاسـاييكارێكى ژيـان و كـەلتوورە رۆژئـاوايى و بيانييەكان. هاوكاتيش كتوپڕ بوونى دوو حزبى دەسەڵاتدار بەدوو سەرمايەدار و خۆكردنـە خاوەنى هەموو دەزگـا سياسـيى و كۆمەڵايەتييـەكان، لـەژێر نـاوى رێكخـراوى حكـوميى و مەدەنيى و گۆڕينى كۆمەڵ بەوێناپەك لەوێنەى حزبى،زياتر بوارى بۆ لێكترازانى پردى ئـەو پەيوەنديـە جڤاكييـە سرووشـتييانە خۆشـكرد، كـە كۆمەڵگـەى كوردسـتان لـەڕێگاى كۆنتراكتێكى رەوشتگەرايى لەسەرى پێكهاتبوو. ئاكامى ئەمەش، بـەهۆى باڵادەسـتبوونى هێزە كۆنپارێزەكانى نێو كۆمەڵگەى بەسەر ئاوەزى حزب و حكومەتەوە، ئەو جيهانبينييە

ڕەهاگەرایی ڕەوشتییەش بوو بەئاوەز، زمان، گوتارێکی باڵادەست بەسەر حزب، حکومەت و کۆمەڵگەی کوردیشەوە.

لەو ڕوانگەیەوە بۆ ئەوەی لەجیهانی ئەو کۆمەڵگەیە تێبگەین و ئەو هێزە جیاوازانەی کە ئاوەزی کۆمەڵگە ئاراستە دەکەن، لەیەکتر جیابکەینەوە، پێویستە بایەخ بەو ئاوەزە بدەین کە دیاردەی گەندەڵیی، ستەمگەریی، ڕەشەکوژیی ژن و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنن. چونکە ئەوە کایەکانی ئەو ئاوەزەیە کە بڕیار لەسەر ڕادەی پێشکەوتن و پاشکەوتنی بواری ئابووریی و بوارە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، چونکە ئایدۆلۆجی گەندەڵیی، نادادپەروەریی و سیستمی بەرهەمهێنانی ئابووریی ڕەنگدانەوەیەکن لەخەسڵەتی حکومەتێکی ستەمگەر کە ئاوەزی دەرەبەگیی یان خێڵگەرایی بەڕێوەی دەبات، کەواتە تەنگژەکانی ئەمڕۆی حکومەتی کوردستان ئاوێنەیەکن لەو ئاوەزە دەرەبەگ و خێڵگەراییەی کە کۆمەڵگەی کوردستان ئاراستە دەکات، چونکە ڕەفتارەکانی کۆی کۆمەڵ دەق بەو ئاوەزەوە دەگرن یان دەبنە ڕەنگدانەوەیەك لەبەرهەمی ئەو ئاوەزەو دواجاریش ئەو ئاوەزە دەبێتە کۆهێزێکی باڵادەست، ئەو کۆهێزەی کە سەرچاوەی ئەو ڕەوشتە ڕەهاگەرایەیە، وەك ئاوەزێکی باڵادەست بەو داب و نەریت و نۆرمە ڕەوشتییانەی کە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەژین، خۆیان لەئیدیۆلۆجییەکدا بەرجەستە دەکەنەوە. ئەو ئایدۆلۆجییەش بەڕۆڵی خۆیەوە ئەو داب و نەریت و نۆرمە ڕەوشتییانە، هاوکاتیش بەپۆشینی چەمکە نوێباوەکانی دەرەکییەوە، دەکاتە گوتارێکی باڵادەست بەسەر ژیانی کۆمەڵگەو بەپشتگیریی ئەو کۆهێزە نەریتگەرایەوە ڕەوایەتی بەخۆی دەدات.

خەملێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کایەکانی ئاوەزی ئەو هێزە باڵادەستانەی ناو کۆمەڵگەدا، لەخودی خۆیدا سیستمێك لەبەها دەسازێنێ و لەئاکامیشدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە دەکات، بەمجۆرە تاکەکەسەکان لەلایەن ئەو گرووپە هێزدارانەوە ئاراستە دەکرێن کە وابەستەن پێیانەوە، لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییانەدا، کە هاوبەشییەکە لەنۆرمگەلێکی ڕەوشت و بەهاکان لەنێوان گرووپ و چینەکاندا، ئاگایی کۆمەڵ گەشە دەسێنێ یانیش ئیفلج دەبێت. ئەو سیستمی بەهایەش

که ئاوەزی ئەو هێزە باڵادەستە یان حکومەتـە دەیسازێنێت، ئاسـتی کارایی یـان لاوازی قانوونەکان دیاریدەکات کە بۆ پاراستنی ماف کەسەکان دانراون.

کەواتە ئەوە سیستمی بەهای کۆهێزی باڵادەستە کە بڕیار دەدات کامە بەهاو رەوشت، ئیتیکی نیشتمانی ببنـە پرینـسیپی کۆمەڵگـە، لێـرەوە کۆمـەڵ بـەگوێرەی ئـەو بـەهای سیستمەوە لەنێوان خۆیاندا ئومێدەکانیان دابەشدەکەن، چونکە سیستمی بـەها، ئیتیکـی هاوبەشی کۆمەڵە کە خەونەکانی تاك و کۆی کۆمەڵگە پـەروەردە دەکـات، بـەمجۆرە هـەر ئەو سیستمی بەهایەشە کە کۆمەڵگـە بـەرەو وەهمـەکانی رابـردوو دەبـات، یـانیش بـەرەو ئاییندەیەکی رۆشـن و شـۆڕگێڕانە. رەنگـە لەدەسـتپێکدا کاریگەرییـەکانی ئـەو سیـستمی بەهایە بەشێوەیەکی خاوو کەهێڵ یان ناڕاستەخۆ بن، لێ لـەدواجاردا هـەر نـاوەڕۆکی ئـەو سیـستمی بەهایـە یـان ئیتیکـە هاوبەشـەی کۆمەڵگەیـە کـە وزە بەویـستیی چاکسازیی و وەرچەرخانی دۆخی نالەباری سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووری کۆمەڵگەیەك دەدەن.

لەو روانگەیەوە، بەواتای مێژووناسی فەرەنسی، یۆرجیس دێبای (Gerges Duby):

"یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی ئەمڕۆی زانستی کۆمەڵایـەتی ئەوەیـە، لەلایەکـەوە، لـەناو پرۆسەکانی کردەی سیستمی یەکایەتییەکی هەڵوەشـاوەدا قووڕسـایی مەرجـە ئـابووریی، لەلایەکی دیکەشـەوە، یـەکێك لـەو رێککەوتنـە هەڵـچنراو و نۆرمـەکانی ئەخلاقییانـەی کـە سـاختەکارانە بـەبێ گـۆڕان بەشـێوەیەکی جیـاواز لەنەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی تـر دەگوازرێنەوە کە هەرچەندە چەقبەستووش نین، هەڵسەنگێنێت. ئـەو نۆرمـە ئەخلاقیانـە مێژووی خۆیان هەیە، ئاواز و قۆناغەکانیان لەگەڵ کۆچی خەڵك یان شێوازی بەرهـەمهێنان هاوکات نییە. هەڵبەتە کتومـت بـەڕێگای ئـەو کـەم و کوڕییـە هاوکۆکانـەوە دەکرێـت وەك پردێك لەنێوان ئەو کەرەسە ستروکتور و ئاوەزییە ئاشکرایانەدا جیابکرێنەوە."(٢)

لێـرەوە ئـەمڕۆ پـسپۆڕانی کـورد، جـا چ لـەبواری دەزگـا حکومییـەکان بـن، یـان لەسـەربەخۆکان، پێویـستە لەدیـدی زانـستیی جیـاوازەوە هەوڵبـدەین ئـەو سیـستمە رەهاگەراییە رەوشتییە لێکترازاوەی کە لەناخی حکومـەت و کـۆهێزە باڵادەسـتەکانی نێـو کۆمەڵگەی کورد رەگئاژۆیـە بخوێنێتـەوەو دوای ئەمـەش لـەڕێگای پرۆژەیـەکی فـرەوان بـۆ گۆڕینی ئەو "نۆرمە رەوشتییانە" و "مەرجە ئابووری"یەی کە بوونەتە مەرجێکی قـوورس لەسەر شانی هاووڵاتی کورد، کار بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی لەو نۆرمە رەوشـتییە نوێیانـە

بکەن، ئەو نۆرمە نوێیانەش، بەڕای ئێمە، پێویستە لەپرینسیپێکی ئیتیکی نیشتمانیی، نەك خێزانیی و خێڵەکییدا، وێنا بکرێت. راپەڕاندنی ئەو ئەرکەش پێویستی بەئیدیۆلۆجییەکی کۆمەڵایەتیی هەیە، تاکو بتوانێت کۆمەڵگەیەکی نوێ بەرهەمبهێنێت، چونکە "ئەو پەیوەندییە واقیعییە لێکچنراوانە وێنەیەکی هاوشێوەیی دەبەخشن و هەروا لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندییانە لەنێو یەکایەتی کەلتوورێکدا سەرهەڵدەدەن و لەهەمان زمانیشدا خۆیان دەردەبڕن."(٣)

لەڕوانگەی یۆرجیس دێبایەوە بۆ ئەوەی بتوانین لەداهاتووی کۆمەڵگەیەك دڵنیا بین، پێویستە راڤەی ئەو ئایدۆلۆجییانە بکەین کە وێنا، هەڵوێست و جیهانبینی کۆمەڵ دیاریدەکەن. لێرەدا چەمکی ئایدۆلۆجی، بەواتای لویس ئالتوسێر، بریتییە لە" سیستمێك جۆرە جیهانبینییەك کە (لۆجیك و ئاکام)ی خۆی هەیەو خاوەن (وێنگەل، ئەفسانەگەل، بیرۆکەگەل یان چەمکگەلێك)ی خۆیەتی کە لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا رۆڵی بوونایەتیی و مێژوویی خۆی دەگێڕێت."(٤) چەمکی "ئایدۆلۆجی"، چەمکێکی "ئاڵۆزکاوە، بۆیە ئەرکی مێژووناس ئەوەیە ئیدیۆلۆجی لەو بچووکردنەوانە ئازاد بکات کە زۆر جار لەپشتەوەی ئەو ئاخاوتنانە حەشاردراون کە بەناوی ئایدۆلۆجییەوە خۆیان دەنوێنن."(٥) هەڵبەتە گشت ئایدۆلۆجییەکان وەك سیستمێکی رەواو بێگرفت خۆیان نمایشدەکەن. لەبۆیە یۆرجیس دێبای، سەبارەت بەو خۆ بەڕەوا زانینەی ئایدۆلۆجییەکان سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت، کە لەسەدەی نێوەڕاستی ئەورووپادا "هەموو تێڕامانەکان لەمەڕ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پشتیان بەدەقە بنەڕەتییەکانی ئایینی مەسیحی دەبەست."(٦) بەمجۆرە ئەو ئایدۆلۆجییانە لەڕێگای ئەو خۆبەستانەوە بەئایین و داب و نەریتەکان کە لەناو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەدا ریشئاژۆن، دەخوازن سیستمەکەیان دڵنیاییەك دابین بکەن. هەڵبەتە لەزۆر کۆمەڵگەدا چەندان سیستمی لێکدژ و جیهانبینی جیاواز هەیە، ئەو جیاوازییانەش ئاوێنەیەکن لەنەریت و کەلتوورە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە، بەڵام نەتوانینی ئایدۆلۆجییەکان لەدەستەبەرکردنی هاوئاهەنگیی و ئارامی لەکۆمەڵگەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی پەیوەندییە کۆمەڵاتیی و جیاوازی جیهانبینییەکانی ناو کۆمەڵگە.

وێڕای ئەمەش گرفتی ئایدۆلۆجییەکان کە لەناو سیستمی بەهای کۆمەڵگەدا ئامادەییان هەیە، پەیوەندییان بەداب و نەریت و ئەزموونە مێژووییەکانەوە هەیە. ڕەنگە لەزۆر کۆمەڵگەدا ئەو ئایدۆلۆجییە لەنەریتەکان یان لەجیهانبینییە کۆنپارێزە باوەکانی نێو کۆمەڵگەدا خۆیان بەرجەستە بکەنەوە، چونکە "بڕ بڕەی پشتی هەموو ئایدۆلۆجییەکان داب و نەریتە."(٧) لەو ڕوانگەیەوە گەندەڵیی یان ئیفلیجیی دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی خودی حزبە باڵادەستەکان لەکوردستاندا لەناخی بەڕێوەبەرو پێکهاتەی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی حکومەتدا ڕەگئاژۆیە، چونکە بیرکردنەوەی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوە حکومییانە زادەی ئەوە نەریتگەرایییەکانی کۆمەڵگەی کوردیین. هەرچەندە نەوەی نوێ دەمڕاستی ئەو هەموو ڕێکخراوە مەدەنییانەی کوردستان دەکەن، هاوکاتیش زۆرێك لەنەوەی نوێ لەناو حزب و پێگەکانی حکومەت دەستبەکارن، لێ کێشەکە لەوەدایە کە ئەو نەوەیە لەلایەن ئایدۆلۆجییەکەوە ئاراستە دەکرێت کە بەرهەمی ئاوەز و نەریتی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە، بەدەربڕینێکی دیکە، ئەو نەوە نوێیە لەبڕیارە گرنگەکاندا تەنیا ئامرازێکە بۆ ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی ئایدۆلۆجی ئەو نەوە باڵادەستەی کە هەڵگری جیهانبینییەکی ڕەهاگەرایی ڕەوشتییە. هەر بۆیە گەندەڵیی، ڕەشەکوژیی ژن، دیاردەی سولحی عەشایریی و... هتد، کە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاشکاوی ئەو ئایدۆلۆجییە ڕەهاگەرایی ڕەوشتییەیە کە لەپێکهاتەکانی حکومەتەو کۆهێزە وابەستەکانی نێو کۆمەڵگە، هەروا لەناو خودی ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشدا لەپەرەسەندندان و خودی هێزە جوودایەکانی دەرەوەی حکومەتیش لەگۆڕینی ئەو ڕەوشە تژی لەتەنگژانە دەستەوەستاون. کەواتە کێشەی پسپۆڕانی کورد قسەکردن نییە لەبوون و نەبوونی "کۆمەڵگەی مەدەنی" لەکوردستاندا، بەڵکو ئەرکی ئەوانە، بەپێودانگی پێکهاتی کۆمەڵگەی کوردستان، لێکدانەوەو ئاکامگیرییەکە لەچییەتی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. کێشەی ئەمڕۆی حکومەت و نووسەرانی کوردستان ئەوەیە هێندە قسە لەسەر تیۆرییەکانی "کۆمەڵگەی مەدەنی"دەکەن، ئەوەندە قسە لەسەر کایەی ڕەهەند و ئاکامەکانی ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە ناکەن، بەمجۆرە، زمانی کوردی،گوتاریی کوردی، وەك چۆن پێناسەیەکی تۆکمەی بۆ نەتەوە نییەو ناتوانێت لەسەر کۆئامانجە چارەنووسسازەکانی کورد ئاراستەی گفتوگۆیەك دیارییکات، بەهەمان شێوەش ئاخێوەری

ئەم زمانە، بەهۆی زارقەڵەباڵغییەکانی لەچەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، خودی زمان و بەهاکانی ئەو چەمکەشی سەرگێژ کردووە. بەدەربڕینێکی تر، کێشەی حکومەت و زۆرینەی نووسەری کورد ئەوەیە، خودی خۆیان هەڵگری ئەو زمانە رەهاگەرایی رەوشتییەن یان سەرچاوەی پەرەسەندی ئەو رەهاگەرایی رەوشتییەن، کەچی خۆیان کردۆتە دەمڕاستی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەمجۆرە ئەو زمانە چاوەشەکارە رەوایەتی بەو ئەو ئاوەزە رەهاگەراییە رەوشتییە داوە، کە لەبنەڕەتدا دژی بەهاو پرینسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە. لێرەوە وەك چۆن لەژێر باڵادەستی زمانی ئەو حکومەت و نووسەرانەوە، پرسە نەتەوایەتیی و جڤاکییەکانی کورد کراون بەحیکایەتگەلێکی دووبارەی سەر زار و پانتایی بڵاوکراوەکانی کورد، چەمك و رەهەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش کراوە بەحیکایەتی رۆژانەی زمانی کوردی.

لێرەوە قەتیسمانی ئەو رەوشە خەمهێنەرەی کە بەرۆکی کۆمەڵگەو حکومەتی کوردی گرتووە، ئایندەی هاووڵاتیانی تووشی ترس و لەرز کردووە، چونکە هاووڵاتیانی کوردستان لەناو ئەو رەوشە سەرگێژکەر و ئاراستەی بابەت و چەمکە بەحیکایەتکراوانەدا، ناتوانن لەئامانجی داهاتووی خۆیان دڵنیا بن. ئەو ترس و لەرزەی خەڵکیش لەداهاتوو، خەڵکی ناچار کردووە روو لەهێزە ئایینی و کۆنپارێزەکانی کۆمەڵگە بکات، یان بەدوای چوونە هەندەران وێڵ بێت. هەڵبەتە ئەو هێزە ئایینیی و کۆنپارێزانەش هەمیشە لەناخی کۆمەڵگەدا کاران و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە دەکەن. بەمجۆرە دەبینین زانەوەی نەریتە خێڵەکیی، دیاردەی تووند و تیژی دژ بەژن، خورافات، بەرواجبوونی سولحی عەشایریی، چەتەگەریی، پاشاگەردانی و... هتد، کۆمەڵگەیان هەراسانکردووە. لەگەڵ فرەبوونی ئەو دیاردانەوە حزبە ئیسلامیی و هێزە خێڵەکییەکانیش بەهێزتر دەبن. لەئاکامی ئەمەشدا ئەو دیاردە دزێوانە لەلایەن حکومەتەو نەریتە کۆنەکانەوە رەوایەتیان پێدەدرێت یان پەنا دەدرێن.

لێرەوە ئەوە ئەرکی سیستمێکی نوێباوی کارایە کە ئەو هێزە کۆنپارێزانە لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە. کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی لەبەرهەمهێنانی ئەو سیستەمەدا دەستەوەستاوە. هەڵبەتە هێزە کۆنپارێزەکان بۆ خۆپاراستن و رەوایەتیدان بەخۆیان، هەمیشە لەشێوەی ئایدۆلۆجییەکی رازاوەدا خۆیان دەنوێنن و هاوکاتیش بەداب و نەریت

و ڕەوشتە ڕەگئاژۆکانی ناخی کۆمەڵگەی کوردستاندا پشتئەستوورن، بەڵام ئەو هێزە کۆنپارێزانە تاکو خەڵك ڕازی بکەن، وك ئەمڕۆ لەکوردستاندا لەئارادایە، هەوڵدەدەن دەمامکی جوانیی و مۆدە نوێیەکانی ئەمڕۆ بپۆشن و بانگەشە بۆ ئاوەز و هزریی نوێ بکەن، کەچی لەناخیاندا دژی بچووکترین گۆڕانێکی ڕووکەشن لەبەهاو ڕەفتارەکانی خۆیاندا، بەمجۆرە هێزە کۆنپارێزەکانی کوردستان، کە خودی حکومەتی خۆ بە"مەدەنی"زانی کوردستانیش بەشێکە یان پشتئەستوورە بەو کۆهێزە نەریتەگەرایە، ئەو چەمکە نوێباوە سەرنجکێشانەیان قۆرخکردووە، لەئاکامی ئەوەشدا کۆمەڵگە بەدەم ئەو ژیانە ئاڵۆزکاو و داهاتووە نادیارەوە دەتلێنەوە.

لەو ڕوانگەیەوە ئەمڕۆ بنەمای پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە بریتی نین لەو بەهاو مەرجە ئابوورییانەی کە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی و نەریتی باوی کوردستانی ئاراستە دەکرد، بەڵکو بنەمای ئەو پەیوەندییانە، لەلایەکەوە، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بەهاو ڕەوشتی ئەو کاڵا گەراییە جیهانگیرییەوە کە لەڕێگای دەستەیەك لەبازارگانی ناو حزبەکان و کەناڵە هەمەجۆرەکانی تەکنیکەوە دەهێنرێن، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو پەیوەندییانە، بەهۆی ناوێزەیی ئەو سیستمە لەڕەهاگەرایی ڕەوشتییەی کە وەك ئایدۆلۆجییەك کۆمەڵگە ئاراستە دەکات، ئاوێزانتر بووە بەو نۆرمە ڕەوشتییانەی کە لەناخی کۆمەڵگەی کوردیی و هێزە باڵادەستەکانی کوردستاندا ڕەگئاژۆیە.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕەنگە لەکاتی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا، بەشێك لەنەریت و ڕەوشتەکانی خێڵ هاندەرێك بووبن بۆ پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگەو نەتەوەی کورد. لەبۆیە ئەگەر جڤاکی کوردی بەر لەڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆ مانەوەی پێناسەی نەتەوایەتی، نەریتە کۆنباوەکانی خۆی کردبێ بە ئیتیکی نەتەوایەتی، کەچی ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کورد بەهۆی ئەو وێنایە سیاسییە حزبگەرایە کورتبین و ڕەوشتە گەندەڵییەی حکومەتەوە، لەبەرانبەر نەریتەکانی بازاڕی بەجیهانیبووندا تووشی ئازار و دامانێکی نەتەوایەتی بووە. لەبۆیە ئەو بەجیهانیبوونە خەریکە ئەو بەهاو ڕەوشتە کۆنباوانەی کە لەناخی کۆمەڵگەی کوردیدا دەژین، بێ بەهایان بکات. کەواتە ئەو بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییە پێشینانەی کە لەپرۆسەی بەئیفلیجبوونیاندا، چیتر ناتوانن نەك

هەر هاندەربن بۆ ئاسوودەیی ژیانی کورد و پاراستنی پرینسیپی ئیتیکی نەتەوایەتی، بەڵکو بوونەتە نەخۆشییەکی کوشندە لەهەناوی کۆمەڵگەدا.

ئاشکرایە پێشتر کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی گۆشەگیربوونی جیهانی دەرەکیی خۆییەوە، بەتایبەتیش کیژ و ژنەکانی کورد لەهەموو رووداو دیاردەکانی ژیانی دەرەوەی ماڵەکەی خۆیان بێئاگا بوون، لەبۆیە بەپێودانگی ئەو ژیانەوە، ئەرك و مافەکانیان بەشێوەیەکی رەمەکی پیادە دەکرد. لەوێدا نەریت و نۆرمە رەوشتگەراییە چەسپیووەکانی خێزان و خێڵ، پەیوەندییە جڤاکییەکانی رێکدەخست. لەوێدا شارەکان لەژێر مەرج و کایەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی خۆماڵیی گەشەیان دەکرد و دێهاتەکانیش بەهاوئاهەنگی لەگەڵ سرووشت و پەیوەندییە هەرارکییەکانی خێزان و خێڵ ژیانیان بەسەر دەبرد. نۆرمەکانی رەوشت وەك پێشەمەرجێك هەڵسوکەوتی خەڵکیان هاوئاهەنگ دەکرد. کەچی بەجیهانیبوون و بازاڕی کاڵاکانی، بێئەوەی لەلایەن بەرپرسیارەکانی کۆمەڵگە نەخشەو زەمینەیەکی ئاگایان بۆ ئامادە کرابێ، دابڕانێکی ئاڵۆزی لەپێکهاتەی جڤاکی کورددا دروستکرد. ئاکامی ئەوەش وێڕای گەندەڵی، پاشاگەردانی حزب لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو سیستمێکی ئیفلیجی فێرکردن و وێرانبوونی بەرهەمهێنانەوە، وێڕای کەژ و هەوای خنکێنەری شارەکان بەماشێن، تێکەڵاوبوونی گرووپە جووداکان و دواجاریش زاڵبوونی کەلتووری دیهاتنشینەکان بەسەر ژیانی شار، کوردستان بوو بەبەرخۆرێکی برسی گەمەکانی مۆبایل، سەتەلایت، ئینەتەرنێت و... تاد. لەوەش زیاتر، مەسمێدیای حزبەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی دیدێکی پەروەردەیی و رەوشی پەیوەندییە جڤاکیی و بەها رەوشتییەکانی کورد بوونە بەشێك لەپڕوپاگەندەکردن بۆ کاڵاکانی ئەو بازاڕەو ئەمەش زیاتر جڤاکیی کوردستانی تووشی شلەژان کردووە. لەبۆیە لەپڕ کیژ و ژنی کورد، لەژیانێکی دەمبەستکراوەوە بوونە بینەرێکی تینووی ئەو جیهانە عەنتیکەی کەناڵەکانی مەسمێدیا. هەڵبەتە خودی ئەو جیهانەش هەڵگری بەهاو رەوشتێکی تەواو پێچەوانەی ئەو بەهاو رەوشتانەیە کە هەتا ئەمڕۆش مرۆی کورد دەقیان پێوەگرتووە. دیارە جیهانی تەکنیك بەسرووشتە بزواو و ئەبستراکەکەیەوە زوو هەستی مرۆڤ دەتەنێتەوەو ئاراستەی دەکات، لێرەوە بەدەم مەستبوونی مرۆی کوردەوە بەدیار

بینینی ئەو وێنە رووت و کالاّ فرانەی مەسمێدیاوە، بەهاو رەوشتگەلێکی نوێی ترنجاندە هەست و ئاگاییەوە.

کەواتە ئەو وێنا نوێیە لەژیان، هەوەس و مەیلە دەمبەستکراوەکانی مرۆی کوردی تەقاندەوە، ئەو شلەژان، لێکترازانەی پەیوەندییە دەقگرتووەکانی کۆمەڵگەو بەتایبەتیش بەرزبوونەوەی دیاردەی رەشکوژیی ژنان، ئاوێنەبوونەوەیەکە لەپرۆسەی ئەو بەجیهانیبوونەی کە لەئاکامی کایەکانیدا خێزانی نەریتخوازی کوردی کووشتەی راچڵەکانێکی رەوشتی کردووە. تەشەنەکردنی ئەو تووند و تیژیی و گەڕەلاوژەیەی کە ئەمڕۆ لەژیانی کوردیدا لەئارادایە، وەك وتمان، دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی ئاوەزی ئەو حکومەتە کوردییەی کە هەڵگری ئایدۆلۆجییەکی رەهاگەرایی رەوشتییە.

لەو روانگەیەوە ئەرکی دەسەڵات و چالاکڤانەکانی بواری رۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی و ژن، ئەگەر لەژیانی کوردیدا هەبن، ئەوەیە ئەگەر بڕوایان بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنییە، لەبری ئەو چەواشەکاریی کردنە بەچەمك و بەها نوێیەکان، بەپێودانگی ئاستی کۆمەڵگەی کوردستان و جیهانییەوە بەشێوەیەکی کردەیی لەڕێگای کەناڵ و دامەزراوەکانەوە دەست بەگۆڕینی ئەو جیهانبینییە رەهاگەراییە رەوشتییە بکەن، کە ئاوەز و هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانی گەمارۆ داوە. ئەگەر حکومەت و نووسەرانی کورد لەناخەوە بڕوایان وایە دەبێت کوردستان ببێتە بەشێك لەبەهاو وێناکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی و کۆمەڵگەش بەوە رازی بێ ببێتە بەرخۆرێکی بازاڕی کالاّکانی بەجیهانیبوون، ئیتر حەوجە بەوە ناکا لەترسی بەرتەکی یان بۆ مەراییکردنی هێزە کۆنپارێزەکان بەو جۆرە چەواشەکارانە خۆی لەداب و نەریت و رەوشتە بەسەرچووەکانی وەك شەرەف، سولحی عەشایریی، حزبگەرایی و... هتد بدزنەوە.

راستییەکەی ئەمڕۆ ئەوە نەوەی نوێ و بەشێکی زۆر لەهێزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان نییە کە بەو داب و نەریت و بەها کۆنانەوە ئاوێزانە، بەڵکو ئەوە ئاوەزی حزبە دەسەڵاتدار و بەشێکی زۆر لەبەناو نووسەرانی کوردە کە داکۆکیکار و سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوەی ئەو جیهانبینییە کۆنباوانەی کۆمەڵگەی کوردستانن. ئاشکرایە ئەو داب و نەریت و رەوشتە بەسەرچووانەی کوردستان، بنەمای ئایدۆلۆجییە کۆنپارێزەکان لەسیستمی پەروەردە، خوێندگاکان، قانوونە رزیوەکان، زمانی دامەزراوەکانی حزب و

خـودی حکومەتـدا رەگئاژۆیـە. لـەو روانگەیـەوە، جیهانبینییـە کۆنپارێزەکـانی وەك: پیرۆزاندنی حزب و سەرۆکەکانی، بینینی شەرەف لەخوار ناوکی ژن، رەوشتی دووڕوویـی، خێڵگـەرایی، گەنـدەڵی، تونـد و تیـژیی دژ بەدیـدە جیاوازەکـان، حزبگـەرایی و... هتـد، لەناخی حزبە باڵادەستەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا بەرهەمدەهێنرێن، چونکە حزبەکان وەك هێزگەلی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگەوە ئەو جیهانبییە کۆنپارانەیان لەنەوە کۆنەکانەوە بۆ نـەوەی ئێـستا گواسـتۆتەوە یـان بەرهەمهێناوەتـەوە. ئـەو جیهانبینییـە کۆنپارێزانـەش لەناخی ئایدۆلۆجیی حزب و دەمڕاستەکانی حکومەتی کوردیدا ئامادەیان هەیە، بـەمجۆرە ئــەرکی حکومــەتێکی نوێخــواز یــان ســێکولارە کــە بــەڕێگای قــانوون، رەفتــار و هەڵوێستەکانییەوە، ئەو نەریت و بەهایانەی کە لەناخی پەیوەندییە جڤاکییەکاندا دەژین و خۆیـان لەسیـستمێکی رەوشـتگەراییدا بەرجـستە کردۆتـەوە یـان بوونەتـە سەرچـاوەی ئایـدۆلۆجیی کۆمەڵگـە، بکـات بەپرینـسیپێکی ئیتکـی نیـشتمانی. لێـرەوە ئـەو حزبـە دەســـەڵاتدارانەی کوردســـتان لـــەماوەی ١٦ ســـاڵی دەســـەڵاتیاندا بەرپرســـیارن لەقووڵکردنەوەی ئەو بەهای رەوشت و نەریتە کۆنباوانە لەبونیات و پێکهـاتی کۆمەڵگـەدا. هەڵبەتە سیستمی خوێندن، ئاسـتی مەسمێـدیا، ژیـانی رۆشـنبیریی، سیاسـەت و ئیتیکـی کۆمەڵگـە، ئاوێنەیـەکن لەئیـدیۆلۆجی هـەموو دەسـەڵاتێك. بـەمجۆرە تاکەکەسـەکانیش راستەوخۆ کە وابەستەی ئەو سیستمەن، ئەو بـەها، رەوشـت و داب و نەریتـە کۆنپارێزانـە وەردەگرن و پیادەی دەکەنەوە.

بەڵام حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نە خاوەن ئەزموونێکی سیاسـیی دیـاریکراون لەمێــژووی کوردســـتان و نـــە خـــاوەن ئـــەزموونێکی تایبـــەتی خۆشـــییاتن، لەبۆیـــە بەئیدیۆلۆجییــەك لــەکۆی جیهانبییــە کۆنپارێزەکــان نــەك نوێخوازەکــانی کۆمەڵگــەی کوردییەوە، بۆ فریودانی جیهـانی دەرەکیـی و ناوەکییـەوە، دروشمگـەل و چـەمکگەلێکی رۆژئــاوایی پۆشــیووەو هاوکــاتیش لەئاســتی رەفتــاردا خــاوەن ئیفلــیجترین سیــستمی کارگێڕییە.

لێرەوە ئایا حکومەتی کوردی دەخوازێت بەپرینـسیپە بنەڕەتییـەکانی دیموکراتییـەوە کۆمەڵگە بەڕێوە ببات و کوردستان بکاتە ماڵێکی یەکسان بۆ هاووڵاتیان، یان تـەنیا ماڵێك بـۆ حـزب و وابەسـتەکانی؟ راسـتییەکەی ئـەو شـێوە قەڵەمڕەوییـەی کـە ئـەمڕۆ بـەناوی

حکومەتی کوردی لەئارادایە، بێجگە لەپاشاگەردانی سەردەستەیەك لەبەرپرسی حزبی، خێڵە هێزدارەکان هیچی تر نییە. حکومەتێك هەتا حەز بکەی گەندەڵ و نادادپەروەرە. هەر بۆیە زۆرینەی هێزەکانی تری کۆمەڵگە لەدەرەوەی ئەو رەوشە بەئیدیۆلۆجیی حزبسالارە داگیرکراوەدا، بەهۆی گرانی بژێوی ژیانەوە لەلایەن بازرگان و بەرپرسە گەندەڵەکانی حزبەوە خوێنیان دەمژرێ. تەشەنەکردنی دیاردەی رەشەکوژیی ژن، روخانی بەها ئیتیکییەکانی کۆمەڵگە، سەرهەڵگرتنی گەنج بۆ هەندەران، بێئومێدی تاکەکەسەکان، ئیفلیجبوونی ئاستی رۆشنبیریی، فەرامۆشکردنی هەستی دڵسۆزیی بەرانبەر نیشتمان و... هتد، رەنگدانەوەیەکن لەپرۆسەی ئەو حکومەتە حزبگەراییە.

لەو روانگەیەوە پێویستە سیاسەتوان، پسپۆڕ و رووناکبیریی کورد، ئەگەر بخوازن رێگایەك بۆ رزگار کردنی کورد لەو تەنگژانە بدۆزنەوە، هەوڵبدەن ئەو پرسیارە گەوهەرییانە راڤە بکەن : گەلۆ ئەگەر ئەو هەموو گەندەڵیی، نادادپەروەریی و ستگەمگەرییەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نەبووایە، ئەو هەموو دیاردە کرێت و سەرهەڵگرتنەی گەنج بۆ نادیاریی و توند و تیژییە سادۆمازۆخیانە لەئارادا دەبوون؟ ئاخۆ ئەگەر حکومەت لەڕێگای دامەزراوگەلێکی وەك: پەروەردە، راگەیاندن، زمانی پەیوەندیی، قانوونێکی پیادەکراو... هتد، هەوڵیاندابا زەمینەیەك بۆ تێگەیشتن لەبەهاو رەوشتەکانی بەجیهانیبوون و ئاوابوونی نەریتە باو و کۆنباوەکانی کورد برەخساندبا، کۆمەڵگە هێندە بەدەست پێکدادانی نێوان ئەو بەها کۆن و نوێیانەوە هەراسان دەبوو؟ ئەگەر ئەو بەناو حکومەتە کەمێك دادپەروەر و نوێباو یان مەدەنیی بووایە، هەڵگری بەهای ئیتیکی و سەرەوەریی نیشتمانی بووایە ژیانی زیندووانی دوای ئەنفال هێندە خەمهێنەر دەبوو؟ ئەگەر ئەو حکومەتە گوێی لەپەژارەی هێزە نوێخوازەکانی کورد بگرتایە، وێرای پەرتەوازە یان سنووردارێشیان، رەوشی پێناسەی کەرکوك و دەڤەرە بەعارەبکراوەکان، بەمجۆرە خەمهێنەر دەبوون؟ ئەگەر کۆمەڵگە هەستی بەپرینسیپی ئیتیکیکی هێژاو قانوونێکی کارا بکردبا، هێندە ژن بەو جۆرە هەتکدەکرا؟ ئاخۆ ئەگەر سیستمێکی پەروەردەی نوێباو و کارا هەبووایە، ئەمڕۆ ئاستی خوێندن و پایەی رۆشنبیریی کوردی ئەوەندە بوودەڵە دەبوو؟ بیرکردنەوەیەکی بەڕاستی لەو چەشنە پرسیارانە، زمانێك بەرهەمدەهێنێت کە لەتوانای دایە ئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە لەئاراستەیەکی رۆشندا بەرجەستە بکاتەوە.

لێ، بەهۆی قەتیسمانی زمانی کوردی بەدەست ئایدۆلۆجیی ڕەهاگەرای ڕەوشتی حکومەت و دەمڕاستەکانییەوە، ئێستا ئەگەر بوار هەبووایە زۆرینەی گەنج، نووسەر و بگرە بەشێك لەبەرپرسە حزبیی و حکومییەکانیش سەریان بۆ هەندەران هەڵدەگرت. کەچی لەکاتی ڕژێمی بەعسدا، وێڕای ترساندن و هەڕەشەکانی ڕژێمی بەعسیش، ئاستی هزرینی زمانی کوردی وەك ئێستا شەکەت نەبوو، هەر بۆیە ئاخێوەری کوردی هێندە لەزێدەکەی خۆی بێئومێد و نامۆ نەبوو. لێرەدا ئێمە مەبەستمان بوونی دیاردەی کۆچکردن بەهۆی کێشەی ئابووریی یان تۆقاندن نییە کە کاتی خۆی لەئارادا بوون، بەڵکو مەبستمان لەو دیاردەی کۆچکردنەیە کە بۆتە چەشنە یۆتۆپیایەك بۆ مرۆڤی کورد. ئاخر کۆچکردنی مرۆڤی کورد نەك هەر بەڕێگای هات و نەهاتە، بەڵکو بەگشتی دوا وێستگەی ژیانیشی بەمەرگەسات و ونبوون لەتووناو توونی نێوان سنوورەکان کۆتایی دێت. ڕووداوی خنکانی بەکۆمەڵی ئەو لاوە سەرهەڵگرتووانە لەڕووبار، دەریاچەو گرتن و سووکایەتی پێکردنیان لەلایەن پۆلیسی سەرسنوورەکان و... هتد پێشهاتی جەرگبڕن. ئەگەر کوردیش بەشی زۆری ژیانی مەرگ نەبووایەو خاوەن ئەو حکومەتە سەرقاڵە بەمشەخۆریی و بەرخۆرییە نەبووایە، ئەو دیاردەو پێشهاتانە بەمجۆرە بێدەنگییە لەیادەوەریی کورددا تێنەدەپەڕین یان فەرامۆش نەدەبوون.

دیارە ماڵ بۆ مرۆی کورد، وەك نەریتێکی سرووشتی خۆی، پایەیەکی تایبەتی هەیە. ماڵ لەجیهانبینی کورد، واتای زێد و ئاوەدانی دەگەیەنێ، بۆیە بەشێکی زۆر لەداستان و سەربووردە زارەکیی و نووسراوەکانی کوردی باس لەژان و پەرۆشی ژیانی سوورگوومبوون لەماڵ دەکەن.(*)

کەواتە دیاردەی کۆچکردنی کورد بەرەو ژیانێکی نامۆ و دوور لەماڵ، بەشێکی ڕەنگدانەوەی ڕەفتارەکانی حکومەتی کوردیی و شڵەژانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئاوابوونی ئەو بەها نیشتمانیانەن لەجیهانی تاکەکەسی کوردیدا.

هۆکردی ئەو بەنامۆبوونەی مرۆی کورد لەماڵ و جڤاکەکەی خۆیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بەحزبیکردنی ژیان و هاڵکشانی دیاردەی نادادپەوەریی لەژێر دەستی خودی حکومەتی کوردیدا، بەڵام لەڕۆژگاری ڕژێمی بەعسییدا، چونکە کورد ئەو ڕژێمەیان وەك دوژمنێکی دەرەکی سەیر دەکرد، لەبۆیە سیاسەتی شۆڤینی ئەو ڕژێمە هانی مرۆی کوردی کە زیاتر

هەست بەخۆشەویستیی و ئازادبوونی ماڵ و خاکەکەی بکات و دواجاریش لەبەرانگاربوونەوەی ئەو رژێمەدا بەجۆشتر بێت. کەچی ئەمڕۆ بەدەم گۆڕانی ئەو ناوکۆییە کۆمەڵایەتیی، بەمشەخۆرکردنی سیاسەتی ئابووریی و بەجیهانیبوونەوە، هاوکاتیش بێئومێد بوون لەحکومەتێکی نادادپەروەریی کوردیدا، ئەو بەهایانە لەکن مرۆی کورد سەرەوژوور بوونەوەو لەئەکامی بەهەڕمێنبوونی رەوشتی مۆبایل، کە سەرچاوەیەکی کاریگەرە بۆ وێنای رەوشت و بەهاکانی بەجیهانیبوون، هەستی "بێماڵ"یی: بزۆکی کەلتووریی، نامۆبوون لەکۆنتڕۆڵی کۆمەڵگەیەکی نەریتگەرا، خۆدانە دەست مەیلە دەمبەستکراوەکان لەژێر زەبری رەوشتە کۆنباوەکان و خولیای سەرهەڵگرتن بۆ جیهانە وێناکراوە بەخۆشگوزەرانییەکان، کاڵبوونەوەی هەستی کوردایەتی و... هتد، ناخی مرۆی کوردی تەنیوەتەوە.

لێرەوە گرفتی حکومەتی کوردی زەقدەبێتەوە. لەکاتێکدا حکومەتی کوردستان هەڵگری ئایدۆلۆجییەکی نەریتگەرایەو نۆرمە رەوشتییە کۆنپارێز و خێڵگەراکان برەو پێدەدا، کەچی، وەك وتمان، بۆ ئەوەی دڵنیایی و ئارامی یان مەرایی بۆ خواستە نوێیەکان بکات، خۆی بەچەمکە رازاوەکانی هاوسەردەم دەڕازێنێتەوە. بەمجۆرە حکومەتی کوردستان بەدەم ئەو پرۆسە لێکانگیرەی نێوان بەها کۆن و نوێیەکاندا کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات. لەگەڵ قووڵبوونەوەی ئەو تەنگژەیەدا، ویستێکیش بۆ چارەکردنی ئەو تەنگژانە، نە لەجەم ئەو حکومەتەی کوردستان هەیەو نە لەئاوەزی دەرەوەی ئەو حکومەتەش لەئارادا نییە.

### ئاکامگیرییەک لەڕامانگەلێکدا

لەم خوێندنەوەیەدا بەرۆشناییەك لەدیدی یۆرجیس دێبایەوە، هەوڵماندا وێناکردنێك لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە، پێناسەیەك بۆ ئەو ئایدۆلۆجییە رەهاگەرایی رەوشتییە بکەین کە لەسیاسەتی گەندەڵیی حکومەتی کوردستان ئاراستە دەکات. هاوکاتیش ئەوەمان جەختکردەوە کە حکومەتی کوردستان پێکهاتەیەکە لەپەیوەندی کۆهێزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان نەك ئاوەزێك لەڕوانگە نوێخوازەکان. بەمجۆرە ئامانجی سەرکەوتنی ئەو حکومەتە، رەوشت و بەهاکانی خێڵ و خێزانی نەك تاکەکەسە بەهرەمەندەکانی کۆمەڵگە، هەربۆیە بانگەشەکانی ئەو حکومەتە بۆ بنیاتنانی

کۆمەڵگەی مەدەنیی و ئازادییە سیاسیی و جڤاکییەکان، تەنیا دەمامکێکە بۆ رازیکردنی هێزە نوێخوازەکان و دابینکردنی دڵنیایی خۆی لەکۆمەڵگەدا. ئەو مشەخۆرییەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کورد دەهاڕێ، بەشێکە لەبەرهەمی ئەو تاقمە بازرگانە حزبییانەی کە لەڕێگای دەسەڵاتەکانیانەوە ژیانی ئابوورییان بۆ خۆیان قۆرخکردووە. وێڕای ئەمەش، دیاردەگەلی چەتەگەریی، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، رەشەکوژیی ژن، تێکچوونی هاوسەنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئیفلیجبوونی ئیتکی نەتەوایەتیی و... هتد ئاوێنەگەلێکن لەو ئایدۆلۆجییە رەهاگەرایی رەوشتییەی حکومەت.

هاوکاتیش هاتنە کایەوەی باڵادەستی تەکنیك و بەهای کاڵاکانی بەجیهانیبوون، پێکدادانێکی دژواری لەگەڵ ئەو نەریتە رەهاگەرایی رەوشتییەی کە لەهەناوی کۆمەڵگەدا دەژیی سازاندووە.

لێرەوە کاتێك حکومەتێك بەناوی "نوێنەرایەتی کۆمەڵگە"وە سامانی نەتەوە هەڵبمژێت و ژیان و قوربانییەکانی خەڵك چەواشە بکات، حکومەتێکی ستەمگەرە نەك مەدەنی، هەر بۆیە ئەمڕۆ لەژێر سایەی ئەو تاقمە ستەمگەرەی حکومەتدا پاشاگەردانیی، ترس لەئاییندەو نایەکسانی پەرەدەسێنێ و هاوکاتیش ئەو تاقمە بازارگانە دەسەڵاتدارە دەوڵەمەندتر دەبن. وەك دەزانین، لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی خاوەن پرینسیپی ئیتیکی نەتەوایەتیی و دادپەروەردا، ئاکارگەلی چاکەی وەك داهێنان، بەرهەمداریی، روحی دۆستایەتیی و ئاسوودەیی باڵادەست دەبن. ئەو دەسەڵاتە بەرپرسیارگەلی دڵسۆز و خاوەن ئیتیکی مرۆڤایەتیی و نەتەوایەتیی بەڕێوەی دەبەن نەك گەندەڵی ستەمگەر. لەو حکومەتەدا ژیانی ئابووریی تاکەکانی کۆمەڵگە هاوئاهەنگانە گەشە دەکات نەك تەنیا تاقمی دەسەڵاتدار و حزبی. لەو کۆمەڵگەیەدا مرۆڤەکان بەشادیی و جۆشەوە کارەکانی خۆیان رادەپەڕێنن نەك وەك مشەخۆرێك لەڕێگای وابەستەی بەرپرسە حزبییەکانەوە چەندان مووچە وەربگرن و هاوکاتیش بازرگانی بکەن، لەو کۆمەڵگەیەدا ژیانی بەرهەمهێنان و جووتیاران دەبووژێنەوە. بەروبوومی دێهاتەکان ژیانی ئابووری شارەکان دەگەشێننەوە.

بەڵام گرنگە ئەوە بەیاد خۆمان بهێنینەوە، ئەو چەشنە دەسەڵاتە زادەی چینی بۆرژوازییە نەك خڵتەی خێڵ، پیاوە ئایینیی، مشەخۆرەکانی حزب.

شایەنی باسە، کۆمەڵگەی رۆژئاوا هەر لەکۆتاییەکانی سەدەی نێوەڕاستەوە خەونی بەو دەسەڵاتە بۆرژوازییەوە دەبینێت. ئاشکرایە بیرۆکەی دەسەڵاتێکی بۆرژوازی، لەسەدەی چواردەدا لەنووسینەکانی میکاڤیللیدا بەرجەستە کرایەوە. لەسەدەی شانزەو حەڤدەشدا، کۆمەڵگەی رۆژئاوا، وەك کۆمەڵگەی ئەمڕۆ کوردستان، بەدەست گەندەڵیی دەسەڵاتی پیاوانی پاشا، سەرباز و دەوڵەمەندەکانەوە دەتلایەوە، بیرۆکەی بەدیهێنانی ئەو حکومەتە بۆرژوازییە بەجۆشێکی فرەوانتر فراژا. دواجاریش لەڕۆژگاری رۆشنگەرییدا لەلایەن داڤید هیوم و ئادەم سمیسەوە ئەو بیرۆکەیە رەوتی پیادەکردنی وەرگرت. هەر بۆیە، بۆ نموونە، هەتا ئەمڕۆش تیۆری بەرهەمهێنانی "ئابووریی نەتەوایەتی"ی ئادەم سمیس بەهای خۆی هەیە، لەدیدی هیوم و سمیسەوە، ئەگەر هاوولاتیان پێکڤە کار و ئەرکەکانیان، لەپێشڕا لەپێناوی قازانجی خۆیان و پاشانیش بۆ بەرژەوەندی گشتی، لەکار و ئەرکەکانیان دڵسۆز بن، کۆمەڵگە بەختەوەر دەبێت، بەڵام ئەو دڵسۆزییە بەتۆقاندن و چەواشەکاریی دەستەبەر نابێ، بەڵکو دەبێت هاوولاتیان خۆیان ئاگایانە ئەو دڵسۆزییەیان هەبێ.

لێرەوە ئەگەر دەسەڵاتێك بخوازێ مەدەنی بێ و سەرکەوتنی کۆمەڵگەو بوژانەوەی بەرهەمداریی بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی، دەبێت خاوەن پرسینپی ئیتیکێکی نیشتمانی، بەهاگەلێکی ئاکار چاکە بێ، کە بنەمای کۆمەڵگەیەکی مەدەنییە. ئەو ئیتیکەش بەکورتی لەمانەدا بەرجەستە دەبنەوە: ئومێد، بڕوابوونی خەڵك بەداهاتووی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان، خەون و خەیاڵ، پێناسەو شکۆمەندی، دڵسۆزی بۆ نەتەوە، ئەڤین، مەیلی جڤاکیی، دۆستایەتی، رێزگرتن لەنێوان خەڵك و سەرنجکێشانی بۆ بەهای جوان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ئەمەکداریی، سەروەریی، سەربەخۆیی و ئازادیی و حیکمەتخوازیی، گەڕان بەدوای زانیاری، پێشبینی، ئاگایی خولیای تاك و ئاوەزگەرایی. کەواتە ئەمڕۆ بۆ ئەوەی بوونی کورد ببێتە خاوەن کۆمەڵگەیەکی گەشاوە، حکومەت و کۆمەڵگەی کوردستان پێویستیان بەئاکارگەلێکی لەم چەشنە هەیە کە ئاماژەمان پێکردن. بەڵام کاتێك ئەو ئاکارگەلە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا سەروەر دەبن، کە حکومەتی کوردستان توانی هەڵگری روانگەکانی چینی بۆرژوازیی یان هزرگەل و پرۆژەگەلێکی رۆشنگەرانە بوو و مرۆڤگەلی دڵسۆز و زانا بەسەر دامەزراوەکان و

ئاوەزی حکومەتدا باڵادەست بوون، نەك جیهانبینی ڕەهاگەرایی ڕەوشتیی و مەنسوولی ئاوەز گەندەڵ و چەواشەکار. ئێمە لەوە بەئاگاین کە چینی بۆرژوازیی و بگرە کەلتووری ئەو بۆرژوازییەش لەکوردستاندا ئامادەییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام دەکرێت ئەو ڕوانینە وەك ویستێکی ئیدیالی، نموونەیی لەنەوەکانی داهاتووی کورددا بەرجەستە بکرێتەوە، هاوکاتیش لەوە بەئاگاین کە ئەو تێڕوانینە بۆ ئەو دیاردە چەپگەرا نەرتیتییەی کە بەشێکی بەرچاوی ڕێکخراو، حزب و نووسەرانی کورد بڕوایان پێ هەیە، مایەی ڕەخنەیە. بەڵام ئێمە مەبەستمان لەکەلتووری بۆرژوازیی، ئەو ئەزموونە دیمۆکراتیی و مەدەنیەیە کە ئەو چینە لەسەدەی حەڤدەو هەژدەدا بەرهەمیهێناوە، چونکە بەدیدی داڤید هیوم و ئادەم سمیسەوە چینی بۆرژاوازی سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەزموونی کۆمەڵگەی سکولار و مێژووی ژیاریی بوو، خولیاکانی بۆرژوازی بۆ دەستەبەرکردنی ئەو کۆمەڵگە سکولارە، تەنیا ئابووریی و بەرژەوەندی چینایەتی نییە، وەك ئەوەی مارکسیستەکان سوورن لەسەری، بەڵکو پەیوەندی بەو پرینسیپە ئیتیکییەوە هەیە لەکۆمەڵگە بۆرژوازییەکاندا ڕۆڵی گرنگی هەیە، هەر بۆیە لەکۆمەڵگە نوێباوەکانی ڕۆژئاوادا ئەو ئیتیکە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەقانوون، کۆمەڵگەو بازاڕیی ئابوورییدا کاریگەریی خۆی هەیە، هەر بۆیە ئامادەیی ئەو ئیتیکە لەئاگایی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا، وایکردووە خەڵك بەشێوەیەکی چالاك و دڵسۆز کار بکەن و دەوڵەتیش خۆی بەقانوون و بەرپرسیارەکانی بەرانبەر کۆمەڵ ببەستێتەوە. بەکورتی ئەو ئیتیکە شارستانییە هاوبەشەیە کە تاك و کۆمەڵی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا ئاراستە دەکات، نەك وەك کۆمەڵگە باوەکانی ڕۆژهەڵات، کە بەها نەریتیی و ئایینییەکان هاووڵاتیان ئاراستە دەکەن. لێرەوە ئەو ڕەشەکوژیی ژن، مشەخۆری، بەرخۆریی، چەتەگەریی، ئاکاری خراپەکاریی و.... هتد، کە وەك ئیدیۆلۆجییەکی گەندەڵیی لەکوردستاندا پەرە دەسێنن، ڕانگدانەوەیەکن لەو جیهانبینییە ڕەهاگەرایی ڕەوشتییەی کە لەهەناوی حکومەت و پەیوەندییە خێڵەکییە باڵادەستەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕەگئاژۆن.

لەو ڕوانگەیەوە ئەمڕۆ زۆرینەی هاووڵاتیانی کۆمەڵگە چەوساوەکان لەژێر حکومەتە ستەمگەرەکانی وەك کۆمەڵگە ئیسلامیی و دەرەوەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، خەون بەهاتن بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دەبینن. کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاواش بەرهەمێکن لەچینی

بیرۆکەی بۆرژواو فەیلەسووفە رۆشنگەراکان. لەو دیدەوە کۆچکردنی فراوانی هاوولاتیانی کۆمەلگە دەسەلات ستەمگەرەکان، لەوانە کۆمەلگەی کورد بۆ رۆژئاوا، بەلگەن بۆ بەهای پرینسیپە سیستمە رەفاهییەکانی دەسەلاتی بۆرژوازی. دەسەلاتی بۆرژوازیی، کە پایەی هاوولاتیان رەچاو دەکات، بەلای کەمییەوە رێز لەبنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ دەگرێت و قانوونیش سەروەرە لەدیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی هاوولاتیانی کۆمەلگە نەك نەریتی خێلّ، خێزان و گوڕاح و مجگێزی بەرپرسی نەخوێندەواری حزبی، هەروەك ئەمرۆ لەکوردستاندا دەیبینین.

لەو دیدەوە، لەژێر سایەی حکومەتی کوردستاندا گەندەلّیی و مشەخۆریی نەك هەر ژیانی هاوولاتیانی وێرانکردووە، بەلکو بیرکردنەوەو خولیا بۆ پیادەکردنی هزر و بەهاکانی کۆمەلگەی سکولاری بۆرژوازیش دەمکوت کردووە. مەبەستمان لەو هزر و بەهایانەی بۆرژوازی، سیستمێکی دادپەروەر، نیشتمانپەروەر و پاراستنی مافی مرۆڤە، کە کەلتووری کۆمەلگەی بۆرژوازی بەرجەستەیانی کردۆتەوە، نەك بەهای بازاڕی سەرمایەدارییەکەی.

بەهەرمەحالّ، هەر چەندە ئەمرۆ کۆمەلگەیەکانی رۆژئاوا، بەهۆی بالادەستبوونی توێژێك لەچینی ناوەڕاست بەسەر دەولّەتەوە، لەڕێگای بەکار هێنانی باجی هاوولاتیانەوە بۆ خۆیان، زۆرێك لەبەهاکانی کۆمەلگەی رەفاهییەتی بۆرژوازی، وەك هاوسەنگیی ژیانی ئابووریی کۆمەلگە، ئەو بەهایەی نەماوەتەوە، چونکە ئەوکاتە دەسەلاتی بۆرژوازی دادپەروەر دەبێت کە کۆمەلگەی رەفاهیی سەرتاپای کۆمەلگە بەیەکسانی خواستەکانی هاوولاتیان مەیسەر بکات، بەلام هەتا ئیستاش بیرۆکەکانی رۆشنگەریی، وەك یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو، مرۆڤ، دیموکراتی، دادپەروەریی و... هتد، کە بنەمایەکانی دەولّەتی بۆرژوازین، بەهای خۆیان هەیە.

شایەنی باسە، لەنێوەڕاست و کۆتاییەکانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا نەوەیەکی خوێندەواری نوێخواز، وێڕای چەپڕەویشییان، هەلگری بەدیهێنانی وێنایەك لەدەسەلاتی بۆرژوازیی بوو، بەلام لەگەلّ ئاوێتە بوونی بەخەباتی چەکدرایی پێشمەرگایەتیی و دواجاریش شەڕی نێوان حزبەکانی دوای راپەڕین، ئەو جیهانبییە نوێیە لەناو هێزە کۆنپارێز و رەوشتپارێزەکاندا، کە بوونە هێزێکی بالادەست لەناو ئەو حزبانەدا توانەوە،

پەرتەوازە بوون، یانیش بوون بەئامرازێك بۆ جوانكردنی ئەو ئایدۆلۆجییە رەهاگەراییە رەوشتییەی حزب و حكومەتی كوردستان.

لەم قۆناغەی ئێستاشدا بەشێكی ئەو نەوە نوێیەش كووشتەی هەمان كێشەن. بەدەربڕینێكی دیكە، بەشێك لەو نەوە نوێیە لەناو حزبە قەڵەمڕاوەكانی كوردستاندا بەخەونی بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی سكولار كار دەكەن، كەچی پایەیان لەخوار دەسەڵاتی هێزە كۆنپارێز و رەوشتگەراكانە، لەبۆیە دواجار ئەركی سەرەكی ئەو نەوە نوێیە ئەوەیە كە ببێتە بەشێك لەو سیستمی بەها نەریتگەرایەی كە بەسەر كۆمەڵگەوە باڵادەستە. لەو پرۆسەیەدا لەبری ئەوەی ئەو نەوە نوێیە ئەو بەها سكولارانە بەسەر ئەو هێزە كۆنپارێز، ئیدیۆلۆجییە گەندەڵییەی حكومەت بسەپێنێت، كەچی دەبن بەبەشێك لەپەرەسەندنی ئەو گەندەڵكارییە.

بە دیوێكی دیكەشەوە، كورد لەئاستی مێژووی سیاسییدا خاوەن میراتی ئەزموونێكی سیاسیی چینێكی ئورستۆكراتی خاوەن كەلتووریی گەشاوەی وەك چینی بۆرژوای سەدەی حەڤدەو هەژدە نەبووە، تاوەكو نەوەی ئەمڕۆ یان حكومەتی ئەمڕۆی كوردستان بەهرەی لێوەربگرن. ئەگەر لەرۆژگارە جیاوازەكانیشدا وێنەیەكی گەش و سوودبەخش لەئەزموونی میرنشینەكانی كورددا لەئارادا بووبێ، ئەوە لەئاگایی نەوەی ئێستاو خودی حكومەتی كوردستاندا بەهایەكی نییە یان فەرامۆشكراوە. هەر بۆیە ئەمڕۆ بیركردنەوەی توێژە رووناكبیر و سیاسییەكانی كورد، رەنگدانەوەیەكی شێواوی ئایدۆلۆجییەكانی دەڤەریی و جیهانییە، بەرهەمی ئەو دیاردەیەش ئەو رەوشە دژێوە رۆشنبیریی، سیاسی-و ئابوورییە كە لەكوردستاندا لەئارادایە، لەئاكامی ئەمەشدا ئەو هێزە نوێخوازەی ناو جەستەی كۆمەڵگەی كوردستان، بەدەم شەڕێكی بەردەوام لەگەڵ ئەو كۆهێزە باڵادەستەی ناو حكومەت و كۆمەڵگەوە، ژیانێكی خەونئامێز بۆ دروستبوونی چینی بۆرژوازی كورد بەسەر دەبەن.

خەونی خۆكردی ئەو تاكەكەس و بەكۆمەڵییە نوێخوازانە ئەوەیە كە ئەو نۆرمە رەوشتگەرایی و شەرفپارێزییەی خێزان و خێڵ وەرچەرخێنێت و لەبری ئەوەش نۆرمێكی ئیتیكی نیشتمانی لەئاگایی كۆمەڵدا بخەملێنێت، كە لەگەڵ بەها ناوەكیی و دەرەكییەكانی جڤاكی كورددا هاوسەنگ بێ و هەمیشە لەگۆڕاندا بێت، بەڵام كاتێك ئەو

هێـزە نوێخـوازە دەتوانێـت ئـەو وەرچـەرخانە چـاوەڕوانکراوە لـەجیهانبینی کوردیـدا دروستبکات، کە تـوانی سیـستمی پـەروەردە، زمـان، سیاسـەتی کۆمەڵایـەتی، میـدیاو... هتد، ئاراستە بکات.

هاوکاتیش کاتێك ئەو هێزە نوێخوازە دەتوانێت کۆمەڵگە لەو جیهانبینییە ڕەهاگـەرایی ڕەوشـتییە ئـازاد بکـات، کـە پەیوەنـدی تاکەکەسـەکان لەگـەڵ کۆمەڵدا، لەسـەر بنـەمای بەرهەمداریی و سـەرکەوتنی کۆمەڵگـە بێـت نـەك خێـزان و خێـڵ، وەك ئـەوەی کـە ئێـستا لەکوردستاندا لەئارادایە، چونکە لەکۆمەڵگەیەکی نەریتگەراو حکومەتێکی ئاوەز گەندەڵدا، بەپێـــچەوانەی کۆمەڵگەیـــەکی مـــەدەنیی هاوســـەردەمی نیـــشتمانپارێز، ئامـــانجی پەیوەندییەکانی تاك بەکۆمەڵەوە، پاراستنی شەرەفی خێزان و خێڵەکانـە، یـەکێك لەکێشە سـەرەکییەکانی سیـستمی حکومـەتی ئـەمڕۆ کوردسـتانیش ئەوەیـە لـەڕێگای سیـستمی پـەروەردەو دەزگاکانییـەوە سـەرقاڵە بەسـەرکەوتنی ئامانجـەکانی خێـزان و خیـڵ، نـەك سـەرکەوتنی بـەهای تەکەکەسـەکان وێنـای ١٦ سـاڵی سیـستمی پـەروەردەی خوێنـدن و قانوونەکانی حکومەتی کوردستانیش، بەڵگەن بۆ ئەو راستییە، هەربۆیـە هـەموو ڕەوشـتی کوردی لەچۆنییەتی کردەی سێکسکردندا چڕکراونەتەوەو پێشهاتەکانی ژنکوژیی بەدەست مرۆی کـورد بوونەتـە حیکایـەتی ڕۆژانـەی مێدیای کـوردی و جیهـانی، لەبۆیـە پاراسـتنی شەرەف خراوەتە سەر ئەستۆی ژن، نەك بەرپسیاریی هەردوو ڕەگـەز. کێشەکە لێرەدایـە کـە پیـاوان لەکۆمەڵگـەی کوردیـدا سـەرگەرمی فرەوانکـردن و بەهـەڕمێنکردنی بـازاڕی لەشفرۆشـتنن، بەبێئـەوەی نۆرمـەکانی حکومـەت و کۆمەڵگـە تاوانباریـان بکـەن، کەچـی بەگومانێکی بچووك لەبوونی ژمارەی تەلەفۆنێکی نەناسراو، شەرەفی مرۆڤ و خێزانی کـورد دەڕمێ، لەئاکامی ئەمـەدا ئـەمڕۆ کوردسـتان بۆتـە دۆزەخـی ژن و لـەڕێگای کـامێرای ئـەو مۆبایل تەلەفۆن و ئینتەرنێتەی کە خێزان و خودی ژنی کوردیان وێرانکردووە، کۆمەڵگـەی جیهـانی بۆتـە بینـەرێکی تـووڕەی ئـەو دیمـەنا. بـەمجۆرە حکومـەت و کۆمەڵگـەی کـورد لەبەردەم پێکدادانی ئەو بەهاو نەریتە دژانەی کە لەیەککاتدا بوونەتە خـەون و کارەسـاتی بوونی کورد، دۆشداماوەو ناتوانێـت بڕیارێـك بـۆ گرتنەبـەری ئاراسـتەیەکی جیـاواز بـدات. ئاخر پرسیار ئەوەیە، گەلۆ ئەوە نەریتی خێزان و ڕەوشتی خێڵە کە دەبێـت بڕیـار لەسـەر واتای نۆرمی ڕەوشت و بەها کۆمەڵایەتییـەکان بـدات یـان حکومـەت؟ بەدڵنیاییـەوە ئـەوە

ئەركی حكومەتە نەك خێزان و خێڵ، كەلتووری شەرەف. نۆرمی رەوشت، نەریتەكان دیاردەگەلێكی جێگیر نین، هەموو ئەمانە لەگەڵ گۆڕانی ناوەكیی و دەرەكی كۆمەڵگەو جیهاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئا لێرەوە حكومەت دەبێتە سەرچاوەو بەرپرسیاری ئەو نەهامەتییانە.

لەو ناوكۆییەوە وێنای رێكخراوە بەناو مەدەنیی یان سەربەخۆكانی ئەمڕۆی كوردستان، بەشێكن لەو دەمامكانەی كە حكومەتی كوردستان بۆ خۆ رازاندنەوەی خۆیی و سازشكردن لەگەڵ هێزە جیاوازەكانی كۆمەڵگەی كوردیدا پۆشیوویەتی. لێرەوە بوونی ئەو رێكخراوە بەناو مەدەنییانە ئەوەندەی رەوایەتیدانە بەئاوەزی رەهاگەرایی رەوشتی حكومەت و هێزە كۆنخوازەكانی كوردستان، هێندە وریاكردنەوەی تاكەكەسەكان و جێگیركردنی بەهاكانی چەمكی "سێكولار" نییە لەكوردستاندا. بەواتایەكیتر، رێكخراوە مەدەنییەكان وێنایەكن یان بەرهەمێكن لەو دیاردە مشەخۆریی و بەرخۆرییەی كە حكومەتی كوردستان بەرهەمی هێناوە.

لێ ئەمڕۆ حكومەتی كوردستان بەئیدیۆلۆجیە كۆنپارێزەكەیەوە دەبێت لەوە تێبگات كە لەسەردەمی بەجیهانیبووندا، بالادەستی تەكنیك، بەرخۆركردنی كورد بەكالاكانی جهیانی سەرمایەداریی، ئامادەیی خەڵكی بیانی و تێكەلاوبوونی كورد لەگەڵ كەلتوورە جیاوازەكاندا، بەو سیستمە كۆنباوەوە ناتوانێت كەلتووری شەرفپارێزیی، خێڵگەرایی، نادادپەروەریی كۆمەلایەتیی و... هتد پەرە پێبداو هاوكاتیش چاوبڕكێ لەگەڵ كۆمەڵگەی مەدەنییدا بكات.

٢٠٠٧/٦

ستۆكهۆڵم

بەشی یەکەم:

# لەدایکبوونی موزیک لەڕۆحی ڕۆمانەوە

## بەرەو تیۆرییەکی ئۆنتۆلۆگیای بیستن لەڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان



بەکر عەلی ـ بەرلین

هەر لەسەرەتاوە با پۆزشی خۆم بۆ وەرگرتنی ئەم ناونیشانە لەناونیشانی کتێبەکەی فریدریك نیچەوە (لەدایکبوونی تراژیدیا لەڕۆحی موزیکەوە) بخەمەڕوو. واتە دەمەوێت بڵێم ئەگەرچی موزیك زمانێکە لەسەروو زمانەوە، کەچی بۆ ئەوەی خۆی بکات بەبوونەوەرێك، ئەوا پێویستی بەزمانێکە بیگێڕێتەوە، زمانێك بینووسێتەوەو راڤەی ماهییەتەکەی بکات، زمانێکی وا بکات موزیك لەزوبیەکتێکی ئیستاتیکییەوە، بەوەدا کە ئەو کەرتێکی

هەرەزیندووی ناو کەلتوورەو شێوەیەکە لەشێوەکانی زمان و ئیرادە، بکاتە هۆشیارییەك. دیارە بێ هیچ چەندو چۆنێك رۆمان باڵاترین شێوەی هۆشیاریی گێڕانەوەی. ئەم ناونیشانەش لەڕاڤەیەوە هەڵقووڵاوە. کە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان بۆ لەدایکبوونی موزیك لەناو کەلتوورێکدا کە گوێچکەی موزیکایەتی لەکیسداوە پێشکەشمانی دەکات.

هەڵبەت گوێچکەی فەرهەنگی کوردی تا ئێستا بەم مانایە موزیکی نەبیستووە، بەڵکو ئەو تەنیا بەگوێچکەیەکی زۆر سادەو سەرەتاییەوە گوێبیستی موزیك بووە کە لەو پەڕی ناسینیدا لەگوێچکەیەکی رۆمانسی ساویلکە بەولاوە ناتوانێت چ ناسنامەیەکی تری بدەینێ.

ئەم رۆمانەی نووسەرو شاعیر بەختیار عەلی هەموو ئەو توخمانەی پێیە، زمان، سەروزمان، ئیرادە، زەمان، لەزمانبەدەر، ئەرگومێنت، دۆکیۆمێنت، ژیان، چیرۆك، فەنتازیا، ئیرۆنی، هەمیشەیی، جوانی، شیعرییەت، توێژینەوە، مێژوو، هەقیقەت، کە لەمۆزایکێکی درەوشاوەی زمانئاراییدا بیانکاتە ئەو رۆمانەی لەڕۆحییەوە موزیکێك لەدایکبێت کە چیدی بەگوێچکەی ئاسایی نەبیسترێت، بەڵکو پێویستمان بەگوێچکەیەکی دی دەبێت لەوەی نیچە پێیدەڵێت (گوێچکەی سێیەم) کە جگە لەگوێچکەیەکی رۆحی بەولاوە چیتر نییە.

لەم باسەدا من هەوڵدەدەم موزیك وەك بەشێکی زیندووی گەشەی کەلتوورییانەی مرۆڤ نیشانبدەن، گوێچکەش تەنیا وەك ئۆرگانێکی فیزیکی نابینم، بەڵکو وەك میدیۆمی هاتنە —ناو— جیهان, واتە بیسەلمێنم بەبێ هەبوونی هەستی بیستنێکی ئۆنتۆلۆگیانە گوێچکەی موزیکی ناشێت لەدایکبێت. مەخابن لەناو کەلتووری کوردیدا ئارەزوویەکی قووڵ بۆ فەرامۆشکردنی بیستن و کوشتنی هەبووە، کەچی تائێستا وشەیەکی لەسەر نەنووسراوە، سوپاس بۆ بەختیار عەلی بەشاکارێك چرای ئەم تێمایەی هەڵگیرساند.

لێرەوە بێهۆ نییە گرنگترین رستەی رۆمانەکە من چەقی شیکردنەوەکەمی لەسەر رابگرم بریتییە لەڕستەی، ئەم شارە (شارێکە گوێچکەی بووە بەبەرد) کە جەلادەتی کۆتر لەلاپەڕەی (٤٤٩)دا دەیدرکێنێت و وەك ئاژێرێك دەیدات بەگوێی خەوتووی ئەو شارەدا.

ئەم دۆخی فەرامۆشکردنی گوێچکەیە لەو بەسەرهاتە دەچێت کە بەسەر زەردەشتی نیچەدا دێت کاتێك بەدیداری گوێچکەیەك رادەگات کە هێندەی مرۆڤ گەورەبووە، لەگەڵئەوەشدا زەحمەت بووە شتێکی مرۆیی تێدا ببینێتەوە: (خەڵکەکە پێیان گوتم.. گوێچکە گەورەکە نەك هەر مرۆڤە، بەڵکو مرۆڤێکی گەورەو، بلیمەتێکیشە.. بەڵام من هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەی خۆم ماوم کە ئەو بریتییە لەکۆڵەوارێکی ئاوەژووبوو، لەگشتدا کەمی هەیەو لەتاکدا زۆر). گوێچکەی کەلتووری کوردی کە ئەدەب، سیاسەت، هونەرو کۆمەڵایەتی.. تاد، دەگرێتەوە کتومت ئەو زەلیلە، ئەو کۆڵەوارە ئاوەژووبووەیە.

## بەختیار عەلی.. بوونەوەرێکی کەنتاوری

بەلامەوە دەرفەتە بەرلەوەی رۆبچمە ناو باسەکەوە بەشێوازی خۆم چەند رستەیەك لەسەر بەختیار عەلی بنووسم.. بەختیار عەلی بێ هیچ چەندو چۆنێك ماوەی پتر لە (١٥) ساڵە بووە بەگرنگترین فیگوری ناو رۆشنبیری کوردی، بەرهەمەکانی: شیعر، وتار، لێکۆڵینەوە، تیۆریزەکردن، رۆمان و گفتوگۆکانی تێکڕا تەوژمێکیان بەخشیوە بەئەدەبیاتی کوردی، گەر هەرکەس بەچاوی ئینسافەوە تەماشای ئەو ئەدەبە بکات دەزانێت کە ئەدەبێکی زیندووە. ئەدەبێکە سەرباری هەموو کەموکوڕی و قەیرانەکانی بێبەری نییە لەکاری داهێنان.. هەقیقەتیش وەهایە، ئەدەب و هونەر ئەوەی لەسەردەمی تەنگانەدا ئاسوودەیی و ژیان ئاشنا بکەنەوە بەمرۆڤ، هۆلدەرلین وتەنی: لەکوێدا مەترسی هەبێت لەوێدا هەڵۆ سەردەردەکات.

لەناو ئەم ئەدەبەدا من فیگوری کەنتاوری بۆ بەختیار بەڕەوا دەبینم و پێموایە لەمەدا چ زێدەڕۆیم نەکردووە.

کەنتاور لەناو میتۆلۆگی گریکیدا ئەو بوونەوەرە خورافەییەیە کە لەدوو بوونەوەر پێکهاتووە، بەشی پێشەوەی لەوێنەی جەنگاوەرێکدایەو بەشی پشتەوەی بریتییە لەلەشی پشتەوەی ئەسپێك. بۆئەوەی ئەم فیگورە بهێنمە بەرچاوی خوێنەر، فیلمی (پێکدادانی دیوەکان ـ إصطدام الجبارة)ی دەهێنمەوە یاد کە ئەو بوونەوەرەی تێدایە، بەختیار خۆیشی ئەم فیگورە لەلاپەڕە (٥٩١)ی رۆمانەکەدا بە(سیلینۆس بوونەوەری نیوە ئەسپ و نیوە مرۆڤ) ناو دەهێنێت کە باوکی پانەو مامۆستای دیۆنیسیۆنە.

تەماشاکردنی بەختیار وەك کەنتاورێك لەو باوەڕەمەوە هاتووە کە ئەو تاکە کەسە لەناو رۆشنبیریی کوردیدا ئەدەبیاتی کەنتاوری نووسیوە. بەمانای کارەکانی ئەوە هەمیشە کاری ئاوێتەیی و سینتێزەیین، ئەم دەستنیشانکردنەش لەوێدا دەردەکەوێت کە چۆن ئەو فەنتازیا ئەلکێنێت بەواقیعەوە، ریال بەسوریالەوە ئاوێتە دەکات... سپی لەناو رەشەوە دەردەهێنێت، دەنگ لەناو بێدەنگیدا دەبیستێت، هەقیقەت لەنا ـ هەقیقەت وەردەگرێت و جوانی لەنا ـ جوانیدا دەبینێت، دەرەوە لەناوەوەو ناوە لەدەرەوە دیاریدەکات. راستی لای ئەو شوناسێکی نیتچەییانەی هەیە نەسپییەو نەڕەش، بەڵکو لەئاوێتەبوونی هەردوو رەنگەکە پێکهاتووە کە دواجار رەنگی خۆڵەمێشی وەردەگرێت، جوانی بەرگێك نییە تەنیا بەبەژن و باڵای مرۆڤی چاکە خوازدا دوورا بێت، بەڵکو دەشێت مرۆڤی بەدکاریش هەڵگری بێت.

بەم پێیە کارەکانی بەختیار بوونەوەری پێکهاتوون لەهەموو ئەو دووانە لێکدژانە، لەهونەر، شیعرییەت، ئەندێشە، فۆرم، ناوەرۆك، تیۆری و پراکسیس. کە شیعرو رۆمان دەنووسێت بەفەزایەکی فەلسەفییەوە بارگاویی دەکات، کە توێژینەوە دەنووسێت دەیخاتە ناو ئەتمۆسفێرێکی پۆیتیکییەوە. پەیوەندیی شیعرو بیر لەکارەکانی ئەودا زوبستانس و ژێرخانی سەرەکی سیستمی بیرکردنەوەیەتی. رەنگە هیچ کەلتوورێك نەبێت لەدنیادا فیگورێکی کەنتاوری تێدا لەدایك نەبوو بێت، ئێمە دەبێت خۆشبەخت بین کە لەناو ئێمەشدا ئەم فیگورە لەدایکبووە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەمیراتی نیچە منداڵدانی هەموو ئەو فیگورانەیە، ئەو جارێك بۆ ئەروین رۆدەی هاوڕێی دەنووسێت: زانست، هونەرو فەلسەفە ئێستا بەشێوەیەکی ئەوتۆو فراوان پێکەوە لەناوەوەمدا گەشەکەدەکەن کەواملێدەکات هەرجارەی کەنتاورێك بهێنمە دنیاوە.

بەختیار ئەو ئەفسانەسازەیە کە ئاسۆی ریالیستی بەکلاوڕۆژنەی سوریالێتیدا دەهێنێتە ژوورەوە. کارەکانی ئەو چەندێك پڕن لەشیعرییەت هێندەش پڕن لەتوێژینەوە. ئەم دەستنیشانکردنەش دەقاودەق بەسەر ئەم رۆمانەدا دەسەپێت، چونکە رۆمانێکە تێیدا هەموو گریمانەو هیپۆتێزەکان لەگەڵ هەموو رامانە ئەپۆکالیپزییەکانیدا ئاوێتەبوون، رۆمانێکە لێوەی دەشێت موزیکێك لەدایکبێت کە موزیکێکی ئیدیالیستی رۆحانی نییە هێندەی موزیکێکە دەبێتە رۆحانییەتێکی ریالیستی و ماتەریالی کە بۆمان بلوێت

بەگوێچکەمان دەستی لێبدەین، چونکە ئەو بانگەشەو پلێدۆیەی لەدایکبوونی گوێچکەیەک دەکات ئەو موزیکە ببیستێت کە زۆرانبازی نێوان وەحی و توێژینەوە، جاویدانی و بەربادی، رامان و ئەزموون، هەقیقەت و نا ـ هەقیقەت، نەمری و فانی، من و جیهان، هەڵهاتن لەجیهان و هۆگربوون پێوەی دەنوێنێت. ئەم دەستنیشانکردنەش بۆ من رووبەرێکی کراوەی ئەوتۆ پێشکەشدەکات کە بتوانم گاھ لەدیوی ئیستاتیکییەوە گاھ لەدیوی فەلسەفی و مێژووییەوە تەماشای رۆمانەکە بکەم.

جاران من ترسم لەوەبوو ئەدەبیاتی کوردی بەهۆی کەللە دۆگماییەکانەوە (واتە گوێچکە بەبەردبوونەکانەوە) لەناو ژوورێکدا لەقەراغی جیهاندا بەپەراوێزی بمێنێتەوە، ئێستا من ئەو ترسەم لەبیرچۆتەوە، ئێستا هەستدەکەم ئەدەبیاتی کوردی دەچێتە ناو ـ جیهانەوە.

## ئۆنتۆلۆگیای گوێچکە.. یاخود بەرەو کەلتووری بیستن

ئێمە لەبەرئەوە نابیستین کە گوێچکەکان هەیە، بەڵکو لەبەرئەوە گوێچکەمان هەیە، چونکە دەبیستین. (هایدێگەر).

گەر بمانەوێت هەر لەسەرەتاوە دیاگنۆزەیەکی کورتی ناوەرۆک و مۆتیڤی رۆمانەکە بکەین، ئەوا رەنگە سەرەکیترین تەوەری رۆمانەکە کارکردن بێت لەسەر چێکردنی ئەتمۆسفێرێکی فەلسەفی —ئیستاتیکی لەناو کایەی واقیعی و مێژووییانەی رووداوەکانی هەرێمێك بەهەموو رەهەندە سیاسی و وجودی و کەلتوورییەکانییەوە. وردتر بڵێین رۆمانەکە لەهەوڵی دارشتنی تیۆریەکە بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگە، نەتەوە، جیهان، و کەینونە لەرێی ئەفراندنی گوێچکەیەکی موزیکییەوە، گوێچکەیەك کە گوێبیستی موزیکی دووبارە بەدۆستکردنەوەی دازاینە لەگەڵ جیهاندا، ئەم ئەفراندنەش تەنیا ئەو کاتە شیاو دەبێت گەر ئێمە لەژیاندا رێچکەی هونەری ژیان بگرینەبەر. واتە ژیان تەنیا وەك زیندەوەرێکی بێهونەر نەگوزەرێنین، بەڵکو وەك بوونەوەرێکی هونەری کەژیانی بەئەفراندنی جوانی دەباتەسەر، هەڵدەکات ئەوەی پێیوابێت جوانی روانینێکی دیدگەیی پەتییە، یاخود گوتەزایەکی ئەبستراکتە، یان کۆدێکی ئیدیالیستی و میتافیزیکییە. راستییەکەی جوانی بریتیین لەروانین و لەرێچکەی گوزەراندنی هونەریانەی ژیان... بریتییە لە دۆزینەوەی رێچکەی بیستنی دەنگی ژیان وەك ئاوازێکی نەمر، چونکە ژیان بۆ

ئەوەی بەدرەوام بێت پێویستی بەنەمریی هەیە، تاکە شتێك لەژیاندا نەمر بێت ئاوازو موزیکە، ریلکە گوتەنی (گۆرانی نهێنی بوونە) واتە هەموو شتێك بەسەردەچێت تەنیا دەنگ بەهەمیشەیی دەمێنێتەوە. نەمری چوونە ناو غەیبەوە نییە، بەڵکو باوەشکردنە بەجیهاندا، مۆزارت مرد ون نەبوو، بەڵکو چەند سەدەیە کارەکانی هێشتا لەناو جیهاندان و بۆ هەمیشەش هەر لەناو جیهاندا دەبن. نەمرەکان ئەو فیگورانەن کە لەشاری مۆسیقارە سپییەکاندا ژیانی جاویدانی بەسەر دەبەن، بەڵام لەبەر ئەوەی شارێکی واقیعی نییە ئەوا مەرج نییە بەپێویست ببێتە شارێکی یۆتۆپی، بەڵکو تۆپۆگرافیایەکە کە رەهەندێکی جیۆگرافی رۆحی هەیەو لەبری دزێوەکان کۆبکاتەوە (رۆحی مۆسیقارو شاعیرو نیگارکێشەکان کۆدەکاتەوە ش.م.س، لاپەڕە ١٩٩). ئەمە هیوایەکی نیچەییانەیە کە دەخوازێت رۆژێك بێت تەنیا لەجێیەکدا پێکەوە کۆببنەوە، چونکە ئەو شارە شارێکە (ئەو رۆحانە دروستیانکردووە کە هێشتا دەنگیان لەسەر زەوی سەدای خۆ وەرنەگرتووە، تورێکە ئێمەی زیندوو و داهێنەرو مۆسیقی و نیگارکێشە نائومێدەکان پێکەوە گرێدەداتەوە، لەوانەیە ئەو شوێنەبێت کە ئینسان لەئاوازی خۆی بینای ناوە. ل١٩٩).
شارێك کە لەئاواز بیناکرێت شارنشینەکان سەرەکیترین شتێك پێویستیان پێی بێت بۆ ئەوەی شارستانی دەرچن بریتییە لەوەی کە گوێبیستی ئاوازی ئەو شارەبن، خەڵکەکەی پێویستیان بەگوێچکەی موزیکی هەیە نەك بەگوێچکەی ئاسایی کە جگە لەدەنگەدەنگ و مقۆمقۆو گەڕەلاوژە بەو لاوە چیتر نابیستێت، چونکە گوێچکەی موزیکی ئەو کەماڵەیە کە بەشێوەیەکی رۆحی و هونەری دەنگ و موزیك دەبیستێت، کەواتە تێگەیشتن لەکەلتووری موزیکی شارێك بەندە بەتوانای هێزی بیستی گوێچکەی ئەو شارەوە. لێرەوەیە بەختیار عەلی بۆ ئەوەی لەو دەرفەتە ئیستاتیکییە بگات کە لەناو کەلتووری جیهانی ئێمەدا بزرە، هونەری موزیکی بۆ سەلماندنی شێوازێك لەشێوازەکانی هونەری تێگەیشتن هێناوەتەوە کە بریتییە لەهونەری بیستن، بۆیە کاتێك دەڵێت ئەم شارە گوێچکەی بووە بەبەرد ئاماژەیە لەسەر بزربوونی زوبستانسی بیستن لەگوێچکەی ئەو شارەدا. وەك لەلاپەڕەی (١٩٨)ی رۆمانەکەدا دەڵێت: من گوێ دەگرم، من لەم وڵاتەدا مامەوە بۆ ئەوەی گوێ لەو هاوارە بگرم, کەواتە بۆ تێکەیشتن لەئاستەکان و رەهەندەکانی هەر کەلتوورێك تێگەیشتن لەزوبستانس و جەوهەری ئەو کەلتوورە پێویستە وەك پێشمەرجێك لەبەرچاو بگیرێت.

زوبستانسی هەر کەلتوورێکیش بریتییە لەکۆی توخمە رۆحی و هۆشمەندییەکانی کەپێکرا ئیدراک و تێگەیشتن ساز دەکەن. تێگەیشتنیش لەرێی دوو کردارەوە ساز دەبێت، کرداری بیستن و کرداری بینین، هەردوو ئەم کردارەش بەهەردوو ئۆرگانی گوێچکەو چاودا گوزەر دەکەن، واتە لەرووی ئۆنتۆلۆگییەوە گوێچکەو چاو ئەو دوو میدیۆمەن کە هەردوو هەستی بیستن و بینین چێدەکەن. فەزای ئەم رۆمانەش تەنیا لەناو کایەی موزیکدا، کە گوێچکە دەگرێتەوە، خول ناخوات، بەڵکو کایەی بینینیش، کە چاو دەگرێتەوە، رووبەرێکی گرنگی لەرۆمانەکەدا داگیرکردووە، واتە ئەگەر رۆمانەکە باس لەئۆنتۆلۆگی گوێچکە بکات لەرێی موزیکەوە ئەوا هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر هونەری نیگارکێشان دەکرێن و خودی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان و مۆزەخانەکەی دکتۆر موسای بابەك ئاماژەن لەسەر هەبووندای چاو لەرێی تەماشاکردنەوە. کەواتە رۆمانەکە مامەڵە بەهونەری بینین و بیستن دەکات، لەمەڕ هونەری بینینەوە کار بەدیوی ئیستاتیکیانەی بینین دەکات، واتە تەمشاکردنی هەقیقەت بەچاوی جوانی کە ئەم پرۆسێسەش لەرێی هونەری نیگارکێشانەوە لەدایك دەبێت.

بۆیە بەرێکەوت نییە کە سەرەکیترین تەوەر لەرۆمانەکەدا لەمامەڵکردنی کارەکتەرەکان بەفاکتەکانی بەردەمیان سوورانەوەیە بەدەوری موزیك و تابلۆدا کە لەهەردوو فیگوری سەرەکی رۆمانەکەدا (جەلادەتی کۆتر) وەك بەرجەستەکەری موزیك و هونەری بیستن و (دکتۆر مۆسای بابەك) ئەگەرچی ئەم نیگارکێشێك نییە بەڵام وەك کۆکەرەوەی تابلۆکان و پارێزەری بینین بەرجەستەبووە.

دەرەنجامی هەبوونی ئەم دوو فیگورە ئەوەیە بڵێین: هەستی بینین و هەستی بیستن پاشئەوەی بەفلتەری چاو و گوێچکەدا گوزەر دەکەن لەوێدا بەکرداری بژاردندا تێدەپەڕن بۆ جیاکردنەوەی دەنگی موزیکی لەدەنگی نا ـ موزیکی و دیمەنی جوانی لەدیمەنی نا ـ جوانی، ئیدی لەمەوە دەگۆڕدرێن بۆ ئیدراك و تێگەیشتن. واتە عەقڵ لەرێی بینین و بیستنەوە چیٚ دەبێت، تەواو وەك ئەوەی هایدێگەر دەڵێت: بیرکردنەوە بریتییە لەبینین و بیستن.

بەڵام ئایا لەرێی خوێندنەوەی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە ئێمە دەتوانین بچینە ناو گفتوگۆیەکی ناوازەوە کە تیایدا مانیفێستی دابەشکردنی بیرکردنەوە بەسەر

هەریەکە لەبیستن و بینینداو هەروەها دابەشکردنی ژیان بەسەر هەریەك لەهەقیقەت و جوانیدا وەك راستی و ئەرگومێنتێك گەلاڵە بکرێن؟. ئەمە شاپرسیاری کۆی ئەو سەرنجانەیە کە دەبێت ئاراستەی پەیامی ئەو رۆمانە بکرێت.

بەوەدا کە نەژیان و نەبیرکردنەوەش بەمانا والاییەکەی خۆیان ئەرگومێنت نین، ئەوا گەر هەر هەوڵێکی لەو جۆرە بخوازێت ژیان و بیرکردنەوە بەئەرگومێنت بکات هەموو مانا وجودی و ئیستاتیکییەکەی خۆی لەدەستدەدات. کە هەڵبەت ئێمەش پەیامێکی وەها لەم رۆمانەدا شك نابەین ئەگەر نا ئێمە ناچارنین لەسەر جۆرە کارێکی وەها ئیدیۆلۆگی بنووسین، بەڵکو هێندە هەیە بەدیدی من رۆمانەکە هەوڵی دەرخستنی نهێنییە حەشاردراوەکان کەلتووری ئێمە دەدا، کەلتوورێك تیایدا جوانی و هەقیقەت لەناوە وەحشیەتێکی ناوازەدا نمایش دەکرێن، گوێچکەی هەرێمێك کە توانای بیستنی جیهانی نەماوە، شارێك کە (گوێچکەکانی بووە بەبەرد). قورسایی ئەم رستەیە لەوەدا دەردەکەوێت کەوەکو جۆرێك لەوەئاگاهێنانەوەی کەلتووری خەوتووی یان تەنانەت خەواڵووی ئەو دەڤەرە وەك زایەڵەی ئاژێرێکیش بۆ گوێچکەی بەبەردبووی مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرە نووسراوە، من پێموایە بەم رستەیە بەختیار عەلی دەخوازێت جۆرێك لەداهێنانی ئەنترۆپۆلۆگیایەکی ئاکوستی (مرۆناسی دەنگەوەری) دابهێنێت، چونکە کەلتوورێك کە چیدی دەنگی خۆی و جیهان نابیستێت، کە چیدی گوێچکەی بووە بەبەرد، پزیشکی کەلتوور ناچار دوای دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە چارەسەرێکی ئاکوسیکی بدۆزێتەوە، لەم حاڵەتەشدا بەختیار عەلی ئەو پزیشکی کەلتوورەیە کە پێشنیاری بەخشینی گوێچکەیەکی تر بەو کەلتوورە دەخاتە پێشدەممان. (دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم تێمایە).

لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە رابمێنینە مێژووی کەلتووری ئەو دەڤەرە دەبینین کەلتوورێکە بەستەرەکتور لەسەر کپکردنی دەنگ و پشتگوێخستنی گوێچکە هەڵچنراوە. گوێچکە شوێنگەیەکی زۆر سەرەتایی و یەکەمینییە لەمرۆڤناسیدا، چونکە هەموو شارەزاییەکانی مرۆڤ کە بەئەزموون و رامانکردن بەدەستی دەهێنێت سەرەتا بەکەناڵی گوێچکەدا گوزەر دەکەنە ناوەوەمانەوە. ئێمە هەرچی دەزانین لەبیستن و بینینەوە پێمان دەگات. زانست ئەوەی سەلماندووە کە مرۆڤ هێشتا کۆرپەلەیەکە لەناو منداڵدانی دایکدا دەتوانێت لەڕێی

بڕبڕەی پشتی دایکەوە دەنگەکان ببیستێت، واتـە یەکـەمین هەست لەهەسـتەکانی مـرۆڤ بیستنە. جگە لەوەش ئێمە هەر لەڕێی گوێچکەوەو بەگوێڕایـەڵی کردنمـان بـۆ دەنگـەکانی عەقڵ دەتوانین بچینە ناو جیهانەوەو لەوێدا چالاکانە رەفتار بکەین، کەواتە گوێچکە بەبێ هـیچ گومانێـك، وەك پیتـەر زلۆتـەردایك دەڵێت: ئۆرگـانی رێبـەریکردنی نزیکخـستنەوەی مرۆڤە لەجیهان، ئیدی لەناو ئەو دەرفەتانەی بـۆ هـەر گـەل و هـەرێمێك دەڕەخـسێت گـەر توانـستی قۆسـتنەوەی ئـەو دەرفەتانـە بەمەبەسـتی خۆسـەپاندن لـەناو جیهانـدا خـۆ گواستنەوە لەقەراغەوە بۆ ناوەنـدی جیهـان نـەبێت مانـای وایـە ئـەو گـەل و هەرێمـە یـان خـەوتوون یـان گـێلن یـان نابیـستن. هـەرێمێك کـە هـەموو جوانییـەکانی ژیـان و هـەموو هونەرێکی زینـدەگی لـەیاد کردبێـت بێگومـان ئاماژەیـە لەسـەر نەبیـستنی مـوزیکی ژیـان لەوێدا، گوێچکەی ئـەم شـارە بـووە بەبـەرد مانـای کـەڕبوونی فیزیکیانـەی مرۆگـەلی ئـەو هەرێمەنییە، مانای ئەوە نییە توانای بیستنی دەنگەکانی نییە، بـەڵکو مانـای ئەوەیـە کـە چیدی ناتوانێت جیاکارییبکات لەنێوان جوانی و ناجوانیـدا، لـەنێوان راسـتی و ناڕاسـتیدا، لـەنێوان موزیکایـەتی و ناموزیکایـەتی ژیانـدا، کـە ئـەم جیاکردنەوەیـەش نـەبوو ئیـدی جاویدانی و بەربادی، هەقیقەت و بەدفەڕی، موزیك و نا ـ موزیك بەشـێوەیەکی وەحـشیانە دەخزێنە ناو یەکترەوە وەك لەشاری پرتەقاڵی سپیدا دەبینین چۆن موزیکارە رەسەنەکان لەژێر شەهوەتی مـوزیکی وەحـشییانەی ئـاپۆرەدا لەسـەر سـەحنەکەدا ون دەبـن، بـەڵکو لەوێدا موزیکی بێهونەر خۆی دەبێتە مایەی وروژاندنی شەهوەتە وەحشییەکانی مرۆڤ.

لێرەوە گوێچکە فەرمانە سروشتییەکەی خـۆی لەبیردەچێتەوەو ناتوانێـت بەدروسـتی هەستێت بەکاری وەرگێڕانی هەستی بیستن بۆ بەهرەی تێگەیشتن، واتـە چـیدی ناتوانێـت خۆی ببیستێت.. خودبیستنیش یەکەمین هـەنگاوی بەتاکگـەراییبوون و یەکـەمین بنـەمای ئیندیڤیدوالزاندنـە، شارسـتانییەتیش هـیچ نییـە جگـە لەپرۆسـێسێك کـە تیایـدا دەرفـەتی ئیندیڤیدوالیزاندن بـەردەوام بـەکراوەیی ئامادەیـە..هونـەری ژیـانیش بریتییـە لەرێـچکەی هێنانە ئاراوەی تاك و تاکگەرایی، رۆمانیش کایەیەکی سـەرەکییە بـۆ راگەیانـدنی گوتـارە ئیندیڤیدووەکان، واتە مرۆڤی تاك لەژیاندا تەنیا رۆمان دەتوانێت بەرهـەمی بهێنێـت. ئـەم واتایـە دەبیـنین لەکۆدێکـسی رۆمانەکـەدا تـەوەری (حیکایـەت) تـوخمێکی سـەرەکییە لەپرۆسـەی دروسـتکردنی هـەر میللەتێکدا، چـونکە نەتـەوە لەوێدا بـەرپا دەبێـت کاتێـك

وەسفە خۆییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، واتە ئەو کاتەی مانیفێستی راکانی خۆی رادەگەیەنێت.

بەڵام (کوێچکەی ئەو شارە بووە بەبەرد) مانای ونکردنی فیزیکییانەی گوێچکەنییە، بگرە رەنگە ئەو شارە خۆی لەخۆیدا گوێچکەیەکی گەورەش بێت بەمانا نیچەییەکەی، بەڵام دواجار کۆڵەوارێکە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە گوێچکەی ئەو شارە حەزێکی زۆری بۆ ئیرتیدادییەت هەیە، مانای گوێچکەی ئەو شارە دواجار بووە بەئۆرگانێکی کۆیلەکە جگە لەدەنگی گەرەلاوژەی ئاپۆرەو سالارەکانی دەسەلات و پارە چیتر نابیستێت. وشەی (گوێچکە) لەم رستەیەدا هەروا هاکەزاییانە لەوێدا قووت نەکراوەتەوە، ئەم وشەیە لەپاڵ وشەی (دەنگ) و وشەی (بیستن)دا کەلەڕەوتی دەقەکەدا چەند جارێکی دیاریکراو ئامادەن بریتین لەسینۆنیمێك و هاوناوێك بۆ (عەقڵ)و بۆ (رۆح). واتە گوێچکە کتومت دەشێت مانای تێگەیشتن و عەقڵ بگەیەنێت، ئێمە لەگفتوگۆی رۆژانەماندا دەشێت چەندینجار بەبەرامبەرەکەمان بڵێین: گوێی خۆتم بۆ شل کە، یان گوێم لێبگرە، یاخود گوێی خۆتم بدەیە یان گوێم بۆ رادێرە، کە دیارە مەبەستمانە لەوەی بڵێین: لێم تێبگە، یان کاتێك دایکێك بەمنداڵە لاسارەکەی دەڵێت، راوەستە دەبێت پیشانت بدەم گوێگرتن و گوێڕایەڵی چییە، ئەمانەو چەندین گوزارەی تری لەم جۆرانە هەموو بەمەبەستی بەسیمبولکردنی عەقڵ و تێگەیشتن بەکاردەهێنرێن.

کەواتە ئەگەر (گوێچکەی کەلتوورێك بوو بەبەرد) مانای ئەوە دەگەیەنێت کەئەو کەلتووره هەناوێکی پووچ و زوبستانسێکی شێواوی دەبێت. کە توانای تێگەیشتنێکی کەمی دەبێت. لەشارێکدا کە تەنیا دەنگی گڕی سالارەکان و نەڕەی دەستەڵاتدارەکان و گەرەلاوژەی ساماندارە بێهونەرەکان ببیسترێت، ئیدی کەلتووری ئەو شارە دەبێت کەلتوورێکی ناموزیکایەتی، عەقڵ سست و ناچالاك دەبێت، بوونەوەری بێئیرادە پەروەردە دەبێت، ژیان لەهێزێکی درێژخایەنەوە دەبێتە هێزێکی کورتخایەن، وەك لەوتارێکماندا لەسەر شار نووسیبوومان، ئیدی ئەو (شارە شاری بەدیهێنانی بوون نابێت)، چونکە ئەگەر قاوغی شار (واتە گوێچکەی شار) گەورەبوو و هاوڕێ بەم هەناوی شار واتە کەلتوورو هونەرو هێزی بیستن گەشەیان نەکرد، مانای وایە شار تەنیا (تەنەڕەقەکان)ی زیندوون و (تەنەنەرمەکان)ی مردوون یاخود لەدۆخی متبوونێکی کورت یان درێژخایەندان،

ئیـدی ئـەو شـارە توانـای بیـستنی خـۆی و جیهـانی نامێنێـت.. بیـستن وەك هۆكـاری خۆگەیاندن و كۆچڕەوكرن بـەرەو جیهـانی دەرەوە، ئێمـە دەبیـستین واتـە ئێمـە خۆمـان گوێمان لەدەنگی جیهانە، كەواتە بیستن ئەو پردەیە كە دەمانگەیەنێت بەجیهان، گەر ئەو پردە نـەما، گـەر گوێچكە دەرەوەی نەبیست ئیدی (لـەناو ـ جیهـان ـ دا بـوون) دەبێتـە دۆخێكی بێمانا، لەناو جیهاندا بوونیش وەك زلۆتەردایك راڤەی دەكات دەشێت تـەنیا وەك (لەناو ـ دەنگ ـ دا بوون) شێوەگیر بێت. لەكاتێكدا ئەو شـارە ئـەم رۆمانـە دەیخولقێنێـت گوێبیـستی خـۆی و جیهانــە، شــارێكە بەتــەنیا لەشــەقام و پــارك و كۆشــك و تــەلار پێكنەهاتووە، شارێك نییە تەنیا (تەنەڕەقەكان) بینایان كردبێت، بەڵكو تەنـە نەرمـەكان: (موزیك، شیعر، هونەر، جوانی) بریتین لـەمۆتیڤ و پاڵنـەری هـەنگاوەكانی رەوتـی ژیـانی ئەو بەرەو چوونەناو جیهان، وەك جەلادەتی كۆتر لەلاپەڕە (٥٦٩)دا دەڵێت: (نهێنی هەرە گەورەی شاری مۆسیقارە سپییەكان، لەشـەقامەكان و كوچـەكان و گەڕەكـە بەرینەكانیـدا نییە، بەڵكو ئەو نهێنییە لەمۆسیقاكان و تـابلۆو نامەكاندایـە كـە لـەوێوە دەگەڕێنـەوە بـۆ جیهان).

## موزیک و گۆڕانە مۆدێرنەكان

ڕێگا بەرەو موزیك جیا نییـە لـەدووبارە بەدەسـتهێنانەوەی تاكئـارایی و هـەبوونئارایی گوێچكە، بەم مانایە بەشداریكردنی شارستانییەت بریتییە لـەوەی لەسـەر ڕێ بێت بـەرەو موزیكێكی بەتاكگەربوو. (پیتەر زلۆتەردایك).

لەپای ئەمەیە زلۆتەردایك لەڕێی رۆمانی دكتۆر فاوستۆسی تۆمـاس مانـەوە موزیـك بـە (هەرێمێكی جنۆكەیی)و ئەهریمەنی دادەنێت، چونكە موزیـك بەشـدارێكی هـەرە سـەرەكی تەشەنەكردنی كەلتووری خۆرئاوایە.

لێرەوە گەر بمانەوێت دەستنیشانی ئەو توخمانە بكەین كە پێكهاتەی سەردەمی نـوێ ساز دەكەن، موزیك ئیلەمێنتێكی سەرەكی ئەو پێكهاتەیە سازدەكات لەبەشداریكردنی بـۆ دۆزینـەوەو داهێنانـەكانی سـەردەمی مۆدێرنـە، بەڕادەیـەك رەنگـە جـوانترین بەرهـەمی مۆدێرنە ئەوە بێت كە مرۆڤی موزیكی بەرهەم هێنـاوە، وەك زلۆتـەردایك دەڵێـت: (مرۆڤـی موزیكی بەبێ هیچ گومانێك باڵاترین بەرهەمی فێركراوی مۆدێرنەی ئەورووپییە).

دیاردەیەك كە بزووتنەوەو شۆڕشەكانی دنیای ئێمە نەیانهێناوەتە دی، وەك بەختیار عەلی دەڵێت: (یەكێك لەكێشە هەرە گەورەكانی مۆدێرنە لەوڵاتانی ئێمەدا ئەوەیە هەرگیز روویەكی مۆسیقی نەبووە).

دیارە ئەوروپا ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو سەردەمەیە كە تیایدا داهێنانە موزیكییە گەورەكان لەدایكبوون، واتە كاتێك لەسەدەی (١٦ و ١٧)دا موزیك رسكا، لەوكاتەوە كەلتووری فراوانخوازی دەسەڵاتی ئەوروپی فراژووی كرد، ئەوروپای مۆدێرن لەم پرینسیپەوە هاتە ئاراوە كە زلۆتەردایك بەمجۆرە دەستنیشانی دەكات: (وڵاتی نوێ ئەو كاتە هەیە كە دانیشتووانەكانی بتوانن هەرێمە كۆنەكانی ناو خۆیان بەئاگا بهێننەوە). بەپێی ئەم تیۆرییەی زلۆتەردایك مێژووی موزیك لەكۆچڕەوكردنی مرۆڤی مۆدێرن لەسەردەمی كۆلۆمبۆس و ماجەلانەوە بەرەو كەنارەكان دەستپێكردووە. بەوەشدا كە خۆرئاوا هێشتا درێژە بەكەلتووری پەلهاویشتن و چوونەناو جیهانەوە دەدات و خودی گلۆبالگەرایی لووتكەی ئێستای ئەو تەشەنەكردنە مۆدێرنەیەیە، ئەوا لێرەوە درك بەوە دەكەین چۆن موزیك بووە بەئایینی راستەقینەی مۆدێرنە، واتە ئەگەر ئایین راڤەیەكی قووڵی بۆ گەڕانەوەی حەتمیانەی فانییەكان پێبێت، ئەوا بەموزیكی سەردەمی نوێ ئەلتەرناتیڤێكی پڕ تواناتر دێتە ئاراوە كە بیچمێكی تۆكمە دەبەخشێت بەم دینامیكییەتی گەڕانەوەیە. لەڕاستیشدا موزیكی سەردەمی نوێ لەئایین ئایینی تر رادیكالترە، چونكە موزیك دەتوانێت خۆی بخزێنێتە ناو ئەو چینانەی هەناوەوە كە ئایین بەزەحمەت پێی دەگات. واتە موزیك توانیویەتی دەستەڵاتێك بەڕۆحانییەت ببەخشێت كە خودی ئایین زەحمەتە لێی تێبگات، رەنگە هەر لەبەرئەمەش بێت هەر لەزووەوە لای هەموو ئایینەكان و لەدنیای ئیسلامیشدا موزیك حەرامكراوەو بەكاری شەیتانی و جنۆكەیی دادەنێت. سامیری بابلی لەلاپەڕە ٥٢٧دا بەجەلادەتی كۆتر دەڵێت: (جەلادەت دەزانی دالیا بەمنی گوت ئەوەی بتوانێت گوێ لەموسیقا بگرێت، دەتوانێت گوێ لەپێغەمبەرەكان نەگرێت، چونكە ئەوەی خودا دەیەوێت بەمرۆڤی بڵێت لەناو مۆسیقاشدا هەیە).

لەپێناوی ئەمەدا بۆئەوەی موزیكی دینی لەگەڵ موزیكی دنیایی تێكەڵ نەكەین دەبێت ئاگامان لەو كاریگەرییە دەروونییە هاوبەشە بێت كە دین و موزیك هەیانە، چونكە ئەفسوونی ئایین و ئەفسوونی موزیك لەسەر قووڵایی و هەناوی مرۆڤ هەمان كاریگەرییان هەیە، بەڵام هەمان دەرهاویشتەیان نییە. دەرهاویشتە جیاوازەكە لەوەدایە كە ئایین و موزیكی ئایینی مرۆڤ لەجیهان دەدزن و دەیدەنە دەستی نادیار لەكاتێكدا موزیكی دنیایی

مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو جیهان. بەدیدی من ئەم خاڵە جیاکەرەوەیە کەوادەکات تێگەی بەختیار بۆ موزیك لەم رۆمانەیدا تێگەیەکی میستیکی و سۆفیگەری نەبێت، بەبێ سەرنجدانە ئەم جیاوازییە خوێنەر دەکەوێتەناو هەڵەیەکی سامناکەوە، چونکە ئەتمۆسفێری رۆمانەکە بەوەدا کە لەڕاستییە ئیزۆتریکییەکان و جوانییە رۆحییەکان و هەناوی مرۆڤیی و جاویدانەگیدا پەخش بووەتەوە، خوێنەری سادە زوو دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کەوا ئەمە باس لەدنیای سۆفیگەریی و میستیکی دەکات. لەکاتێکدا ئێمە تەواو پێچەوانە دەیبینین کە چەمکی رۆح لەو رۆمانەدا پتر مانایەکی ئۆنتۆلۆجی و کەلتووری هەیە، واتە بەختیار عەلی وەك دیاردەناسێك ناتوانێت باس لەدیاردەیەك نەکات کە نییەو وەك مرۆڤناسێکیش لەبارەی توانستێکی مرۆییەوە دەدوێت کە قووڵ لەدەروونی مرۆڤدا هەیەو وەك کەلتوورناسێکیش ناتوانێت نکۆڵی لەکاریگەری و ئامادەیی دیاردەیەك بکات کە بووەتە سترەکتوری کەلتوورێك. کۆی ئەم خاڵانە وادەکەن رۆح لای ئەو لەناو ئەتمۆسفێرێکی کەینونی و مێژوویدا یاری بکات نەك لەناو کایەیەکی تیۆلۆگیدا.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کەوا لەمێژە ئایین کاریگەرییەکی دینامیکی قووڵی لەسەر سایکۆلۆجی مرۆڤ هەبووە، بەڕادەیەك کە خودی ئایین وەك کارتێکەرێك بووشە بەسایکۆتیراپی و چارەسازی دەروونیانەی دەردە دەروونییەکانی مرۆڤ، بەتایبەت لەوکاتەی پرسیارەکانی بەهەشت و زیندووبوونەوەی بەڕەوانبێژی و ریتۆرییەکی بێوێنەوە خستووەتە پێشدەم مرۆڤ، ئاوەهاش موزیك لەو باڵا هەڵکشاوەی خۆیدا هەر لەرۆژگاری دێرینەوە گفتوگۆیەکی ئەبەدی بە (ئاواز) لەسەر جیاوازی نێوان ئەم دنیا (جیهان) و ئەو دنیا (نادیار) هەڵگیرساندووە، لەکاتێکدا موزیك هەقیقەتی خۆی لەوێدا چێ دەکات، بەپێی زلۆتەردایك، کاتێك دەڵێت: من رووددەکەمە گوێچکە، گوێچکەیەك کە بریتییە لەجێگای یەکالاکردنەوەی (جیهان) لە(بەر–لەجیهان).

سەردەمی نوێ کە چەرخێکە ئاماژە بۆ قۆناغێکی گرنگی شارستانییەتی خۆرئاوا دەکات، تیایدا مرۆڤی خۆرئاوایی پرۆسەی ریفۆرمی ئارەزووەکانی خۆی بەفراوانی مەشق پێکردووە، هەرلێرەوە سەردەمی رۆشنگەریی بەڕاستی بووە ئیپۆخی دۆزینەوەی (جیهان) و (مرۆڤ). هەمان ئەو وەرچەرخانە گەر بمانەوێت لەناو دنیای کوردیدا هەڵبسەنگێنین، ئێمە تەنیا راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ شکدەبەین کە وەرچەرخانە کەلتوورییەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا بێت، واتە راپەڕین تەنیا هەستانێکی سیاسیی جەمارییانە نەبوو، بەڵکو هاوکات بەو چەندین دەنگی رووناکبیرو بیرمەندو شاعیر دران

بەگوێچکەی ئەو هەرێمەدا، ئەوان بوون دەیانویست راپەڕین ببێتە دەستپێکی کۆتایی پێکهێنانی مێژووی ئەو چەکدارییە کرۆنیکییەی بەژیانی کوردەوە لکابوو، بەلام سیاسییەکان گوێبیستی ئەو دەنگانە نەبوون بۆیە ئەوان هێندە بێگوێ بوون کە لەتوانایاندا نەبوو گوێبیستی ئەو دەنگانەی خۆشیان بن کە پێشتر بانگەشیان بۆ دەکرد واتە (شۆڕش) لۆجیکی ئەم دەستنیشانکردنە لەوەدایە ئەگەر گوێچکەی دەستەلات گوێبیتی شۆڕش و ریفۆرم نەبوو ئەوا دەنگەکەی تر دەبیستێت کە شەڕی ناوخۆو وێرانکردنی ناوخۆیە، ئەوەبوو تەواوی دەیەی نەوەدەکان لەدۆخی یەکتر نەبیستندا مایەوە کە بەشەڕی یەکترکوژیی تەواوبوو، دەیەیەك جگە لەوێرانە چ دیمەنێکی تری لێ نەبینرا. بەم پێیە راپەڕین کەدەبوو دەروازەیەك بێت بۆ چوونە –ناو– جیهان کەچی کرایە خالی مانەوە لە (بەر–لەجیهان)دا. لەدوای ٢٠٠٣شەوە ناوچەکەو بەتایبەتیش دنیای کوردی بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی زۆر رادیکالانە بەربۆتەوە ناو سەردەمێکی تەواو نوێوە کە لەهیچ قۆناغێکی پێشووی ئەو دنیایەدا بەدی ناکرێت. (هەندێ لەو سەرنجانەمان دەشێت لەم وتارەماندا: (ئەفسانەی شار).. لەرۆژنامەی هاولاتی ٢٠٠٥/٧/٦دا بەقوولتر بخوێنرێتەوە). واتە لە٢٠٠٣/٤/٩ بەدواوە ئەو کەلتوورەی هەنووکە لەدنیای ئێمەدا بالادەستە بەرەنجامی وەرچەرخانێکی بنچینەییە کە دەستەلاتی سیاسی لەوێدا بەسەر (ئارەزووە گەورەکان) و (هەستە بنەڕەتییەکان)ی مرۆڤدا هێناویێتی. واتە هەنووکە لەو دەڤەرەدا ریفۆرمێکی شێوێنەر پیادەدەکرێت، کە لەبری دۆزینەوەی رێگا بۆ چوونە –ناو– جیهان، رێگا بۆ بەدەستهێنانی پارە بەهەر هۆکارێك بێت بووەتە شادروشمی ژیان لەو دەڤەرەدا. لەوێ دەستەلاتی سیاسی و هی بازاڕ بوونەتە مایەی وەرچەرخاندنی (ئارەزووە جوانە نەمرەکان) بۆ (جوانییە دەستکردە کاتییەکان). لێرەوەیە دەبینین دەستەلاتی سیاسی و ئابووری لەکوردستاندا عەشقێکی سامناکیان بۆ ئەو جیهانە نوێیە لاخولقاوە کە دەنگی پارەی لێدەزرنگێتەوە. بەم پێیە گوێچکەی ئەو دەڤەرە تەنیا گوێبیستی دەنگە هەلخەلەتێنەرەکانە، تەنیا دەنگە رووکەشە کاتییەکان دەبیستێت و چاویشی تەنیا درەوشانەوەی گومراکەری زێڕو گەنجینەکان دەبینێت، لێرەدایە کۆمەلگەکە بووە دۆستی سامان و نەبووە دۆستی هونەر، کەبووە عاشقی رەونەقە رووکەشە کاتییەکان و نەبووە خەمخۆری شتە رۆحییە نەمرەکان ئیدی لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە، ئیدی ئەو قۆناغی عەدەمی خۆی دەگوزەرێنێت، بەختیار عەلی لەچاوپێکەوتنەکەی لەهاولاتیدا دروست ئەمەی دەربڕیوە: رسناکترین دۆخێك کە

کۆمەڵگەیەك ڕووبەڕووی بێتەوە ئەوە نییە لەلایەن هێزێکی دییەوە داگیر بکرێت، بەڵکو ئەوەیە زۆرینەی زۆری ئەو کۆمەڵگەیە دەنگی ئەو مرۆڤەی ناوخۆیانیان گوێ لێنەبێت، یاخود گوێبیستی نەبن. داگیرکردنی ناشیرینی و بێباکی بۆ ناوەوەی مرۆڤ لەداگیرکردنی میللەتان بۆ یەکتر ترسناکترە، هەڵبەت ئەم ڕستەیە بەهەموو گوێچکەیەکدا ناچێت و هەموو عەقڵێکیش پێی هەرس ناکرێت، بۆئەوەی ئێمە ئەرکی ئاسانکردی شتەگرانەکان بگرینە ئەستۆ دەڵێین، گەر مرۆڤ ناوەوەی ناشیرین بوو، گەر ڕۆحی پووچەڵ و درێو بوو مانای چ هێزێکی مسۆگەرخوازێکە بۆ هەبوونی (سیستمی ئیمون و بەرگری) تیایدا، خۆ ئەگەر مرۆڤ ئەم سیستمی بەرگرییەی نەبوو مانای وایە ئەو هەر زووتر لەلایەن درێوییەوە داگیرکراوەو خۆیداوە بەدەست پووچایەتییەوە. کەواتە ئەوەی کە پێویستە لەمرۆڤدا هەبێت تاوەکو بتوانێت بەرگریی بکات بریتییە لەهۆش و جۆش کە مەحوی–یش بەر لەپتر لەسەدەیەك وتویەتی: (سەر کە هۆشێکی نەبێ من زرکەکاڵم بۆ چییە.. دڵ کە جۆشێکی نەبێت شیشەی بەتاڵم بۆ چییە).

کۆڵەوارە ئەو عەقڵەی پێیوابێت مرۆڤ بوونەوەرێکە بەبێ جوانییەکان دەتوانێت بژی، بەڵام بەبێ هەقیقەت ناتوانێت، ئەم بیرکردنەوەیە لەو سەرچاوە ئیدیۆلۆگییەوە هەڵقوڵاوە کە خودی مرۆڤ دەداتە دەست تاکە هەقیقەتێکی ڕەهاو بەس. لەکاتێکدا مرۆڤ بوونەوەرێکە فرەهەقیقەت و فرەهەستە. هەستەکانی ناوەوەش ئەو هەقیقەتە جوانانەن کە پاڵهێزی درێژەدانن بەژیان، ئەو هەستە جوانانە وا لەمرۆڤ دەکەن چیتر ئەو واقیعە تاڵ و درێوە لەئەستۆ هەڵنەگرن و کار بکەن بۆ گۆڕین و جوانکردنی. پەیامی جوانی و هونەر لێرەدا بەرجەستە دەبێت کە خۆی نادات بەدەست ئەو مێژووەوە، بگرە لێشی یاخی دەبێت، چونکە سۆنگەی سەرەکیی هەر ڕادیکاڵبوونێك ڕۆچوونی زیاد لەپێویستە بۆ ناو هەقیقەت، لێرەوەیە بۆئەوەی لەناو هەقیقەتدا، وەك سەرچاوەیەکی ڕادیکاڵ دروستکەر، ون نەبین، خۆمان دەکەین بەدەروازەی جوانی و هونەردا، نیچە وتەنی: (ئێمە هونەرمان هەیە بۆ ئەوەی زۆر ڕۆنەچینە ناو هەقیقەتەوە)، لەسەر هەمان ئاواز (هۆگۆ باڵ) دەڵێت: (مرۆڤ ناتوانێت هونەمەند بێت و باوەڕی بەمێژوو هەبێت). بۆیە بەبێ پاراستنی ئەو هەستانە کۆئەندامی بەرگریکردن شکست دەهێنێت لەبەرەنگاربوونەوەی هەر واقیعێکی درێوی ناوخۆو هەر هێزێکی دەرەکی داگیرکەر، لەپای ئەمەیە زلۆتەردایك دەڵێت: بەرگری لەژیانی بیلۆگی بەبێ بەرگری لەهونەری ژیان نەشیاوە. ئەو ڕستەیەی سەرەوەی بەختیاریش لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کەوا ئێمە نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت گەر مرۆ

زوبیەکت و جەوهەری خۆی ونکرد ئیدی خودی مرۆڤیش لەمرۆڤبوون دەکەوێت. لەچاوی مندا ونکردنی هەستەکان، جوانییەکان و هەر زوبیەکتێکی هەناوی مرۆیی هاوکاتە بۆ بزرکردنی خودی ئەو ئۆبیەکتە.. وەك جەلادەتی کۆتر دەڵێت: (شارێك کە گۆڕستانی مۆسیقایە، کە گۆڕستانی شیعرە، گۆڕستانی مرۆڤیشە. ل٤٤٩)، هیچ هەرێمێك هیچ کاتێك ناتوانێت بەبێ ئەو زوبیەکتانە ژیانێکی مرۆڤانە بژی، گەر ئەو زوبیەکتانەی لێ داماڵرا ئیدی مرۆڤایەتیبوونی لێ زەوت دەکرێت، چونکە لەشارێکدا گەر موزیك، شیعرو جوانی نەبوون بێگومان مرۆڤیش نییە. پۆل ڤالیری لەم رووەوە دەڵێت: چاڵی مێژوو جێی تەواوی بۆ هەمووشتێك هەیە. واتە ئەوەی کەشیاوی لەناوچوون و لەگۆڕنانە تەنیا مرۆڤ نییە، ئەوە تەنیا مرۆڤ نییە کە دەمرێت، بەڵکو شارستانییەتەکانیش شیاوی مردنن، کەواتە لەشارێکیشدا کە شارستانییەت مردبوو بێگومان مرۆڤیش تیایدا زیندوو ناژی.

کەلتووری خۆرئاوا لەڕێی راڤەکانی ئەدۆرنۆ لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم و لەهەشتاکانی هەمان سەدەش بەدواوە پیتەر زلۆتەردایك بەو راستییە گەیشتووە کە کەمۆدێرنە بەپێی هونەر، بەتایبەت هونەری موزیك و نیگارکێشی، رەوتی کردووە، مۆدێرنە هەر هەڵەیەکیشی کردبێت لەبەر ئەوە کردوویەتی، چونکە موزیکایەتی خۆی دۆڕاندووە، واتە ئەو رێگا هەلانەی مۆدێرنە هەیبووە، دواجار هەموویان دەچنەوەسەر رێگای ناموزیکایەتی. هەنووکەی رێگای مۆدێرنەی کوردیش پێدەچێت رێگای ناموزیکایەتی بۆ خۆی خۆش بکات، بەوەدا کە ئێستا دەرفەتی پرۆسێسی ئاوەدانکردنەوەیەکی رۆحی و ماددی وەك دەرفەتێکی مێژوویی بۆمان هەڵکەوتووە، کەچی دەستەڵاتی سیاسی و ئارەزووی سامانچنۆکیانەی جەماوەری پتر دیوە ترسناکەکەی ئەم دەرفەتەیان قۆستۆتەوە.

ئەوان تەنیا بایەخ بەئاوەدانکردنەوەی رووکەشی وێرانەکە دەدەن، لەکاتێکدا مەسەلەکە پتر پێویستی بەئاوەدانکردنەوەی جەوهەری وێرانەکەیە.

پەیدابوونی ئەم غەریزەی چنۆکی و ئیرەیی خۆدەوڵەمەندکردنە وادەکات گوتارێکی ترو تێگەیشتنێکی تر لای مرۆڤی نوێی کورد بۆ ژیان و بۆ ئازادیی هەبێت.

لەکاتێکدا سەردەمانێك بوو ئازادیی لای ئەو مانایەی سیاسی و کەینونی هەبوو ئەمڕۆ ئازادیی لای ئەو بریتییە لەئازادیی زۆر هەبوونی و زۆر سەرفکردن، ئازادیی ئەوەی چەندێك بۆت بلوێت سامان کەڵەکە بکەیت. هەڵبەت دوای خوێندنەوەیەکی نوێی ئەنترۆپۆلۆژی و پسایکۆلۆژی ئەوە دەرەنجام دەبێت کەوا ئەمجۆرە وەرچەرخانە بریتییە

لەگۆڕینــەوەی مانــای (ئــازادیی) بــەمانای (بــەفیڕۆدان)، بریتییــە لــەبێهودەپێکردنی هەستەکانی ناوەوەی مرۆڤ لەڕێی خۆنەدانەدەست خۆنواندنێکی دەستکردانەی دەرەکی، بریتییە لەبیناکردنی قاوغی شار لەسەر حساب و تێچووی هەناوی شارستانییەت. دیارە نابێت نکوڵی لەوە بکرێت کە لەپاڵ هەموو ئەو هۆکارە خۆییانەدا گلۆبالگەری رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەدەرکەوتنی ئەم رەوتە نوێیەدا، بەڵام خاڵە سەمەرەکە لەوەدایە کە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا تازەبوو هەناسەی ئازادیی دەدا، تازەبەتازە بوو خەونەکانی شۆڕشێکی کرۆنیکی مللەتێك دەبووە راستی، کەچی بینیمان باوکان و کوڕانی ئەو شۆڕشە لەپەیمان و پەیامەکانی خۆیان پاشگەزبوونەوە، بگرە وایانکرد دەستەڵاتی سیاسی بکەنە ئامرازو ئینسترومینێتیك بۆ بەدەستهێنانی سامان و پارە، ئەم حاڵەتەش وا ببینینەوە. واتە بابڵێین کاتێك شۆڕشێك بەرپا دەبێت دەخوازێت واقیعێك وەرچەرخێنێت و دنیایەکی تاریك رۆشن بکاتەوە، بەڵام سینیزم و گاڵتەجاڕی لەوەدایە گەر خودی ئەو شۆڕشە بووە منداڵدانی لەدایکبونی تاریکی و جۆرێکی تری ستەمکاری، سینیزم ئەوەیە تۆ لەواقیعێکی بەتلیمۆسیدا بژیت و داوای شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسی بکەیت، بەڵام دواجار خۆت ببیتەوە بەپەتلیمۆسێك، بەمەش شۆڕش خۆی لەمانا نیگەیتڤەکاندا مانیفێست دەکات، بەڕادەیەك دەشێت بڵێین (ئێمە هەرگیز شۆڕشخواز نەبووین)، ئەمەش حوکمێکە ئێمە لەبناغەیەکی فەلسەفی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەیدەین بەڕووی ئەو دەڤەرەدا. کەواتە ونکردنی ناوەوەی مرۆڤ گەلێك مەترسیدارترە لەدۆڕاندنی دەرەوەی. دروست وەك بەختیار دەڵێت: داگیرکردنی ناوەوەی مرۆڤ لەلایەن بێباکییەوە مەترسیدارترە لەداگیرکردنی مرۆڤ لەلایەن دوژمنەوە.

من راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وەك دەستپێکی لەدایکبوونی کورد تەماشا دەکەم، لەدایکبوون واتە خۆپچڕاندن لەهەناوێکەوەو هاتنە ناو جیهان. بەمانای ئیدی کوردی وەك دواینێك دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا بێتە ناو جیهانەوە، ئەویش لەڕێی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییەی بۆی رەخسا تاوەکو رەنج بدەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی وێرانەکان و کاربکەن بۆ بەرپاکردنی کەلتووری دیموکراسی و بیرکردنەوەی عەقلانی و دەرککردن بەهۆشیاری مێژوویی و بەڕۆحی سەردەم، بەڵام رووداوە کارەساتاوییەکانی یەکترکوژی و گوێ لەیەکتر نەگرتن جارێکیتر خەونی ئاوەدانکردنەوەکەی لەبارخستەوە، لەکاتێکدا دەبوو رۆشنگەرییەك و رێنیسانسێك بەرپا بکرێت کە کورد بخاتەسەر رێگای چوونەناو جیهان.

ئەمەش لەڕێی خۆڕیفۆرمکردنەوە دەبوو، خۆڕیفۆرمکردن واتە گوێ لەخۆگرتن، بەبێ گوێ لەخۆگرتنیش مەحاڵە هیچ جەوهەرێکی تێگەیشتن، هیچ هونەرێکی بیرکردنەوە لەمرۆڤدا چێ بێت، کە ئەمەش ڕوویداوە، کارەسات لەدوای کارەسات لەدایك دەبێت، دۆخەکە سامناکتر دەبێت لەوەی کە هەیە، ئەگەرچی مرۆڤی کوردی چیدی کۆلۆنیکراوی هێزە بێگانەکان نییە، بەڵام گوێنەگرتن (لەو مرۆڤەی ناوەوەی خۆی) مانای خۆکۆلۆنیکردن بەکەڕکردنی گوێچکەو بەونکردنی هەستی بیستن، واتە ئیدی خۆمان هەڕەشە لەڕۆحی نەتەوە دەکەین، ئاخر نەتەوە خۆی چییە جگە لەدەنگێکی کۆلێکتیڤ، لەکۆدەنگێك کە دەبێتە دایکێکی سیاسی هەموو تاکێك، ئێمە دەبێت ئەوە بزانین بەبێ بیستنی ئەم دەنگە چیدی دەرفەتی چوونە –ناو– جیهان شیاو نابێت. دروست وەك بەختیار عەلی پێیوایە ترسناکترین دۆخێك ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەك بێتەوە ئەوەیە خەڵکەکەی گوێبیستی ناوەوەی خۆیان نەبن، بۆیە ئەوەی ڕێگرە لەپێشدەم هەر بوونەوەرێك بچێتە ناو جیهانەوە، ئەوەی وا دەکات ئەو بوونەوەرە لەجیهان دابڕێت بەتەنیا خەوتن و گیلێتی نییە، بەڵکو ونکردنی جوانی و گوێ لەخۆنەگرتن بریتین لەو کایەیانەی مرۆڤ بەکردەوە لەچوونەناو جیهانەوە دادەبڕن. لێرەدا نەتەوەیەك کە نەتوانێت بچێتە ناو جیهان لەبەرئەوەی کە بەرگری لەژیانی بیۆلۆگی خستۆتە پێشەوە بەرگری لەهونەری ژیان. واتە لەو دەڤەرەدا هونەری بەرگریکردن لە (زیندویی مانەوە) زاڵە بەسەر هونەری (درێژخایاندن و گەشەپێدانی ژیان). ئەوەشی بخوازێت نکوڵی لەم ڕاستییە بکات ئەوە لاساری لەلۆگیکی بەزیندوویی مانەوە لەژیاندا دەکات. کورد خەباتی درێژخایەنی بۆ مانەوەی بیۆلۆگیانەی ژیانی بووە، واتە تێگەیشتنی ئەو بۆ بەزیندوومانەوە لەژیاندا لەم چوراچێوەیە تێنەپەڕیوە، بەدیوێکدا ئەمە بووەتە مایەی چالاککردنی سیستمی بەرگری ئەو کە تەواوی بزووتنەوەو خەباتە سیاسی و چەکدارییە درێژخایەنەکانی ئەمەدەسەلمێنن، بەدیوەکەی تریشدا ئەوە دەسەلمێنێت کەوا کورد لەو خەباتە درێژخایانەیدا چ دەرفەتێکی بۆ خەباتی هونەری ژیان تۆمار نەکردووە. کە هەردوو دیوەکە پێکەوە دەتوانن ئولفەتی هونەری ژیان و بیۆلۆگی ژیان لەپێناوی بەزیندوویی مانەوە لەژیاندا ساتار بکەن. بەبێ هەماهەنگبوونی ئەم دوو دیوەی ژیان، هەر شۆڕشێك، هەر ریفۆرمێك کەم دەهێنێت و بەڕێگای هەڵەدا دەڕوات.

ئەم کارەی بەختیار دەیەوێت ئەو ئولفەتە بزربووە (ئەگەر پێشتر هەیبوو بێت؟) لەنێوان هونەری ژیان و بیلۆگی ژیان لەناو کەلتووری ئێمەدا ساز بکاتەوە. وانەیەکمان

دەداتێ کە پەندەکەی ئەمەیە: ئەگەر هەر شتێك لەبەردەم ژیاندا ئـەرگومێنت بێـت، ئـەوا ژیان خۆی بریتی نییە لەئەرگومێنتێکی پەتی، چونکە هیچ خەیاڵ و هیچ فەنتازیایەك نییە تامی ژیان بدات، هیچ نووسینێك نییە بتوانێت ژیان لەچوارچێوە بگرێت، بـەڵام نووسـین لەسەر ژیان بریتییە لەجوانترین هونەری ژیان، ئێمە لەم رۆمانەوە ژیـان جـوانتر دەبیـنین وەك لەوەی لەواقیعدا هەیە، ئەگەر وانەبێت ئیتر ئێمە ئەدەب و هونـەرمان بـۆ چییە گـەر وانەکەین ژیان جوانتر دەربکەوێت. ئەم رۆمانە کەبانگی جاویدانی و هەرمانی دەکـات وەك ئەوەیە سروودێك بۆ دەروون و بۆ هۆشمەندی بچڕێت. لەم رۆمانـەدا موزیـك فیگورێکـە بـۆ پردی هاتوچۆکردنی مرۆڤ لەنێوان ناتورو کـەلتووردا، لێرەوەیـە پـەیامی رۆمانەکـە پێمـان دەڵێـت، سروشـتی ئـەو دەڤـەرە بـۆ ئـەوەی تیایـدا کـەلتووری مـوزیکی لـەدایك بێـت و میللەتیش وەکو نەتەوەیەك بچێتە ناو جیهانەوە ئەوا دەبێـت سـەرەتا رۆمـان بخـولقێنین، بەم پێیە ئەم کارەش هەوڵێکە بۆ لەدایکبوونی موزیك لەرۆحی رۆمانەوە.

پەراوێز و ژێدەر:

٢. Martin Heidegger, *“Teknikens väsen och andra uppsatser”*, svenska övers. Richard Matz, ١٩٧٤. بەتایبەتی لەلاپەڕە ١٥ بەدواوە.

(*) Georges Duby مێژووناسێکی ناسراوی فەرەنسی.

پرۆفیسۆری مێژووە لەزانستگای Collège de France دا. نێوەڕۆکی نووسینەکانی لەکتێبێکی سێ بەرگیدا، کە لە١٩٧٥دا چاپیکردووە، سەبارەت بەکۆمەڵگەی سەدەی نێوەڕاستی ئەورووپادا چڕ دەبنەوە.

کتێبە ناسراوەکانی دیکەی دوبای بریتین لە"شەڕکەرو جووتیارەکان" (١٩٨١)، (دەسەڵات و ئەڤین) (١٩٩٨) و "فەرەنسای فیودالی"، کە گشت ئەو کتێبە بەزمانی سویدین.

٢. Att skriva historia, Övers. Otta Mannheimer, Norstedts, Stockholm ١٩٧٨, ل. ٨٧.

٣. هەمان سەرچاوە، ل. ٨٧.

٤. هەمان سەرچاە، ل. ٨٨.

٥. هەمان سەرچاوە، ل. ٨٨.

٦. هەمان سەرچاە، ل. ٨٩.

٧. هەمان سەرچاوە، ل. ٨٩.

(*) ئێمە لەوتاری " ئۆتۆپیای یادەوەریی مرۆڤە، لەگەڕان بەدوای ماڵدا"، وەك ئۆتۆپیایەك لەمێژووی مرۆڤ باسی بەهای ماڵمان کردووە. ئەگەر خوێنەر حەز بکات ئەو بابەتە بخوێنێتەوە دەتوانێت سەیری ئەو لینکە بکات:

http://web.comhem.se/handren/

بەشی یەکەم:

# کەرامەتی بیرەوەریی

مەجید عەزیز

**مـۆڕاڵی بیرەوەریـی بیریتییـە لـەمۆڕاڵی لـەبیرکردن، وەکـو چـەند بەئەندازەی ئەوەی کەمۆڕاڵی بیرەوەرییە[1].**

**ئاڤێشای مارگەلیت**

پێشەکی:




کەباس لەڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) دەکـەم، دیارەتەنیا ئاماژە بەلایەنێکی ئەم رۆمانەدەکـەم لـیرەدا بەتـــەنیا، کەئـــەم باســـــکردنەیش بەســـــتراوەتەوە بەکاراکتەری (دواهەمین سەریاسەوە) لەناو رۆمانەکەدا. واتــە درەوشــانەوەی بابەتەکەلــەژێر کاریگــەری ئــەو کاراکتەرەدایـــە زۆر بەتایبـــەتی، ئـــەویش وەکـــو سیمبولیزمی یادەوەرییەکی گشتی لەخوێندنەوەکەماندا بەرجەستە دەکەینەوە، بۆ هێنانەوەی ئەو بیرەوەرییە لەڕوخساری مرۆڤی کورددا، ئەویش وەکو مێژوویەکی گرنگ کەبەستراوەتەوە بەکۆشوناسیەك بۆ چەمکی بیرەوەریی لەو روانگەیـەوە. هاوکـات، لێـرەوە لـەڕێگای ئـەم کاراکتـەرەوە، دەمانـەوێت ئاماژەبەچـەمکگەلی، ك: بیرەوەریـی و بانگکردنی بیرەوەریی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی بکەین، ئەمەش لـەناو کۆکردنەوەیـەکی وادا کەلـەژێر ناونیـشانی (کەرامـەتی بیرەوەریـی) بەرجەسـتە دەکەینـەوە. بـەکورتی، ئـەوەی لێـرەدا رۆمـان دەتوانێـت بەئـەنجامی بگەیـەنێت، دیارەفۆرمولەکردنەوەیـەکی تـەنیا ئـەو جیهانەی رابوردو نییە وەکـو خـۆی، بـەڵکو روئیایـەکی زۆر سـەرکەوتوی ئیستاتیکیـشەبۆ خوێنەری بیرەوەریی مرۆڤی کورد لەئاست قەیرانی گەورەی خۆیدا بۆ (بیرەوەریـی)، یـان

ئامادەکردنی جۆرە فەزیلەتێکە بۆ ئەو بیرەوەرییە، کەئەمەش ناو دەنێین (ئەخلاقی بیرەوەریی).

لەڕاستیدا ناونیشانی ئەم باسەمان لەکتێبێکەوە وەرگرتوە، ئەویش کتێبێکی (ئاڤێشای مارگەلیتە) کەلەسالّی (٢٠٠٢) وەرگێڕدراوەبۆ سەر زمانی ئینگلیزی ( *The ethics of memory*) ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، رگێڕانی وشەی (ئیتیکە) کەمن وەکو کەرامەت بەکارمهێناوەلەپێناو چڕکردنەوەی زیاتری بابەتەکە.

**بیر نەچوونەوە وەک بانگکردنی**

**بیرەوەریی و کەرامەتی بیرەوەریی**

بەختیار عەلی، لەڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا، کاتێك باس لەسووتانی (دواهەمین سەریاس) دەکات بەو شێوەزۆر نزیکە لەزمانەوە، تەنیا باس لەکۆمەڵێك وێنەو بیرەوەریی و ژمێریاری بەو شێوەیەناکات، وەکو بیر نەچوونەوەو پاراستنی فایل و دۆکیۆمێنتەکانی روداو گەلێکی زۆر گرنگ لەدیدگا زۆرترادیسیۆنەکەیدا بۆ بیرەوەریی، هەرچەندەئەمە گرنگی خۆیشی هەیە لەئاست بەئارشیفکردنی ئەو بیرەوەرییانەی ئێمەوە بۆ شتە بەداکیومێنتکراوەکان، بەڵام لەهەستەئەدەبیەکەیدا. بەڵکو ئەوەی ئەم رۆمانەپێی هەڵدەستێت، زیاتر بیرتیژکردنەوەی روئیای خوێنەری کوردەلەبەردەم دروستکردنی ماڵی ئیتکدا بۆ بیرەوەریی. هەوڵدانی سەرەکی لەو بەرجەستەکردنەوەیەدا بەلای ئێمەوە ئەوەیە، کەئەم بیرەوەرییانە لەناو ژووری هۆشماندا خەزن بکەین، بەڵام جۆرەخەزنکردنێك نا، وەك ئەوەی نەتوانین هیچ شتێکی دی لەژیان هەست پێ نەکەین و لەجیهان نەبینین و لەناویاندا نەچینەدەرەوە. بیرەوەریی، لێرەدا لەدیدگایەکی رۆمانتیکی و دوایش ئایدۆلۆجیەوە وەرناگرین، بەڵکو بەو شێوەیە وەریدەگرین، کەڕواڵەت و خاسیەتی سەرەکی بیرکردنەوە ی ئێمە پێکدەهێنن لەئاوڕدانەوەدا بۆ دواوە، چونکە، بۆ نموونە، وەك میلان کۆندێرا لەکتێبی (پێکەنین و بیرچوونەوەدا) ئاماژەی بۆ دەکات (خەڵکی هەمیشە هاواری ئەوەدەکەن کەئایندەیەکی باشتر پیکەوەبنێن. ئەمە راست نییە. دواڕۆژ بریتیە لەشتێکی گوێپێنەدەر و بەتاڵ، هیچ ئینترێستەیەکی نییەبۆ هیچ کەسێك. رابوردو پڕێتی لەژیان، مەراقێتی کەبێزارمان بکات، بمانوروژێنێت و ئیهانەشمان بکات، وامان لێدەکات یان تێك و پەکانی بدەین یان رەنگی بکەینەوە. تەنیا هۆیەك

کەهەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤ رابەری دواڕۆژ بێت لەبەر ئەوەیە کەڕابوردو بگۆڕێت)[٢]. واتە بیرەوەریی وەك ئەوەبتوانرێت هەستەکانمان و بیرکردنەوە کانمان دابینبکات، بەڵام بهێتەگۆڕاندن. نەوەك وەك ئەوەی ببینەبەند و زەلیلی ناو سیستمی خودی ئەو جیهانە بۆ بیرەوەریی بەشێوەکۆتاییەکەی. بەڵام لەڕێگای بیرتیژیەکەمانەوەبۆ ئەو بیرەوەرییە، جۆرێك ئۆنتۆلۆجی دێتەکایەوە لەناو جیهان و ژیانماندا، یان دەتوانم بڵێم جۆرەهەلومەرجێکی وا خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێت بۆ تێگەیشتن و قووڵبونەوە لەناویدا، ئەویش وەکو هەلومەرجی بیرەوەریی، چونکە، ئەوەی جیهانی رۆمانەکە هەوڵی بۆ دەدات شتێکی زۆر جیاوازەلەوەی مرۆڤ بەشێوە ترادیسیۆن و حەرفی و هەروەها ئایدۆلۆجیەکەیشی خۆی بداتەدەست رابوردویەك و وازیلێبهێنێت، یان رابوردو تەنیا لەناو جۆرەعاتیفەیەکدا بخوێنێتەوە، بەڵام هەرگیز لەدەرەوەی بونیادە عاتیفیەکەیدا نییە، بەڵام ئەمەش رێگەخۆشکەرەبۆ هێنانی ئەو بیرەوەرییە لەپێناوی خوێندنەوەیدا. هەرچەندە پێشمانوایە ئەوەی رۆماننووس کاری لەسەردەکات، دەتوانین ناوی بە بیرەوەریی *دەستکرد* *Artificial Memory* ناوی ببەین، ئەمەش لەپێناوی وەبیرهاتنەوەی بیرەوەرییە سروشتییەکەی کە رویداوە، بەچەمکی سروشتی تەنیا مەبەستمان لەخودی روداوەکەیە وەکو راستی، یان بەمێژوو کردنی خۆی لەوەی کەچیدی بەشێکی گرنگە لەمێژوو.

هەروەها، ئەوەی رۆمانەکە ئیشی بۆ دەکات بیرچوونەوەی ئەو روداو و مێژووە زۆر دیار و گرنگەنییەکە لەناو سووتانی (دواهەمین سەریاسدا) وەکو (خودو بابەت) دەیبینین، بەڵکو تیژکردنەوەی هەستەکانی مرۆڤەبۆ تێگەیشتن لەخودی رووداوەکان و دوایش بەجۆرێك لەجۆرەکان هەلومەرجێکیش بۆ بیرچوونەوەیان. کەواتە رۆماننوس دەزانێت کەلەبیرچوونەی ئەو شتەگەورانەی وەك قەیرانی کوشتن و کۆمەڵکوژی و تاوانکردن چەند گرنگ و جەوهەرین، لەبەر ئەوە بەئاسانی لەبیر ناکرێن. ئەم لەبیرنەکردنەیە وروژانێکی گەورەی دەهێنێتەناو جیهانی خوێندنەوەی ئەم رۆمانەوە. لەبەر ئەوە، ئەو مێژووە زۆر تایبەتییەچەند پابەندبن بەبیرەوەرییمانەوە، لەهەستە زۆر ئەخلاقیەکەیدا بۆ بیرهاتنەوەی بابەتی وەك هەڵەبجەو ئەنفال، (کۆمەڵکوژی مرۆڤی کورد)، لەهەمان کاتیشدا لەم سۆنگەیەوە، ئەم بیرهاتنەوەو ئیشکردنەیش، وەکو پرۆژەیەکی زۆر چالاك بێت بۆ

تێگەیشتن لەبیرچوونەوەی. دواجار پرۆژەی بیرەوەریی لەناو فیکراندنی خۆیدا، هەرگیز خەزنکردنی ئەو شتانە نییە وەك ئەبەدییەت، یان تاکو هەتا هەتایە، بەڵکو ئیشکردنە لەناو کاریگەرییەکانیدا، بەم شێوەیە، بەشێکی گرنگی بیرەوەری وەك فیکراندن لەناو رابوردووەوە بۆ ناو ئێستاکەدایە، وەکو هەلومەرجی مرۆڤ لەناو بیرەوەریی. بەڵام بێگومان، ئێمە باس لەمێژوویەکی هێندە دورودرێژیش ناکەین، لەهەمان کاتیشدا، بەرامبەر خودی قەیرانەکە، وەکو مرۆڤی کورد هێندەی مێژوویەتی روداوەکان، ئەوەی لەناو خۆیدا بەرهەم نەهێناوە کەبتوانێت باوەڕ بەخۆیبهێنێت لەدیدگایەکی واوە، کەناوی بنێین (تەعویزێکی رۆحی) بۆ ئەم مرۆڤە. واتە ئەمە راستە هەموو مامەڵەکردنێك نییە لەناو بیرەوەرییدا بۆ رووبەڕووبونەوە بۆ ناو کەناڵی نزیکێتی و هەروەها شوناس، بەڵام شتێکیشە لەو بابەتە، چونکە بیر چوونەوەی بابەتی بەو شێوە زۆر موستەحیلاتانە لەناو جیهانـدا، داخوازی جۆرەعەقڵ و رۆحێك دەکات کەبەهەموو شێوەیەك درکاندنی (هزرپێکردن و هەستپێکردنی) خۆی لەبۆ قەیرانەکە بیرلێکردبێتەوە. کەواتە پرسیاریش رەنگە ئەمە بێت، ئایا ئێمە ی کورد لەم دیدگایەوە، کەناومان لێناوەتەعویزی رۆحی بۆ مرۆڤی کورد لەناو بیرەوەرییدا، بۆ ئەو رودوانە، چەند بیرمان کرووەتەوە؟ چەند ئامادەین/ئامادەبووین لەبەردەم ئەم ئەرکەدا بیربکەینەوە؟ چونکە، لەبیرچوونەوە، بەهەموو شێوەیەك بەستراوەتەوە بەخودی پرۆسەی بیرەوەرییەوە، ئەگەر بیرەوەریی لەدیدگا ئیمپریکییەکەیەوە لێکبدەینەوە لیرەدا. واتە ئیمپریکییزمی بیرەوەریی، هەمیشە پابەندە بەخەیاڵ و روئیاکانمانەوە بۆ (ڕابوردو)، ئەویش لەسەر کەناڵی هەر هەموو هەستەکانمان وەستاوەتەوە. ئەم هەستانەیە، کەڕوداوەکە وەردەگێڕنە سەر ئەوەی ناوی نراوە ئایدیا. کەواتە هەستەکانی مرۆڤن وەکو بناغەیەکی باوەڕپێکراو ئەویش لەڕێگای ئەزموونەکانەوە. کتومت هەروەکو دەیڤید هیوم ئاماژە بۆ ئەمە دەکات، دەڵێت" بەهاترین زیندویی بیرکردنەوە هەر کەم نرخترە لەئاست هەژارترین هەستکردنا"[٣]

ئەوەی من لێرەدا، کارم بەو دەربڕینەزۆر رادیکاڵە هەیە، هەست و عاتیفەی خوێنەرە کە ئەزموونی روداوێك بەرهەمی دەهێنێت بەشێوە ئمپریکیەکەی، واتە بەشێوەزۆر زیندوییەکەی بۆ ئەو هەستکردنە بەڕوداوەکە. پێمان وایە، ئەو شوێنانەی رۆماننووس لەباسی سووتانو تێك و پەکاندان و لامەعقولیەتی جەستەکان دەدوێت لەناو ژوورو

قاووشەکاندا، بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت ئەو هەستکردن و عاتیفەیەمان تیادا زیندو بکاتەوە، کەوەکو بیەوێت لەناوەڕاستی خودی روداوی کۆمەڵکوژی دامانبنێت، ئەمەش ئەو جۆرە هزراندنەیە بۆ خوێنەر لەڕێگای هەستەکانییەوە بۆ کاریگەری، ئەم هەستکردنە زۆر قوڵەیش، وەکو هەستکردن بەبیرەوەریی دەچوێنمەوە. واتە بیرەوەریی، یان ئیتیکی ئەم بیرەوەرییە، چەند ئامادەیە بۆ ئێمەی کورد بەو شێوەزۆر زیندوە هەستپێکردنە؟ کەوا بتوانین لەڕێگایەوە، چوبێتینە ناو پرۆسێسی لەبیرچوونەوەی، هیچ نەبێت هەندێك لەشوێنەواری ئەو جیهانەی بەبیرەوەریی پێناسەی دەکەین یان ناوی دەبەین؟ چونکە، بیرچوونەوە ی شتگەلی بەو شێوەیە، هەندە ئاسان نین، بەڵکو رەنگە روویش نەدەن هەروا بەئاسانی، چونکە وەکو موستەحیلیش بێت وایە، ئەوەی کاریگەرییە لەسەر هزراندنی بیرەوەریی، هەمیشە پریشك و پاشماوەکانی خۆی دەهێڵێتەوە لەناوماندا، بەڵام ئایا بیرچوونەوە چۆن چۆنی مومکینە، یان دەبێت؟

چونکە، تاوەکو چرکەساتی ئەوەی، کەبەرامبەر (کوشتن و تاوانەکان) هیچ شتێك (تەنانەت زمانیش) نەتوانێت هیچ بڵێت، ئەوا رەنگە تەنیا (پرۆسەی بەخشین) بتوانێت شتێك بڵێت، ئەویش لەئیمکانییەتیدا ئەگەر رووبدات، واتە ئەگەر بەم شێوەیەبێت، هەرگیز بیرەوەریی ناسڕدرێتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین بیرەوەریی کاڵدەبێتەوە، بەڵام رەنگە بەتەواوی بیرنەچێتەوە!!

تاکو بیرەوەریی کاڵ نەبێتەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان، ئەوا رەنگە دوفاقیەتی لەبیرچوونەوە لەلایەك و هەروەها لێبەخشینیش لەدایك نەبێت لەلایەکی دیکەوە. بەڵام ئەوەی کەگرنگە لەناو پرۆسەی (ئیتیکی بیرەوەرییدا) لەناو هەستە هیومانیزمەکەیەوە مەبەستمانە لێرەدا، (نەوەك کاریگەرییە ئاینییەکەی)، بۆ خۆی هەڵگری هەستێکی دوفاقە، چونکە، بۆیە یادەوەری دەکەینەوە، بۆ ئەوەی لەڕاستیدا رێزو حورمەتی خۆمان وەکو (مرۆڤگەلێکی زیندوو) بەرز رابگرین لەیادکردنەوەی مردووەکانماندا لەناو چرکەساتی هەستکردن بەزیندوویی خۆمان وەك مرۆڤگەلێکی ئەکتیف لەناو جیهاندا، واتە بوونمان بەنرخ و بەرز رابگرین، چونکە هیچ نەبێت لەبەر کەرامەتی بیرەوەریی مردووەکانمان، کەلەگەڵماندا بوون و ناسیومانن، ئێستاکە مردوون و لەناو گۆڕدان. تەنانەت خودی گۆڕەکانیشیان هەمیشە لەوێدان بۆ بیرکردنەوە لەبیرەوەریی، بیرەوەریی

وەك هەمیشە جۆرێك رووی هەستكردن بەتراژیدیا لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆمان وایە، ئەمەش ئەو هەستكردنە مەزنەیە كەئەزموون پێی دەبەخشێت. دیارە مەبەستمان لەم جۆرە بیرەوەرییانەیە لێرەدا (وەك تاوان و سڕینەوەی شوناسی مرۆڤەكان و كۆمەڵكووژی)، نەوەك هەموو بیرەوەرییەك! !

لەبەرئەوەیە، خۆكۆكردنەوەی مرۆڤانەلەئاست كێشەی ئەخلاقی گەورە بەم شێوەیە، بەهەموو جۆرێك جۆرە پرۆژەی خۆكۆكردنەوەی مرۆڤە لەئاست ئەو بوونەی دەیكات بەبوونەوەرێكی ناو هەلومەرجێكی زاڵی ئیتیكی، چونكە مامەڵەكردنێكەو بۆ خۆی بەشێكەلەڕووبەڕووبونەوەكەیش لەناو جیهاندا وەك ئیتك، ئەمەش سەلماندنەوەی مرۆڤە وەكو بوونێك لەئاست جیدیەتی خۆیدا، هەر ئەم بوونەیشیەتی، كەدەتوانێت و هەروەها رێگای ئەوەی بۆ خۆشدەكات، بیرەوەرییەكانی بۆ رابردوو بپارێزێت و لەهەمان كاتیشدا شتیش لەبیر بكات، واتە بتوانێت بچێتە ناو پرۆسەی لەبیركردنی هەندێك شتگەلی وا كەناشادی دەكەن. بەڵام لەڕاستیدا، ئەوەی كەڕوودەدات (شت لەبیركردن نییە)، بەڵكو بریتیە لە (لێبەخشین) لەم ئاراستەیەوە، بەواتا مارگەلیتیەكەی.

چونكە وەكو (ئاڤیشای مارگەلیت) دەڵێت و ئاماژەی بۆ دەكات، ئیتیكی بیرەوەریی (بیرهاتنەوە–بیرخستنەوە)، بریتیە لەئیتیكی لەبیركردنیش بەهەمان شێوە. بەم مانایەبێت، ئەم ئیتیكەی كەبەناوی بیرەوەرییەوە هەڵدەسەنگێنرێت، بەهەموو جۆرێكیش پابەندە بەخودی لەبیركردنەوەوە بەشێوەیەك لەشێوەكان، چونكە پرسیاری جەوهەری، ئایا شتگەلێك هەن كەپێویست بكەن و لەسەرمان بێت یادیان بكەینەوە؟ (هەروەها دەڵێت: ئایا شتگەلێك هەن كە لەسەرمان بێت لەیادیان بكەین؟ ئایا ئەوەبكەین، بۆ نموونە لەبیركردن (بیرچوونەوە) ببێت لەبۆخاتری (بەخشندەیی) (Forgiveness)؟"[٤]

لێرەدا، ئەوەی پێی دەگەین، چەند شتێكە بەڕاستی، بۆ نموونە، ئەوەمان پێ ناڵێت كەبیرەوەریی رابگرین، یان لەناو بۆنەكانی بیرەوەرییدا نەژین، چونكە شتی وا هێندە ئاسان نییە، رەنگە هەر نەشبێت، بۆ نموونە بیرەوەریی لەئاست هەڵەبجەو ئەنفالدا، نەك جارێكە لەبیرنەكراوە، بەڵكو جارێكە كایەیەكی كۆشوناسی لەدیدە ئۆنتۆلۆجیەكەیەوە پێك نەهێناوە بۆ قەیرانی رووبەڕووبونەوەی نەتەوەیەك لەناو ئەم جیهانەدا؟

مرۆڤ بەبێ بیرەوەریی لەناو جیهاندا لاسەنگ دەبێت، وەك ئەوەیە هەمیشە چیپێکی کۆمپیوتەر بێت بەبێ داتا. بەڵام بە لەبیرکردنی هەندێك بیرەوەرییش، رەنگە هەمیشە لەناو تەموموژی ناشادیدا سەربنێتەوە. بیرەوەریی نابێت ببێتە جیهانێك لەتەمومژی میتافیزیکی و ئاینی، بەڵکو روداوگەلی مێژووین لەم ئاستەوە کە مەبەستمانە، واتە لەئێستاکەدا خۆراکن بۆ بیرکردنەوە. واتە لەبیرکردنی تەنیا پابەندە بەکامڵبوون و دروستکردنی ئەو هەستەی هەیە لەبۆ بیرەوەریی لەناو خۆماندا، بەهەستە دەستەجەمعیەکەی لێرەدا. هەرچەندە ئەمەش دەکەوێتەسەر هەلومەرجی ئینتیلێکوالیتەو درکی ئەو مرۆڤایەتییە لەو ناوچەیەدا، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو قەیرانانەی کەلەڕابوردودا هەیبوە، بەڵام لەناو ئێستاکەیدا بۆ ئەو رابوردوە، ئەوەیشمان پێ ناڵێت، ئەو شتانەی پێویستیان بەیادەوەرییەوە (بیرەوەرییەوە) هەیە لەبۆ کاتەتایبەتەکان بیریان لێنەکەینەوە، بەپێچەوانەوە. ئەوەی لەلامانی زەقدەکاتەوە، جیهانی ئیتیکە (ئەخلاقە) بۆ بیرەوەرییە کە، ئەمەش دیوێکی تری هەیە لەخۆیدا، ئەویش بریتییە لەپرۆسەی لەبیرکردن یان بەرەو لەبیرچوونەوەیەکی شیاو. بیریشمان نەچێت، ئاڤیشای مارگەلیت، ناوی خۆی شوللمانە، کەپرۆفیسۆری وانەی فەلسەفەیە لەزانکۆی عیبری ئیسرائیل. کەواتە بۆ خۆی پیاوێکی جولەکەیە، چونکە بیرەوەریی بۆ هۆلۆکۆست، کەماوەیەکی زۆریشی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام هەر یاد دەکرێتەوەو هەموو لایەنەکانی کۆی زانستەمرۆییەکان و ئەدەب و هونەری تەشکیلی و مۆسیقا و فەلسەفەو سینەما دەوروژێنێت/ وروژاندوە بەبەردەوامی.

کەواتە کاتێك باس لەبیرەوەوەری و لەبیرکردن دەکات، پێمانوایە هەمیشە چاوی بیرکردنەوەی لەڕوداوگەلێکی وەکو هۆلۆکۆستە بەو شێوەیە، بەڵام هەرگیز جۆرە بیرۆکەیەك، یان ئامرازێك، یان میتۆدێکی ئایدیلۆژی بەکارناهێنێت لەپێناوی باسەکەیدا، بەڵام ئەوەی زۆری جەخت لەسەردەکاتەوە، خودی بیرەوەرییە، بەڵام وەکو ئیتیك لەبۆ بیرەوەریی، یان بیرەوەریی وەکو شایەتحاڵێکی رەسمی لەبەردەم یاسا و ئامادەبوونی لەناو دادگادا بۆ بیرەوەریی، وەك هەڵگری ئەخلاقیاتی بیرەوەریی لەناو جیهاندا، وەکو دەڵێت: (غەرەزی مۆراڵی شتێکی جەوهەرییە وەکو پێکهێنانی شایەتحاڵیی مۆراڵی)[٥] ، ئەوەی بەختیار عەلی دەیکات لەناو ئەم رۆمانەدا، بە تایبەتی لەم بەشەیدا کەسەرنجی

باسەکەمان رادەکێشێت، ئەوەیە کەلەهەستەئەدەبییەکەیدا، دەیەوێت هەرهەموومان جۆرەشایەتحاڵیکی مۆراڵیبین، تەنانەت ئەگەر لەناو خودی روداوە راستەقینەکانیشدا نەبووبین، سیمبولیزمی ئەمجۆرە شایەتحاڵیبوونە، بەهەموو شێوەیەك داخوازیکردنە لەبیرکردنەوە وەك بیرەوەریی، بیرەوەریی لەناو چرکەساتی خوێندنەوەکەدا.

کەواتە پێشئەوەی بتوانین بیرەوەریی بهێنینەوە ناو ئێستاکەمانەوە، ئەوا دەبێت توانیبێتمان هەلومەرجێکمان بۆ گەردوونی ئەو بیرەوەرییە دروستکردبێت، لەبەرئەمەیە، ئاڤیشای مارگەلیت، ناوی دەنێت بەکایەی (ئیتیکی بیرەوەریی). هەروەها ئەگەر توانیمان هەلگری ئەو ئیتیکەبین لەبیرەوەریی و یادکردنەوەی بیرەوەریی وەکو مرۆڤگەلی ئەکتیڤ لەناو بووندا، ئەوا بەجۆرێکیش لەجۆرەکان شتێك دەمان بەستێتەوە بەئیتیکی لەبیرکردن و بیرچوونەوە وەبۆ خۆی. واتە دەتوانین هیچ نەبێت هەندێك لەشوێنەواری ئەو بیرەوەرییە لەناو خۆماندا لەبیربکەین، ئەگەر بکرێت. ئەمەش پرۆسەیەکی هەێندە ئاسان نییە، چونکە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم ئیتیکەمان هەبێت، ئەوا دەبێت لەوەبگەین، کەئیتیکی ئێمەی مرۆڤ چۆن لەکارەسات و رووداوە زۆر گەورەکانی وەکو کوشتن و کۆمەڵکوژی تێدەگات و ورد دەبێتەوە، چونکە بەشێکی ئەم گرنگییە بۆ خۆی دوایی پابەند دەبێتەوە بەلەبیرکردنی هەندێك شتگەلی واوە. لێرەدا ئەم تێگەیشتنە بەهەموو شێوەیەك بەندە بەجیهانی ئیتیکەوە، یان بۆ نموونە، وەکو چەمکی بەڵێندان، Promises تەماشای بکەین لەلای هانا ئارێنت، کەبەڕاستی ئایا بەڵێندانی ئێمە چەندەو چەندیش هەلگری جێگای باوەڕپێکردنە بەوجۆرە لەئاست بیرکردنەوەمان و هەروەها هێنانەوەی بیرەوەریی یان ناوهێنانی ئەو بیرەوەرییانە، بۆ نموونە وەکو دەڵێت، خەڵکی ئەو هێزەی (Force) کەپێکەوەدەیان بەستێتەوە، وەك لەشوێندا جیاوازن و دەردەکەون پێکەوە، هەروەها لەم شوێنە گشتییەی وا لەخەڵك دەکات هەبێت لەبوونا، هێزەکانی بەڵێنە دولایەنەکانە (Mutual)، یان وەکو کۆنتراکت.[٦]

ئەگەر لێرەدا ئاماژەش بەهەلومەرجی سیاسی کوردیش بکەین بۆ ئەم قەیرانەی کۆمەڵکوژی و رابوردوی بیرەوەرییمان، ئەم قەیرانە لەدەربڕینەکەی (هانا ئارێنتا) هەڵبسەنگێنین و تەماشا بکەین، وامان لێدێت، بپرسین: ئایا ئەو جۆرەحەماس و هێزەی بۆ بەڵێن (Promises) و راستگۆیی هەیە لەژێر ئەو سیاسەتەی دەیبەن بەڕێوە، یان

ئایا هەست بەجۆرەحەماس و هێزی جۆرەبەڵێن و راسگۆییەك دەکەین کەتوانیبێتی لەناو هەلوومەرجی شوێنی خەڵکدا وەك نەتەوەیەك (هەموومانی) پێکەوە بەستبێتەوە لەناو شوێندا؟

ئەمانە کێشەی سیاسی و ئیتیکی و ئینتێلکتوالیتین، من لەئاماژەکردنمدا بۆ خودی بیرەوەریی کۆی لەئاست کۆمەڵکوژیدا وەکو قەیرانی بیرەوەری بەپێویستمزانی لەسەری رابوەستم و هەروەها ئەو هەستە زۆر بڵندەی لەبۆ حەماسەتی بەڵێندان و راستیش لەلایەن هانا ئارێنتەوە بۆ شوێنی ژیانی کوردی بەرجەستە بکەمەوە، ئەگەر هەر وەکو ئاماژەیەکی خێرایش بووبێت، چونکە بەهەموو دیوێکیدا رووبەرووومان دەکاتەوە لەگەڵ خۆماندا وەکو مرۆڤ و دواییش بەرپرسیارمان دەکات لەتەك خۆمان و ئەوانی دیکەدا وەك ئەکتیڤبوونمان لەناو جیهاندا لەئاست حەقیقەتدا.

وەکێشەکەیش لێرەدایە، کاتێك، بیرەوەریی لەهەستەزۆر رۆتینەکەیدا ئەنجامدەدرێت/دراوە، هەمیشە وەك گێڕانەوەی چیرۆکێکی بێتامی لێهاتووە، خۆی دووبارە دەکاتەوە لەناو ژمارەو یادی ساڵانەدا، وەکو پێویستییەکی سەیر، نەوەك وەکو پێوستییەکی بەڵێندراو و حەماس لەبونیادە ئۆنتۆلۆژییەکەیەوە بۆ ئەو بیرەوەرییە لەناو شوێندا، یان لەناو جیهاندا. ئەمەش، کەدەزگاو سەنتەرە حزبییەکان وەکو مەشینی ئایدیۆلۆژی بەرهەمیان هێناوەو بەرهەمیشی دەهێننەوە، چونکە بابەتی بەو شێوانە، باشترین ئابجێکتی حەماسەتی درۆزنانەی رۆحیانەتی ناسیۆنالیزمە وەك حزب و تاقم و خێڵ و دەستە، کەبەهەموو شێوەیەك گیانێکی پاسیڤیانەی هەیە، لێرەوەیە، کەئەم قەیرانەزۆر گەورانەی، رووداوی هەڵەبجەو ئەنفال (کۆمەڵکوژی) نەیتوانیوە مۆراڵ و هۆشی سیاسییەکانمان بووروژێنێت وەکو پێویست، لەئاست بیرەوەرییە کۆییەکەیەوە نەیتوانیوە هۆشیاریەکی دەستەجەمعی لەناو بەڵێندان و راستۆگییدا بونیاد بنێت، چیدی لێرەدا ئەوەی دەبێتە کێشە، نەبوونی ئەو مۆراڵەیە بۆ بیرەوەریی. دیارە، ئەگەر وەکو تەماشایەکی فەلسەفییانە ئەمە ببینینەوە، وەکو هزرکردنێکی ئارێتیانە (هانا ئارێنت) بۆ ئەو سیاسییانە، ئەوا ئەوەیە، کەنەیانتوانیوە خۆیان لەناو چالاکبوونی بەشداری مرۆڤانەی خۆیان لەگەڵ ئەوانی تردا بدۆزنەوەو رێزی ئەو مرۆڤایەتییەی گشت بگرن، چەند بوونەتە کەرەسەی ئایدۆلۆژیاو هەروەها هەلومەرجێکی پاسیڤ و لەگەڕخستوو، کەڕێز لەو

بیرەوەرییانە ناگرن وەکو بیرکردنـەوەی دروست لـەژیانی هـەزارەها مـرۆڤ، خـەمی مـرۆڤ، وەکو هەلومەرجی بیرخستنەوەی مرۆڤ لەناو لۆکالیەتی نەتەوەو دوایش لەناو جیهاندا.

بـەلام، ئەگـەر پرسـیاری جەوهـەری لـەلای ئاڤێـشای مارگـەلیت ئـەوەبێت، کـەخودی ئیتیکی بیرەوەریی پابەند بێت بەئیتیکی لەبیرچوونەوەوە، ئەویش لەبەر خـاتری شـتێکی زۆر ناسـك و گرنگـە، کەئـەویش (بەخـشینە). لەبـەر ئەمەیـە، دەشـلێت: ئێمـە لـەبیرمان ناچێتەوە، بەلام دەبەخشین"[٧]

واتــە ئێمــە ی مــرۆڤ، شــتمان بــیر ناچــێتەوە، بــەلام ئــەوەی پێــی هەلدەســتین ئەوەیەکەلەوانی تر دەبەخشین، ئەمە چلەپۆپەی هیومانیزمی نەتـەوەو تـاقم و خوودیـشە لـەبۆ تێگەیـشتن لـەبیرەوەریی. واتـە، خـود بەخـشین، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان پابەنـدە بەئیتیکی لەبیرچوونەوەو بەمجۆرەبێت.

بەخشین دەبێتە نێوەندێك بۆ بیرچوونەوە، بەلام ئایا بیرچوونەوەی کۆمەلکوژی چـەند ئیمکانی هەیە؟ چەند دەبێت؟ ئایا ئێمەی مرۆڤ چەند دەتوانین لەشوێنەوارەکانی کوشـتن و کۆمــەلکوژی بـچینەدەرەوە؟ ئایـا ئـاوی ئـەخلاقی ئــەم تێفکرینــەدەتوانێت زەمــینی خوێناوی و سووری شوێنی تایبەتی نـاو زاکیرەی ئـەم نەتەوەیـەو ئـەم مرۆڤەبشواتەوە؟ بیرچـوونەوەی شـتێك، روداوێـك، روخـسارێك، جیهانێـك کـەپێ لەسـەر کەرامـەتی مـرۆڤ دادەگرێـت، چـیدی دەچێتەسـەر هێلـی بیرەوەریـی و چـیدی هەنـدەکارێکی ئاسـان نییـە بەوشێوەیە لەبیری بکەین؟ ئایا ئەگەر جیهانی ئێمە جیهانی قوربانییەکان بێت، ئایا نابێت روخسارو جیهانی جەلاد لەداوای لێبوردنیدا وامان لێبکات بتوانین لێی ببەخشین؟ دواجـار لەکێ ببەخشین؟ لێرەدایە، کێشەی بیرەوەریی بەهەستەزۆر قوولەکەی لـەناو زاکیرەمانـدا نیـشتەجێ دەبێـت لەئاسـت یادکردنـەوەی کوژراوەکانمـان، بەئاسـانی نـاتوانین لـەبیریان بکەین.

لەبـەر ئەمەیـە، کاراکتەرەکـەی بـەختیار عـەلی لـەڕۆمانی دواهـەمین هـەناری دونیـادا (موزەفـەری سـوبحدەم)، وەك بلێـی هــەرگیز نــەتوانێت (ئـەو ســەفەرەزۆر ترسـناك و سەیرەی) بیربچێتەوە. ئەو سەفەرە، وەکو جۆرەسەفەرێك وایە لـەبۆ نـاو خـودی رودوای کۆمەلکوژیدا، بەلام بەبێئەوەی بەشێوە حەرفییەکـەی چـووبێتەوە نـاو ئـەو رابـوردووەوە. شایەتحالێکی مۆراڵە لەئاست لەبیرنەکردنی ئەو هەموو ئازارەدا، چونکە لەبیرکردنی ئاسان

نییە. ئەوەی رۆماننووس پێی هەڵدەستێت بەجۆرێك لەجۆرەكان بیرەوەریی دەستكردە، لەبەر ئەوەیە، كەكاریگەری پاشماوەی روداوەكەی لەسەرە، واتە جیهانی سووتاوی گەنجەكان. واتە ئەمە پاشماوەكانی ئەو روداوەیەلەناو خودی بیرەوەرییدا، بەلام بۆ خوێنەر، بەلام رابوردومان پێپیشان دەداتەوە، لەناو پیشاندانی تەواوی ناموستەحیلییەتی تەماشاكردنی جیهانێكی زۆر لامەعقوول لەداڕزان و تێكو پەكاندان و سووتانی جەستەكان. كەواتە كاراكتەرەكە ناهەقی نییە كەئەو دیمەنانەی بیر نەچێتەوە، چونكە كاریگەرییەكی گەروە لەسەر رۆح و هزری دەكەن، هەستەكانی داگیردەكەن. ئەم كاریگەرییەیش، نیشانەی ئیرادەی فیكری كاراكتەرەكەیەبۆ ناو جیهان، ئەو جیهانەی شتەكانی تیادا دەبینێت و رەنگدەداتەوە. ئەم تەماشاكردنەمان لەسەفەرە زۆر ترسناك و سەیرەكەی كارەكەتەرەكەدا، بیرخستنەوەی یان ژیاندنەوەی بیرەوەرییە لەناو ئێستاكەدا، یان بۆ ناو ئێستاكەدا. بەبڕوای ئێمە، ئەوەی لێرەدا زۆر زۆر خەستكراوەتەوە، پرۆژەی (كەرامەتی ئەو بیرەوەرییەیە) كەلەلای مارگەلیت ئامادەیە لەدیدگا فەلسەفیەكییەوە بۆ بیرەوەریی. لەبەر ئەوە، تەنیا ئەوەنییەكەلەو هەستەیدا بۆ رابوردو هەوڵبدەین بۆ تیماركردن، بەڵكو لەهەستیاربونیدایەتی"(٨)

چونكە لەبەرجەستەكردنەوەیەكی سەیردا، لەمامەڵەی تەعویزكردنێكی رۆحیدا بینراوەتەوە، كەبیرەوەرییەكە هێندە مەزن و ترسناك و سەیرە، چیدی بیر ناچێتەوە، ئەمە هەستیاری ئێمە وەكو خوێنەر دابیندەكات، چیدی دەبێت بەرپرسیارمان بكات لەئاست بیركردنەوە ی بیرەوەرییەكاندا بەوجۆرە. هەروەك چۆن بێدەنگیەكی كوشندەلەوێ هەیە (لەناو ژوورو قاوشەكاندا)، ئەو بێدەنگییە، وادەكاتەوە، یەكسان بێتەوە بەبەهەمان قەبارەی ئە و كوشندەییەی لەسەر جەستەكان دیارە (زمان بێدەنگە). لێرەدا، بیر نەچوونەوە بیركردنەوەیە لەبیرەوەرییەكە بەو شێوەیە، ئەمەش بەوشێوەیە پەیوەندە بەپرۆسەی بەخشین و دڵڕاگرتنی مرۆڤەوە. بەلام، ئەگەر بكوژ و برینداركەرو تاوانبار، لەبەردەم روخساری قوربانی و كوژراو دا (داوای لێبوردن نەكەن)!!! ئایا نەك هەر ئێمەی خوێنەری ئەم رۆمانە، بەڵكو ئەوانەی كەبەهەموو جۆرێك كەرامەتیان لەبووندا بریندار كراوە/دەكرێت لەچی خۆشبن و لەكێ خۆشبن؟ چونكە تاوەكو ئابجێكتی لێبوردن و دڵدانەوەبوونی نەبێت، رەنگە بابەتی بەخشین و بیرچوونەوەیش هێندەبەئاسانی ئاكامی

خۆی وەرنەگرێت؟ هەروەها، ئەگەر ئەم بابەتە، پەیوەندی بەمردووەکانمانەوەهەبێت لەئاست بەخشیندا، ئایا تاکو ئەو رادەیەی مردووەکان لێرەنەبن، کێن ئەوانەی کەبتوانن بەخشینەکان وەربگرن؟

بەڵام ئەوەی وەکو (ئیتك و بیرەوەریی) پێکەوەگرێدەدات و پێویستیان بەیەك دەبێت، هەر بەهەمان شێوە زۆر پێویستمان بەو چەمکی بیرەوەریی کۆیی دەبێت، لەبۆ بەراوردکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی ئێمە ی کورد و هەروەها بیرەوەریی و کاراکتەری مۆراڵیمان بۆ مرۆڤایەتی لەم دیدەوە بەشێوە دەستەجەمعییەکەیەتی بۆ بیرەوریی.

ئەوەی لەگەڵ بابەتەکەیشدا خۆی دەهێنێت، دیارە بابەتێکی زۆر گرنگی وەك (بایەخپێدانە) کەبەئینگلیزی ( (Caring، بەئەڵمانییەکەی بە (Sorge) دێت، ئەمە یەکێکە لەو چەمکە زۆر گرنگانەی لەفەرهەنگی هایدیگەریدا مەشغوڵە بەفیکرەوە. ئەم بایەخپێدانە، لەلای مارتن هایدیگەر رەهەندێکی زۆر سەرەکی هەیە، پێمانوایە، ئەم چەمکە لەڕوانگە زۆر فەلسەفییەکەیەوە بۆ ئەم بابەتە، هاوکارییەکی زۆرماندەکات لەبەردەم ئەوەی کەچۆن بایەخ و گرنگیی بەمرۆڤایەتیی بدەین لەناو خودی بیرکەوتنەوەو بیرەوەرییمانەوە بەمرۆڤایەتی، بێگوومان، خودی چەمکی بیرەوەریی لەدەرەوەی ئەم چەمکەی بایەخپێدانەوە نییە، هەرچەندە هایدگەر زیاتر تەماشای ئایندەی پێدەکات، بەڵام ئێمە زیاتر مەبەستمان لەبیرەوەریی و جیهانێکە لەڕابردوودا، ئەمە واتە بیرۆکەی بایەخدان، وەك (ئەو رێگایەیە بۆ ژیان لەناو کاتدا. مانیفێستی خۆی دەکات لەپلان داڕشتندا، بۆ گرنگیپێدان بەکەسێك، بەو شێوەیە کەتەنیا ئەو جۆرە بوونەوەرانە ئەمەدەکەن کەهەڵگری کراوەییەکی ئایندەیین دەتوانن بایەخیان هەبێت)، بەڵام هایدیگەر (ئاماژەیەکی جەوهەریانە دەدات بەم بیرۆکەیە لەبۆ ئایندە، بەڵام من ئاماژە بەگرنگی رابردوو دەدەم. کاتێك گرنگیی دەدەین بەیەکێکی دی، ئەوە دەدۆزینەوە کەشتێکی سروشتییەکە تەسەوری ئەوە بکەین کەئەو ئەوی دیەی وەك یەکێکە کەبەشداری لەڕابوردویەکی گشتی و بیرەوەرییە کی گشتی لەگەڵدا دەکەین).[٩]

ئەمەش، لەئاستێکی گشتیدا تەماشای بکەین، دیارە ئەو رووبەڕووبونەوەیەیە لەگەڵ (خود)دا، وەکو بەشدارییەکی گشتیی، کەمامەڵەیەکی بێخودانە لەگەڵخۆماندا بکەین (بێخودکردنی کەس)، چونکە وا دەکەوێتەوە کەئەوی دی، یان ئەوانی دی دەبنەشتێکی

جەوهەری لێرەدا، لێرەیشەوە دووبارە، ئەگەر بڕوانینەپرۆسەی بەڕێوەبردنی نەتەوەو ئەکشنی سیاسی و حزبەکانی ئێمە لەم دیدەوە، سیاسەت و بەڕێوەبردنی پرۆژە نەتەوەییەکان نەك کەمتەرخەمن، بەڵکو هەڵگری ئەو ئایدیا سادەو سەرەتاییەش نین بۆ بیرەوەریی لەگرنگی و بایەخپێدانیدا، چونکە ئەوەی دەیکەن و کردوویانە بەگشتیی، ئەمەندەی لەپێناوی ئایدۆلۆجی حزبی و خودی خۆیان وەکو (ئیگۆییزم) بووە، هێندە لەپێناوی دروستکردنی پرۆژەی نەتەوەیی و گرێبەندی و پتەوی پەیوەندییەکانی نەتەوە نەبووە، ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەین، سیاسییەکانمان، بیرەوەریی نەتەوەیی و دەستەجەمعی دەگۆڕنەوە بەبیرەوەریی حزبی، ئەمەش گەورەترین تێهەڵدانی رۆحییە بۆ نەتەوە. بایەخدان و گرنگی بەبیرەوەریی لەم ئاستەوە، رەنگە بتوانێت هاوکاریی زۆری ئەو پرۆژەیەبکات، بەڵام نەوەك لەهەستەحزبی و ئایدۆلۆجییەکەیدا، نەوەك لەو هەستەیدا کە زمانی سیاسەتمەدارێك، تەواوی ئەو رابوردوە، یان تراژیدیا گەورانە بکاتە ئارەزووی هووتافە سیاسی و پیاهەڵدانەکانی خۆی. ئەمەیە، کەبۆ نموونە عەمانوئیل لیڤیناس دەڵێت: ئاگاییهاتنەوە لەخود، بۆخۆی ئاگاییهاتنەوەیە لەگشت[١٠]، لەلای ئێمە رەهەندی گشت، تاوەکو ئێستاکەیش رەهەندێکی پرۆژەیی نییە لەناو ئیدراکێکی ئەخلاقییەوە بۆ ئەم بیرەوەرییە، بەڵکو لەدوای راپەڕینەوە، کەهێنانی ئەزموونێکی کراوەو هەلومەرجێکی تریشە، بۆ حزبەکان بۆتە رەهەندێکی زۆر حزبی بۆ مۆڕاڵی بیرەوەریی.

کەئەم بایەخپێدانەو گرنگیپێدانە بۆ ئەو بنچینەی سەرەتایی هەلومەرجی مرۆڤە. ئەوەیەکە هەلومەرجی کۆمەڵگەی ئێمەی کورد ئەو چالاکی و حەماسەی تیادا ونبوە لەئاست مامەڵەکردنی بەخودی بیرەوەرییەوە بۆ حەماسی چالاکی و ئەکشنی لەجیهانێکدا رێز و نرخی خۆی بەرز راناگرێت. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بۆی زیادبکەم، ئەوەیە لەلای نیچە چەمکێك بۆ بیرەوەریی هەیە لەهێز بۆ ئیرادە، کەناوی بە (ئیرادەی هێز بۆ بیرەوەریی)یە[١١]، کەئەمەش پەیوەندیی بەهێزی بیرچوونەوە هەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان، بەڵام گرنگیی خۆی هەیە زیاد لەپێویست. لێرەدا بۆ ئاماژەبۆکردنی. بوونی ئیرادەبۆ بیرەوەریی، بوونی ئیرادەیە لەناو بووندا، لەناو جیهاندا، هەروەها ئامادەییە لەناو پرۆژەی ئیشکردنێکی چالاك و ئیمینێنسدا بۆ بیرەوەریی.

شتێك، بەختیار عەلی لەڕۆمانەکەیدا، بەتایبەتی لەو بەشەیدا وروژاندویەتی، باسکردنە لەسەفەری کاراکتەرەکەی، کەهەوڵی دۆزینەوەی (سەریاسی سوبحدەمە)، ئەم سەفەرەی دەیباتەناو شوێنێکی ئاوارە، کە بەبێدەنگترین شوێنی دونیا و هەروەها بەجەهەننەم ناوی هێنراوە. ئێمەش لەڕێگای ئەو سەفەرەوە بۆناو ئەو شوێنە، ئاماژە بەبیرنەچوونەوەی موستەحیلیەتی جیهانێك دەکەین کەبەهەموو شێوەیەك پێویستی بەئاماژەبۆکردنە بەشێوە زۆر ئامادەبوونەکەی لەناو جیهاندا. لەڕێگای ئەوەوە، پێمانوایە، کەدەیەوێت خودی خوێنەر خۆی بگاتە ئەو ئاستەی لەدیتنی جیهانێك لەسووتانی جەستەی مرۆڤی کورد، کەوەکو پاڵەوانەکانی گەیشتوونەتە ئەوئاستەی چۆن لەناو جیهانێکدا دەژین بەوشێوەیە. راستە، کەئەو جیهانە، جیهانی رۆمانە لەڕوانگەی ئەوەی کەنووسین رووبەڕوومان دەکاتەوە، بەڵام ئەزموونی پاشماوەکانی بیرەوەرییشە، لێرەدا بیرەوەریی دەستکرد بریتییە لەخودی هونەر. بەهونەرکردنی ئەو جیهانە، بەزیندووکردن و بەچالاککردنی بوونایەتی ئەو مرۆڤەیە. بەڵام هەر لەم دەروازەیەشەوە، جیهانمان وەکو بیرەوەریی و رووداو و شتەکان پێدەڵێت و بۆ دەخاتە بەردەست، کەئەم جیهانە چی تیادایەو چی تیادا روودەدات، بەڵام ئەم وتنانە لەناو ئەو هەلومەرجەی کەچەند بتوانین ئەرکی ئەوە ببینین وەکو خوێنەرێك لەئاست ئەوەی چەند چالاك بین و چەند حەماسی ئەوەمان هەبێت وەك بەشێك لەو روداوە گەورانە بۆ بیرکردنەوە، ئەوا پێویستیمان بەهونەرە. لەهەمان کاتیشدا فێربوونی ئەو خوێندنەوەیە وامان لێباکات لەناو جیهانی رۆژانەدا بتوانین ئەو ئەرکە بۆ بیرەوەریی بسەلمێنینەوە، ئەمەش گەیشتنە بەئەرکی ئەخلاقیی بیرەوەریی بەشێوەیە، لەهەستە دەستەجەمعییەکەیدا.

لێرەدا، بیرەوەریی وەکو ئەوە باس لێوەناکەین کەهەڵگری سێتێك کۆدی رەشبینانەو تەنانەت ئایدۆلۆجیانەیی بێت، بەڵکو بەدیوێکی تریدا کەبەشێکە لەچیرۆکەکانی ناو رابوردوی جەستەی مرۆڤی کورد، چونکە بێگوومان، بیرەوەریی لەهەستە ئایدۆلۆجییەکەیدا نوقمبوون و جۆرە نووستنێکە لەناو یادکردنەوەی ئەو شتەی مرۆڤ رادەکێشێتە ناو زەمانەوە، واتە ئامانجی باسکردن لەبیرەوەریی لەهەستە زەمانییەکەیدا دەگرێتەوە، ئەمە مەبەستیی ئێمە نییە لێرەدا. وایلێدیت کەهێندەی ئاماژەکانمان لەناو چوارچێوەیەکی ئیمپریکیانەدا بۆ بیرەوەریی جەختلێبکات، ئەوە نییە کەبیرەوەریی

بخاتــەناو چوارچــێوەیەکی موتەعالیــەوەو چــیدی نــەتوانێت لەناویــدا بــچێتەدەرەوە. هێنــدەنووقمکردنی مــرۆڤ نییــە لــەناو ئــەو دەریایــەدا، بــەڵکو بیرخــستنەوەی مرۆڤــە لەتراژیـدیاکانی خـۆی لـەو راوبـردوەی هـەیبووەو بەسـەریبردووە، وەکـو بیرۆکـەی (کـارو کاردانەوە). هەرچـەندە، هەنـدێك تراژیـدیا شـوێنی تایبـەتی خۆیـان هەیـە لـەناو مێـژووی مرۆڤایەتیدا، ئەگەرچی چەند سامناك و ترسناك و سەیریش بـن، ئەمەیـە، ئـەو کاراکتـەرە بەلای خۆیـدا راماندەکێشێت و دەیـەوێت وشـەی (ترسـناك و سـەیر) لـەناو ئـەو روداوەدا چوارچـێوەبکەین. پێموایـە، ئامــانجی ئــەم کاراکتــەرە، ئەوەیەکــە دەیــەوێت لاســایی بکەینەوە، چونکە بەخەستکردنەوەی هزر لێرەدا، بەئیـشکردنی بیرکردنەوەیـە لـەناو ئـەو بیرەوەرییـەدا، بـەلام لـەناو هەنووکەییمانـدا بـۆ جیهـان. واتـە ترسـناکبوونی هـەوری ئـەو روداوانەی کەهێشتا، ئەو رابوردوە لەناو ئاسمانی هەستەکانماندا نەڕەوییونەتەوە. لێرەوە، بیرەوەریـی هـەڵگری سیاسـەتێکی سـیۆلۆجیانەیە، کەلـەبری ئـەوەی مـرۆڤ بداتەدەسـت هەنووکـەییبوون و ئاینـدەبوون بـەجۆرێك لـەجۆرەکان، دەیداتـە دەسـت زەمانێـك کـەهیچ پەیوەندییەکی بەئێمەوە نییە لەناو ئێستاکەدا، ئەمـەش نـوقمکردنی ئامادەییـەتی لـەناو ئێستاکەدا. بێگومان، بیرەوەریی و بیرکردنەوە لەڕووداوەکانی کـۆن، بـۆ خـۆی پابەنـدن بەڕابوردوەوە بەم مانایە بێت، بەلام ئـەوەی ئێمـە بەبوونـەوە دەبەسـتێتەوە، بوونمانەلـە (نێوانیاندا)، بوونمانە لەنێوان رابوردو و ئایندەدا، نـەك لەئاینـدەداو نـەك لەڕابوردویـشدا، بەلام فیکرو بیرەوەریی دەتوانێت گرێبەندییـەك بدۆزرێتـەوە لـەم نێوەنـدەدا. بەمانایـەکی تر، ئەوەی پاڵمان پێوەدەنێـت بیربکەینـەوە، بەئێـستاکە بوونمانـە لـەناو جیهانـدا، ئەمـە شتێکی بێبەڵگەیە، چونکە ئێمە بەهەموو شێوەیەك لەناو ئێستاکەداین. بەئێستاکەبوونی ئـەو بیرەوەرییـە، ئیتیکـی بیرەوەرییمـان چـالاکدەکات بـۆ هەسـتکردن بـەمرۆڤبوونمان لـەڕێگای وێنـەو ئیمەیجـەکانی نـاو هۆشمانـەوە بـۆ رەنگدانـەوەمان لـەناو ئەمێستاکەدا. بەزیندووکردنەوەیەتی لەچالاکییەکی هیومانیزمانەدا بۆ قـەیرانی بیرەوەریی، کەئیـشکالی تراژیدیایەکی گەورەیە لەناو بیرەوەرییمانـدا. چـالاکیش، بریتییـە لەئیـشکردن و خـەیاڵ و پانتاییەکانی بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤگەلەی، بەپێویستی دەزانێت درك بەوەبکات، ئـەویش ئەرکی ئیتیکی بیرەوەرییە.

ئـەوەی رۆمـاننووس، دەیـەوێت پێمانبڵێـت لەبـەردەم قـەیرانێکی وەك بیرەوەرییـدا، گەڕانەوە نییە بۆ ئـەو زەمانەبـەو شـێوەیە، چـەند بیرکردنەوەیـە لـەو زەمانەیـەو دوایش هێنانی جۆرە (شەرەفێکە) بۆ ئەو بیرەوەرییەی کەناومان لێناوە (کەرامەتی بیرەوەریی).
کەرامەتی بیرەوەریی، وەکو ئەرکی زیندوبوونی مرۆڤی لێدێت لەناو بوون و ژیاندا.

بەختیار عەلی، لەڕێگای کاراکتەرەکەیەوە (موزەفەری سوبحدەم)، بەناو تـاریکترین و رەشترین و خـەمناکترین و دیـارترین بیرەوەرییـدا دەمانبـات و سـیماو جەسـتەی سـوتاوو بریندار و بێدەنگ و هەلاهەلاو پارچەپاچەکراوی مرۆڤی کوردمان پیشان دەدات، ئەمـەش، کـە (بیرەوەریـی مرۆڤـی کـوردە) بەگـشتیی، بـەڵام لـەناو بیرکردنـەوەی ئێـستاماندا.
رۆماننووس دەمانبات و دەمانگەڕێنێت بەناو جیهانێك لەئازاری سارێژنەکراو، جیهانێکمـان پێپیشاندەدات کەوەکو موزەفـەر ئامـادەبین بڵێین (هـەرگیز نـاتوانین ئـەوە لەبیربکـەین)، چونکە بیرچوونەوەی ئەو جیهانە ئەسـتەمەو مەحاڵـە، ئەمـە وەکـو جیهـانێکی بـەجێهڵراو بێت وایە بەجۆرێك لەجۆرەکان!!

نەك هەر ئەمەندەیش، بەڵکو دەیەوێت لەجوغزێکدا، دەربڕێنێکـی ئـاوا بدۆزێتـەوە کـە لەڕێگایـەوە بتوانێـت هەقیانـەت ببەخـشێتە ئـەو پرۆسـەیەی ناومانلێنـاوە کەرامـەتی بیرەوەریی. کەرامەتی بیرەوەریی، زمانی راگرتنی تاوانەکانە بەجۆرێك لەجۆرەکان، بـەڵام لەباوەڕنەکردنێکی وادا کەنەدەبوو تاوان ئاوا بـەو شـێوەیە یـاریی بەجەسـتەکان بکردایـە، ئەمەیە وا لە (ئەدۆرنۆ) دەکات، لەدوای هۆلۆکۆستەوە، بانگەوازی ئەوەبکات، کە (چـیدی لـەدوای ئاشـوێتزەوە شیعرنووسـین بەربەرییەتـە)، بـەڵام هاوکـاتیش لـە (ئەندێـشە بـۆ میتافیزیك: لەدوای ئاشوێتز)، دەڵێت (ئازاری هەمیشەو بەردەوام ئەوەندە هەقی هەیە بـۆ دەربڕین وەکو ئەو کەسەی ئـازار دەدرێـت کـەبتوانێت هـاوار بکـات، بـەو شـێوەیە رەنگـە هەڵەبێت کەوتبێتمان چیدی تـۆ نـاتوانی شـیعر بنووسـیت)[١٢]، موزەفـەری سـوبحدەمیش لەباسی سەریاسدا دەڵێت (جەسـتەی هـەلا هـەلای ئـەو مرۆڤـە، هـاوارێکی مـەزن وقـووڵی تیایەبۆ ژیان) (ل، ٢٧٧)، هەروەها لەباسی خەستەخانەکەدا دەڵێت (بینینی ئەو ساڵۆن و راڕەو و قاوشە پڕبرینانە، بەشی ئەوەبوو هەموو رۆح لەبـەرەکانی دونیـا هەسـت بـەگوناح بکەن) (ل، ٢٧٨)، ئەدۆرنۆ لەهەمان نووسینی سەرەوەیدا کـەئامـاژەمان بـۆ کردوەدەڵێـت

(تاوانباری "هەستکردن بەتاوان" ژیان کتوومت وەکو حەقیقەتێك وایە ژیانی ئەوانیتر دەخنکێنێت)[١٣].

بەهەمان شێوە، دیدێکی دوفاقی لەلای خوێنەر پەیدا دەبێت، لەلایەن ئەو پانتاییە زۆر فراوانەی کەبۆ بیدەنگی و تراژیدیا بەرجەستە بۆتەوە لەلایەن نووسەرەوە بۆ کاراکتەری دواهەمین سەریاس و هەروەها هەستکردن بەشوێنی (مندالآنی پشکۆ)، دوایش تەواوی ئەو رووبەڕووبونەوەیەی خوێنەر لەجۆرێك سایکۆلۆژی ترس و بێدەنیگدا فەراهەمی دەبێت، یان ئەوەیە کەبڵێین زمان ناتوانێت باس لەو جیهانە بکات وەکو ئەوەی دەردەکەوێت، یان ئەو جیهانەی کەخۆیدەسەپێنێت بەسەرماندا لەئیجباریەتێکی ئاوادا کەئەو بێدەنگی و سەرسوڕمان و هەستە ئاڵۆزە وەربگرین وەکو شەرعییەتپێدانێك. هەرچەندە، رۆماننووس بەهەموو شێوەیەکی تەسویری و وشەسازیی لەبەرزترین هونەری بەئاگاهاتنەوەدا خەبەرمان دەکاتەوە لەجیهانێك کەپاشماوەکەی هەر دەبینین و کاریگەرییەکەی هەر ماوەبەسەرمانەوە.

کەواتە بانگکردنی بیرەوەریی، پرۆسەیەکە بۆ ناو ئێستا بۆ بیرکردنەوە لەهەلومەرجی مرۆڤ لەبەردەم ئێستاکەیدا، بەڵام لەژێر رۆشنایی ئەو رابوردووەوە. بیرەوەریی، بابەتی تاوان زەقدەکاتەوە، لەبەرئەوە لەبیرکردنی شتێکی ئاوا سادەو سانا نییە. هەرچەندەتاوان، لێرەدا بریتیە لەکۆمەڵکوژیی، کەئەوەی نووسەر باسی لێوەدەکات، زیاتر هەڵسانە بەتابلۆکردنی کاریگەرییەکانی پاش تاوان لەڕێی دەربڕینەکانییەوە وەکو وێنەکردنی سەفەرەکەی بۆ ناو جیهانێك کەدەبوو ببینێت و بیزانێت.

سەفەری موزەفەری سوبحدەم، ئەگەر بۆ دۆزینەوەی منداڵەکەشی بێت، ئەوا لەڕێگای سەفەرەکەیەوە کونجێکی تر لەحەقیقەت دەدۆزێتەوە. ئەویش حەقیقەتی بیرنەچوونەوەی ئەو سەفەرەیە، کەدەبوو بیکات. ئەو سەفەرە وەکو جۆرەسەفەرێکی بێت بۆ دۆزەخ، کەخوێنەریش لەگەڵ خۆیدا دەبات، بەئامانجی بیرەوەریی لەناو ئیمج-شوێندا. لەبەرئەوە بیرچوونەوەی هێندەئاسان نییە، دۆزەخیش لێرەدا هێمایە، وەك بیرخستنەوەی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی، چونکە بەناو ئەو جیهانە زۆر بریندارو سەیر لامەعقولەدا دەمانگەڕێنێت، جیهانی جەستەمان پیشاندەدات کەچۆن تێکردراون و چۆن سووتاون، بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت لەڕێگای تابلۆکردنی خودی ئەو شوێنەی ناویان

لێناوە (منداڵانی پشکۆ)، یان ئەو بەشەی ناوی لێناوە (جەهەننەم)، بیرەوەرییەکانمان تیژتر بکاتەوە. سیمبولیزمی، دەربڕینی وەکو (منداڵانی پشکۆ)و (جەهەننەم)، هیچ نییەجگە لەبیرکردنەوەی رووداوەکە، وەکو دۆزەخ (دوایی دەگەڕیمەوە سەر ئەم خاڵە).

بەهەرحاڵ، ئەوەی نووسەر لەخەیاڵیدایەتی، حاڵەتێکی زۆر سروشتییە، چونکە دەزانێت، کەمرۆڤ بەو شێوەیە زۆر سروشتییەیی کەهەیە، شتی لەبیردەچێتەوە، مرۆڤ، نەك هەر ئاساییەو سروشتییە، کەشتی لەبیربچێتەوە، بەڵکو تەنانەت هەقی خۆشییەتی شت لەبیربکات، دەبێت بشتوانێت زۆر شت لەناو ئەم جیهان و ژیانەدا لەبیر بکات. بەبێ بیرچوونەوە لەناو جیهاندا، وەك بڵێی مرۆڤ نەتوانێت لێرە لەسەر ئەم زەویەدا بژی، چونکە، شوێنی خەزنکردنی هەموو بیرەوەرییەکان موستەحیلە، لەبەر ئەوە هەمیشە شت لەبیردەکات و شتیش فرێدەدات، وەك چۆن، بیرەوەریی گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە بۆ بیرکردنەوە، بەهەمان شێوە بیرچوونەوەش خاسییەتێکی سەرەکییە کەمرۆڤ دەبێت فێری ببێت لەژیاندا، ئیرادەی بیرەوەریی ئەمە دەگەیەنێت.

دواجار، مرۆڤ بوونەوەرێك نییە لەناو تەواوی یادەوەرییەکان و جیهانی رابوردودا بژی هەمیشە، بەڵکو بوونەوەرێکە لەناو ئێستاکەیدا، بەڵام بیر لەو روداوانە دەکاتەوە کەبریتین لەڕابوردو، چونکە ناتوانێت وانەکات، لەبەرئەوەی بەشێکبووە لەئەزموونەکانی، ئەو جیهانەی دیوە بەچاوی خۆی، ئەزموونەکانێتی، رابوردو و جیهانێك کەبەجێیهێشتووە، خۆراکی دەداتێ بۆ بیرکردنەوە، وەك هانا ئارێنت ئاماژەی بۆ دەکات، بەم شێوەیە بیرەوەریی و فیکر (ئینتیلێکت) هەردووکیان تەئەموول دەکرێن، بەوشێوەیە، پاسیڤن، بەڵام ئەوەئیرادەیە، کە وایانلێدەکات بەرەبەرە بکەونە کارکردن و هەڵسوڕان، هەردووکیان پێکەوەگرێدەدات[١٤].

رۆماننووس لەدەمی موزەفەری سوبحدمەوە، بەهەموو راستگۆیی و هەستی خۆیەوەدەڵێت (تەواو ژیان شێوەیەکی هەتاهەتایی خۆی وەرگرتوەو کاتی قسەو دوودڵی و دەستکارییەك نەماوە) (ل، ٢٦٥).

چونکە ئەم دەربڕینە دەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستەکردنەوەی تەواوی ئەو کاریگەرییە سایکۆلۆژییەی لەسەفەرەکەیدا دەیبینێت. شوێنەواری بیرەوەریی هەمیشە بەسەر مرۆڤەوەدەمێنێت بەمشێوەیە قسانبکەین، ئەمەش ئاماژەیە بۆ مرۆڤی کورد لەناو

پاشماوەکانی بیرەوەریی، وەکو ئەوەوایە، یەکێك بڵێت، لەدوای هۆلۆکۆست و هیرۆشیماو ناکازاکی و هەڵەبجەو ئەنفال، ئایا چی لە (قسەو دودڵی و دەستکاری) بکەین؟ ئەمە دیویکی هەستکردنە بەبەرپرسیارێتی لەناو جیهانێکدا کەهەست بەبەرپرسیارێتی ناکات تیایدا. جیهانێك رێزی ئەو بیرەوەرییەی تیادا ناگیرێت، کەبۆ خۆی رێزگرتنی خۆیەتی. بۆ نموونە، پێشکەشکردنی کاراکتەرێکی وەك (سەی مژدەی شەمس) بەشێکە لەو بێمانایی و نابەرپرسیارێتیەی مرۆڤ، چونکە خەمی مرۆڤ و جیهان ناخوات، ئەمەش رێزنەگرتنی خۆی و ئەوانی ترو جیهانەکەیەتی، (چونکە پیاوێك بوو خۆی لەوە بەگەورەتر دەزانی بایەخ بەهەندێك کەسی بچووکی وەك دواهەمین سەریاس بدات) (ل٢٦٨) یان (سەی مژدەی شەمس وەك یەکێك نەدەهاتە پێشچاوم مەراقێك لەدونیا بخوات، وەك یەکێك جگە لەخۆی شوێنێکی بۆ کەسانی ترو زیندەگییەکانی تری لەژیانیدا جێهێشتبێت) (ل، ٢٦٨).

کاراکتەرەکەی نووسەر، راستە ماندوەو بێزاریشە، ناهەقیشی نییە کەلەناو هەستکردن بەئالۆزی و بێهودەیی و تەنانەت بێدەسەڵاتیشدا خۆی ببینێتەوە، چونکە قووتکردنەوەی خودی (بیرەوەریی)، بۆ خوێندنەوەی رۆمانەکە، لەناو تەماشاکردنی هەموو ئەو جەستەو روخسارانەی کە لەناو ئەو شوێنەدا دەبیندرێن، چیدی خوێنەریش لەچاوی موزەفەری سوبحدەمەوە بەناو (قاووش و هۆڵ و ژوورەکانی) ئەو ماڵە سەیرەدا دەگەرێت و دەبینێت، جیهانێك دەبینێت خودی کۆمەڵکوژیش نییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین پاشماوەکانی ئەو کۆمەڵکووژیەیە، کەچیدی لێرەوەیە بانگی (بیرەوەریی) دەکات. هونەری نووسینی بەختیار عەلی لەم رۆمانەدا، بانگی بیرەوەریی دەکات، بۆ ئەوەی لەناو ئێستاکەدا شەرەفی ئەو بیرەوەرییە تەوزیفبکاتەوە. جۆرێك لەبێزاری قووڵ و لەهەمان کاتیشدا هەستکردن بەنزیکبوونەوە بەدونیاوە وەك هەلومەرجێکە ناتوانێت هیچ شتێکی لەگەڵدا بکات، جگەلەوەی کەتیایدا بژی و پێی قایل بێت، خوێنەریش، بەهەمان شێوەیە، لەگەڵ ئەم بێزاری و هەستکردنەدا قایل دەبێت لەناو دونیادا، بەڵام ئەوەی لەناویدا لەدایکدەبێت ئەو هێز و شەپۆلانەیە بۆ بیرەوەریی لەکاریگەرییەکی پۆزەتیڤدا.

ئەم تەماشا کردن و بینینەی خوێنەر لەچاوی موزەفەرەوە، تەنیا زیندوکردنەوەی بیرەوەریی نییەلەناو زماندا وەکو گووتن و گێرانەوەو هەستکردن، بەڵکو بیرکەوتنەوەی بیرەوەرییە وەکو دیمەن و وێنەو رەنگدانەوەی (ئیمیج و روخسارەکان) لەناو

خەستەخانەیەکدا/زیندانداا لەدووری روداوەکانەوە، واتە لەناو شوێندا، وەکو بڵێی (شوێن) وەك ببێتەخودی رابوردو، چونکە لەناو هەنووکەییبونی تەماشاکاندا، چرکەساتی ئەسەری ئەو رابوردوە، هەموو بیرەوەریی دەگەڕێنێتەوەناو بوونمانەوە، وەکو والتەر بنیامین دەڵێت (ئاگاییهاتنەوە، Consciousness، دێتەناو بوونەوە لەجێگای شوێنەوارەکانی بیرەوەرییەوە)[١٥].

چونکەئەم شوێنەی وەك لە (خانوویەکی گەورە کە لەناوەوە جۆرەقەڵاییەکی داخراوی دیکەبوو، تێکەڵەیەك بوو لەخەستەخانەو زیندان) دەچێت، لە (شوێنی بەخێوکردن و شوێنی قەهر، لەماڵی سەرپەرشتیکردن و وێنراکردنی ماڵی مرۆڤ) (ل، ٢٦٨)، ئەم شوێنەیە، کەسەفەری موزەفەری سوبحدەم دەکاتە سەفەرێك بەناو بیرخستنەوەی جیهانێك بەرامبەر جەستەی مرۆڤی کورد بەهەلاهەلا کراوی و پەراوێزکراوی لەناو جیهاندا. یان بەرجەستەکردنەوەی قەیرانی کۆمەڵکوژیی لەناو سیمبولیزمی (گەنجەکاندا)، بەڵام گەنجانێك کەبوونەتە خۆراکی سووتان، ئەوا لەهەمان کاتیشدا، ئەم گەنجانە، لەناو ئێستاکەدا، لەشوێنێکدا دەژین کەپێناسەیەکی تەواویشی بۆ نییە، لەهەمان کاتدا خەستەخانەیەو هەروەها زیندانیشە، کەخودی بیرەوەریی لەناو شتەکاندا بەرجەستەدەبێتەوە. باسکردن لەبیرەوەریی کۆمەڵکوژی بەم شێوەیە، بۆ خۆی تەنیا بیرەوەریی نییە وەکو خۆی، بەڵکو بیرەوەرییە لەناو ئێستاکەدا. بیرەوەرییە کە لەناو دیتنی هەموو ئەو روخسارو جەستانەی کەلەناو (تێکەڵەیەك لەخەستەخانەو زینداندا) دەردەکەون. بیرەوەریی لەمەڕ بەرپرسیارێتی بۆ ئێستاکە، وا لەموزفەری سوبحدەم دەکات، کارێك بێت هەرگیز بیر نەچێتەوە، ئەدۆرنۆ دەڵێت (چیدی تەنانەت رابوردویش دڵنیا نییە لەئەمێستاکە، کەبیر کردنەوە لێی ئەوەدەنێرێت جاری دووەم لەبیربکرێت)[١٦]، چیدی لێرەوە زۆر باش لەوەتێدەگەین، کەئەو بیرەوەرییە زۆر سامناك و سەیرەی لەناو هۆش و دڵی کاراکتەرەکەی بەختیار عەلیدا چەکەرەدەکات، رابوردویەکە جگەلەوەی لەناو چوارچێوەیەکی تراژیدی و مەرگەساتدا بەرجەستەیە، بەهەمان شێوە هەڵگری ناوکۆییەکی گشتی و کۆشوناسییە بۆ بیرەوەریی، لێرەوەدەزانین، کەئەم بیرەوەرییە وەکو ئەو جۆرە بیرەوەرییانە نییە، کەگەرمایی ژیان و نۆستۆلجیا بۆ بوون دەهێنن و دەگەڕێننەوە، یان وەکو بیرەوەریی منداڵی و شتی بەوجۆرە، بەڵکو ئەم جۆرە

بیرەوەرییە، پابەندە بەمۆراڵبوونمانەوە وەکو مرۆڤ، کە بۆخۆیشی تێڕوانینێکی پووچگەرا بوونیاد دەنێت لەئاست جیهاندا، کە لەدوای کارەساتی بەو شێوەیە، مرۆڤ زەحمەتە بتوانێت خۆی کۆبکاتەوە، یان شتێکی هێندەئاسان نابێتەوە بۆ خۆکۆکردنەوەیەك.

بەڵام ئەم بیرنەچوونەوەیەی موزەفەری سوبحدەم، راستە وەکو راوکردنی رۆحێتی لەئاست هەموو ئەو نامەعقولییەتەی لەناو مێژووی هاوچەرخی ئێمەی کورددا روویداوە، لەهەمان کاتیشدا بۆ خۆی، رێگاخۆشکەریی گەڕانەوەیەتی بۆ ناو جیهانیش. بەڵگەی بۆ ئەمە، چیدی سەریاسی سوبحدەم نابێتەتەنیا کەسێك و روخسارێکی دیاریکراو، بەڵکو دەبێتە میاتفۆرێك بۆ تەواوی کەسەکانی وەکو ئەو. تەنانەت، وەکو ئەوەی ئێمە رۆمانەکە دەخوێنینەوە، دواهەمین سەریاسی سوبحدەم، دەبێتە میتافۆرێك لەبری خودی چەمکی سووتانیش، دەبێتە هەڵگرەوەی هەموو ئەو شتانەی لەناو بیرەوەریی کۆییدا (جەمعیدا) بەرجەستەدەبنەوە، ئەمەش، لەبەرئەمەیە موزەفەری سوبحدەم دەڵێت (من ئەم شەو لەبەردەم ئێوەدا دەیدرکێنم خۆشبەختیشم، لەگەڕانی دووردودرێژمدا بەدوای سەریاسی سوبحدەمدا، سەریاسی راستەقینەم نەدۆزیەوە، ئەو کوڕەڕاستەقینەیەم نەبینی کەوێنەکەی لەخەیاڵمدا بوو، بەڵام ئەو جیهانەم بینی کەسەریاسی تیا ونبووبوو) (ل، ٢٦٦)، لەگەڵ ئەمەشدا، پێناسەکردن بۆ خودی سەریاس بەم شێوەیەیە (خودایەچ شتێکی ترسناك بوو، پارچەیەك گۆشتی تواوەبوو، هەستتدەکرد چاوی بەسەر روومەتیدا تواوەتەوە، روومەتی بەچرنووکێکی گەورەپچڕاوەو ئێسکەکانی دەرکەوتوون، لچی بەسەر چەناگەیدا شۆڕبووبوەوە، شتێك گوێکانی لوولکردبوون، بایەکی ترسناکیش هەموو قژی لەگەڵ زەبرو جەبروتی خۆیدا هەڵکەندبوو) (ل، ٢٧٣)، لەبەرئەم وێنەو ئیمیجە زۆر ئەبەدییانەی بۆ سووتان و عەدمکردنی پێست و گۆشتی جەستەی مرۆڤە، سەی جەلالی شەمس بەموزەفەر دەڵێت (محەبەت ناتوانێت دەردی ئەم منداڵانە تیماربکات) (ل، ٢٧٤) لەناو ئەو رستەیەدا دوو چەمکی زۆر گرنگ هەیە بۆ گفتوگۆکردن، ئەوانیش، چەمکی محەبەتی خودایە لەڕوانگە مۆڕاڵییەکەیەوە بۆ ئایین، کەچەند خودا، چەندو چۆن مەحەبەتی بۆ مرۆڤ هەیە، لەدیوێکی تریشیەوە، چەمکی ئیتیکە وەکو دەلالەتە هیومانیزمەکەی لەناو مرۆڤاییەتیدا بۆ سیکیولایزمی مەحەبەت چەند دەتوانێت مرۆڤ رزگار بکات لەم رووبەڕووبونەوەیدا. بەڵام ئەوەی کەزۆر گرنگە بۆ ئاماژەکردن، ئەوەیە کە لەناو

مۆنۆلۆگی موزەفەردا دیارە، ئەویش، ئەمە یە (لەو ساتەدا من سەرم بەرز دەکردەوە، سەیری ئەو قاوشە دوورودرێژانەی مەڵبەندەکەم دەکرد، سەیری ئەو کوڕەسووتاوانەم دەکرد کەلەسەر قەرەوێڵەکانی خۆیانەوە، هەریەکەیان سەرقاڵی یاریکردن بوون بەشتێك. تەماشای ئەو گیانەوێران و ژیانەخاپوور و نیگا خامۆشانەم دەکرد، تەماشای ئەستێرەی رەشم دەکرد وەکو ئەوەی حەسوودی بەسەریاسی سوبحدەم بەرێت، لەو ساتەدا بەچاوی پـڕ فرمێسکەوە، بەهەڵچوونێکی خوێناوی دڵەوە، بڕیارمدا خۆم و ژیانی خۆم بۆ پەیمانێکی هەتاهەتایی بەم کوڕەببەستمەوە. پەیمانێك کەتەنیا خۆم و لەگەڵ خۆمدا مرۆمدەکرد، خۆم دەمنووسی و دەمبرد و هەڵمدەگرت) (ل، ٢٧٦).

ئەم جۆرەپەیمانە، دەنگدانەوەی زمانێکی ئاینی زۆر قوڵیی تیادایە، ئەویش لەدڵەوەیە، بەڵام بەو شێوەیەی ئێمە دەیخوێنینەوە، رەنگدانەوەی چوارچێوەیەکی هیومانیزمانەیە، چونکە، پەیمانێکە لەنێوان خۆیدا دەیبەستێت، خۆی (دەینوسێت و هەر خۆیشی مۆری دەکات و دەیبات و هەڵیدەگرێت)

زیندووکردنەوەی بیرەوەی لەڕێگای رووخسارەکانەوەو جەستەکانەوە، هەستکردنی مرۆڤەبەخودی ئەو رووداوەی کەبەرامبەر کەسەکان وەکو جەستەکراوەلەکاتی روودانیدا، گەورەکردنی چەمکی (ژیان) و (بوونە) لەناو ئێستاکەماندا وەك گەڕانەوەی نرخ و بەهاکان بۆ ژیان و بوون. بەم شێوەیە، هێنانی مێژووەوەك پڕۆژەیەك، بەڵام لەبیرکردنەوەماندا بۆ ناو هەنووکەیی هەستکردنمان بەرامبەری ئەم مرۆڤایەتییەی ناو جیهان.

لێرەوەیە، بەختیار عەلی لەدەمی موزەفەری سوبحدەمەوەدەڵێت (هاوڕییان تادەمرم ئەو سەفەرەترسناك و سەیرەم لەدالان و ژوور و هۆڵ و قاوشەسەیرەکانی ئەوماڵەدا لەیاد ناچێتەوە) (ل، ٢٦٩).

بیرەوەریی لەم دیدگایەوە، بەندەبەخودی هەردووك وشەی بەکارهێنراوی وەك (ترسناك و سەیرە)وە،، ئەمەش پابەندەبەو گرێبەندیەی، لەزمانی هانا ئارێنتەوەئاماژەمان بۆ کردوە، کەبەپرۆسەکردن و هەڵسووڕانی خودی (بیرەوەریی و فیکرە) لەڕێگای ئیرادەوە، کەنووسەر پێناسەی سەفەرەکەی پێدەکات، وەك بڵێی سیمبولیزمی خوودی دووری و نەگەیشتنیش هێندەی ئەو ترسناك و سەیرەی لەناو بیرەوەرییەکەدا بەئەنجامگەیشتووە بوونی هەیە. جۆرە دوورییەك وەك قووڵی و

لێکدانــەوە، پێویـستی بەئێـشك و ئەندێـشەی مـرۆڤ هەیـە. کەواتـە بـەم خوێندنەوەیـەی نووسەریش بێت، هەر جۆرە سەفەرێك کەهەڵگری بەرهەمهێنانی ئەو جـۆرە هەسـتکردنەی مرۆڤ بێت لە (ترس و سـەیربوون) بـەو شـێوەیە، ئیمکـانی نییەلـەیاد بـچێتەوە! چـونکە، لەڕاستیدا، دیوێکی بەکارهێنانی بیرنەچوونەوەکە، سایکۆلۆژیای جۆرە رۆشنگەرییەکە بـۆ ئەو فینۆمینۆ زۆر زەبەندەیە لەبەردەم دەعمکـردن و بێڕەحمـی و بێنرخکردنـی بـەهاکانی مرۆڤ وەك ئەوەی هەیە، وەك بڵێی ئەمە ئەستەمەو هەروەها ناشـکرێت، چیدی شـتێکیش لەنـــەکران و روونەدانەوەبێتــەناو کـــران و رووداﻧــەوە، کاردانەوەکــەی هــەمان کــارلێکی ســـایکۆلۆژی بەرهەمدەهێنێتـــەوە، ئـــەم نـــەکردن و ئەســـتمبوونییەشمان، بێگومـــان دەگەڕێتــەوەبۆ مرۆڤبوونمــان لەئاسـت بـیروەری و یادکردنــەوەی مرۆڤــەکانی تــردا لــەناو جیهاندا. کەواتـە مامەڵـەکردنی زینـدوویی ئێمەیـە، وەك حەماسـەتمان بـۆ بـوون لەئاسـت بیرەوەریی تراژیدیاکانـدا بـۆ ئـەوانیتر. راسـتە (موزەفـەر) لـەمردووەکان ناڕوانێت، بـەڵام ئەوەی لێیدەڕوانێت چەدەنها گەنجن، کەپەککەتـەو عـەدمکراو و سـووتاون، وەکـو زووتـر مردبن وایە بەشێوەیەك لەشێوەکانیش، چونکە ئەنجامدانەکانیش بۆ ئـارەزووی سـادیزمی کوشتنەکان بەو جێگەیەنراوە. بـەم وێناکردنـەبێت، هەلومـەرجی ئـەم گەنجانـە، تەنانـەت لەمردووەکانیش خراپترە، چونکە لـەناو جۆرەسـوتانێکدان، تـەنیا ئـەوان دەزانـن چییەو چـۆنە لـەناو جۆرەهەسـتێکی لەبێکۆتاییبونـدا بـۆ چـەمکی سـووتان! لـەبیر نەچـوونەی ســەفەری موزەفــەری ســوبحەدەم بــەم شــێوەیە، لەبیرنەچــوونەی ســیمبولیزمی خــودی کارەسـاتی (کۆمەڵکوژییەکانــە) بەرامبــەر مرۆڤــی کــورد بــەمردوو و پەککەوتــە هــەروەها بەمرۆڤەساغەکانیــشەوە، کەبوونەتـــەقوربانی بیرەوەرییـــەکی بـــەو شـــێوەیە. کەواتـــە بیرەوەریـی لێـرەدا، بـۆ خـۆی هەسـتکردنە بەکەرامـەتی جیهانێـك کـەخۆی لەدەسـتداوە، لەرێگای ئەمەوەیـە کەمرۆڤایـەتی دێتـەناو هـەموو کۆنتێکستەکانییەوە لـەبۆ باسـکردن و ئامـاژەبۆکردن بۆ ئەو رووداوانە. تەنانـەت، موزەفـەری سـوبحەدەم لـە دوای بیـست و یـەك سـاڵ دیارنـەبوون و زینـدانیبوون، بـۆ خـۆی دەبێتـە قوربـانیی بیرنەچـوونەوەی جـۆرە بیرەوەرییەکی بەو شێوە زۆر سەختە؟ چونکە ئایا سەفەرێك بـەو شـێوەیە زۆر ترسـناکە، چۆن لەبیردەکرێت، چۆن لەبیردەچێتەوە؟ کەبینینی (هەزاران ژووربـوو... هـەزاران ژوور. پڕ لەگەنجی پەککەوتەو شێواو، کوڕانی بێدەست و قاچ و سەر، پـڕ لەمـەخلوقاتی سـەیرو

نەبینراو، پڕ لەو کوڕانەی پارچەپارچە بووبوون و دەستێك بەشێواوی نابوونی بەیەکەوە)
ئەمە لەپێناسەکردنی ناخۆشترین خەون دەچێت بەلای منەوە، لەدوای گەورەترین
راپەڕینماندا لەخەو، جۆرەخەونێك هەرگیز یەکێك لەبیری نەکات، هەروەها دەڵێت
(پێدەچوو ژوورەکان بەپێی جۆری دەردەکان دابەشبووبن، چەندەها ژووری دووورودرێژ
پڕبوون لەو گەنجانەی هەردووك قاچیان نییە) پێناسەکردنی جۆرە وێنەیەکی وا، کەتەنیا
لەناو خەونی ناخۆشدا بەرجەستەدەبێتەوە، یان مرۆڤ لەناو تابلۆی تەشکیلیدا/هونەریدا
دەتوانێت بیبینێتەوە، هەروەها (شوێن زیندەگی ئەو کوڕانەبوو لەسەر دەست دەڕۆیشتن،
وەك هەندێك تەنی دابڕاو لەزەوی لەبەتانی سەیر سەیردا هەڵواسرابوون، لەپێخەفە
هەواییەکانیاندا جۆلانێیان دەکرد، هەندێکیان پێدەچوو بەدار شەقەکانیاندا هەڵواسرابێتن،
هەندێکیان لەژێر قەرەوێڵەکانیاندا دەخەوتن و قاپی لەسەر زەوییەکە لەنزیك
خۆیانەوەجێهێشتبوو و لەبنەوەڕا نیگای ئەو رێبوارانەیان دەکرد کەبەکن جێگاکانیاندا
تێدەپەڕین (زیاتر لەمەدەنوسێت)، شوێنکی دی شوێنی ئەو گەنجانەبوو کەدەستیان
نییە، دیمەنێکی سەیر بوو سەدان لەو گەنجەبێدەستانە بەدەم قاپەکانیان دەگرت،
سینییەکانیان لەسەر سەر رادەگرت و لەڕاڕەوێکی درێژدا وەك لەپێشبڕکێیەکی بێدەنگ و
درێژدا بن دەڕۆیشتن) (ل، ٢٦٠/٢٧٠). لەناو وێنەکاندا، خەونیك و جۆرەسوریالیزمێك
هەیە، کەبەهەموو شێوەیەك رەنگدانەوەی خوودی موستەحیلییەتی رووداوگەلی بەو
شێوەیەن.

دیارەلەبەر ئەمەیە سەی مژدەی شەمس ناوێرێت بچێتەژوورەوە، چونکە ئەم
لامەعقولییەتەیە، وای لەکاراکتەری رۆمانەکەکردووە، ئەو بیرەوەرییەی بیرنەچێتەوە.
ئەگەر وابێت، ئەخلاقی بیرەوەریی جۆرە فەزیلەتێکیشە لەجورئەت و ئازایەتی،
شایەتحاڵی مۆراڵی. چیدی بیرنەچوونەوەی بیرەوەریی بەمشێوەیە، بیرکردنەوەیە لەڕێزو
نرخ و بەهاکانی مرۆڤایەتی، بەڵام سەی مژدەی شەمس ناتوانێت ئەو فەزیلەتەی هەبێت.
ئەمە بەهەموو شێوەیەك، جۆرە دۆزەخێکە بۆ خۆی، وەکو موزەفەر دەڵێت (نازانم بۆ
لەگەڵما نەهاتەژووری، پێدەچوو نەتوانێ لەو دونیایە نزیکبکەوێتەوە کە ئەو منداڵانە
تیادەژیان، وەك کەسێك ئەوەی ترسێك لەو جێگایەی دوور بخاتەوە کەڕێز و محەبەتی

باوكی ناچاری بوو رووی تێبكات، بەپەلە ماشێنەكەی ئاژووت و دەرباز بوو...(لەبەرئەمەیە) وەك یەكێك نەهاتەپێش چاوم مەراق لەدونیا بخوات) (ل، ٢٦٨).

مەراق نەخواردن لەدونیا بەو شێوەیەی مرۆڤایەتی لەخۆی گرتوەو دەگرێت، هەمیشە پابەندیشە بەبیرەوەرییەكانەوە، چیدی مەراقی ئێمەی مرۆڤی زیندوو لەدوای هەڵەبجەو ئەنفال و تەواوی كۆمەڵكوژییەكانەوە لەچركەساتی زیندووبونماندا هەستیان پێدەكەین. تەنانەت، ئەگەر ئەو جیهانەشمان نەبینیبێت بەچاوی خۆمان، ئەوا لەناو بیرەوەریی گشتی و پێكەوەییدا گوێمان لێیدەبێت، چیدی بەم شێوەیە داغڵی ناو جیهانی بیرەوەرییەكە دەبین، وایدەبینین كە بەشێكە لەئێمەو ئێمەش بەشێكین لەوە. زیندووبوون وەكو ئەركی ئەوەبێت هەوڵی ئەوەبدات كەرامەتێك بۆ ئەو بیرەوەرییانە بگەڕێنێتەوە. ئەمجۆرە وێنەكردنەی كەبەجۆرێك لەجۆرەكان تابلۆكردنی شوێنە لەڕێگای زمانەوە، بەهەموو شێوەیەكیش پابەندەبە (ترسناكی و سەیربوونی) تەماشاكردنی چاوی مرۆڤەوە بۆ شتەكان، یان وابیربكاتەوە بۆ خودی رووداني جۆری سووتانی ئەو منداڵانە، لەبەرئەمەیە، من پێموایە، لەبەردەم جۆرە بەرپرسیارێتیەكی مرۆڤانەدا، تەنیا بۆ سەی مژدەی شەمس سەخت نییە، بەڵكو بۆ خوێنەرەكانی رۆمانەكەش هەر سەخت دەكەوێتەوە. بەرگەگرتنی، خوێندنەوەی ئەو هەموو تراژدیایە لەوێنەی توانەوەی جەستەكاندا شتێكی ئاسان نییە. ئاگا هاتنەوە لەناو ئەو هەستكردنەدا بۆ سەختی، بۆ خۆی ئاگاهاتنەوەیە لەناو باسكردنی كەرامەتی بیرەوەریی. ئایا بەڕاستی بەرائەتی (چاو) لەخوێندنەوەدا، چۆن دەتوانێت لەوەبگات كە (ئەو هەموو ئازارەچۆن لەشوێنێكی وادا جێگای دەبێتەوە) (ل، ٢٧٠)، تێگەیشتن لەوەی كەئەمە بۆچی وایەو هەیە بەو شێوەیە، بۆ خۆی بەبێ هیچ هۆیەك رووبەڕووی سامناكی و ترسمان دەكاتەوە. ئەمە پاساو هێنانەوە نییە بۆ سەی مژدەی شەمس، بەڵكو شتەكە خۆی وایە، كەترسناك و سامناكە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی مژدەی شەمس نییە، بەڵكو موزەفەری سوبحدەمە. ئەوە موزەفەرە، كەدەتوانێت سەفەر بەناو جیهانێكدا بكات، بۆنی سووتانی منداڵانە، بۆئەوەی هیچ نەبێت (كەرامەت بگەڕێنێتەوە) بۆ بیرەوەریی، تێگەیشتن لەو هەموو (ئازارە) لەناو ئەو جێگایەدا كۆبۆتەوە، بۆخۆی تێگەیشتنە لەبیرەوەریی مرۆڤ وەكو كەرامەت لەبەردەم تەعبیرلێكردن لەبۆئەو ئازارە. كەرامەتی بیرەوەریی، لەبینینی لامەعقولییەتی هەموو ئەو ئازارەی لەناو

پەرت پەرتبوون و تێکدانی جەستەکانەوەدەگات بە(چاو)، کە ڕۆمانەکە لەناو وێناکردنی زمانەوە بۆمان دەنەخشێنێت. کەرامەتی بیرەوەریی، لەپرۆسەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بۆئەم جێگایەی هەموو ئازارەکانی لەخۆی کۆکردۆتەوە، بەجۆرێك لەجۆرەکان داوامان لێدەکات وەکو جۆرەکاراکتەری ئاسایی و رووکەش و بێغەم نەبین، وەك (سەی مژدەی شەمس)، بەڵکو دەیەوێت ئیش لەسەر فێربوونی ئازایەتی ئەوەبکەین، بتوانین کەرامەت بگەڕێنینەوە بۆ خودی بیرەوەری. یان هەوڵی بەستنی جۆرەپەیمانێك بدەین، کە شایستەی تەماشاکردنی ئەو جیهانەبێت لەخۆیدا. واتە ڕەنگدانەوەی ئەکشنی ئەو پرۆژەیەی (پەیمان بەستن) بەهەموو شێوەیەك یەکسان بێتەوە بۆ خودی ئەو جیهانەی کەکارمان تێدەکات بۆ ئەو بیرکردنەوەیە، ئەمەش پابەندە بەئیتیکمانەوە بۆ ئەو پەیمان بەستنە.

ئەم باسکردنە بۆ بیرەوەریی وەکو پاراستنی کەرامەتەکەیەتی بۆ مرۆڤ، لەدیوێکی تریشیەوە باسکردنە لەمرۆڤایەتی کەنایەوێت و ناکارێت لەبەردەم بیرەوەرییدا ئامادەیی خۆی پیشانبدات و کاری بۆ بکات، چونکە پرسیاری مرۆڤی ونکردوەو لێی ناپرسێتەوە.

## جەهەننەم و منداڵانی پشکۆ

ئەستێرەی ڕەش دەڵێت:

(پێمان دەڵێن منداڵانی پشکۆ، چونکە هەموومان بەناو ئاگردا ڕۆیشتوین، لەپێشدا بەم بەشەیان دەوت (جەهەنم) ڕۆژێك شاعیرێك هات، ئەو ناوی ناین منداڵانی پشکۆ) (ل، ٢٧٢).

(منداڵانی پشکۆ) وەکو ئەوەی نووسەر لەڕێگای بیرکردنەوە ی خۆیەوە، بیەوێت لەبنی دەربڕینەکان و نهێنەکانی زمانبدات، شتێك بڵێت کەلەڕاستیدا خۆیدەیڵێت، چونکە ئەوە شاعیرێکە ئەم ناوەی لەمنداڵان ناوە. تەنیا بۆ چرکەساتێك، بیرکردنەوە لەم نیوەدێڕە، هەستێکی شاعیرانەی بەهێز لەناو خوێندنەوەکەدا لەدایکدەبێت و هەیە، وەك ئەوەی یەکێك بڵێت، ڕۆماننووس/شاعیر ئەوەی نوسیوەکەزووتر لەناو مێشکی مندابووە بەجۆرێك لەجۆرەکان. هەر ئەمەشە نهێنی و جوانی و داهێنان لەناو نووسیندا، چونکە کاتێك هەست بەو چرکە زۆر سایکۆلۆژییە دەکەین بۆ نووسین لەڕێگای خوێندنەوەوە، دیارەشتێکی زۆر بەهێزی وا هەیە کەبەشێوەیەکی تر دەمانکاتە نووسەرو خوێنەریش

لەیەککاتدا. بەهەرحاڵ، ئەوەی کەئاماژەم بۆکرد، زیاتر ئاماژەکردنە بەجیهانی نووسین و خەیاڵی نووسەرە لەبەردەم هونەری نووسین و ئیستاتیکادا.

لەپێش هەموو شتێکدا، ئەستێرەی رەش کەیەکێکەلە (مندالانی پشکۆ)، بۆ خۆی وەکو منالێك سیمبولیزمە بۆ جیهانێك بەپێچەوانەی ناولێنانی ئەستێرەوەیە، چونکە ناوەکەی رەنگدانەوەی جۆرە جەهەننەمێکە بۆخۆی: ئەستێرەی رەش. دیارە لەبەرئەمەیە کەبۆ خۆی یەکێکە لەمندالانی پشکۆ، ئەزموونکردنی خودی جەهەننەمە، لەدەرەوەی هەموو تروسکاییەکی ناو بوون، چونکە، ئەستێرە وەکو ئەوەی هەیەو دەردەکەوێت، دیارە دەدرەوشێتەوەو دەبریسکێتەوە، بەلام ئەوەی باس لەبەشی سووتاوەکان و (جەهەننم) دەکات، بریتییە لەئەستێرەی رەش خۆی. ئەستێرەی رەش بەڵەدی جیهانی ئاگرە، هەرچەندە خۆیشی بەسووتانی بۆمب و فرۆکەو شتی وا نەسووتاوە، بەلام چیدی بەشێکە لەچیرۆکی سووتان و ئاگری ناو ئەو شوێنە. کەواتە ئەستێرەی رەش تەنیا هەڵگری جەهەننەمێك نییە لەناو خۆیدا، بەڵکو ئاماژەیشی بۆ دەکات.

بەختیار عەلی، وەکو ناوی هەموو کاراکتەرەکانی دیکەیشی لەناو ئەم رۆمانەدا، لەبەردەم مامەڵەکردنێکی زۆر مەجازییانەو ئیستاتیکییانەدا داینناوین وەکو خوێنەر. هەر ناوێك لەم کاراکتەرانە، بەلای ئێمەوە، ئەگەر وەکو بیرکردنە لەدیوانەشیعرێك نەبێت، ئەوا بیرکردنەوەیە لەشیعرێك یان قەسیدەیەکی تەواو، چونکە، ناوەکان نەك هەر ناوی ئاسایی نین، بەڵکو خۆراکێکی زۆر دەبەخشنە خوێنەر لەچەندین رووەوە بۆ بیرکردنەوە. بۆ نموونە ناوەکان رەنگدانەوەی ناوەوەو دەرەوەی جیهانی کاراکتەرەکانن، هەروەها لەرێگای ئەوەوەکاراکتەرەکانی دیکەیشمان پێدەناسێنێت، هەروەها وەکو چێژێکی سەیر و نهێنی گەرا، ناوی کاراکتەرەکانە لەناو زاکیرەی خوێندنەوەدا جێگیر دەبێت، ئەمەش پابەندە بەدروستکردنی کاراکتەرەکان و کارامەیی ناوەکانییانەوە، چونکە، ناوەکانیان وەکو وتمان، ناوی ئاسایی نین، هەڵگری جۆرە تەسویرێکن لەناو دۆزینەوەدا بۆ ناونانیان، تەنانەت ناوەکانیان رەنگدانەوەی ئەو بوعدە فەلسەفییە لەناو فەزا شیعر ئامێزگەراییەکیدا بۆ تێگەیشتن و وردبوونەوە لەسایکۆلۆژیای کاراکتەرەکانیش، کەخەیاڵ و روئیای خوێنەر هێندەی تر فراوانتر دەکەن بۆ خوێندنەوە لەئاست ناوی ئاساییدا. بۆ

نموونــــە، ئەســـــتێرەی رەش رەنگدانـــــەوەی خــــودی کەســـــایەتی ئەســـــتێرەکامیلەیە، لەهەمانکاتیشدا بۆ خۆی لەناو جیهانێکدا دەژی وەکو بێ ئەستێرەبێت وایە. جیهانێك لەجەهەننەم، یان وەکو بڵێی جیهانی ژێر زەمینی و زۆر تایبەتی ئەم گەنجەسووتاو و بەجێماو و لەیادکراوانە وایە. ئەگەر زیاتر لەمەڕ مەجازیەتی ئەستێرەی رەش قسەبکەین، دەگەینەئەو ئاستەی بڵێین، ئاسمانی ئەم منداڵانەی کەسووتاون، یەکێك لەوانەئەستێرە رەشەیە، کەچیدی بریسکەو رۆشنایی لێبڕاوە لەناو ئەو ئاسمانەدا. بەڵام لێرەدا ئەوەی بریسکەو رۆشنایی دەهێنێتە ناو مەیدانی زمانەوە، خودی ئاماژەکردنە بەوکەسایەتییە، واتە هونەری بیرەوەرییە بەجۆرێك لەجۆرەکان، چونکە بەلای منەوە، باسکردن لەئەستێرەیەکی رەش بەو شێوەیە، پابەندە بەچەندین ئەستێرەی رەشی تری ناو کۆمەڵگەوە، یان ئەو شوێنەوە. بەشێوەیەکی گشتی بەشێکە لەجیهانی ئاگرو جەهەننەم. بۆ نموونە، ناوی (گوڵی ئاگر) کەیەکێك بووە لەهاوڕێکانی ئەستێرەی رەش، بەشێوەیەك باسی لێوەدەکات، وەك بڵێی لەدەرەوەی بوونەوە هاتۆتە ناویانەوە، یان لەشوێنێکەوە لەدەرەوەی زەمەنەوە هاتبێت، هەرچەندەخۆیشیان کەموزۆر قوربانی سووتاندنێکی ئەزەلین. باسکردنی ئەو ئاگرە، وەکو باسکردنی جۆرە نیگەرانییەك بێت لەناو سروشتی مرۆڤدا، یان وەك جۆرەترسێکی مەزن بێت لەناو ناخی مرۆڤدا هەرگیز نەتوانێت لەبیرخۆی بباتەوەو لێی رزگار بێت، هەروەکو نیگەرانی و ترسی ئەنفال و کۆمەڵکوژی وابێت وایە لەخوێندنەوەی ئێمەدا.

بۆ نموونە، لەباسکردنی (گوڵی ئاگردا) دەڵێت (باسی هاوڕییەکی دەکرد بەئاگرێکی ئەزەلییەوە لەچیاکان هاتبووەخواری، ئاگرێك هەرگیز ناکوژێتەوە، بەو ئاگرەوەخۆی کردبوو بەشارەکاندا، بەو ئاگرەوە هێنابوویان بۆ بیمارستان، کڵپەیەك هیچ ئاوێك نەیدەکوژانەوە، ئاگرێك بێئەوەی لەشی ئەو بسوتێنێت و بێئەوەی بشکوژێتەوە) ئەم ئاگرە، وەکو ئاگرێکی کۆتاییهێنانیشە بەشتەکان کە لەناو ئاگردا بەرجەستەبووبێتەوە. جۆرە ئاگرێکە لەقووڵایی قوڵاییەکانەوەدێت، بەڵام لەدەرکەوتنیدا، یان لەسەر پێست و جەستەی مرۆڤدایە بەبەردەوامی لەو هەستەیدا بۆ چەمکی قووڵایی، چونکە بەهیچ شتێك (ناکوژێتەوە). کەواتە نەکوژانەوەی ئاگری سەر جەستە، نەکوژانەی قسەکردنە لەسەر ئایدیاو چەمکی ئاگر لەناوەوە. زیاتر لەمە، ئەو ئاگرە/جەستەیە، ئەستێرەی رەش

دەیگووت (ئاویان پیادەکرد هەر نەدەکوژایەوە، بەتانیان پیادەدا هەر نەدەکوژایەوە، دەیانخستە حەوزەوە کەدەهاتەوەدەرێ هەر وەك خۆی بوو، کە بەقاووشەکاندا دەسوڕایەوە هەموو دەترسیان پەردەو چەرچەف و جلەکانمان بیگرێت، خۆی لەسەر قەرەوێڵەیەکی ئاسن دەخەوت، هیچی نەدەدا بەخۆیدا، لەخەویشیدا هەردەسووتا، ڕۆژێك بەتەلەفزیۆن ڕەسمیان گرت و بردیان، کەبردیان دوایی هاتەوە، دوایی جارێکی تر بردیانەوە، مەلاکان پێیان دەوت جەهەننەمیە بۆیە دەسووتێت، ئەوە موعجیزەی خوایە بۆئەوەی جەهەننەم ببینن، خۆی ئازاری زۆر بوو، شەوێك لەدەست پاسەوانەکان رایکردو ونبوو، کەس نازانێت لەکوێیە، پێیان دەگووت گووڵی ئاگر) (٢٨١)

ئایا گووڵی ئاگر چیبێت؟ ئەم سیمبولیزمی نەکوژانەوە ئەبەدیە بۆچی؟ ئایا ئەمە ئەنفالە؟ نیگەرانییە، خوودی ژیانە، بوونی مرۆڤە لەناو جیهاندا بەو شێوەیەی هەیە، یان مێژووە، ئایا چیە؟.

تابلۆی گوڵی ئاگر، ئەمەندەقووڵ و پەرشو بڵاو و قووڵە، بەهەموو شێوەیەك بیرکردنەوە دەدرزێت، لەڕاستیدا بەئاسانی ناتوانین لەسەر خاڵێك بیگیرسێنینەوەو بیخەینەناو چوارچێوەی ئەنالایزکردن و بیرکردنەوەوە، چونکە ئەم ئاگرە هەمیشە دەسووتێت و بەئاگرەوە لەچیاکان دێتەخوارەوە، یان ڕادەکات بەئاگرەوە، ناوەستێت، ناکوژێتەوە هەمیشە، واتە زیندوویشە؟ ئەمە، تابلۆی جەهەننەمی ئەنفالە بەجۆرێك لەجۆرەکان، تابلۆی جەستەی هەزارەها مرۆڤی کوردە لەچیاکان بەرەوە خوارەوەدێن بەئاگرەوەو هەمیشە دەسوتێن، لەخەویشیانا هەر دەسوتێن، زیندوون و بەبەردەوامی هەر دەسووتێن و ناکوژێنەوە. کاتێك ئاماژە بەم خەونەدەکات، تۆزێك دڵنیا دەبین، کەبۆ خۆی ئاماژەکردنە بەبیرەوەریی ئەنفال و کۆمەڵکوژی. بێگومان هەر وایشە، کاتێك مرۆڤ بەڕاستی دەسوتێت، چیدی خەونەکانی کەڕوبەرێکی ڕاستەقینەترە بۆ تەعبیرکردن لەجیهانی ئەو، تەنانەت بەدیدگا فرویدیەکەیشی، هەر وادەکاتەوە کە ئەو سووتانەی لەڕاستیدا هەبووە، ئەوا ئێستاکە لەناو خەونەکاندا بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوەو خۆیدەگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەم ئاماژەبۆکردنە زۆر بەرزە ویژدانی و ئەخلاقیەی نووسەردا بۆ سووتان و جەهەننەم، بەرۆکی زیندووبونێك دەگرێت، کەبەشێك لەو سووتانەئەویش دەگرێتەوە. لەهەمان کاتیشدا، ئاماژەیەکی زۆر گرنگی تر بەچەمکی جەهەننەم دەدات،

ئەوەیش وردیی نووسەرە، کەلەگەڵ ئاماژەکەیدا بۆ چەمکی جەهەننەم، ناوی (مەلاکان) دەهێنێتەناو باسەوە، کەچیدی کایەیەکی سیۆلۆجی دەوروژێنێت بەلای ئێمەوە. ئەویش دەتوانین بەکایەی سیۆلۆجی ناو ببەین، لەبەردەم باشەو خراپەدا، یان خودا و شەیتاندا، وەکو بوونی شەیتان و خراپە لەسەر زەوی. لەکاتێکدا باشەو ئیمکانییەتی باشەخۆی بەرەهاگەری خاسیەتەکانی بوون و جیهان دەزانێت، لەگۆشەنیگای ئاینەوە. دەڵێت (مەلاکان پێیان دەگووت جەهەننەمییە بۆیە دەسوتێت، ئەوە موعجیزەی خوایە تا جەهەننەم ببینن) (ل، ٢٨١).

کەواتە، ئەو سووتانەی (گوڵی ئاگر) نووسەر لەزمانی ئەستێرەی رەشەوە باسیدەکات، بۆ مەلاکان بۆتە/دەبێتە بەڵگەی سەلماندنی بوونی جەهەنم لەو گۆشەنیگایەیەوە، کەجەهەننم لەهەستە زۆر حەرفییەکەیدا بوونی هەیە، لەبەرئەوەیە ئەم سووتانە بەردەوامە (موعجیزەی خوایە)، بۆ ئەوەی واقیعی جەهەننەم ببێتەشتێکی راست، نەوەکو هەر وەکو بیرۆکەیەکی ئاینی لەناو دەقی ئاینیدا بیخوێنینەوە.

ئەگەر، خودا بەو شێوەیەی مەلاکان لێی تێگەیشتوون لەدیدگا زۆر ترادیسیۆنەکەیەوە بۆ خوداو ئاین، هەڵگری واقیعی ئەو جەهەننەمە بێت، ئەوا خودی (خودا) بۆ خۆی بەرپرسیار دەبێت لەئاست بوونی جۆرە جەهەننەمێکی بەو شێوەیە، نەك هەر لەو دونیادا، بەڵكو لەم دونیایشدا؟ ئەوا هەر شتێك لەسەر زەوی و ناو جیهان روبدات، وایلێدێت کەبڵێین، کردەی ئەو خودایەیە، هەر شتێکی خراپ و شەیتانیش رووبدات هەر بەرهەمی ئەوەبەجۆرێك لەجۆرەکان، چونکە بوونی خودا لەسەر هەموو ئیرادەو دەسەڵاتێکەوەیە لەسروشتی خۆیدا، بەم هاوکێشەیەبێت، ئەوا گوڵی ئاگر، خوا دەیسوتێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی موعجیزەی خودا ببینێت و هەروەها تین و گڕی جەهەننەمیش تێبگات لەم دونیا/لەسەر زەوی. ئەمە بیرهاتنەوەی جیهانە دیستۆفسکیەکەیەیشە بۆخۆی، کەباوەڕی وایە (بەبێ خودا، هیچ شتێك روخسەتی ئەوەی نییە بکرێت یان رووبدات) ئەگەر وابێت، جەهەننەم لەم دیدەوەبۆ مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بەرجەستەدەبێتەوە لەپێناوی پیشاندانی هەستکردن بەخراپەو تاوان، خودی هەمان بیرۆکەی سووتانە بەردەوام و ئەزەلیەکەی (گوڵی ئاگرە)، کەهەرگیز ناکوژێتەوە، چونکە لەبەر هۆیەکی سادەو ئاسان بڵێین، راستە بەدیدی مەلاکان ئەمە دەبێتە موعجیزە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا قوربانییەکی تەواوی خودی ئەو سوتانەیە. ئەگەر ئەمە موعجیزەی یان

بەڵگەبێت بۆ جەهەننەم و هەروەها یاریکردنیش بێت بەقوربانییەکانی، ئەوا ئەوەی یاری پێدەکات، ئەو کەسەیە کەخوداپەرست نییە، یان ئیماندار نییە. لەبەر ئەوەیشە، کەتاوانێکی گەورەی وای بەرامبەر دەکرێت، کەتاوەکو ئەبەد ناکوژێتەوە، وەکو ئەوەیش وایە، بڵێین، ئاگری کۆمەڵکوژی، سووتانی ناو ئەنفال و هەڵەبجەیش لەناو بیرەوەریی مرۆڤی کورد دا هەرگیز ناکوژێتەوە، چونکە وەکو شتێکی ئەزەلی وایە، یان وەکو جۆرەموعجیزەیەك وایە، بەڵام بۆ دژایەتیکردنی خودی مرۆڤایەتی لێرەوە، لەدیدە ئاینی و مەلاییەکەیەوە، چونکە، ئەمە موعجیزەی خوایە، تا جەهەننەم ببینن لەسەر زەوی، بەمەش دەگەینە ئەوەی کەبەبێ خودا، هیچ شتێك روخسەتی پێنادرێت.

واتە خودا، تەنیا لەو دونیا دۆزەخی نییە، بەڵکو باوەڕ و ئیعتیقادی مەلایەك بەو شێوەیە، دەتوانێت دۆزەخی ئەو دونیا لەم دونیادا وێنابکاتەوە.

تەنانەت جۆرە (قەداسەتێکی تیرۆر) هەیە کەلەناو خودی تێکستی ئایینییدا گەمەدەکات، شەرعییەت بەقەداسەتی کوشتن دەدات، بەڵام ئەمە تەنیا ئاینی مەلاکان ناگرێتەوە، بۆ ئەوەی لیمان تێك نەچێت لێرەدا.

هەر ئایینەو فۆرمێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەم قەداسەتی تیرۆرە (ئاینەخوداییەکان) زیاتر وان بەگشتی. ئەویش پابەندە بەبیرۆکەی قوربانیدانەوە بۆ شتێك کە لەهەلوومەرجی مرۆڤی و زەمینی بەرزتر و زیاترو زەرورترە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای ئەستێرەی رەش، کە ئەستێرەی رەشیش بەهەمان شێوە جۆرە دۆزەخێکی بچووکە لەناوخۆیدا، بەشێکیشە لەجەهەننەمی ئەو شوێنەی لێی دەژی. بۆ نموونە، ناوەکەی زیاتر رەنگدانەوەی جەوهەرەکەیەتی، نەك وەکو ئەوەی کەئەستێرە لەشەواندا دەدرەوشێتەوەو دەردەکەوێت، بەڵکو جیهانێکی رەشداگەڕاوە. بەمانایەکی تر، ئەستێرەی رەش، واتە خوێندنەوەی ئابجێکتەکەیە، وەکو بابەتی (سەبجێکتی) جیهانی ناوەوەی خۆی، چونکە رەنگدانەوەی ناوی کاراکتەرەکە ئەوەمان پێدەڵێت کەچۆن لەناو جیهانێکدا ئیمکانییەتی ئەوەی هەیە رەشدابگەڕێت و بسووتێت بەو شێوەیە، رەشداگەڕان و سووتانەکەیە، لەئەکشنەکەیدا کە بۆتە ناوەکەی. بەمانایەکی تر، فۆرمی ناسینەوەی کاراکتەرەکە، تەنها لەناوکۆیی ناوێکی ئاساییدا بەرجەستەنییە، بەڵکو ناوەکە لەناو ئەزمون و ژیانیدا بەرجەستەکراوەتەوە زیاتر، رەشداگەڕانی لەناو ئەزمونەکانی(سووتاندنەکەیدا) ئاماژەیە بۆ خودی ئەو ناوەی کەنووسەر پێی بەخشیوە. لەبەرئەمە، بوونی کاراکتەرەکە لەناو جیهاندا، شتەکان کاری تێدەکات و کاریش لەسەر شتەکان دەکات. ئەمە، لەدو دیوەوە

ئیشدەکات، وەك پرۆسەیەکی دایەلەکتیکیانە وایە. لەگفتوگۆیەکەیدا، ئەستێرەی رەش لەگەڵ موزەفەری سوبحەدا دەڵێت (من ناوم ئەستێرەکامیلە، پێمدەڵێن ئەستێرەی رەش، لەبەر ئەوەی تاکەکەسێکم دەتوانم نیوەشەوان کەدونیا تاریکدادێت بچمەدەرەوەو بازاڕو کوچەڕەشەکان ببینم... دەزانی من چۆن سووتام؟ نازانیت. لەدەغلێکی سەوزدا سووتام، لەگەڵ کچی شێخێکدا لەژێر ئاسمانێکی رۆشندا خەوتوبووم، کەسوکاری ئەو ئاگریان لەهەردووکمان بەردا، من هەرچۆنێك بوو بەئاگرەکەمەوە خۆم گەیاندە ئاو، ئەو نەیتوانی دەربچێت، لەویٚ لەناو گەنمەکەدا سووتا) (ل، ٢٧١)، ئەمە فەنتازیا و چیرۆکێکە کەنەریتی رۆمانەکە باسی لێوەدەکات، بەڵام راستییەکیشە لەناو واقیعی کوردیدا بوونی هەیە. رۆماننووس، لەتەك ئەوەی کەباس لەسیمبولیزمی سووتانێکی گەورەتر دەکات، کەئەویش بریتیە لەسووتانێك وەکو (کۆمەڵکوژی)، (سووتان بەتۆپ و شتی وا) لەگەڵ ئەمەشدا، ئاماژەکانی خۆی بۆ سووتانی ناو خودی کۆمەڵگەکەیش بچووك ناکاتەوە، گرنگەبەلایەوە. دواجار ئەوانیش هەر سووتانن، ئەگەر بەدەستێکی گەورەتری وەکو سیستم و حکومەت سووتابن، یان خۆیان سوتاندبێت، یان بەدەستی ئەوانی تر سووتابن، چونکە، تاوەکو ئەو چرکەساتەی یەکێك وەکو (قوربانی) ببیندرێتەوە، چیدی دەبێت وەکو یەکێك لەقوربانییەکان تەماشا بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بخوێندرێتەوە. ئەوەی کەگرنگە بۆ خوێنەر، هاوبەشی و پێکەوەیی چەمکی سووتانەکەیە زیاتر، کەئەمەش گەورەکردنی هەستکردنە بەهەستی (تاوانباری) لەلای خوێنەر، وەکو هەستێکی سایکۆلۆژی و بوون گەرایانە، چونکە، رۆماننوس هێندەی سووتان بەو شێوەیە دەخاتەناو ناوکۆیی نوسینەکەوە، هێندە سووتانێکی کۆمەڵایەتی فەرز ناکات بەسەرماندا، بەڵام بیریشمان دەخاتەوە لەو لایەنە، هێندەبانگمان دەکات بۆ ناو جیهانی بیرەوەریی لەڕێگای بیرکردنەوەمانەوە بۆ سوتانی کۆمەڵکوژییەکان (بەلای منەوە)، هێندە لەسەر فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان راناوەستێتەوە، هەر لەبەرئەمەش، وەکو رەهەندێکی بوونگەرایانە ئاماژەی بۆ دەکات و لەبەردەم چەمکی جەهەننەم داماندەنێت و دەمانورووژێنێت بەشێوە زۆر کاریگەرییەکەی. جیهانی سووتان، وەکو مەحفبوونەوەی جیهانی جەستەو پێستی مرۆڤ، کەوەکو رەهاگەرترین دیتنەوەی تراژیدیا بێت، کاریگەریی بەسەر خوێندنەوەکەوە بەجێدەهێڵێت. ئەوەی گرنگ بێت لێرەدا، مانیفێسکردنی خودی سووتانەکەیە، وەکو بابەت، کەوەکو جەهەننەمێك دەخوێندرێتەوە لەسەرزەوی. لەگەڵ ئەمەشدا، چیرۆکی ئەستێرەی کامیلە، کەناویان ناوە (ئەستێرەی رەش) جۆرە

سـووتانێکه لەئاسـت ئـەوەی کـە لـەناو دەشـتدا بـووە لەگـەڵ کـچی شـێخێکدا، دوایـی سـووتاندویانن. ئەمـەش هـەرجۆرە سـووتانێکەو جۆرە کۆمەڵکوژییەکـە بـۆ خـۆی، بـەڵام لەوێنەیەکی جیاوازی تردا. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیشدا کـەباس لەسـووتان دەکرێت، چیدی ئەمەش بەشێکە لەو سـووتانە وەکـو (جەهـەننم)، ئامـاژە بەچیرۆکی ژیـانی خۆیـدەکات، دەڵێت (کەس و کاری ئەو ئاگریان لەهەردووکمان بەردا)، ئەمەش، بـۆ خـۆی ئاماژەیـەکی زەق و ئاشکرایە بەکۆمەڵگەی کوردی کە هەرگیز هیچ حسابێك بۆ (جەستەی مرۆڤ) ناکـات و چـاوەکانی ئـەم کلتـورە زۆر چـاوێکی دەرپـەڕیو و کـراوەی پەیرتریاکییـە لەئاسـت جەستەدا، وەکو ئایدۆلۆجییەتی چاودێریکردن و تەماشـاکردنێك، کـە وزەی دەسـەڵاتێکی ئەخلاقی و ئایینی دەیژێنێت و خۆراکی مۆراڵیتی دەداتێ، کەکچان و ژنـان ناخوێنێتـەوەو حسیابیان بۆ ناکات، دوایی ئەوانی تریش. لەبەرئەمەیە، کـە کەسوکاری کـچان هەمیشە وادەکەن، چونکە کچبوونی ئەوان، زیاتر وەکـو هێمایـە بـۆ ئـابڕوو، شـەرەف، شـکۆداری، پـاکێتی، تەنانـەت سـیمبولیزمی تاقانـەیی خوداوەنـد. چـیدی وا دەزانـن کـە کـچەکەیە ئابڕوویان دەبات، لەبەرئەمەیـە لـەناوبردنی ئـابجێکتی ئـابڕوو/شـەرەف، هەمیشە لەسـەر چەمکی (جەستە) بەرجەستەیەو هەمیشەیش لەسەر جیهانی کچان تۆختر بۆتەوە.

بەهەرحاڵ بەکۆی جیهانە سووتاوەکەی، کە (گەنجەسووتاوەکان) مانیفێستی دەکـەن لـەناو ئـەو خەسـتەخانەیەدا/زیندانـەدا، بـۆ خـۆی مانیفێسـتکردنەوەی جەهەننەمێکـە لەسـەرزەوی بـەو شـێوەیە، لـەناو ئـەم جەهەننەمـەدا، ئەوانـەی لەناویدا دەژین، بـریتین لـە(منـداڵانی پـشکۆ) بـەم دەربڕینـەی ڕۆمـاننووس، وەك تێرمـی منـداڵانی پـشکۆ، کەبـەکاریهێناوە، بۆخـۆی خۆدانـە لەقـەرەی زمـانێکی ئـاوا، کـە بەهـەموو شـێوەیەك وا لەخوێنەرەکەی بکات ئەو بیرەوەرییەی، کە لەئەنجامدانی هێزێکی ئـاوا بـۆ ئـەم منداڵانـە، هەرگیز لەیاد نەکرێت و بیرنەچێتەوە. بەیەکسانکردنی موستەحیلییەتی لەبیرنـەکردن، بـۆ خـۆی بەیەکـسانکردنەوەیەتی لەئاسـت باوەڕنـەکردن بەشـتگەلێکی بـەو شـێوەیە کـە ڕوودەدەن لەسـەرئەم زەویـە، ئەمەنـدە ڕەهاگـەرن وەکـو موسـتەحیل بـن وەهـان. بیرەوەریـی، زمـان دەهـەژێنێت و زمـانیش بەهـەمان شـێوە خـۆراك لـەو بیرەوەرییـەوە وەردەگرێـت بـۆ ویـژدانی خـۆی، ئەمـەش پرۆسـەی هزرانـدنی جیهـانی مرۆڤایەتییـە. کاریگەریی ئەم دەبڕینە لەئاست ئەوەی زمان دەیەوێت چۆن و چیمان پێبڵێت، بەهـەموو ئاقارێکیـدا زیندوکردنـەوەی ئـەو بیرەوەرییەیـە لەناخمانـدا. نـەك هـەر ئەمـە، بـەڵکو هەستکردنیشە بەسووتانی ئەم منداڵانەی کە هـەرگیز هـیچ تاوانێکیـان نـەبووە/نـەکردوە،

کەئێستاکە ئاوا بەم شێوەیە لەناو خەستەخانەیەکدا کەوەکو زیندان وایە بووبێتنە قوربانی. بووبێتنە بەرهەمهێنانی جیهانی بێدەنگی و تەغەڕووب و ئاڵۆزی و ونبون و تێکشکان. بەڵام ئەوەی کەناوی ئەم تێرمی (منداڵانی پشکۆیە) دەنێت، شاعیرێك بوە. ئەمەش خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێش و گرنگەبەلای ئیمەوە. لەبەر ئەوە، دەتوانین بڵێین ئایا بۆ شاعیر؟ بۆ نموونە، ئایا نەدەبوو، رۆژنامەوانێك بوایە، یان سیاسەتمەدارێك، یان پیاوێکی ئاینی، یان مامۆستایەك، یان بیرمەندێك، یان کەسێکی بەو جۆرانەبوایە؟ بۆ شاعیر؟

هەڵبژاردنی کەسێکی وەك شاعیر بۆ ناو نانی ئەو منداڵانە، بە (منداڵانی پشکۆ) کاریگەرییەکەی لەوەوەدێت کەگەڕانەوەیەکی خودگەرایە، یان ئیمزایەکەبۆ خوودی نووسەر، هەروەها مامەڵەکردنێکی زۆر سۆزاویانەیە بۆ ئەو تەماشاکردنەی کەچەمکی سووتان ئیشی تیادا کراوە، هەروەها وەکو ئەبستراکت بکرێت وایە، بەڵام لەپێناوی هەڵکشانێکی پۆزەتیڤدا، نەك بەدیوێکی تریدا بۆ ئەبستراکتکردن، لەهەمان کاتیشدا، ئەگەر شاعیر، سەرچاوەی ناو نانەکەی لەناو ویژدان و سۆزەوەبێت، ئەوا ئەم سۆز و ویژدانە مامەڵەی یەکەمیان لەگەڵ بیرەوەرییدایە، کەواتە لێرەدا هەستکردن پەیوەندە بەبیرکردنەوە وەنەوەك بەپێچەوانەوە. بیرەوەریی لێرەدا، ریشەکەی لەوێوەدێت کەجۆرە هەستکردنێك بێت بەبەرپرسیارێتی و تەنانەت بێدەسەڵاتیش لەئاست رەهاگەری شەیتان و خراپەکاریدا، بەڵام لەناو ئەو ناوکۆییەی گوناهبوون و هەستکردنیش بەتاوانەوە لەدیدگا دیستۆفیسکیەکەیەوە، ئەوەتا نووسەر دەڵێت (بینینی ئەو ساڵۆن و راڕەو قاووشەپڕ برینانە، بەشی ئەوەبوو هەموو رۆحلەبەرەکانی دونیا هەست بەگوناح بکەن) (ل، ٢٧٨). هەڵبژاردنی شاعیر چیدی دیارە، ئامادەکردنی رووبەڕووبونەوەیەکی ئەخلاقییە لەو دیدگایەوە بۆ چەمکی گوناحبوون و هەستکردن بەتاوانباری بەرامبەر قووربانییەکان. شاعیر لەناو ئەم چەمکانەدا دەژی بەجۆرێك لەجۆرەکان، لەناو جیهاندا دەژی، نەوەك لەناو ئایدیا و تیۆریەکاندا. شاعیر بەهەست و ریاکشنەکانی و ناسکی و بوونی لەناو جیهاندا مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا دەکات. دیارە هەڵبژاردنی شاعیر، هەڵبژاردنی چاوی یەکێکە لەناو هەناو و قووڵایی هەستەکانییەوە بۆ شتەکان و بینینەکان، وەکو رۆحیانەتی کەسێك کەبەچاوی دڵەوە تەماشای شتەکان بکات، وەك ئەوەبتوانێت بەرامبەر سووتان بڵێت (ئاگر، سۆز و کامەرانی و پێکەنینەکانیشی لەگەڵ خۆیدا سووتاندبوو) زیاتر

لەمەیش، بتوانێت، بڵێت (بـەڵام بەدەنگیـدا دەمتـوانی ئـەو خۆشـیەنهێنی و قووڵـەی نـاو ڕۆحی ببینم کەئاگر دەستی پیاناگات) (ل، ٢٧٨/٢٧٩).

مـن بـۆ خـۆم پێموایـە، موزەفـەری سـوبحەدەم گـەورەترین شـاعیرەلێرەوە، چـونکە لەدەنگی مرۆڤەوەیە، کەدەگەڕێتـەوە بـۆ نـاو سیحرو غەریبایـەتی زمـان. دەتوانێت ئـەو نهـێنی و قووڵیـەی نـاو ڕۆحـی جیهـانی (دواهـەمین سـەریاس) ببینێت، کـەئاگر دەسـتی پیاناگـات. ئەمـە جـۆرە سۆفیزمێکیـشە بـۆ خـۆی، کەبەهـەموو شـێوەیەك، لەڕێگـەی تەماشـاکردن و دەنگەکانــەوە، کــە نــاوەوەی شــتەکان دەگــەڕێت یــان دەبینێــت و هەستپیدەکات. ئەمـە هێـزی ئـیرادەی شـۆڕبوونەوەی شیعراندنی گـوێگرتنی دەنگێکـە، لەغوربـەتترین هەسـتکردن بـۆ موزەفـەری سـوبحەدەمدا، وەکـو بڵێـی بیـەوێت جێگـا بـە (خوداوەنـد) چـۆڵبکات لـەبۆ تێگەشـتنەکان بـۆ نـاو نهـێنی و جیهـانی نـاوەوە. بـەڵام نهێنییەکی گەورەتریش لەمە هەیـە، کـە(دواهـەمین سـەریاس کەسـێك نـەبوو لەماوەیـەکی کەمـدا بتوانیـت لەهـەموو نهێنییـەکانی تێبگـەیت، نـەوەك دەرگـای ئـەو تەلیـسمەی بـۆ نەدەکردمـەوە کەچیرۆکی سەریاسـەکانی تیـاوونبو، بـەڵکو خـۆی نهـێنی و تەلیـسمێکی گـەورەبوو، هەسـتمدەکرد لەپـشت ئـەو ڕووخـسارە شـێواو و نیگـا وێـڵ و بێدەنگییـە کوشندەیە دڵێکی گەورەهەیـە) (ل، ٢٧٨) بێگوومـان، دواهـەمین سـەریاس، کـە هـەڵگری سـیمبولیزمی سـووتانی تـەواوی بێتـاوانی و بەرائـەتی گـەنجانی نـاو ڕوداوی سـووتانو بەکۆمەڵکوژییەکانە، بۆ لێوردبوونەوەو تێگەیشتن، نەك هەر (لەماوەیـەکی کەمـدا) ئاسـان نییە، بەڵکو ماوەیەکی دەوێت، وەك کۆتایی نەبێت وایە، وەك (گووڵی ئاگر) وایە هەمیشە لێرەیەو دەسووتێت. لەبەر ئەمەشە، کەئەم کاراکتەرە، لەپشت ڕوخسارەکەیەوە (دڵێکی گەورەهەیە) چیدی هەڵبژاردنی شـاعیر، بـۆ دۆزینـەوەی نـاوی (منـداڵانی پـشکۆ) کتومـت جیهـانی ئـەو سـووتانەی ئـەوان لـەناو خۆیـدا وەکـو ئایدیایـەك هەڵـدەگرێت و، هـەروەها کەرامەت و نهێنی ئەو بیرەوەیەیش دەپارێزێت لەئاماژەپێکردنیدا. لەبەرئـەوەی سـووتانی جەسـتە، بەرجەسـتەکردنەوەیەکی ڕۆحـی داوا دەکـات لـەزمان، ئـەویش بـۆ ئاخـافتن و باسـکردنی جیهـانی سـووتان، چـیدی شـاعیر دەتوانێـت بەکەرەسـەی زمـانی پڕسـۆزو شەپۆلاوی خۆی هاوکارییمان بکـات. لێـرەدا، شـاعیر لەسـۆزی ناخییەوەیـەتی بـۆ زمـان، کەدێت و ناوی ئەم منداڵانەبەو شێوەیە ناو دەنێت. لێرەدا مەتریالیزمی جیهانی سـووتان، شتێکی وادەکات کەنامەتریالیزمی زمان لەدەربڕینەکانیدا بەرهەمبهێنێتەوە. ناونـانی ئـەم منداڵانــە، بەهــەموو شــێوەیەك، ڕەنگدانەوەیــەکی ســیۆلۆجیانەی هەیــە، کەئــەویش

بەرجەستەکردنەوەیەکی بەو شێوەیە پێشکەش دەکات، کەبوونی جەهەننم لەسەر زەویدا یەو دوایش بەقوربانی کردنی منداڵان کەبێتاوانترین و لاوازترین کەسی ناو جیهانن بەو شێوەیە، چونکە، تەماشا کردنی ئەو مۆزەخانەیە لەجەستەی گەنجە سووتاوەکان، جۆرێك لەهەلومەرجی بێخودایی بەخۆیەوەدەبینێت. ئەوەی ناوی ئەم تێرمە دەنێت بریتیە لەمرۆڤ، واتە ئەوەی، کە بەچاوی خۆی جەهەننەمێك لەسەر زەوی دەبینێت و لەناخی خۆیەوە مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆیدا دەکات و دەشزانێت لەزمان زیاتر هیچ شتێکی تری نییە پێشکەشی بکات بۆ دەربڕین، لەبەر ئەوە بەناو کەناڵی قووڵی و تاریکی خەیاڵ و بیرکردنەوەدا بۆ وشەکان دەگەڕێت و سەفەری نووسین دەکات. ئەویش تەعبیرکردنێتی لەو جیهانەی دەیبینێت، بینینی جەستە سووتاوەکان، ڕەنگدانەوەی ناوی (منداڵانی پشکۆ) یەلەناو زماندا. مرۆڤ لێرەوە لەدەرەوەی هەموو هێزە ئەبسەلووتە (ڕەهاگەرە) خودابییەکەیدایەتی بەم شێوەیە، چونکە، ئەوەی دەکرێت و ڕوودەدات بۆ خۆی وەکو ڕوداوێکی ئەبسەلوت وایەلەناو خۆیدا. سووتانێکی ئاوا بەو شێوەیە، گەیشتنە بەلووتکەی تاوان و سزادانی مرۆڤایەتی کەهیچ وێنەیەکی تری بۆ نەماوەتەوە، وەکو دواهەمین قۆناغی بوون بێت لەناو جیهاندا وایە. زمان، لەحەزمەتی ئەوەی کەنازانێت چیتر بکات، بەتایبەتی لەکاتی ئەوەدا، کەوا هەست دەکات هیچی تری نییەجگەلەدەربڕین لەتراژیدیاکانی خۆی لەسەر زەوی، چیدی خودی وێنەی ئاگر، لەناو ئیمیجی سوتانی جەستەدا دەکات بەووشە (گووڵی ئاگر).

لەهەمان کاتیشدا، وەك بڵێی هیچ شتێکی دیکەی ئەبسەلوتیش بوونی نییە، چونکە بوونی ئەبسەلووت بۆ ڕووداوەکە، وەکو نەهێشتنی بوونی میتافیزیکی ئەبسەلووتی خودا یش بێت وایە لەیەك کاتدا. ئەگینا بۆچی بەو شێوەیە، جەهەننەم لەسەر زەوی ڕوودەدات، جۆرە جەهەننەمێك وەکو خودی کۆتایی جیهان بێت وایە، بەو شێوەیە، چونکە، تەنانەت پرۆسەی کۆمەڵکوژی کە (حکومەتی بەعس) بەرامبەر کورد کردی، وەکو پرۆسەیەکی قڕکردنی یەکجارەکی بێت وایە، کەچیدی ئەم مرۆڤەبوونی لەسەر ئەم زەویە نەمێنێتەوە بەیەکجارەکی: وەکو سڕینەوەیەکی یەکجارەکی. ئەگەر، ئەمە تۆزێکیش زیادەڕۆیی بێت، ئەوا دیارە، بیرەوەریی ڕێگەمان دەدات ئەوەبکەین، بۆ ئەوەی کەرامەتەکەی ون نەکەین بەیەکجارەکی. ئەمەیە کەوا دەکات، زمان لەناو خۆیەوە بەهەموو شێوەیەك، کەرامەتی ئەو بیرەوەرییە بپارێزێت. تەنانەت وایلێدێت، کەخودی قسەکردنیش وەکو ئیهانەکردنی ڕوداوەکەبێت وایە، چونکە لەئاست کارەساتی بەو

شێوەیەدا چی بوترێت! لەکاتێکدا زمان لەوێنەی دیتنی جەستەکاندا، لەناو تێڕوانینداییە بەهەموو ئاستێکی خۆی، بەڵام لەهەستە ڤیژواڵەکەیدا (وێنەییەکەیدا)، باوەڕ بەتەماشاکانی خۆی ناکات، چونکە وەکو موستەحیل بێت وەهایە. بەڵام هەر ئەمەشە، بیرەوەریی لەڕێگەی زمانەوە بانگدەکرێتەوەو دەعوەت دەکرێتەوە بۆ ناو هەستکردنەکانمان بەوەی چین و چۆن باس لەم جیهانەبکەین.

سووتان، وەکو بینینی جیهانێك کەقەداسەتی پێست و جەستەی تێکداوەو عەدمکردووە، وەکو دیمەنێکی وادێتەپێش چاو، کەبەهەموو دیوێکیدا لەدەرەوەی بوونی خوداوەندا بەرجەستە بێتەوە، (بینینی ئەو هەموو برینە بەجەستەی مرۆڤێکەوە هەر کەسێکی والێدەکرد گومان لەبێگوناهی خۆی بکات) (ل، ٢٧٨)، دیستۆفیسکیش دەڵێت (ئێمە هەر هەموومان تاوانبارین بۆ هەمووان بۆ هەموو مرۆڤایەتی لەپێش هەموو، من لەهەر هەموو زیاتر)[١٧] بەڵام ئەوەی لیڤیناس ئەو تەمومژاویە بوونگەرای دیستۆفیسکیانەیە روونتر چوارچیوە دەکات، یان مەبەستی ئاشکراتری دیستۆفیکسیمان پێدەڵێت (ئێمە هەر هەموومان بەرپرسیارین بۆ هەموو لەپێش هەموو، من لەهەموو ئەوانی تر زیاتر)[١٨] ئەوەی وامان لێدەکات، ئەم کاراکتەرەگرنگ بێت بەلامانەوە لەناو کایەی بایەخ و گرنگیپێدان و هەروەها تیژکردنەوەی بیرەوەریی و کایەی بەرپرسیارێتی، ئەو بڕیارەزۆر مەزنەیە، کەلەگەڵ خۆیدا دەیبەستێت بۆ بیرنەچوونەوەی جیهانی ئەو منداڵانە، هەروەها بیرنەچوونەوەی خودی ئەو سەفەرەی کەوایلێدەکات، هەمیشە لەبەردەمیدا بێت وەك جیهانێکی بیرلێکراوە. هەرچەندە، ئەمە سەبجێکتڤیەتی نووسەریشمان پێپیشان دەدات لەم روانگەیەوە، ئەمەیە وایلێدەکات هەستکردنی ئەم کاراکتەرە بەتاوانەوە، وایلێبکات لەناو کایەی بەرپرسیارێتیدا دابنێت، ئەم کایەی بەرپرسیارێتییە، کەلەدەرەوەی کایەی بایەخ و گرنگیدان بەمرۆڤایەتییەوە نییە لەناو ناکۆییەکەیدا بۆ هەلومەرجێکی (بێخوودا)، واتە لەپێناوی ئەوانی دیکەدا، بەهەمان شێوەیش، بەرپرسیارێتی لەناو جیهانی بیرەوەرییماندا بۆ رابوردو. ئەم هەستکردن بەتاوانەی، یان بەبیرنەچوونەوەیەی بۆ خۆی هەستکردنەبەبەرپرسیارێتی لەپێناوی ئەواندا.

## پەراوێزەکان:

(١)Margalit, Avishai. The Ethics of Memory. Cambridge: Harvard University Press, ٢٠٠٢. Page ١٧.

(٢)Nehamas, Alexander. Nietzsche, Life as Literature. Cambridge: Harvard University Press, ١٩٨٥. Page ١٧٠.

(٣)Hume, David. An Enquiry Concerning Human Understanding. Indianapolis: Hackett Publishing Company, ١٩٧٧. Page ١٠.

(٤)Margalit, Page ١٧.

(٥)Margalit, Page ١٥١.

(٦)Arendt, Hannah. The Human Condition. Chicago: The University of Chicago Press, ١٩٩٨. Page ٢٤٤–٢٤٥.

(٧)Margalit, Page ٢٠٦.

(٨)هەمان سەرچاوە, Page ١٦.

(٩)هەمان سەرچاوە ,page ٣٥

(١٠)Levinas, Emmanuel. Ethics and Infinity. Pittsburgh: Duquesne University Press, ١٩٨٥. Page ٧٥.

(١١)Nietzsche, Friedrich. On the Genealogy of Morals, Ecce Homo. Edited with Commentary by Walter Kaufmann. New York: Vintage Books, ١٩٦٧. Page ٥٨.

(١٢)The Adorno Reader. Edited by Brian O'Conner. Blackwell Publishers, ٢٠٠٠. Page ٨٦.

(١٣)هەمان سەرچاوە , Page ٨٧.

(١٤)Arendt, Hannah. The Life of the Mind. NewYork: A Harvest Book, ١٩٧٨. Page ٩٩.

(١٥)Weigel , Sigrid. Body - and Image - Space Re - reading Walter Benjamin. Rutledge ١٩٩٦. Page ١١٧.

(١٦) هەمان سەرچاوە Page ١٦٣.

(١٧)Levinas, Page ٩٨.

(١٨) ، Page ١٠١.



# قۆناغی سۆفیگەریی

## لەشاری مۆسیقارە سپییەکان-دا

بوشرا کەسنەزانی

رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان وەك رۆمانێکی فرە رەهەندو فراوان، پێکهاتەیەکی گەلێك لایەنی مرۆڤی کوردە وەك ئاکارو کەلتوورو بیرکردنەوەو مێژوو و کارەساتەکانی نێو ژیانی و بەها ئەخلاقییەکانی، جگە لەمانە کارکردنێکی ترە لەسەر پۆلێنکردنی هزری مێژویی کورد و باسکردنی قۆناغە جیاوازەکانە کەپێیدا گوزەری کردوەو گەڕانەوەیە بۆ زەمەنێکی زۆر دورو هێنانەوەیەتی تا ئەم سەردەمە، بەختیار عەلی زۆر بەوردی کاری لەسەر کردوەو تاکو رۆمانەکە نەکاتە خوێندنەوەیەکی مێژوویی روت بۆ نەتەوەیەك، بەڵکو ئاراستەکان وردە وردە پەخشان بکات بەسەرتاسەری تێکستەکەدا، ئەم کارکردنەی لەسەر قۆناغەکانی فکری کورد لەرێگای نیشاندانی ژیانی پڕ لەتراژیدیای جەلادەتی کۆترەوەیە، کە لەهەموو لایەکەوە پەیوەندیدارە بەکەسانی ترەوەو بەتەنیا ئەم رۆڵە نابینێت، بەڵکو لەهەر قۆناغەو کۆمەڵێك کەس دەبنە هەڵسوڕێنەری رووداوەکان چ

کەسانی باشبن یان نا، لێرەوە دەتوانین دەستنیشانی سێ قۆناغی جیاواز بکەین کە دەشێت بەسێ قوتابخانەش لەقەڵەمی بدەین، یەکەمیان قوتابخانەی مامۆستا سەرمەد تاهیرە، کە پیاوێکی باریکی ریش درێژە، بەردەوام فلوت دەژەنێت و جەلادەتی بچکۆلەش تەماشای دەکات و گوێی لێدەگرێت و دوای مەرگی سەرمەد تاهیریش جەلادەت ئەو فلوتەی بۆ دەمێنێتەوەو دەبێتە مۆسیقاژەن، لێرەوە فێری ترپەو ئیقاعەکان دەبێت و بەهۆی بەهرەی خودایی و غەریزەی چاولێکەرییەوە، ئەمە وێنەی سەرەتاکانی مرۆڤی کوردە کە چۆن بەهۆی چاولێکەرییەوە رەهەندە مرۆییەکانی وەرگرتوە لەگەڵ ئەوەی کە لەئاستێکی سادەدا ژیانی گوزەراندوە، ئەم قۆناغە دەشێت بەفەترەزەمەنی ئەفسانەو میتۆلۆژیا ناوی ببەین.

قوتابخانەی دووەم ئەو کات دەستپێدەکات کە جەلادەت هەرزەکارەو بەتەنیا فێری ژەنینی مۆسیقابووە لەئاستە روکەشەکەیدا، بەلام پێویستی بەتوانەوەو کامڵبوونە، خۆی هەست بەمە ناکات و هەوڵیشی بەو جۆرە بۆ نادات، بەڵکو مامۆستایەك دێت و دەیەوێت فێری حیکمەتەکانی ژیانیان بکات (جەلادەت و سەرهەنگ) بانگهێشتدەکرێن بۆ پێنانە ناو قۆناغێکی ترەوە لەرێگای ئیسحاقی لێوزێرینەوە کە مامۆستایەکی دونیادیدەی عارفە، ئەم قوتابخانەیە بەتەواوی قوتابخانەیەکی فەلسەفی عیرفانییە، رۆچۆتە قولایی هێزەنادیارەکان و کارکردنەکانی لەپانتایی سروشتدا بەمەبەستی دروستکردنی دوو کەسی رۆحانی تەواو کامڵ لەدوو جەستەی شەکەت و ماندوی ناو ژیانی شار، ئەویش بەهێنانەوەیان بۆ ناو دەستنەخوردەترین شوێن کەسروشتە!، ئەم قوتابخانەیە پڕە لەئارامگرتن لەئەزموون لەوردبوونەوەو رامان و خۆدانە دەست سروشت، سەرڕێژە لەو چرکە ساتانەی کە چێژی جوانی راستەقینە دەکەن، یاددانی باوەڕە، فێرکردنی گوێهەڵخستنە بۆ سەدای بێسەدایی، کردنەوەی چاوی غەیب بینە، ئاوڕدانەوەیە لەخود، بەکورتی دەکرێت بڵێین قوتابخانەیەکی سۆفیگەرییە بەجیاکردنەوەی دوالیزمەکان لەیەك و کارکردن لەناو فەزایەکی رۆحی ئاینیدا، ئەم فەترەزەمەنییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی قبوولکردنی ئاینی زەردەشت (دوای ٦٦٠پ. ز)و پەرەسەندنی و بەردەوامبوونی بەدرێژایی چەندین سەدە تا هاتنی ئاینی ئیسلام و پەیدابوونی سۆفیگەرێتی ئیسلامی لەناو کورد داو چوونەناو رێبازە جیاجیاکانی سۆفیگەرییەوەو هەڵکەوتنی چەندین عارف و دەروێشی گەورە لەناو کوردا.

قوتابخانەی سێیەم ئاراستە گۆڕینی هزرە بەچونە ناو زەمەنێکی نوێوە، لە پێناو مانەوەدا لەسەردەمی جەنگ و دڕندەییدا، هەوڵدانێکە بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو حیکمەتانەی کە بەگشتیی تاکی مرۆڤی کورد هەیبوو، لەباربردنی ئەو دانایی و ڕۆحانییەیە کە هەڵیگرتبوو، ئەم قوتابخانەیە لەدوای ئەو زنجیرە تراژیدیایەوە دەستپێدەکات کە بەسەر جەلادەتدا دێت، کە موسای بابەك وەك کەسێتییەکی پەراوێزخراو دەستدەکات بەوتنەوەی ئەزمون و تێڕوانینەکانی خۆی بەجەلادەت و هەوڵی گۆڕینی تێڕوانینەکانی دەدات، موسا (پیاوێکە نیوە کۆمەنیست، نیوەبۆرژوا، نیوە ئیماندار) ڕۆمانەکەل١٠٤، فێری جیاکردنەوەی سنورەکانی دەکات و وانەکانی ئەزمونی بیست و پێنج ساڵەی تەمەنی دەڵێتەوە کەلەشاری سۆزانییەکاندا بووە، باسی مەرگ و ژیانی بۆ دەکات، باسی ئازارو تاڵاوی بۆ دەکات، موسا جەلادەت فێری لێبووردەیی دەکات، بەهۆی باوەڕی نەپساوی بەجوانییەوە دەیەوێت کەسێتی جەلادەت بوونیاد بنێتەوەو کاتەکانی پێتەرخانبکات لەپێناوی دروستکردنی دونیایەکی پڕ ستاتیکادا.

بابەك دەریایەکی پڕ لەبیری جوانییەو پڕۆسەی یادانەکانی لەئیسحاق جیاوازە بەوەی کە ڕاهێنانی جەستەیی پێناکات، بەڵکو ڕایدەهێنا لەسەر دیتنی جوانی و گلدانەوەو پاراستنی، بەڵام لەهەمان کاتدا دابڕاونەبوون لەیەك (من قوڵ گوێم لەقسەکانی موسای بابەك دەگرت هەستمدەکرد دەزویەکی نهێنی ئەم پیاوە بەئیسحاقەوە گرێ دەدات)ل١٩٩.

موسا جوانیی دژە مەرگ نیشانی جەلادەت دەدات، تا بەرگەی هەموو ناعەدالەتییەکانی ژیان بگرێت وەك خۆی هاوسەنگی بگێڕێتەوە بۆ دونیا، ئەو جوانییە دەکرێت لەهەرشتێکدا هەبێت لەتابلۆیەکدا لەئاوازێکدا وەیان لەشیعرێکدا، گرنگ ئەوەیە کە ئەو جوانییە ئەبەدییە.

لێرەوە کارکردنی بەختیار عەلی کارکردنە لەسەر بەجێهێشتنی ئەو ماوە عیرفانییەی کە کورد جێیهێشت لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، دەستکردنە بەزەمەنێکی تر کەبەتێگەیشتن لەمانای ژیان و کارکردن بۆ بەهاکان بەگەڕانەوەی ناوسروشت نابێت و کاری تری دەوێت ئەویش بەو هەموو بیرە جیاوازانەی کە لەئارادان هەر لەسۆسیالست و کۆمەنیست و ئیماندارەوە کەبەهەمووان دەتوانن زەمینێکی تر لەدوای ئەوهەموو مەرگەساتە فەراهەم بکەن بۆپەیبردن بەجوانی و کارکردن بۆلێبووردەیی و گەڕانەوەی

مـۆڕاڵی مرۆڤایـەتی بـۆ تـاکی کـورد. موسـا سـیمبوولی هـەموو ئـەو باوەڕانەیـە کەلـەو سەردەمەدا سەریان هەڵدا و کارتێکەری مرۆڤی کوردبوون.

هەڵبەت ئەم پۆلێنکردنانە کۆنکرێتی نییەو تەنها دیاریکردنی فەترە زەق و دیارەکانـە، زۆرجار تێکەڵ بەیەك دەبنەوە لەسیاقی گێڕانەوەکانداو نوسەر بـەلێهاتویی خـۆی نەقـشی کردون بەپێی سیستمی کارکردنەکەی دابەشیکردوون.

ئەمە بەشێوەیەکی گشتیی ئەو سێ قوتابخانەیە بـوو، وەسـتانی ئێمـە لێـرەدا لەسـەر قوتابخانەی دووەمە کە گەڕانەوەیە بۆ جیهانی رۆحی و عیرفانی، گەڕانەوەیە بۆ فەرهەنگ و کـەلتووری و دەوڵەمەنـدیی رۆژهـەڵات لـەبیرو بـاوەڕە جـۆراو جۆرەکـان لـەبووارەکانی مەعریفی و ئاینی و ریتواڵی هەریەك لەو رێباز و ئاینزایانەی کە لەناوچەکەدا هەیە، چونکە نووسـەر سـەر بەهـەر فیکـرو ئایدیۆلۆژیایـەك بێـت، دواجـار هـەر رۆژهەڵاتییـە کـەخاوەنی باکگراونـدێکی رۆشـنبیری و کـەلتووری ئـەو ناوچـەیەیە، هەربۆیـە ئەگـەر رەنگدانـەوەی لەژیانی نووسەردانەبێت ئەوا لەنوسینەکانیدا کەوەك ئاوێنـەی فیکـری و ژیـانێتی دەکرێـت رەنگدانـەوەی هـەبێت وەك هێڵـە سـەرەکییەکانی رۆمانەکـە لەسـەر رێـڕەوی جـوانی و گەورەی و ئازادی رۆح و سیحری مۆسیقاو فەزای فراوانی خـەیاڵ و فەرزانـەگی و مـەرگ و فەنا بوون دەڕوات، ئەواتێڕوانینەکانی نوسەر ئامادەگی هەیە لەپشتیانەوە، هەوڵەکان بـۆ گەیاندنی مەبەستەکان پەنهانانە دەمێنێتـەوەو خوێنـەر دەبێـت بەسـەلیقەوەو وریاییـەوە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات، تاتوشی هەڵەنەبێت.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا قوتابخانەی دووەم ئەو کاتە دەستپێدەکات کـە ئیـسحاقی لێوزێڕین لەسەر سنورەوە دێت بەدوای جەلادەت و سەرهەنگدا کە بیانکاتە قوتـابی خـۆی و حیکمەتەکانی خۆیانی فێربکات، لێـرەوە کەشـێکی سـۆفیانەی عارفانـە دەسـت بەسـەر رۆمانەکەدا دەگرێت و خوێنەر زیاتر هەستدەکات لەگـەڵ عـارفێکی گـەورەو دوو موریـدی بچووکدا رووبەڕووبۆتـەوە کـە ترسـی تیاچـوون و نـەمان بۆتـە پاڵنـەری ئـەو عارفـە تـاکو هونەری خۆییان فێر بکات، چونکە ئەو دوو خوێندکارە لەبەرتر مۆسیقایان دەزانی، بـەڵام رۆنەچوبوونە قوڵایی هونەرەکەوە.

ئەگەر مۆسیقا وەك خودا ناسـی تەماشـا بکـەین ئـەوا هـەردوو جـەلادەت و سـەرهەنگ عابیدی ئاسـایی بـوون، بـەڵام بەچـونە نـاو ئـەو قوتابخانەیـە کـە ئیـسحاق ئاموژگاریـەتی پلەکەیان بەرەو زاهیدی و عارف بەرزدەبێتەوەو یاخود هەوڵدانێکـە بـۆ حـاڵیبوون لـەڕازی

مۆزیـك و لەپاڵیـدا فێربـوونی فەلـسەفەکانی ژیـان و کردنـەوەی چـاوی نـاخ بـۆ بینـینی ستاتیکای هونەرو نەفەسدان لەفەزایەکی پڕ لەجوانیدا.

پلەکانی فێرکردن لای ئیسحاق لەڕاهێنانـە رۆحییەکانـەوە دەسـتپێدەکات، وەك چـۆن لای سۆفییەکان بەرلەوەی بگەنە دۆزینەوەی خوداو کارکردن لـەناو جوانییەکانیـدا، پـێش ئەوە دەبێت خۆیان پاککەنەوە لەهەموو شتە ماددی و ناشیرینەکانی کە ئاڵاونەتـە رۆحـی مرۆڤ و وەك تەوقێك بەسـتوونییەتەوە تـا نەگەنـە بارەگـای چـێژی جـوانی و رۆحـی، ئـەم ئاکارەی سۆفییەکان بە(ڕیازەت)ناوزەد دەکرێت کە زۆر گرنگ و پێویستە لەسەر سۆفی یـا زاهید پەیڕەوی بکات بۆ دۆزینەوەی رێگای حـەق و پـەیبردن بەماهییـەتی نـوری ئیلاهـی، چونکە بەلای قوتابخانەی عارفانەکانەوە (ئەوانەی کـە نازپـەروەری نیعمەتـەکانن نـاتوانن رێگای یار بدۆزنەوە، چونکە رێگەی حەقیقـەت، رێگەیـەکی درێـژو پـڕ هـەورازو نـشێوییەو رێبـواری ئـەم رێگەیـە دەبێـت خـۆی بـدات لـەئاو و ئـاگرو بەرگـەی هـەموو جـۆرە تاقیکردنەوەکان بگرێت و سەرگەردانی و بێ نان و ئاوی و تانەو لۆمە تێگـرتن قبووڵبکـات و بەگیان کڕیاری بێت)[1].

لێوزێڕین لەکاتی فێرکردن و یاددانی ئەو دوانەدا دەستدەکات بەو راهێنانـە رۆحییانـە، ئەویش بەوەستان لەبەر باراندا تا رۆحیان هەست بەتەڕی بکات، چونە بـەر تیـشکی خـۆر تا هـەموو ئـەو پەردانـە بـدڕێت کـە دەوری بـوونی داون (دەبوایـە ئـەو دوو کـوڕە گەنجـە بەسەعات لەبەردەم باراندا بووەسـتن و دڵۆپ دڵۆپ هەسـت بـەباران بکـەن، دەیانویـست تیشکی هەموو روناکی دونیا بهێننە ناویانەوە)ل٢٢، ئەم پرۆسەیە پێویـستی بـەئارامگرتن هەیـە تـاکو ئامـادەبن بـۆ قۆنـاغی دواتـر کـە فێرکردنـی مۆسـیقایە (هێـشتا زۆر زوە بـۆ باسکردنی مۆسیقا، مۆسیقا درەنگتر دێت)ل٢١، وەك ئەوەی سۆفییەکانیش دوای ریازەت و کۆمەڵێك مەقامات دەگەنە کەشف و شهود.

پلـەی دووەم گەڕانەوەیـە بۆسروشـت، وەختێـك ئیـسحاق وەك عـارفێکی کـامڵی پـڕ ئـەزمون (کەلەسـەر دەسـتی سـۆفی و فەیلەسـوفان و سروشـتدا پـەروەردە ببـوو)ل٢٦، خواستی مانەوەی حیکمەتەکانی ژیانی لادروست بوو بەگواستنەوەی ئەوەی کـە دەیزانـی بـۆ ئـەو دوو خوێنـدکارە، باشـترین رێگـەی پێویـست بـوو هەڵیبـژێرێت بۆیـان، ئـەوەش بەپۆلێنکردنی جۆرەکانی سەفەری رۆحی (ئینـسان لەبـەردەم سـێ سـەفەری گەورەدایـە، سەفەرێکیان بۆ ناو سروشت، سەفەرێکیان بۆ ئاسمان، سـەفەرێکیان بـۆ نـاو خـۆی)ل٢٢، بەلای ئیسحاقەوە هەر نەبێت مرۆڤدەبێت یەکێکیان ببڕێت، لـە جیهـانی سـۆفیگەریدا ئـەم

سەفەرانە یەك لەدوای یەك دەدرێن، یەکەم سـەفەر بـەناو سروشـتدا لـەوێوە بـۆ نـاو خـود دواتریش بۆ ئاسمان، بەڵام سەرەنجام ئیسحاق لەبەردەم سێ ئیختیاردا دەسـت پێشخەر دەبێت و لەسروشـتەوە دەسـتپێدەکات (دەبێت لەسروشـتەوە دەسـت پێبکەینـەوە لـەو کتێبە پیری نەناس و مەرگ نەناسەوە)ل٢٦وئەم میتۆدی سروشت دۆسـتییە هەوڵێکـە بـۆ پاکژکردنـەوەی ڕۆح لەجەنجاڵییـەکانی ژیـان ودونیـا. ڕەگـەزە سروشـتییەکان مـۆتیڤی سەرەکین بۆ شەفافییەت بوون، چونکە دواجار سرکەو چرکەی سروشتە ئەندێشە فـراوان دەکـات و مـرۆڤ بـەرەو سـەرنج و بیرکردنـەوەی قـوڵ کـێش دەکـات و بارگـاوی بەبوونـە ئەزەلییەکان دەکات، ئیسحاق وەك هـەر عـارفێکی راسـتەقینە کـاری ڕێنیـشاندانە، بـەڵام ئەرکـە گرنگەکـە دەسـپێرێت بـەدوو قوتابیەکـەی تـا خۆیـان تاقیبکەنـەوەو ڕۆچـنە نـاو سروشــتەوە و بــەدوای هــەموو بێــدەنگی و دەنــگ و جــوانی و دزێوییەکانــدا بگــەڕێن و لەیەکدییان جیاکەنەوە، واتە ئامادەکردنی دوو خوازیاری وریایە نەك گەمـژەو کاوێژکـەری شتەکانی ئەم بن، چونکە دەیەوێت بەکەماڵییان بگەیەنێت.

گەرچی ڕۆمانەکە پڕە لەسیحری گەڕان، گەڕان بەدوای نیوە نادیارەکاندا بەدوای حەق و عەدالەت، بە دوای مەعشوق و ژیاندا، بـەڵام گـەڕان لـەم قۆناغـەدا ڕەنـگ و ڕویـەکی تـر وەردەگرێـت، چـونکە لێـرەدا گـەڕان پرۆسـەیەکی پـڕ بەبەهایـە بـۆ دۆزینـەوەی شـتە میتافیزیکی و خۆراکە ڕۆحییـەکان، ئـەوان بەگـەڕان لـەناو سروشـتدا وەك قەڵەنـدەرەکان شتی نوێ دەدۆزنەوەو پەی بەدەنگی تر دەبەن، ئەوان دەڕۆشتن و گوێیان نەدەدایە هـیچ بەربەستێك، ئەمە خۆی لەخۆیدا دەست بەرداربوونە لەژیانی ماددی و خاڵیبوونەوەیە لـەو جیهانەی کە ئیسحاق دۆڕاندی و دواجار فلوتەکەی گەیشتە دادی و سـەفەرێکی نـەبڕاوەی ڕاگەیاند، وەها سەفەرێك مانیفێستێك بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بەرەو ناخی سروشت و نـاخی خـود و دواجـاریش نـاخی خـودا، لێـوزێڕین شـارەکانی بـەڕۆح کـوژ دادەنـاو دور دەکەوتەوە لێی، چونکە دەیزانی توانای مرۆڤ لەو جەنجاڵییە بێهودەیـەدا لـەناو دەچێت، لای سۆفییەکان ئەم سروشت خوازییە گرنگە بەتایبەت لای ئەوانە کە وێنەی خـودا لەهـەر شـتێکی سروشـتدا بەدیدەکـەن و سروشـت پەرسـتیان لێدەردەچێت، چـونکە لەدیـدی ئەوانـدا شـتێك نییـە نـاوی بۆشـایی بێـت، بـەڵکو هـەمو گـەردون پـڕە لـەوجودی خـودا، لەبەرئـەوە گەڕانـەوە بـۆ نـاو سروشـت گەڕانەوەیـە بـۆلای خـوداو تـەرخانکردنی کاتـە بۆدۆزینەوەی و بینینی، کەم نین ئەو سۆفیانەی کە وازیان لەهەموو ژیانی خۆیان هێناوەو ماڵو زندەگییان جێهێشتوەو ڕویان لەسروشت کردوە بۆ عیبـادەت و پەرسـتش. ئـەوەی

لێرەدا جیاواز بێت قەدەرەکانی ڕێگای لێوزێڕینە، چونکە بەخواستی خۆی کچ و ژنەکەی جێنەهێشت بەڵکو ئەو لەچاوەڕوانییەکی ڕۆح کوژدابوو، کەچی ئەوان ئەمیان جێهێشت و ئەمیش دوای پەیبردن بەفانیبوونی تەمەنی گەڕایەوە بۆ سروشت، پیرۆزترین جێ کە شیاوی تیا مانەوەیەو گەلێکجار عارفەکانی ناو سروشت لەسەفەرێکی بێکۆتاییدا دەبنە کەسێتییەکی تارمایی ئاسا و بەکەشکۆڵ و عەسایەك و هەیبەتێکی حەکیمانەوە بەرچاوی خەڵك دەکەون کە لەمیتۆلۆژیای سۆفیگەریدا وێنەی ئەم چەشنە دەروێشانە زۆرە و لەپلەی دێوانەییەوە دەگەنە پلەی فەنافیللا.

ئیسحاق دەڵێت (ئێمەی ئینسان لەتێکەڵاوبوونی سێ مەعدەن خولقاوین)ل٤٦، لێرەدا جۆرە تێڕوانینێکی نەرم بەدیدەکرێت سەبارەت بەچارەنوس، واتە بوونییەتی مرۆڤ شتێکی نەگۆڕنییەو قاڵببەند کرابێت لەیەکشتدا، بەڵکو پێکهاتەیەکە لەچەند شتێك کە دەستەو ستان نابێت لەگۆڕینیدا، بەڵکو ڕێژەییەو مرۆڤ بەکارکردەی خۆی دەتوانێت گەمە بەبەرزی و نزمی ڕێژەکان بکات و بتوانێت ببێتە مرۆڤێکی تەواو یان شەیتانێك یان کەسێکی جاوید و ئەبەدی، ئەم پۆلێنکردنە ئاماژەدانێکە بەوەی کە مرۆڤ بەردەوام لەنێوان بەربەرەکانێ و جەدەلی نێوان هێزە جیاوازەکانە، بەتایبەت هێزی خێرو هێزی شەڕ، جگە لەم دوانە بەشێکی تر هەیە کە بوونی مرۆڤی فەرزانە کردوە ئەویش مەعدەنی جاویدە، بەواتایەکی تر پەرەدان بەم هێزە نەبڕاوە ئەبەدییە چاوی ناخی دەوێت، چونکە جاوید خۆی لەخۆیدا جۆرێکی تری گەڕانەوەیە بۆلای هێزێکی خودایی ئەزەلی بۆ ئەبەدییەت، مرۆڤەکانیش ئەو کاتە دەبنە بوویەکی ئەبەدی کە هەڵگری بیرێکی جوان یان هونەرێك وەیان ئاوازێکی بەهێزبن، یا بتوانن هێزە ئینسانییەکان زاڵ بکەن بەسەر هێزە شەیتانییەکەداو دواتر لەئینسانییەکەدا بگەڕێن بۆ جاویدەکە، لەلای سۆفییەکان فەناو بەقا هەیە لەبری ئەم رایەی ئیسحاق کە دەوترێت (فەنا، مانای نەمانی دونیا ویستییەو بەقاش مانەوەی خوداۆستی، وەیان دەوترێت فەنا دەرچونە لەهەموو شتێك و بەقاش ئامادەبوونە لەگەڵ خودادا)[٢] کە ئەمانە هەریەکەیان پلەیەکی لای سۆفی هەیە کە دەکرێت، بەتوانەوە لەنوری ئیلاهیدا دابنرێت واتە جاویدەکەی لەڕێگای لەناو خودا توانەوەدا بەرجەستە دەبێت و سیفاتی ئیلاهی وەردەگرێت.

قۆناغی سێیەم فێرکردنەکان بەرەو پراکتیزەکردن دەچێت ئەو کاتەی کە جیا لەهەموو ئەو سەفەرانەی باسکرا سەفەرێکی تر دەکەن کە لەسەرەتادا بەرجەستەیە لەناو سروشتداو بەرەو باکوور، بەڵام دواتر هەستدەکەن لەشوێنێکدان کە یەکەم مەوجودن پێ

لەو شوێنە دەنێن، لێرەدا هەست بەشوێنێکی میتافیزیکی دەکرێت لەو دیو شوێنەکانەوە، ئەم سەفەرەیان نە فەنتازیایەو نە وەهم، بەڵکو یەکێکە لەو حاڵانەی کە بەهۆی گەڕان و مۆسیقاژەندنەوە پێی گەیشتوون، چونکە دوو قوتابییەکە چیتر رۆحیان ئالاو نییە لەغوباری شتە مادییەکان و روکەشەکان، بەڵکو ئەوان پاکژبوونەتەوە و بوون بەدوو رۆح و دوو تارمایی کە لەدوای مامۆستاکەیانەوە بەرەو جاوید دەگەڕێن، لێرەدا دەکرێت ئەم شوێنە بەبەشێك لەشاری مۆسیقارەسپییەکان دابنرێت یاخود حاڵێك بێت و لەنائاگاییاندا بێت هەروەك چۆن لای سۆفییەکان جەزبەو حاڵە، ئەم سەفەرە ئەو ساتەیە کە پڕە لەچێژی هەستکردن بەفراوانی و ئەبەدیەتی جوانی، ئەو حاڵەیە کە سۆفی دائەبڕێت لەجیهانی ماتریال، شەوقێکە و هەست بەهەموو ستاتیکیایەك دەکات کە دەبێتەهۆی گەشەی رۆح، کاتێك جەلادەت دەچێتە دەریاچەکەوە دەست دەکات بەسەما ئەمە خۆی جۆرێکە لەجۆرەکانی حاڵ لەنێوان ئاگایی و بێ ئاگایدا، جەلادەت نە هەستی بەشادی دەکرد نە بەبەختەوەری، بەڵکو ساتی کرانەوەی رۆح و جەستەبوو بەسەر دونیایەکدا کە پێشتر هەستی پێنەکردوە، ئەو سەماو جوڵانەی جەلادەت پەیامێك بوو لەرۆحییەوە کە هەست بەجیاوازی دەکات جیاواز لەهەموو ئازادییەکان و هەستدەکات ئیدی رۆحەکەی جاران نییەو دەتوانێت مۆسیقای دەنگ و بێدەنگ جیاکاتەوەو دەزانێت هەر شتەو مۆسیقای خۆی هەیە، هیچ شتێك بێدەنگ و مۆسیقانییە، سۆفییەکان لەو بڕوایەدان خودا هەر مەوجودێکی خەڵقکردوە بەزمانی تایبەتی خۆی سوپاسگوزاری دەکات، کە بەهەموویان مۆزیکێك دروستدەکەن کە سرودی گەورەیی ئەوە، بۆیە ئەوانەی ئەهلی دڵن و موسا ئاسا توانای بیستنی شتی نهێنییان هەیەو دەتوانن ئاوازی خوداوەند ببیستن و هەست بەحاڵ و جەزبە بکەن ئەمە لەوانەیە، لە دەنگی بانگبێژدا بێت یا هاواری رێبواری، دەنگی قورئان، نەغمەی چەنگ و روباب، جوڵەی با و هاواری ئاژەڵان، دەنگی ئاو یان ئاوازی مەلێك دابێت.[٣]

جەلادەت ئەو کاتە لەدوڕیانێکدایە لەدەریاکەدا کە دەبێت خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت وەك ئەوەی کە ئەو دەریایە دوایەمین تاقیکردنەوەی دەرچوونبێت لەقوتابخانەکەی لێو زێڕین، لە ناو ئاوەکەدا دو هەرێمی جیاواز دەبینێت یەکێکیان لەڕوکەشی دەریاچەکەداو ئەوی تریان لەناوەوە، لە ئاستی رووکەشدا گەمە و سەما لەنێوان تاریکی و روناکی دەکات، بەڵام لەناخەوە دەبێت هەڵبژێری یەکێکیان بێت کە رووناکییە، بەڵام دواتر بەدرێژایی رۆمانەکە ژیانی جەلادەت ناگاتە یەقین، بەڵکو هەر جەدەلە لەنێوان جوانی

وناشـرینی و زوڵـم و لێبـووردەیی و چـاکی و خراپـی و هـەموو پارادۆکسەکانی نـاو ژیـان ئەویش بەهۆی ئەو قەدەرەوەی کە بەرۆکی دەگرێت کە ژیانی هەر تاکێکی کوردە.

لە سۆفیگەریدا پێویستە دەروێش دوای ئەو هەموو پرسـیارانەی زەیـنی ئـاڵۆز دەکـات دوای ئەو هەموو گومان و ئەگەرانە دەبێـت رێگایـەکی دوری عیرفـانی تـەیبکات بـۆ چـنگ کەوتنی وەڵامەکان و هەڵبژاردنی رێگایەکی چەسپاو و دواجاریش بەدەستهێنانی یەقین.

ئەو ساتانەی ئیسحاقی لێوزێرین قوتابییەکانی فێری جوانناسـی دەکـات، جوانییـەکی تریان نیشان دەدات ئەویش جوانی ئافرەتە، هەرچەند خۆی قوربانی دەستی جوانی ژنێك بوو کە سەرلەبەری تەمەنی بەبادا، بەڵام ستراتیژی کارەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە نایەوێت ببێتە گوازەرەوەی ئەو ترسە بۆ قوتابییـەکانی، بـەڵکو دەیـەوێت بەشـێکی تـری جوانیان نیشان بدات کە جوانی ئافرەتە تا لەرێیەوە جوانی کامڵ بکات.

ئیسحاق دەیـەوێت فریـوی ئـەو ناشـرینی و دزێوییانـە نـەخۆن کـە دەوردەری جـوانین بەڵکو ببنە دۆزەری جەوهەری جوانی و بگەنە ترۆپکی پاکیزەیی جوانی(ئافرەت بـۆ ئێـوە ئافرەت نییە، بەڵکو جوانیەکە پاڵێوراوە لەهەر ئارەزو و شـەهوەتێك، ئـافرەت مۆسـیقایە وەك مۆسیقاش گوێیان لێبگرن و سەیریان بکەن) ئەو ئافرەت دەکاتە سیمبوولی جوانی و رایدەماڵێت لەهەر چێژێکی جەستەیی و شەهوانی ئەمە تێروانینێکە دژی ئەو تێروانینانەی تر کە ئافرەت هۆکارێکە بۆ خۆشی جەستەو چێژی ماتریـالی، ئـەو نیـشاندەری چێژێکی تری ئافرەتـە نـەك روکەشـی، بـەڵکو سـتاتیکای دەنـگ و رەنگییـەتی کـە نـاخی پریـەتی لەجوانی نەوتراو، جەلادەت لەم قۆناغەدا نەعاشق دەبێت نە هەسـتیش بـەبوونی ئـافرەت دەکات لەژیانیدا، بەڵام لەقۆناغی دواتـردا دەبێتـە عاشـق، عاشـقی دالیـا سـیراجەدین کـە بەجۆرێك لەجۆرەکان تێروانینەکانی ئیسحاق رەنگی داوەتەوە لەم عەشقەدا (نەیدەویست لەگـەڵی بخـەوێت، نەیدەویـست بیگـرێ و ماچـی کـات، نەیدەویـست غـەزەلی لەگـەڵ بکات)ل٢٦٥، لێرەوە باسکردنی عەشقی راستەقینە پڕ رەنگتر نمایش دەکرێـت و دەبێتـە تەوەری سەرەکی لەناو هەموو جۆرەکـانی تـردا، چـونکە جـەلادەت هەرچـەند دەکۆشـێت پـەی نابـات بـەهۆکاری عەشـقەکەی، نازانێـت بـۆ دالیـای خۆشـدەوێت، لێـرەدا نوسـەر دەکەوێتـە فریـای جـەلادەت و وەڵامـی دەداتـەوە کـە (عاشـقی راسـتەقینە یـەکێکی خۆشناوێت لەبەرئەوەی جوانە، بەویقارە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەتەنها رێگایـە بـیر لـەهیچ غایەتێك نەکاتەوە)ل٢٦٥، لەو زەمەنەدا جەلادەت بەمانا قەڵەکەی لەعەشق حاڵی نابێـت، بەڵام دواتر کە هەموو چیرۆکەکە بۆ شـەرەفیار دەگێڕێتـەوە دەزانێـت ئەبەدیـەتی عەشـق

لەچیایە، لەدونیای سۆفیگەریدا زۆرن ئەو سۆفیانەی کە عەشقی مەجازی یا ئافرەت بۆتە هۆی دۆزینەوەی عەشقی ئیلاهی، بۆیە ئیسحاق دەیەوێت ئافرەتیان نیشان بدات تاکو پێیان بڵێت دەکرێت عاشق بن، بەڵام بەمانا ئەبەدییەکەی، سۆفییەکان بەرلە بوون بەعەشقی خودا فێری ئادابی عەشق دەبن بەواتایەکی تر دەبێت ئێش و تابی عەشقی مەجازیان چەشتبێ تا بەرگەی عەشقی ئیلاهی بگرن، یا لەئەنجامی ئەو فیراق و نەگەشتنەداو وردبوونە لەجوانییەکانی عەشقی یاردا بەرەو عەشقی گەورەتریان کێش دەکات وەك چۆن روبارێك بەزەریایان بگەیەنێت.

وەك وتمان جەلادەت لەقۆناغی دواتردا عاشق دەبێت عەشقێکی پاك و راستەقینەی بێ مەبەست تا جیابکرێتەوە لەحەز و بەیەك گەیشتن، لێرەوە لەپێناو کارکردن بۆ عەشق، ژیان دادەماڵێت لەماناکانی خۆی و بەدەردەکرێت لەهەموو ئەو شتانەی کە بەدرێژایی بوونی زەوی و ژیان لەسەری وتراوە و هەموو ئەو رایانە بەرپەرچدەداتەوە کەلەسەر ژیان دراوە، چونکە لای ئەو کەسەی کە عاشقە، ژیان وێستگەیەکە بۆ تاقیکردنەوەو هەستکردن بەفیراق، ئەم تێروانینە قوڵەی عەشق بەرامبەر بەژیان، تێڕوانینی سۆفییەکانیشە بەرامبەر بەبوون و عەشق و ژیان، عەشق لای ئەوان (واتە شەوقێکی پتەوی مەوجودێك کەلە ئەسڵی خۆی دورخراوەو دەگەڕێت بەدوای وەسڵی خۆی دا)٤، باشترین نمونەش بۆ ئەمە سرودی نەیی عاریفی ئیسلامی مەولانا جەلالەدینی رۆمییە کە لەسەرەتاوە باس لەفیراق دەکات و دابڕانی پڕ ئازارو بەسوێ نمایش دەکات.

**بشنو از نی چو حکایت می کند**

**از جدای ها شکایت می کند**

**کەازنیستان تا مرا ببریدەاند**

**از نفیرم مردن و زن نالیدەاند**(٥)

مەولانا باسی عەشق و فیراق دەکات کە هەموو ئاوازو ئیقاعی نەی گوزارشتە لەدابڕان و جیاکردنەوەی لەسەرزەمینی یارانە کە نەیستان و قامیشەڵانە، هاوارەکانی بۆ گەڕانەوەو دۆزینەوەی ئەسڵی خۆیەتی، لای سۆفییەکان رۆحی مرۆڤ بەر لەدروستبوونی دونیا لەخودادا بووە کاتێك ئەو رۆحە چۆتە جەستەی مرۆڤەوە دورخستنەوەیەك بووە لەخودا، بۆیە سۆفییەکان بەردەوام بەئومێدی دیدارەوەن تا بگەڕێنەوە بۆ لای بنەڕەتی خۆیان، وەك چۆن جگەلە خۆشەویستی هیچ مەبەستێکی تریان نییەو سۆف راستەقینە وەك خانمە عارف رابیعای عەدەوییە کە دەڵێت (خودایە ئەگەر لەترسی دۆزەخ ئەتپەرستم بمسوتێنە لەئاگری دۆزەخدا، وە ئەگەر بەئومێدی چونە بەهەشتەوە ئەتپەرستم لێم

حەرامکە وە ئەگەر لەبەر خۆت ئەتپەرستم بێبەشم مەکە لەدیدارت[٦]، عەشقی راستەقینە بێ مەبەستە و هیچ بەرژەوەندییەکی لەپشتەوە نییەو جەلادەت سۆفییانە عاشقە (خۆشەویستی من بۆ دالیا ئاواتی تیا نەبوو بەڵکو وردبوونەوە بوو لەفیراق) جەلادەت دوای زنجیرە تراژیدیاکان و کامڵبوونی ئەم قسەیە دەکات و کۆمەڵێك پرسیاری قورس دەوروژێنێت بەرامبەر بەعەشق، رایدەگەیەنێت کە عەشق رمانە و فیراقە نەك وەسڵ (عاشقە بچوکەکان دەپرسن کەی بەمەعشوقە دەگەم، عاشقە گەورەکان دەڵێن کەی و لەکوێی ئەم وجودەدا من لەمەعشوقە جیا بوومەتەوە)ل٢٦٦، لێرەدا ئاماژەدان بەجیاوازی خستنەڕووی روکەشی عاشقی گەورەو بچوك نییە، بەڵکو پرۆسەی کارکردنە لەسەر تێوری عەشق و چەمکی فیراق، چونکە عەشق هاوکات لەگەڵ فیراقدایەو ئەگەر دابڕان و لێکترازان نەبووایە ئەو کات هیچ دەرفەتێك نەبوو بۆ دوان لەسەر عەشق، چونکە عەشق خۆی لەخۆیدا دەمایەوەو عاشق و مەعشوق دەبوونەیەك جەستە و رۆح ئەوکات باسکردن و قسەکردن لەسەر عەشق خۆمەشغولکردن زیاتر هیچیتر نەبوو، بەڵام کاتێك دابڕان وەك بەربەستێك یەخەی عەشق دەگرێت کەسی دابڕاو تامەزرۆی دووبارە نزیکبوونەوەو گەڕانەوەیە بۆ ئەو چرکە ساتانەی کە یەك شت بوون، کە ئەمە لەم دونیایەدا مەحاڵە، بەڵکو تەنیا دەبێت رابمێنێت لەوردی فیراق و سەرمەستی ئەو ساتانە بێت کە بەیەکەوە بوون لەزەمەنێکی زۆر دور لەئێستادا، ئەم قوڵایی بەرەو بیرکردنە چوونەدەبێت ناسامە بۆ عاشقە گەورەکان، لەهەمان کاتدا باری شڵەژان و بێ ئۆقرەیی ئەو عاشقانەی ترمان بۆ دەردەخات کە تەنها مەبەستیان گەیشتنە بەکەسی بەرامبەرو دامرکاندنەوەی ئارەزوەکانیان و تێڕوانینی وردیان بۆ عەشق نییە، عەشقیان وەك پێویستییەکی جەستەیی دەوێت، نووسەر بەجۆرێك ئەم دوڕایەی لەڕۆمانەکەدا هێناوە کە بچوکترین زەڕبەش لەخۆشەویستی و عەشق نەدات و لەبەهای هیچیان کەم نەکاتەوەو جیاوازیە گەورەکانیش بخاتەڕوو.

پەراوێزەکان

١. فلسفه عرفان، دکتر سید یحی یثربي، چاپخانه دفتر تبلیغات اسلامی، چاپ چهارم، ص٤٩

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٤٢٣.

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨٥.

٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٦٠.

٥، مثنوي معنوی، مولانا جلال الدین محمد بلخی، انتشارات پیمان، چاپ پنجم، ص٧.

٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٥٧








**ئەم قەسیدەیەش بۆ تۆیە**
**گوڵعوزاری قەدەم**

ئەحمەدی مەلا

**فێرم بکە وەک ئاشقان پیاسە بکەم!**

پشکۆنەجمەدین

**شانۆیی چیتر چاوەڕوان نابین**

تالیب عەبدولکەریم

**سنوورەکانی جیهان**

محەمەد عەبدوڵڵا

دەق

# ئەم قەسیدەیەش بۆ تۆیە

# گوڵعوزاری قەدەم

ئەحمەدی مەلا ـ فەرەنسا

عیشقێک هەڵێکردبوو و ساباتێ دەگەڕا. چرایەک چراخان و بیرێکیش هەندەی بیرچوونەوە قووڵ. لەزاکیرەی خووناویش سەبەتەیەک پڕ لەلالە و وەنەوشەی شەم.

گەلێ رووخسارم هاتنەوە یاد :

رووخسارێک تەنها دڵۆپەیەک ئاو بوو، رۆشن،

رووخسارێک شەو لەسەری نوستبوو، رووبارێک،

رووخسارێک تەڕ مینا هێشووی شەهوەت، تەماوی،

رووخسارێک تەنها گیایەک سەوزیی دەدایە، شایەک،

رووخسارێک هەتاوێ قەتیسی بەر سێبەر، تەلارێک،

رووخسارێک سۆزانی، سۆزی مەولانا، جەخارێک،

رووخسارێک سەمای دەروێشێک، فەنا و فانی،

رووخسارێکترووسکایی خەزان، گەلایەک،

رووخسارێک رۆندکێ، ترۆپکێ بۆ هەژان، ژانێک،

رووخسارێک رێگایەکی مەلوول، تەنهایەک،

رووخسارێک بەردێ، دەردێ، نەغمەی بایەک،

رووخسارێک تیشووی جەهەننەم، سەحرایەک،

رووخسارێک گۆنایەک لێوێکی نێو ئاوێنە، جۆگەلە بوو

**خورڕخورڕ دەرژایە باوەشی دورڕدونگم و تاڵ بوو جوانی...**

**خورڕخـورڕ بوومـە جۆگەلـەی عـەدەم و رژامـە نێـو ئاوەڵنـاوی هیشکایی،**

**خورڕخورڕ دەچەمامەوە سۆلاڤی حەقیقەت بەپاژنەمەوە...**

**خورڕخورڕ سەمایەک بۆنی هەتاوی دەگواستەوە...**

**خورڕخورڕ جەستەم هەلاهەلا دەبوو دەکەوتە نێو کەڵبەی کـەمتیار و هاشـەکان بەربوونـە نێـو میهـری جـوانیی و رووخـسار ئـاوا دەبوون...**

**٢٥-٥-٢٠٠٧**



# فێرم بکە وەک ئاشقان پیاسە بکەم!

پشکۆنە جمەدین - سوید

لەتاریکایی دڵمدا تاڵێ لە تیشکت بڕوێنە!...
تیرۆژێک لە بیناییمدا،
لە هزرینمدا ئیشراقێک،
لە نێو لەپمدا مانگێک و



لە زمانمدا ئەستێرەیەک!

لەنێو بازنەی رەشبینیدا هەڵمکێشەو
لەخەرمانەی نووری خۆتدا پەنجەرەیەک
بۆ بینینم ئاوەڵاکە!

ئەشقی رۆحتم.. ئاشقم بە!
بە زمانی ئەڤین بمدوێنە!
لە سۆناتای دەنگی تۆدا،
بە نۆتەی دەنگەکان ئاشنام
فێرم بکە:
بە تەنیایی وەک ئاشقان پیاسە بکەم
لەگەڵ کەروێشکەی قەرسیلدا ببمە شەپۆڵ!
هاوئیقاعی چڵەپۆپی سنەوبەرێک بشنێمەوە
لە گریەی گەڵایەک بگەم کە چڵی خۆی بەجێدێڵێ
لەنێو جامۆڵکەی پەیڤێکدا مشتێک مرواری هەڵهێنجم
لە تەلاری تێکستێکدا،
دەرگا لەسەر گەلەرییەک
بۆ رەنگەکان بترازێنم.

بمبەرە ڕۆخی ڕۆخانەی خەیاڵ،
با لەخەزانی ئەو گوڵماچانە بڕوانم بە بای پاییزم سپاردن.
ڕووناکاییی بزەکان کە لەسەر بەرزاییی تاوێرەکانی تەمەن کوژانەوە،
ببینمەوە!
بژێنمەوە لەجەستەمدا گەرماییی جەستەکان کە زەمهەریرن ئەمێستا.
ڕۆژێک گوتم:
«بەردیش لەگەڵ زەوین دەدوێت.
بەردیش زمانێکی هەیە،
ئێمە هەرگیز لێی تێ ناگەین!....».
لەنێو سیحری ڕۆشناییتدا،
دیرۆکی بەبەردبوون و بوون بەئاوی ڕۆحەکانم،
لە زماندا بۆ بنەخشێنە!
تۆ مەهێڵە:
ئەسپی سەرم سین بکات و
سمکۆڵانی بیرچێتەوە.
ڕەگی زمانم با هەر خۆی بێ و
لەسەر بنجی زمانێکی تر نەڕوێتەوە!
تۆ بهێڵە بە باڵی زمانێکی باڵا،
باڵای شیعر بەرزتر بفڕێ،
تا تەرزی شکۆیی ئەوین،
دووندی ئەشقت جێنەهێڵێ.



ئاگۆستیی ٢٠٠٦

# شانۆیی چیتر چاوەڕوان نابین

نووسینی: تالیب عەبدولکەریم

**ئەکتەرەکان:**

**چوار کوڕو چوار کچ**

سەرەتا شانۆییەکە بەمۆسیقا بەشێوەی (ئاهاتێك) دەستپێدەکات پاشان..

**کوڕی١:** من باوکێکم سەراپا جەستەم شەلاڵی خوێنە.

**کچی١:** منیش دایکێکم، ناخم پڕە لەحەسرەت و زووخاوی لێئەتکێ.

**کوڕی٢:** من پیرەمێردێکم کوێراییم داهات و کوڕەکەم دیار نییە.

**کچی٢:** من عاشقێ بووم سۆمای چاوم داهات و دەستگیرانەکەم نەهاتەوە.

**کوڕی٣:** من هەمیشە خەو بەباوکمەوە دەبینم.

**کچی٣:** منیش خەون بەداهاتووی خۆمەوە دەبینم و چاوەڕوانم، نازانم چارەنووسم بەرەوکوێ دەڕوات.

**کوڕی٤:** من داوای گەڕانەوەی روفاتی باوکم دەکەم.

**کچی٤:** من دەمەوێت بۆن بنێم بەجەستەی ساردو سڕی دایکمەوەو تێرتێر بۆنی بکەن.

**کوڕی١:** هەموو ئەوانەی روویاندا خەتای خۆمانیشی تێدابوو.

**کچی١:** خۆمان بۆ؟ دەزانم..، مستەشارەکان ئێمەیان قڕکرد..، چونکە باوکم مستەشار بردی، وتی خەمتان نەبێ لەسەر من...

**کوڕی٢:** دەزانم..، ئێستاش بێسەروشوێنە.

**کچی١:** جاچی بکەین.. چیمان پێدەکرێت؟

**کوڕی٣:** باکەسوکاری ئەنفالەکان، رێپێوان بکەن، بۆئەوەی ئەوەی دەستی هەبووە لەو کارەساتە بدرێنە دادگا..

**کچی٢:** باپەرلەمان چارەسەری بکات یاخود یاسایەیەکی بۆ دەرکات.

**کوڕی٢:** جا دەتوانن؟ من باوەڕناکەم..

**کچی١:** بۆچی باوەڕناکەی؟ ئەوان دەتوانن زۆر یاسا لەبەرژەوەندیی خۆیان دەربکەن، گوایە ناتوانن یاسایەکیش بۆ ئەو ئەنفالچییانە دەربکەن؟

**کوڕی١:** ئەوە تۆ دەڵێی چی، ئەوانەی ئێمەیان ئەنفال کرد ئەمڕۆ زۆربەیان کار بەدەستن.

**کچی١:** توخوا وازبێنە، بزانە تووشی بەڵایەکمان ناکەی.

**کوڕی٤:** من گەرمیانم..، بست بەبستی شەقاربووی خاوکەرو ئەڵڵاوەیسی یەکەم سوتماکەو دووکەڵی لێهەڵدەسێت.

**کچی٣:** من بادینانم جەزراوی و کاوێزو ئەیازەکەم چاوەڕێی دووبارە دەست لەملانێی لاس و غەزالن.

**کوڕی٣:** من حەیران و لاوکە بەسۆزەکەی هەولێری هۆلاکۆ بەزێنم و چاوەڕوانی گەڕانەوەی خەجێ و سیامەندم.

**کچی٤:** من شارەزوورە بەپیت و بەرەکەتەکەی خۆتانم تا ئەمڕۆ هەناسەم بۆنی سێوی لێدێت.

**کوڕی٢:** من قەراغی ماڵوێران و خێرلەخۆ نەدیوم.

**کچی١:** من بالیسانم و تا ئێستاش برینەکانم ساڕێژنەبووە.

**کوڕی٤:** شێخ بزێنی، شوان، هەمەوەن، جەباری، قادرکەرەم..

**کچی٢:** سەرگەڵو، بەرگەڵو، لانکەی پیرۆزی میللەتەکەم.

**کوڕی١:** من لەعەرعەرەوە هاتووم و پەیامم پێیە.

**کچی١:** من لەنوگرەسەلمانەوە هاتووم و مژدەم پێیە.

**کوڕی٢:** من لەتۆپزاواوە هاتووم و روحیانەتم پێیە.

**کچی٤:** من لەدەست سەگە رەشەکان هەڵاتووم.

**کوڕی٣:** من لەدەست حەجاج رامکردووە.

**کچی١:** ئەو حەجاجەی کە هەموو بەدەست قامچیەکەیەوە دەیان ناڵاند.

**کچی٣:** توخوا کوانێ، کوا روفاتی باوکم بهێننەوە.

**کوڕی٢:** ئەی من؟ کە لەدایکبووم باوکی خۆم نەدیوە.

**کچی٤:** من نەنکم بۆی باسکردم کە باوکتیان برد لەسکی دایکتدا بووی.

**کوڕی١:** ئەو ڕۆژەی کە جلی بوکێنیمان هەڵگرت، دەستگیرانەکەمیان برد ئیتر نەم بینییەوە.

**کچی١:** من تا ئێستا جلە بووکێنییەکانم دەست لێنەداوەو هەڵمگرتووەو هەرچاوەڕوانم.

**کوڕی٤:** ئەو ڕۆژەی کە ماڵەکەمیان ڕووخاند من لەماڵەوە نەبووم هەموو کەسوکارمیان برد.

**کچی٤:** من ناوم ئیڤایە ئەڵێن گوایە لەناو ئیڤادا لەدایکبووم باوك و دایکی خۆم نەدیوە.

**کوڕی٣:** بەڕاستی سەیرە؟ ئەی گوایە لەکوێ گەورەبووی.

**کچی٤:** کە لەدایکبووم نەنکم لەگەڵدا بووەو بردوویانم بۆ نەخۆشخانەی منداڵان پاشان نەیانداومەتەوە بەدایکم.

**کوڕی٣:** ئەی دواتر چۆن بوو. ئەی کێ ناوینای ئیڤا، پاشان کێ بەخێوی کردیت؟

**کچی٤:** دەڵێن دوای ئەوەی لەدایك بووم نەنکم لەگەڵدا بووە، نەنکیشم بەبۆنەی منەوە ئازادکراوە پاشان ئەو بەخێویکردم و هەر ئەویش ناوینام.

**کوڕی٢:** بەڕاستی کارەساتێکی جەرگبڕە، ئەی گوایە ئێستا چییان بۆ کردووی.

**کچی٤:** چیمان بۆ بکەن، هەر ئاوڕیشمان لێنادەنەوە، چ جای ئەوەی شتمان بۆ بکەن، بۆنەگبەتی نەنکیشم تووشی نەخۆشی نەفسی بوو دواتر مرد.

**کوڕی٣:** کەواتە پێویستە ناخی هەموومان چاك بکەنەوە بۆئەوەی ئێمەش تووشی نەخۆشی نەفسی نەبین.

**کچی١:** دەزانن دەیان کارەساتی لەوە خیراپتر هەیە، بەڵام ئەمە دڵۆپێکە لەدەریایەکی گەورە.

**کوڕی١:** بەڵام نا ئێمە دەبێت هیوابڕاو نەبین وەکو کەسوکاری ئەنفالەکان دەبێت فشار دروستبکەین بۆ ئەوەی بەجدی لەداواکانمان بکۆڵنەوەو بەپیرمانەوە بێن.

**کچی٢:** بەپیرمانەوە بێن.؟ ڕاستناکەن هەر کە لەبەرچاویان ون بین یاخود ساڵەو ساڵ کە یادی ئەنفال دەکرێتەوە پاشان بیریان دەچێتەوە.

**کوڕی٤:** نـا، پێویـستە گوێمـان لێبگـرن وریـاتر ئـاوڕ بدەنـەوە، ئـەگینا خـۆ ئـەمان لەدەسەڵاتدارانی پێشووتر ئازاتر نین.

**کچی٣:** ئەمجارەیان لێناگەڕێین هەروا بەئاسانی بۆی دەرچن، ئەگینا..

**کوڕی٢:** ئەگینا چی؟ تەقەیان لێئەکەی، ڕێپێوان ئەکەی، هەرگوێت لێناگرن.

**کوڕی٣:** هەر دەبێت گوێ بگرن، چونکە مێژوو لەکەس نابوورێت.

**کچی٤:** مێژوو؟ بەڵێ بەڵێ، دەزانی زۆر ساویلکەی.

**کـوڕی٤:** کـچێ ئـەوە باسـی چـی دەکـەی.. ئەمـساڵ (١٩) سـاڵە ئازیزانمـان بێـسەرو شوێنن.

**کچی١:** تۆ باسی (١٩) ساڵ دەکـەی ئـەوە (١٥) سـاڵە بـەناو حوکمـەت و پـەرلـەمانمان هەیە کەچی تەنیا دڵۆپێك لەخەمی ئەنفال کەمنەکراوە.

**کوڕی١:** بەڵکو بگرە خەمەکانیان زیاتر بووە.

**کچی٤:** ئەوانەی باوك و دایـك و براکانمانیـان بێـسەروشوێن کـرد لەسـەرووی ئێمـەوەن دەبێت چاومان لەدەستی ئەوان بێت.

**کوڕی١:** تۆ لەو بڕوایـەدای کـە ئەوانـە هیـچمان بـۆ بکـەن لەکاتێکدا ئـەوان دەسـتیان سوورە بەخوێنی ئەم میللەتە.؟

**کچی٢:** من بەتەواوەتی ڕەشـبینم، چـونکە تروسـکایی تێـدا نـابینم و بـەردەوام نـاخی خۆم دەدوێنم و پرسیار دەکەم و وەڵامم دەستناکەوێت.

**کوڕی٢:** زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە ئەو کوڕەی کـە لـەکاتی ڕەمیکردنـدا لەگـەڵ ئـەو هەمووە چۆن بەموعجیزە ڕزگاری بووە..؟

**کچی١:** باش بوو باسـی ئـەوەت کـرد زۆرجـار بـەرگوێم دەکـەوێت کـە کێـشەی ئـەنفال بەجیهانیی بکرێت یاخود مۆنۆمێنتیان بۆ بکرێت یاخود زۆر شتی تریش.

**کوڕی٤:** بەبڕوای من هیچ کام لەمانە خەمە گەورەکەی سەر دڵیان کەمناکاتەوە.

**کچی٣:** من دەڵێم خەڵکانی سینەمایی دەتوانن کێشەی ئەنفال بەجیهانیی بکەن.

**کچی٤:** ئـەوەی مـن بـزانم میللـەتانی دنیـا کارەسـاتە گـەورەکانیان لـەڕێی سـینەماوە بەمیللەتانی دنیا ناساندووە، چونکە هونـەر ڕووی گـەش و شارسـتانییەتی هـەموو گـەل و وڵاتێکە.

**کوڕی٣:** ئەزانن دایکم جاران شەوانە جێگای بۆ هەموومان ڕادەخست و بەیانیان کۆی دەکردەوە بەڵام ئێستا واناکات..!

**کچی١:** دەزانم، دڵنیا بووە لەوەی کە جارێکی تر نایەنەوە.

**کوڕی١:** کەمتان شانۆگەری (لەچـاوەڕوانی گـۆدۆ) دای بینیـووە، دەزانـن لەسـەرەتای شانۆگەرییەکەوە هەتا کۆتایی چاوەڕێن گۆدۆ بێتە سەرشانۆ کەچی هەر نایەت.

**کچی٣:** کەواتە ئێمە (ستراگۆن و فلادیمیر)ین و ئەوانیش گۆدۆ کەواتە نایەنەوە.

**کوڕی٢:** ئێمە دڵنیانین ماون یان نەماون، چونکە ئێـستاش زۆر لـەدایك و بـاوك و بـراو خوشك بڕواناکەن.

**کچی٣:** هەموو کەوتوینەتە بەینی دوو بەرداش و گومانمان لادروست بووە.

**کوڕی٤:** بەیانییەك زوو وەکـو ئـەوەی دایکـم دڵـی خەبـەری دابێـت قـەت وانـەبوو (٣) دیناری ئاسنی دامێ و وتی کوڕم ئاگات لەخۆت بێـت پاشـان ڕۆشـتم بـۆلای حەیوانـەکان، بەڵام بەداخەوە ئەوە دواجاربوو ئیتر کەسیانم نەبینییەوە.

**کچی٣:** ئێ دواتر چیت بەسەرهات؟

**کوڕی٤:** ئەمە بەسەرهاتی دوورودرێژە هەروا بەئاسانیی باسناکرێت، ئیتر لـەو ڕۆژەوە لەسۆزو خۆشەویستی بێبەش بووم، نازانم مانای سۆزو خۆشەویستی چییە.

**کچی١:** دەزانی کە باسی خۆشەویستی دەکەی خەریکە تووشـی شـۆك بم، چـونکە مـن خەڵکم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام نازانم.

**کوڕی٣:** جا ئێمە لەهەموو بەها جوانەکانی ژیان بێبەرین، چ جای خۆشەویستی.

**کچی٤:** ئێ ئەوان دڵڕەق بوون و مانای خۆشەویستییان نەدەزانی ئەی ئەمانەی خۆمان بۆ؟ خۆ ئەمانەش بەس نامان کووژن، کوشتن جارێکەو تەواو، بەڵام ئەمانە ڕۆژانـە دەمـان کووژن.

**کوڕی١:** باوکم دێتەوەیاد کە ئێواران هەموومان لەسەر سەکۆی بەرهەیوانەکەی خۆمان دادەنیشتین باسی خۆشەویستیی بۆ دەکردین هەموو جارێك دەیوت: دەبێت خەڵکمان خۆشبووێت و یەکترمان خۆشبووێت.

**کچی٣:** من هەمووجارێك، کە دەسگیرانەکەم دەبینی هەمیشە باسی خۆشەویستی خاك و ئاوو میللەت و دواتر باسی خۆشەویستی هەردووکمانی دەکرد.

**کوڕی٢:** ئەوە خۆشەویستی یەکی پاك و بێگەردبوو، چونکە ژیان سادە بوو.

**کچی٢:** کەس مانای کینەو بوغزو دووبەرەکایەتی نەدەزانی، بەڵام بەداخەوە ئێستا هەموو پیرۆزییەکان کاڵ بوونەتەوە.

**کوڕی٢:** هەر لەخەمی ئەوەدا بووم رۆژێك لەڕۆژان رزگارمان بێت و بتوانین بەئازادیی هەموو ئەم وڵاتە بگەڕێین و چارەنووسیان بزانین، بەڵام حەیف.

**کچی١:** منیش ئەمووت کورد ببێتە حکومەت و پاداشتمان بدەنەوە.

**کوڕی٣:** من پاداشتم ناوێ پارەش ئەدەم بەس رووفاتی باوکم بهێننەوەو هیچی تر (لاوانەوە).

**کچی٣:** جا پاداشتت دەکەن؟ دوای پانزە ساڵ گوێت لێنەگرن دڵنیابە پانزە ساڵی تر هەر قسەکان دووبارە دەکەنەوە.

**کوڕی٤:** ئەمجارەیان نامانەوێ برینەکان بکولێنینەوە.

**کچی٤:** ئەمجارەیان هاتووین بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین.

**کوڕی٢:** ئیتر لێناگەڕێین دەچینەسەریان و پێیان دەڵێین: چی بەڵێنتاندا نەتان بردەسەر.

**کچی٣:** ئەمساڵ لەیادی ئەنفالدا سەرزەنشتیان دەکەین.

**کوڕی٣:** ئیتر گوێتان لێناگرین و بێدەنگ نابین.

**کچی١:** نایەڵین هەررۆژەو یەکێکمان بمرێ و پرسەکەشی نەبینن.

**کوڕی١:** خەریکە وەکو نوگرەسەلمانی لێدێت.

**کچی٢:** لەم سەردەمی پێشکەوتنەدا خەریکە لەتینوان دەخنکێین.

**کوڕی٣:** خەریکە وەکو تۆپزاوە سەگەڕەشەکان دەمانخۆن.



**کچی٤:** ژیان سەخت بووە، ناخۆش بووە، بۆگەن بووە.

**کوڕی١:** کوا حکومەت؟ کوا پەرلەمان؟

**هەموو:** لەکۆبوونەوەن.

**کچی١:** بەڵام دەبێت دەرگای ئەو سجنە بشکێت.

**کوڕی١:** تا پرتەقاڵ و مۆزو سێومابێت.

کۆبوونەوەکان قەت تەواو نابێت.

گەر دەتانەوێت ئەو سیسرکانە

وەك کەو کەوی کەن

لەبەغدا چۆنن لێرەش وابن

سەری سەقەتیان وا پێ نەوی کەن

توخوا ئەم جارە گەر کۆبوونەوە

چەرەس و میوەی سەرمێزەکانیان

وەلا نێن

ئێسك و پروسکی ئەنفالەکانیان

لەبەدەم دانێن

**کچی٤:** من ئیتر چاوەڕوانی هاتنەوەی دایکم ناکەم.

**کوڕی٣:** جارێکی تر باوکم نایەتەوە.

**کچی٢:** ئەوەی خۆشمویست ئیتر نایبینمەوە.

**کوڕی٤:** جارێکی تر فەرهاد نایەتەوە تا کێوی بیستوون بنەخشێنێت.

**کچی٣:** چیتر چاوەڕوانی گۆدۆ مەکەن.

**کوڕی٢:** خۆری من ئاوابوو ئیتر هەڵنایەتەوە.

**کچی١:** کانییەکان کوێربوونەوە.

**کوڕی١:** جارێکی تر شەنگەبێری نابێتەوە.

**هەموو:** چیتر چاوەڕوان نابین.

کۆتایی ٢٠٠٧/٤/١٤

**تێبینی:** کۆپله شیعری کۆتایی شاعیری گەوره (عەبدوڵڵا پەشێو)ە.

ئەم بەرهەمه له ٢٠٠٧/٤/١٤ و لەئۆردوگای شۆڕش لەقادر کەرەمیـەکان لەناوجەرگـەی کەسـوکاری ئـەنفالکراوەکان لەکاتـژمێر (١١)ی سـەرلەبەیانی نمایـشکراوه، هـەروەها ئێوارەکەی کاتژمێر (٤) لەهۆڵی رۆشنبیریی لەچەمچەماڵ نمایشکراوه دواتـر لەسـەردوای پەیمانگـەی مامۆسـتایانی چەمـچەماڵ لەکاتـژمێر (١١)ی سـەرلەبەیانی لەبـەرواری ٢٠٠٧/٤/١٦ نمایـشکرا، هـەروەها ئـەم بەرهەمـە بـەنیازه ببرێتـە شـوێنی تـریش، ئـەم ئەکتەرانـەش بەشـدارییان تێـداکردووه (ئاسـۆئاواره، شـێرزاد رەشـید، هـێمن محەمـەد، سەنگەر عەسکەر، دیمەن غازی، شادی ئیسماعیل، شەهله ئیسماعیل، شەهێن حوسێن).

*هەروەها له ٢٠٠٧/٥/١٠لەهۆڵی روشنبیری شاری هەولێر نمایشکراوه.

شیاوییباسه دەرهێنانی شانۆگەرییەکەش لەلایەن هونەرمەند (تالیب عەبدولکەریم)ەوه بووه.



**خوێندنەوەی کتێب**

# سنوورەکانی جیهان




خوێندنەوەی: محەمەد عەبدوڵڵا

ڕۆمانی (سنوورەکانی جیهان) دوایین بەرهەمی سەلام مەنمی-یەو لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس-ە، لەدوو توێی (٢٠٥) لاپەڕەدایە.

سەلام مەنمی قەڵەمێکی بەئەزموونی ژانری چیرۆکی کوردییەو پێویست بەباسکردن ناکات، ئەم ڕۆمانەشی بۆ خۆی سێیەمین ئەزموونیەتی لەو بوارەدا. سەلام مەنمی وەك لەبەرهەمەکانی دیکەیدا دەبینرێت، زمانزانێکی ئاسۆفراوانەو لەبواری وشەسازیدا ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمجارەش لەسەر هەمان ڕێچکەی زمانپاراویی خۆی ڕۆیشتووە.

لەسەرەتاوە هەر لەیەکەم حیواردا ویژدانی سوارەی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەبێتە گێڕەرەوەو بەرامبەر بەپاڵەوانەکە دەکەوێتە سەردی ڕووداوەکان، کە جۆرێکە لەزیندووکردنەوە، یان وەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکانی سوارەی کەسێتیی سەرەکی

ڕۆمانەکە، بۆیە سەرجەم چیرۆکەکە دەچێتە قاڵبی ئەو شێوازە ڕۆمانانەی کە گێڕەرەوە، وەك حیکایەتخوانی بەئاگا (الراوی العلیم) خۆی ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانەو سات بەساتی گوزارشت و هەڵوێستەکان ژیاوەو ئێستا بەرامبەر بەکەسێتی سەرەکیی چیرۆکەکە دەیگێڕێتەوە، جارێك وەك سەرزەنشت، جارێك وەك پێداهەڵدان و جاریکیش وەك سەرسامبوون بەپاڵەوانەکە، بەمەش حیکایەتخوان زۆرجار لەکەسێتیی پاڵەوان نزیکدەبێتەوەو لەهەندێك کاتدا بیروبۆچوون و هەستەکانیشیان ئاوێزان بەیەکتر دەبن. ئەم شێوازە ئەگەرچی لەهونەریی ڕۆماننوسیدا یەکەمجار نییەو لەمێژە کاری پێدەکرێت، بەڵام لەڕووی جوانکارییەوە ڕۆمانەکە تۆکمەو بەیەکەوە دەبەستێتەوەو وای لێدەکات کارەکتەرە بنەڕەتییکان، جهانبینیان لەیەك خولگەدا بسووڕێتەوە.

یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی نووسەر سەرکەوتنی باشی تێدا بەدەستهێناوە، فەزاو جوگرافیای ڕۆمانەکەیە. دیارە بوونی چەند فەزایەکی جیاواز لەڕۆماندا بەربڵاوییەك و ئاسۆیەکی فراوانتر دەداتەدەست ڕۆماننووس و ڕووبەری بەردەمی والادەکات تا زۆرترین ڕووداوی جیاواز بچنێت.

یەکەم جوگرافیا کە نووسەر کاری تێدا دەکات، گوندە بچووکەکەی سوارەیە، کە لەوێ لەدایکدەبێت و هەر لەوێ ژیانی منداڵی بەسەر دەبات و فێری خوێندەواریی دەبێت. جیهانبینی پاڵەوانەکە لەم ساتانەیدا لەئاست فەزا بچووکەکەیدا، پاشان بەگۆڕینی جوگرافیای چیرۆکەکە لەلادێوە بۆ شار، ئیتر جیهانبینییەکەش فراوانتر دەبێت، ئەم فەزا گۆڕین و جیهانبینینە لەهەڵکشانی بەرەوژووردایە لەسەرەتاوە تاکۆتایی، بەمنداڵی لەگوندێکی دوورەدەست لەسەردەمێکی کۆندا دەستپێدەکات، تا دەگاتە دەرچوویەکی کۆلێژو کەسێکی ئەکادیمی لەبەغدا، کەڕەنگە یەکەم کەسی ناوچەکەی بووبێت توانیبێتی ئەو سەرکەوتنە بەدەستبهێنێت، ئەمە گۆڕانەکان دەردەخات لەشێوە هەڵکشانی جیهانبینیی سوارەدا. نووسەریش کارامە کاری لەسەر گۆڕینی ئەو فەزایانە کردووە، کە بەشێکی زۆری دەچێتە یادەوەرییەکانی خودی نووسەرەوە، بۆیە ڕەوتی گشتیی چیرۆکەکە لەسەر سکەی خۆیەتی و بەهەموو گۆڕانکارییەکانیشەوە بۆ تەنها جارێك لادانی تێدانییە، ئەم ڕۆمانە بەگشتی بریتییە لەتێکەڵەیەکی یادەوەریی و واقیع و خەیاڵی نووسەر، کە وەستایانە کاری لەسەر کردووەو ئەو ڕۆمانەی پێدروست کردووە.

ڕووداوی سەرەکی کە پێکهێنەری بنەڕەتی چیرۆکەکەیە، ژماننامەی سوارەیە، لەپاڵیشیدا پەلی بۆ چەندین بابەتی دیکە بردووە، وەك ڕووداوی لاوەکی، کە دەبێتە پاڵپشت بۆ ڕووداوە سەرەکییەکە، لەم لایەنەوە چەندین بابەتی ئەو سەردەمە دەکاتە ژێر پرسیارەوەو بۆچوونی خۆشی (واتە حیکایەتخوان و پاڵەوانەکە) لەسەر مەسەلەکان دەردەخات.

دەیەوێت باس لەو کێشمەکێشە ئەزەلییە بکات کە لەنێوان کۆن و نوێدا بەردەوام بووە، دەیەوێت کارەکتەری حەقیقی وەك حەمەی مەلا کەریم لەڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ئیبرازپێبکات، یان دەیەوێت بڵاوکراوەیەکی وەك (دەنگی فەقێیان) بێنێتەوە بەرباس کە لەکاتی خۆیداو لەکێشەی نێوان کۆنەپەرستی و نوێخوازیدا مینبەری فکری نوێ بووە، لەم شارەدا، ئەمانە جگە لەڕووە مێژووییەکانیان ڕەهەندێکی دیکەی ڕۆمان لە (سنوورەکانی جیهان)دا بەرجەستە دەکەن، کە ڕەهەندی کاتە، لەچەند جێگەی چیرۆکەکەدا کات و شوێن بەتەواوی دیاریدەکات، کات و شوێن، فەزاو جوگرافیا، لەڕەهەندە بنەڕەتییەکانی ڕۆمانن، سەلام مەنمی کاری لەسەرکردوون و بەدیقەتەوە دیاریکردوون، ساڵی بەژمارە نەوتووە، بەڵام چەندین مێژووی باسکردووە کە تەواو کاتت بۆ دیارییبکات، ئەم ڕۆمانە بەڕۆمانی مێژوویی دانانرێت، بەڵام بەجوانی و بەڕوونی ئاگایی نووسەر دەردەکەوێت لەبواری مێژووی زەمەنی ڕۆمانەکەو تەنانەت ڕای خۆشی بەرامبەر ئەو مێژووانە دەرخات.

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە چێژی خۆی هەیە، بەتایبەت ئێستا کە بەڕای من گێژاوێك لەنووسینی ڕۆمانی کوردیدا بەدی دەکرێت، (سنوورەکانی جیهان) ئەو چێژە شیرینەی زمانی کوردی وەبیردێنێتەوە، کە ئێستا کەمتر پێی دەنووسرێت، بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕەدا چێژی زمان پێش چێژی ڕووداوەکان کێشت دەکات، جیهانی ڕۆمانی کوردی خۆی هەژارە، چەندین هەوڵی کاڵ و کرچ کە لەڕۆماننووسیندا دەبینرێت، بەنرخی ئەم ڕۆمانە دەردەخەن. سنوورەکانی جیهان ڕۆمانێکی خنجیلەیە، خنجیلە لەڕووی درێژییەوە، چونکە دەکرا بەردەوامی هەبێت و ڕووداوەکانیشی شایستەی بەردەوامیی زیاترن، نووسەر وەك زانراوە، لەبواری نووسیندا نەفەسی درێژەو گومانیشی تێدانییە دەکرا بەوەندەوە نەوەستێت، لەجیهانیشدا ڕۆمان ئێستا زۆر بەدرێژیی

دەنووسرێت، نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو ئێستا چەندین پرۆژە هەیە بۆ تەواوكردنی ئەو شاكارە ڕۆمانانەی ساڵانێكی زۆر بەر لەئێستا نووسراون، نووسەرەكانیان لەدنیادا نەماون و ئێستا هەوڵدەدرێت نووسەری دیكە بەشی نوێ یان تەواوكارییان بۆ بكات، ئەم پرۆژانە هەرچەندە بازرگانین، بەڵام بۆخۆی سەرلەنوێ زیندوكردنەوەی نووسەرو دەقەكانیانە.

ئەمە لەگەورەیی كارەكەی مامۆستا سەلام مەنمی كەمناكاتەوە، ئەگەر لەڕوێكی دیكەوە سەیری ڕۆمانەكە بكەین، ئەوا بەدڵنیاییەوە فەرهەنگێكی گەورەی كۆمەڵێك وشەیە كە فەوتاندان هەڕەشەیان لێدەكات ئەگەر كارێكی وەك ئەمە نەبێت. كۆمەڵێك كارو فرمانی گوندی كوردی، كۆمەڵێك یاری كوردەواری، كۆمەڵێك چەمك و زاراوەی گوندنیشینانی ئەو سای كوردستان، ئەمانە هەمووی زادەی یادەوەرییەكانی نووسەرن كە بەكردەیی خۆی گوزەری كردوون.

خەڵاتی كونگوری فەرەنسی بۆ ساڵی (٢٠٠٦) درایە ڕۆماننوس (جوناسان لیتل) لەبەرامبەر ڕۆمانی (خانمانی لەخۆبردە)، ڕۆماننووسی بەناوبانگ (          )، یەكێك بووە لەدەستەی هەڵسەنگاندنی بەخشینی خەڵاتەكە، لەوتەیەكدا دەربارەی ئەو ڕۆمانە وتی: (ئەگەر ڕۆمانێك لەم سەردەمەدا شایستەی ئەوە بێت ناوی لێبنێین كلاسیكی، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕۆمانەكەی جۆناسان لیتلە).

منیش دەڵێم: ئەگەرچی ئێمە ڕۆمانی كلاسیكیمان نییە، بەڵام دەكرێت بەم كارە بڵێین ڕۆمانی كلاسیكی، هەموو ئەوانەی سەرەوە وامان لێدەكات سوپاسگوزاریی نووسەر بین بۆ ئەو ڕۆمانە جوانەی پێشكەشی ئەدەبی كوردی كردووە.




**تەنگژەی سەلەفییەتی ئیسلامی**
دلێر محەمەد

**سەردەمی ئاتیک**
حەمە کەریم عارف

**لەپەیڤە ئاسکەکانی نزار ئەلقەبانی**
شێرزاد هەینی

**سۆما**
عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە



# وەرگێڕان

# تەنگژەی سەلەفییەتی ئیسلامی

## گفتوگۆ لەگەڵ نووسەرو وەرگێڕی عەرەب هاشم ساڵح

سازدانی: محەمەد مسعاد

و.لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد



ئەمرۆ جیهانی ئیسلامی پێویستی بەلێکدانەوەیەکی ئەقلانییە بۆ ئیسلام بۆئەوەی لەرووبەڕووبوونەوەی لێکدانەوەی نەگۆڕو چەقبەستووی باڵادەستدا راوەستێت، ئەمە یەکێکە لەو داواکارییانەی کە هاشم ساڵح-ی نووسەری سوری نیشتەجێی پاریس لەم چاوپێکەوتنەدا دەیخاتەڕوو.

**×گەر لەمەڕ سەلەفییەت پرسیارت لێبکەین، دەڵێیت چی؟**

زاراوەی سەلەفییەت لەجیهانی عەرەبیدا وەك هاوواتای زارەوەی چەقبەستن بڵاوبووەتەوە، چونکە کاتێك دەڵێین ئەوە کەسێکی سەلەفییە، ئەوە بەو مانایەدێت، کە ئەو کەسە لەتێگەیشتنیدا بۆ دین، کەسێکی نەگۆڕو چەقبەستووە، یاخود کەسێکی دەمارگیرە، کەسێکە بەناڕەحەتی نەك بەئاسانی، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە قورئانی پیرۆز ئامۆژگاری کردووین، لەئاین تێگەیشتووە. هەروەها سەلەفییەت بەواتای پەیوەستبوونی حەرفییانە دێت بەدەقی پیرۆزەوەو تەفسیرنەکردنی بەشێوەیەکی میتافۆری (مجازی)، واتە زاڵکردنی لێکدانەوەی حەرف بەسەر جەوهەرو مەبەستی قووڵی دەقی ئایینیدا، بۆ نموونە لەبەرئەوەی سەلەفییەتی پرۆتستانتی لەئەمریکا، بەشێوەیەکی حەرفی لەکتێبی پیرۆز تێدەگەیشت و لێکدانەوەی میتافۆری کتێبی پیرۆزی رەتدەکردەوە، هەربۆیە دواجار سەلەفییەت بەشێوەیەکی حەرفی، بەواتای گەڕانەوە دێت بۆ بنەڕەت (الاصل)و پەیوەستبوون و وەرگرتنی بەشێوەیەکی حەرفی وشك و مردوو. هەروەها لەئاکامی ئەمەشدا هاوسەنگییەك لەنێوان باوەڕی ئایینی هەنووکە لەلایەك و لەنێوان ئەو فۆڕمە

کـەلتووری یـاخود دەزگاییـەدا، دامـەزراوە کـە ئـەم بـاوەڕە ئایینییـە، لەچرکەسـاتێك لەچرکەساتەکانی رابردوویەکی دووردا پۆشیویەتی، لەلایەکی ترەوە، ئەمـە لەکاتێکدا کـە بـاوەڕ بـەردەوام و هەمیـشە بـاوەڕێکی کـراوەو ئـازادو خۆتازەکەرەوەیـەو پێویـست بـەوەناکات کـە نـەگۆڕێت و چەقبەسـتووبێت، چـونکە ئێمـە لـەم سـەردەمە زانـستی و فەلسەفییە نوێیەدا ناتوانین باوەڕمان بەهەموو ئەو پڕوپووچی و پەرچـوواندبێت کـە بـاوو باپیرە کۆنەکانمان بڕوایان پێیان هەبووەو هەنووکە ناکۆن لەگەڵ یاساکانی زانستی فیزیا، یـاخود زانـستی سروشـتیدا، هـەروەها ئێمـە نـاتوانین کتێبـە پیرۆزەکـان وەك کتێبـەکانی فیزیاو کیمیاو بایۆلۆژیـاو ماتماتیـك و..هتـد وەرگـرین. لەبەرئـەوەی تێکسته پیرۆزەکـان، کتێبگەلێکن لەمەڕ هیدایەتی رۆحی و ئەخلاقی بەپلەی یەکەم، بەڵام کەسی سەلەفی بـڕوای وایە کە هەموو زانستی نوێ لەناو ئەو کتێبانەدا بوونی هەیە.

**×تاچ ئاستێک سەلەفیەتی ئیسلامیی قەیران و تەنگژەیـەکی دروسـتکردووە، کە رووبەڕووی جیهانی ئیسلامی بوویێتەوە؟**

سـەلەفیەت بووەتـە قـەیرانێکی سەرسـامکەرو بەربەسـت و ڕێگریـشە لەبـەردەم پێـشکەوتنی گـەلانی عـەرەبی و ئیـسلامیدا، لەبەرئـەوەی بیرکردنـەوەکانی نـاکۆك و دژی تیۆرەکانی زانستی تازەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سەلەفیەت خۆی وەك کۆمەڵێك بیرکردنـەوەی پـیرۆزو بێخـەوش و بـێ گونـاه، بـەبێ هـیچ مـشتومڕێك سـەپاندووە. دواجـاریش مرۆڤـی موسڵمان خۆی لەحاڵەتی کەرتبوون و دابەشبوونێکی زۆر ئەستەمدا دەبینێتـەوە، چـونکە گەر ئەم مرۆڤە تیۆرە مۆدێرنەکان وەرگرێت و بیرکردنەوە سەلەفییەکان فڕێ بـدات، ئـەوا هەست بەگوناه دەکـات، هـەروەها گـەر واز لەبیرکردنـەوە مۆدێرنـەکان بهێنێ و ملکەچـی سەلەفیەت بێت، ئەوا هەست بەفەوتانی خۆی دەکات لەبەرامبـەر سـەردەم و پێـشکەوتنی زانـستی و سـەلەفی و ئەقڵانیـدا، دواجـاریش ئـەم مرۆڤـە لەسەرسـامیدایە لەبەرامبـەر ئـەم کارەدا، کە کەوتووەتە ناو قەیرانێکی راستەقینەوە، نازانێت چۆن لێـی دەرچێت یـاخود چارەسەری بکات، ئەم قەیرانەش دەرنەکەوت، تەنیا لەدوای ئەوەوە نەبێت کە ژمارەیـەك بیرمەندی عەرەب لێکدانەوەیەکی تازەیان بۆ پـەیامی قورئـان یـاخود بـۆ پـەیامی ئیـسلام خستەڕوو، واتە لێکدانەوەیەك کە دەگونجێت لەگەڵ نوێگەریدا، نەك لێکدانەوەیەك کە دژو

نـاكۆك بێـت لەگەڵیـدا، وەك چـۆن هەنووكـە لەئارادایـە، بەمانایـەكی تـر پێویـستمان بەلێكدانەوەیەكی لیبرالی یاخود ئەقڵانییـە بـۆ ئیسلام، تـاكو بەڕووبەڕووبونـەوەی ئـەو لێكدانەوە تاریك و چەقبەستوودا راوەستێت، كە ئەمڕۆ زاڵە بەسەرماندا.

**×بۆ چـی لـەتێڕوانینی ئێـوەدا بەتـەنیا تـەركیز دەخرێتەسـەر سـەلەفیەتی ئیـسلامی، لەكاتێكـدا كـە سـەلەفیەت گرێـدراوە بەهـەموو ئـایین و بیروباوەڕێكەوە؟ ئایا ئـەم كارە بەتـەنیا تۆڵەسـەندنەوەی ئایین لـەخودی خـۆی دروست ناكات، بەپێی دەربڕینەكەی جیل كیبیل؟**

وەك پێشتر گوتم، سەلەفیەت لەهەموو ئایینەكانـدا بـوونی هەیـەو تـەنیا تایبـەت نییـە بەئیسلام، بەڵام مەسیحییە ئەوروپاییەكان و هەروەها جولەكەكانیش، توانیان بیروبـاوەڕە كۆنەكانیان نەهێڵن، پاش ئەوەی میتۆدە زانستی و مێژووییـەكانیان بەسـەردا سـەپاندن، ئەوەش كردەوەیەكە، كە تاهەنووكە لەئیسلامدا روونـەداوە، بـەڵام حەتمـەن لەئاینـدەدا روودەدات، دواجـاریش ئـەم مەسـەلەیە تـەنیا مەسـەلەی كاتـە، هەرچـی پەیوەنـدیی بەدەربڕینەكەی (جیـل كیبیـل)ەوە هەیـە، تۆڵەسـەندنەوەی ئـایین لـەخودی خـۆی، ئـەوا ماناكەی ئەوەیە، كە دین بەبەهێزی گەڕاوەتـەوە نـاو گۆڕەپانەكـە، دوای ئـەوەی كـە لـەو بـاوەڕەدابووین بەتـەواوەتی ئایینمـان تێپەڕانـدووە، لەسـەردەمی باڵادەسـتی ئایـدیۆلۆژیا لیبرالی و ماركسی و ناسیۆنالیستییەكان و... هتددا.

**×سەلەفییەكان بەرەتكردنەوەی نوێگەریی تاوانباردەكرێن، لەگەڵ ئەوەشدا كە دەزانین ئەوان ئامێرو تەكنیكەكانی نوێگەریی بەكاردەهێنن، ئایا لەڕەفتاری ئەواندا ئەم حاڵەتە ناكۆكی دروست نەكردووە؟**

سـەلەفییەكان جگـە لەتـەكنۆلۆژیاو ئامێرەكـان هـیچ شـتێكی دیكـە لەزانـستی نـوێ وەرنـاگرن و ئـەو فەلـسەفە گـشتییەش رەتدەكەنـەوە كـە لەپـشت ئـەم پراكتیكـە تەكۆنۆلۆژییـەوە راوەسـتاوە، یـاخود بووەتەمایـەی بەرهـەمهێنانی ئامێرەكـان. هـەر لەبەرئـەوەش هەنـدێك لەتوێـژەران، سـەلەفییەكان بەكـەرتبوونی كەسـایەتی تۆمـەتبار دەكەن.

**×زانای لاهوتی ئەڵمانی (هانز کونگ Hans küng) وا دادەنێت کە دیالۆگی نێوان مەزهەبەکانی مەسیحییەت، یاخود ئەوەی کە بەبزووتنەوە یەکخەرەوەکان ناسراوە، بووەتە مایەی دەستەبەرکردنی ئاشتی لەناو مەسیحییەتدا، ئایا ئەمە دروستکەری مەرجێکە بۆ گفتوگۆی نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکان لەلایەک و دیالۆگی نێوان ئایینە گەورەکان لەلایەکی ترەوە؟ ئایا لەتێڕوانینی ئێوەدا ئەم کارە بەسە بۆ زاڵبوون بەسەر سەلەفەییەتدا؟**

من زۆر ڕێز لە(هانز کونگ) دەگرم بەو سیفەتەی کە لەناو مەسیحییەتدا زانایەکی لاهوتی مەزنە، چونکە ئەو باس لەلاهوتێك دەکات کە دەگونجێت لەگەڵ سەدەی بیستویەکدا، واتە لاهوتێك کە بەهاوسەنگی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زانستی و فەلسەفییەدا رزگارمان دەکات، کە مرۆڤایەتی بەدەستیهێناوە. دواجاریش ناوبارو لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاتسی تێپەڕاندووە، چونکە چیتر بەکەڵکی ئەم سەردەمەی ئێستامان نایەت. خۆزگە لەلای ئێمە لەجیهانی ئیسلامی هاوشێوەی (هانز کونگ) زانای ئایینی کراوە بەسەر تیۆرە زانستی و فەلسەفییەکاندا بوونیان هەبوایە.

هەروەها بەدڵنایی بزووتنەوە یەکخەرەکان (یاخود دیالۆگی نێوان مەزهەبەکانی مەسیحییەت.. و.ك) بووە مایەی دەرەنجامێکی پۆزەتیڤی جوان لەناو مەسیحییەتی ئەوروپیداو پێویستە هەمان شتیش لەجیهانی ئیسلامییدا بێتەدی، لەبەرئەوەی ململانێی نێوان شیعەو سوننە خەریکە ناوچەکە تێکدەشکێنێت و جەنگی ناوخۆییش لەهەموو شوێنێك بەرپادەکات.

**×کەڵکەڵەیەکی روون و ئاشکرا لەناو کتێبەکەتدا بوونی(١) هەیە، کەپێی وایە بیرکردنەوەی خۆرئاوا گەیشتووەتە پلەی نوێگەری و دوای تازەگەریش، لەبەرئەوەی پێشکەوتنی زانست لەخۆرئاوا هاوڕێ و هاوشانی پێشکەوتن بووە لەبیری ئایینیدا، ئایا پێویستە بیری عەرەبی/ئیسلامی کە تەسلیمی ئەم تیۆرە ببێت و ئومێد لەدەست بدات؟**

نەخێر.. پێویست ناکات ئومێد لەدەست بدەین، بەڵکو دەبێت بەسەر ڕێڕەوی رۆشنگەرکردنی ئاییندا برۆین، وەك چۆن گەلانی پێشکەوتوو ئەمەیان کرد، دەنا هەرگیز

لــەو تەڵەزگەیــە رزگارمـــان نابێــت کــە تێیکــەوتووین. هەمیـــشە دواکـــەوتووەکان لەپێـشکەوتووانەوە شـتیان وەرگرتـووەو هـیچ خەوشـێکیش لـەم کـارەدا نییـە، ئەمـە یاسایەکی سۆسیۆلۆژییە هەر لەسەردەمی ئیبن خەلدون–ەوە.

**×بۆ چـوونتان دەربـارەی ئـەو گوتەزایـەی (هابرمـاس) چـییە، کـەپێی وایـە راستکردنەوەی رێڕەوی جیهانگیریی مەرجی زاڵبوونە بەسەر تیرۆردا؟**

لــەو بــاوەڕەدا نیــیم کــە هابرمـــاس، کێــشەی ســـەلەفییەتی ئیــسلامی، بەتـــەنیا کورتکردبێتەوە بۆ رەهەندی ئابووری، چونکە ئەویش بانگەشە بۆ رۆشنگەرکردنی جیهانی ئیسلامی دەکات، بەڵام ئـەو تـەرکیز دەخاتەسـەر بەرپرسـیارێتی جیهـانگیریی سـتەمکار، ئەمەش شەرەف و ئازایەتییە بۆ هابرماس وەك بیرمەندێکی خۆرئاوا، چونکە ئەمـە واتـای ئەوەیە کە هابرماس دان بەبەرپرسیارێتی خۆرئاوادا دەنێت، لەبەرامبـەر ئـەو هەلومەرجـە نالەبارو توندوتیژەدا، کە ئێمە پێی گەیشتووین. هەروەها سەلەفیەت دیاردەیەکی ئاڵۆزە، کە لەهەمانکاتداو پێکەوە هەڵگری کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەو نابێت تەرکیز بخرێتەسەر فاکتەرێکیان، بەبێ ئەویتریان..

سەرچاوە: سایتی قنطرة، ساڵی ٢٠٠٧.

(١)کتێبی ئاماژەبۆکراو مەبەست لەدواهەمین کتێبی (هاشـم سـاڵح)ە بـەناوی (معـضلة الاصـولية الاسـلامية)، کـە لەسـاڵی ٢٠٠٦دا لەلایـەن (دار الطليعـة للطباعـة و النـشر)ەوە لەبەیروت چاپکراوە.

دەقی چاوپێکەوتنەکەش زیاتر لەسەر ناوەرۆکی هەمان کتێبە.. و.ك

بەشی: شەشەم
دەروازەی یەکەم

# سەردەمی ئاتیک(١)

نووسینی: باکنەر ب ـ تراویك
و. حەمە کەریم عارف

**پێشینەیەکی مێژوویی:**

سەدەکانی پێنجەم و چوارەمی پێش زایین لەباری سیاسی، شارستانی و رۆشنبیری، هونەری و ئەدەبییەوە بەرۆژگارو دەورانی شکۆداریی یۆنان دەژمێردرێت، ئاتین تا سالی (٤٠٤ی پێش زایین) کە لەلایەن ئەسپارتەوە شکێنرا، بەمەلبەندی شارستانی دەژمێردرا، ریفۆرمەکانی کلیس تینس(٢) لەسالی (٥٠٨ی پێش زایین) لەیەکەمین حکومەتی دیموکراتی واقیعی مێژوویی جیهانی لەئاتینادا هێنایە ئاراوە، هەموو هاوولاتییەك مافی سیاسیی تەواوی خۆی هەبوو، بەلام ئەمانە تەنیا لەسەدا بیستی هەموو خەلکەکەیان پێکدێنا، چونکە کۆیلەکان، بێگانان و ژنان لەم مافانە بێبەشبوون.

لەسالی (٤٩٠ی پێش زایین)، ئێرانیان پەلاماری یۆنانیاندا، بەلام سێجار شکستیان هێنا، لەسالی (٤٩٠ی پێش زایین)دا بەدەستی سوپایانی ئاتین و بەفەرماندەیی میلتیادوس لەمارتون شکان، لەسالی (٤٨٠ی پێش زایین) بەدەستی هێزی دەریایی ئاتین لەسالامیس شکان و ئەنجام لەسالی (٤٧٩ی پێش زایین) لەبلاتییە بەدەستی هێزی یەکگرتووی یۆنان شکان. لەسالی (٤٧٧ی پێش زایین) ژمارەیەك لەدەولەت–شارانی رۆژهەلات، یەکێتیی لوسی–یان پێکهێنا کە کۆنفدراسیۆنێك بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری ئێرانییەکان، ئاتینییەکان رێبەرایەتی ئەو یەکێتییەیان لەئەستۆگرت و لەسالی (٤٥٤ی پێش زایین)، خەزینەی یەکێتییەکە لەدورگەی دیلوس–ەوە بۆ ئاتین گوازریاەوە.

ئیدی باقی ئەندامانی یەکێتییەکە خۆیبوونی خۆیان لەدەستداو ناچاربوون باج و خەراج بەئاتینییەکان بدەن و ئەمە سەرەتاو دەستپێکی ئیمپراتۆرییەتی ئاتین بوو.

قۆناغی نێوان ساڵانی (٤٦١-٤٢٩ی پێش زایـین)، بەسـەردەمی پـریکلس[٣] ناسـراوە. لەمـسەروبەندەدا پـریکلس بـوو بەفەرمانـدەی گـشتیی و ڕێبـەری خـەڵك، واتــە بــوو بەحوکمڕانی غەیرە ڕەسمی ئاتین، ئەم ساڵانە لەڕووی پێشکەوتن و ئیحتوباری فەرهەنگی و شارستانییەوە بێوێنەیە، هەموو هاووڵاتیان مافی خوێندن، نووسین، حیساب، ئەدەبیات، مۆسیقاو گەمەێن وەرزشییان هەبوو.

لەساڵی (٤٣١ی پـێش زایـین)، ململانێـی دەسـەڵات و دەسـەڵاتداری لـەنێوان ئـاتین و ئەسـپارتەدا جـەنگی پلوپـونزوس-ی لێکەوتـەوە، پـاش دە سـاڵ لەجـەنگی بێـوەر، جـەنگاوەران لەسـاڵی (٤٢١ی پـێش زایـین) دەسـتبەرداری شـەڕبوون و (ئاشـتی نیسیاس[٤])یان ڕاگەیاند، بەڵام ماوەی سوڵحەکە کـەم بـوو، ئـاتین لەساڵی (٤١٥-٤١٣ی پێش زایین) بەمەبەستی گرتنی سیسیل گەمارۆی سیراکوز-ی دا، ئەم گەمارۆیـە شکستی هێناو عەماری ئازوقەی ئاتینییەکان کەوتە دەستی دوژمن، بارودۆخی نالـەبارو پڕقـەیرانی ئاتین کارێکی وایکرد ئەسپارتە سەر لەنوێ پەلاماری ئاتین بداتەوەو سەرەنجام بەسـەریدا سەربکەوێت، ئەوە بوو ئاتین لەساڵی (٤٠٤ی پێش زایین) بەناچاری تەسلیم بوو.

ساڵانی نێوان (٤٠٤-٣٥٩ی پێش زایین) قۆناغی ڕکابەری نێوخـۆو جـەنگی چینایەتی بوو.

ئەسپارتە تا ساڵی (٣٧١ی پێش زایین) کە لەبەرەی لوکترادا لەلایەن تـب-ەوە شـکا، دەسەڵاتی هەرە زاڵ بوو، تب تا ساڵی (٣٦٢ی پـێش زایـین) ڕۆڵـی ڕابەرایـەتیی لەئەسـتۆ بـوو، لـەم سـاڵەدا ئاپەمینونـداس-ی ڕێبـەری تـبی لەشـەڕێکدا دژی ئـاتین و ئەسـپارتە، لەمانتینـەدا مـردو ئـیدی ئـاژاوەو پاشـاگەردانی دەسـتپێکرد، فیلیـپ مەقـدونی لەسـاڵی (٣٥٤ی پێش زایین)دا لەشەڕی خاروناداا بەتەواوەتی سەرکەوت.

فیلیپ دوای دوو ساڵ مردو ئەسکەندەری گەورە کوڕی بوو بەجێنـشینی، ئەسـکەندەر تا ساڵی (٣٣١ی پێش زایین) بەسەر سەرانسەری جیهانی ناسراوی ئـەو ڕۆژگـارەدا، واتـە: یۆنان، میـسر، سەرانسەری ئاسـیای بـچووك، ئێـران و ئاسـیای ناوەنـدی و تـا دەڤـەری ڕووبـاری سـن، زاڵبـوو و سـەرکەوت، ئەسـکەندەر لەسـاڵی (٣٢٣ی پـێش زایـین) مـردو سەردەمی ئاتیك کۆتایی هات.

## نۆڕینێکی گشتیی:

سەردەمی ئاتیك بەدەورانی بەرجەستەترین نووسەرانی ئاتین دەژمێردرێت، هیرودوتوس (پیرودوت)، توسیدیدس و گەزنەفۆن لەمێژوودا، ئایسفولوس (ئیشیل)، سوفوکلیس، یورپیدس، ئاریستفوفاس و منانـدر لەشانۆنامەنووسیندا، دوموستن لەخیتابەتدا و ئەفلاتون و ئەرستۆ لەفەلسەفەدا شۆرەت و ناوبانگی عالەمگیرییان هەیە.

## مێژوو

یۆنیانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین مێژوویان بەلقێکی تایبەت لەزانست دەزانی، مێژوونووسانی یۆنانی کۆن، وێڕای کۆمەڵێك لەفەرامۆشکاریی و گوێنەدان، یەکەمین کەسانێك کە دەستیان لەنووسینەوەی رووداوە نیشتمانی و جیهانییەکان بەشێوەیەکی سیستماتیك و بەبەڵگەوەو بەگوێرەی ریزبەندیی مێژوویی، کردووە.

## هیرودوتوس (هیرودوت):

(لەدەورووبەری ساڵانی ٤٨٤–٤٢٥ی پێش زایین ژیاوە):




هیرودوت کە بە(باوکی مێژوو) ناسراوە لەهیلکارناس–ی ناوچەی باشووری ئاسیاس بچووك لەدایك بووە، لەدەورووبەری ساڵی (٤٥٥) لەشەڕی پارسەکاندا بەشداریکردووەو پاشان بەهۆی ئاژاوەو پاشاگەردانی سیاسییەوە ناچار وڵاتی بەجێهێشتووە، ماوەی دە ساڵێك لەزۆربەری وڵاتانی ناسراوی جیهانی ئەو رۆژگارەدا ئاوارەو سەرگەردان بووە، لەباکوورەوە تا دەریای رەش، لەباشوورەوە تا میسرو لەرۆژهەڵاتەوە تا بابیل گەڕاوە.

هیرودوت لەدامەزراندنی توریی موهاجیرنشینی ئاتینی باشووری ئیتاڵیدا بەشداریکردووە تا مردن، واتە دەورووبەری ساڵی (٤٢٨–٤٢٥ی پێش زایین)، لەوێندەر ژیاوە.

## بەرهەمەکانی:

مێژوو: زانایانی ئەسکەندەریە مێژووەکەی هیرودوت–یان بەسەر نۆ کتێبدا دابەشکردووەو هەرکتێبێکیان بەناوی یەکێك لەخواوەندەکانی شیعرەوە ناوناوە، ئەم

کتێبـە، وێـڕای جیـاوازی بابەتـەکانی، هـەر هـەمووی لـەڕووی ناوەڕۆکـەوە گێڕانەوەیـەکی ڕووداوەکانی جیهانە تا دەگاتە شکستی پارسەکان لەلایەن یۆنانییەکانەوە، کتێبی یەکـەم حیکایەتی دوژمنایەتی نێوان یۆنانییەکان و بەربەرەکان دەگێڕێتەوە کە جەنگی تەروادەی لێدەکەوێتەوە، هەروەها فتوحـاتی کـرزوس—ی پاشـای لیـدی و دامەزرانـدنی ئیمپراتـۆری پارس، تا زاڵبوونی کەمبوجیە بەسەر میسردا لەخۆدەگرێت.

کتـێبی دووەم گوتـارێکی دووروودرێـژە دەربـارەی میـسر، کتـێبی سـێیەم دەسـەڵاتی کەمبوجییـە بەسـەر میـسرداو ڕاپـەڕینی داریـوش دەگێڕێتـەوە، کتـێبی چـوارەم بـاس لـە لەشکرکێشی داریوش بۆسـەر وڵاتـی سـکاکان و زاڵبـوون بەسـەر لیبیـادا دەکـات. کتـێبی پێنجەم باسی شۆڕشی یۆنانییەکان دژی پارسییەکان دەکات، کتێبی شەشەم بەسەرهاتی جەنگ تاسەرکەوتنی یۆنانییەکان لەماراتوندا شەرح و شـرۆڤەدەکات، کتـێبی حەوتـەم تـا نۆیەم تەرخانکراوە بۆ گێڕانەوەی مەرگی داریوش، تـەدارەکی لەشـکرێکی بـەهێز لەلایـەن خەشاریار شاوە، شـەڕی ترموپیـل و سـالامیس و شکـستی یـەکجارەکی پارسـییەکان کـە هاوزەمان لەپلاتە لەڕۆژئاواوەو لەمیکال لەڕۆژهەڵاتەوە دەستپێدەکات.

**فەلسەفەی مێژوو:**

هـیرودوت بەپێـچەوانەی توسـیدیدس—ەوە ئاشـنایەتی و شـارەزاییەکی ئـەوتۆی لەفەلسەفەی مێژوودا نییە، بەڵام هەمیشە هەوڵدەدات  دەخالـەتی خودایـان لـەکاروباری ئادەمیان پیشان بدات، بـەڕای ئـەو خواوەنـدان لەسەرکێشی و خۆپەسـندی و لوتبـەرزی دەسەڵاتدارانی (وەکو پارسییەکان) ڕازی نین و هەر لەلوتیان دەدەن و زەلیلیان دەکەن.

**شێوەو شێوازی نووسین:**

هیردوت، کەسێکی ڕەوان نووسەرو بەزۆری لەشێوەی گفتوگۆدا دەنووسـێت و یـەکێك لەخەسـڵەتە دیارەکـانی ئـەو بـەکارهێنانی دۆزێـن نـاکۆك و بایەخدانـە بەکاریگـەری قـوڵی شتەکان. شێوازی ئـەو زیـاتر حـەماس و مەلحەمییـە تـا نمایـشی، بایـەخی زۆر بەچـەمکە گشتیی و جیهانییەکان دەدات، بەڵام حەز لە پاژ (جزئیات)یش دەکات، ئەو پاژنانـەی کـە وێنەی وردی خەڵکی و دابونەریتی ئەو خەڵکە پیشان دەدات. مێژووەکەی ئەو لەم ڕووەوە خۆی لەناوەڕۆکی سەرەکی و فراوان دوورەپەرێز دەگرێت، هیرودوت کەسێکی ڕۆمـانتیکی

بـەرزە خەیاڵـە، زیـاتر حـەزی لەگێڕانـەوەی سـەربووردی مرۆڤانـە تـا قووڵبوونـەوەو وردکردنەوەی هەواڵان و لەبنج و بناوانکردنی هۆو ئەنجامی هەواڵ و ڕووداوان.

## کورتەیەکی ڕەخنەکان:

هەرچـەندە گلـەیی درشـتبینی و ناکۆکوێـژی (بابەتییـەتی دەربـارەی سـاڵەکان) لەهیرودوت دەکرێت، بەڵام هیچ کاتێك بەئانقەست هەوڵی نەداوە خوێنەر گومڕاو چەواشـە بکات. هیردۆت زۆربەی کات کەسێکی سادەو خۆشباوەڕ بـوو و پـشتی بەسەرچـاوەی بـێ ئیحتیوبار بەستووە، بەڵام هەرکاتێك بەڵگەنامەیەك جێی باوەڕو متمانە نەبێت، ئاگادارمان دەکاتەوە، کە ئەمە هـەواڵێکی زارەکییـە، یـا ئەفسانەییە یاگێڕانەوەیـەکی لایەنگرانەیـە، زانیارییـەکانی هـیرودوت دەربـارەی شـەڕو جەنگـەکان زانیـاری دەسـتی یـەك نـین، بۆیـە بەتوێژەرێکی سـوپایی شایستە ناژمێـدرێت، بەهـەرحاڵ هـیرودوت وەکـو مێژوونووسـێکی بێلایەن ستایش دەکرێت، وەك چۆن ستایـشی بـوێری و جـەنگاوەری پارسـەکان دەکـات، ستایشی یۆنانییەکانیش دەکات، ڕەنگە زۆرجـار لەخـەت دەربـچێت و پـەراوێز ڕەوییـەکی زۆر بکـات و زنجـیرەی بابـەت و مەبەسـتەکانی بپـچڕێت، بـەڵام هـەر ئـەم خەسـڵەتی لەخەتدەرچوون و بـەتان و پۆداچـوونەش خـۆی لەخۆیـدا یەکێکـە لەنیـشانەکانی داسـتان بێژی هیرودوت.

## توسیدیدس (توسیدید) (لەدەورووبەری ٤٧٠-٣٩٨ی پێش زایین):

توسـیدیدس یەکـەمین مێژوونووسـی ڕەخنـەگری جیهانـە، لـەئاتین و لەبنەماڵەیـەکی دەوڵەمەندو دەسترۆ لەدایك بووە، بەیەکێك لەنزیکانی میلیتادس دەژمێردرا.

لەگەنجیدا کەوتە موتـالاو خوێندنـەوەی بەرهەمـەکانی هـیرۆدۆت و هەمیشە ستایـشی دەکرد، لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی پلۆپونزوسدا یەکێك بووە لـەدە فەرمانـدەی ئـاتینی، لەساڵی (٤٢٤ی پـێش زایـین) ئـەو گەلەکەشـتیەی کـە ئـەو فەرمانـدەیی دەکـرد لەشـەڕی بەرگری لـەئامانخی پـولیس-دا شـکاو ئـەم موهاجیرنـشینە یۆنانییـە کەوتـە ژێـر دەسـتی ئەسـپارتە، توسـیدیدس دادگـایی کـراو دوورخرایـەوە، تاسـاڵی (٤٠٤ی پـێش زایـین) کەشەڕەکە کۆتاییهات هەر لەتاراوگە بوو و لەم ساڵەدا ڕێگەی پێدرا بۆ ئاتین بگەڕێتەوە.

بـەمجۆرە دەرفـەتی ئـەوەی بـۆ ڕەخـسا کـە لەنزیکـەوە جـەنگ بخاتـە بـەر بـاس و لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە.

**بەرهەمەکانی:**

**مێژووی جەنگی پلوپۆنزوس:**

ئەمە بریتییە لەهەشت کتێب، کتێبی یەکەم مێژووی پەنجا ساڵی یۆنانی لەخۆگرتووە، وێڕای ئەو بایەخە تایبەتییەی کە بەسێ ساڵی بەر لەدەستپێکی جەنگی پلوپۆنزوس-ی دەدات، لەهۆیە سەرەکییەکانی ئەم جەنگەش دەکۆڵێتەوە، لەکتێبی دووەمەوە تا کتێبی پێنجەم دەکۆڵێتەوە، لەکتێبی دووەمەوە تا کتێبی پێنجەم بریتییە لەیەکەمین دە ساڵەی جەنگی بێئاکام، سوڵحی نیسیاس، تازەبوونەوەی دوژمنایەتی و شکستی ملوس (Melos) (٤١٦ی پێش زایین). کتێبی شەشەم و حەوتەم لەشکرکێشی موسیبەتباری خەڵکی سیسیل دەگێڕێتەوە، کتێبی هەشتەم (ناتەواوە) پاشاگەردانی ناوخۆو هەراو ئاژاوەی ئاتین (٤١٣-٤١١ی پێش زایین) کە دوابەدوای لەشکرکێشییەکەی سیسیل روو دەدات، شەرح و شرۆڤە دەکات.

**فەلسەفەی مێژوو:**

توسیدیدس-یان بە(یەکەمین فەیلەسوف مێژوو) ناونـاوە، ئەم مێژوونووسە تیۆرییەکانی هیرودوت رۆنراو لەسەر خواپەرستی رەتدەکاتەوەو تیۆری مەتریالیستی پەسنددەکات، ئەو باوەڕی بە دەخالەتی خودایان لەدیاردەو رووداواندا نییە، بەڵکو پێیوایە هەموو رووداوێك بەندە بەخووە مرۆڤایەتییەکانی وەکو خۆپەسندی، لاوازی ئەخلاقی و کەڵکەڵەی دەسەڵات خوازییەوە، تەبیعەت و خووی مرۆڤانیش هیچ کاتێك ناگۆڕێت، تەنیا مێژوو دووبارە دەبێتەوە، بەهەرحاڵ مێژووەکەی توسیدیدس سەرمایەیەکی هەمیشەیی و رینۆینێکی بەکەڵکە بۆ پێشهاتەکانی ئاییندە.

**شێوازو مامەڵە:**

ئاشکرایە هەمووان ستایشی توسیدیدس دەکەن، بەڵام کەم کەس لەزەت لەخوێندنەوەی بەرهەمانی دەبینێت، پەیڤی ئەو سارد، دەستکرد، وشك و بەتەمتومانەو رەوانی و تۆنی گوتاری هیرودوتی نییە، راستەوخۆ لەژێر کاریگەریی مامۆستایانی زانستە بەلاغی و سۆفستاییەکاندایە، توسیدیدس، لەچاو هیرودوت-دا رووداونوسێکی هوشیارترەو کەمتریش لەبابەتەکەی دەردەچێت.

**پەراوێزەکان:**

(١)سەردەمی ئاتیك: ئاتیك ناوچەیەك بووە لەبەشی رۆژهەڵاتی یۆنانی ناوەندی کۆن، لەدەورووبەری ئایتین.

(٢)کلیس تینس، سیاسەتوانێکی یۆنانی بووە لەدەورووبەری ساڵی (٥٠٧ی پێش زایین)دا ژیاوە.

(٣)پریکلس، سیاسەتوانێکی ئایقنی بووە، لەساڵی (٤٢٩ی پێش زایین)دا ژیاوە.

(٤)نیسیاس: سەردارو سیاسەتوانێکی ئایتین بووەو لەدەورووبەری ساڵی (٤١٣ی پێش زایین)دا ژیاوە

# لەپەیڤە ناسکەکانی نزار ئەلقەبانی

ئا: شێرزاد هەینی

### ئەگەر ئیمانم بەژن نەما ئیمانم بەخۆشم نامینێت.

که لەساڵی ١٩٤٤ یەکەم دیوانـە شـیعرییەکەی لـەقاهیرە دەرچـوو، لـەوێ خوێنـدکاری یاسابووە لەمیسر. ئەو تەمەنە درێژەی ئەو شیعری تێدا نـــووسیـــــوە،



قاچەکانی لەســەر درك بــووە، بـەڵام بێوەسـتان رێیکردووە، بەناو ئەلغامدا رۆیـشتووە. کـە ئـەو دیوانەی دەرچـووە، درندانـەو هۆڤیانـە هێرشـی کراوەتە سەر، وەك خۆی لەپێشەکی دیوانەکەی باسـی کـردووە، ئـەو دەمـە گۆشـتی خـاوبووە، ئـــەوانیش چـــەقۆکانیان تیـــژ، لـــەو رۆژەوە بەزمـــەکانی رەجـــم و بەردبارانـــەکان دەســـتی پێکردووە. دەستی تا ئەنیشکی کەوتـبـووە ناو قـورێکی خەسـتی گـیراوە. لـەناو رەوشـی سـاڵانی پـەنجاکانی بـخـوورو تەکیـەکانـدا، شیعرەکانی ئەو لەگەڵ نـان و تلیـاك و مـانگ تێکـەڵ بـوون، لـەکۆتایی شەستەکانیـشەوە بەشکانی نسکۆو رمانی خەونەکان پەراوێزەکانی نـسکۆی نووسـیووەتەوە. لـەو رۆژانـەوە ئـەو شـیعری بـۆ ئـەڤین و سـۆز نووسـیوە، ئـەو شـاعیرەی بەچـەقۆ وشـەی بـۆ نووسـین هەڵکۆڵیوە. لەجەستەی ژنان دوورکەوتەوەو هاتووتـە نـاو شـەقامی عـەرەبی، نیـشتیمانی لەسەر مێزی تەشریح درێژکردووە.

### چەند پەیڤێکی ئەڤینانەو شێتانەو شەیدایانەو راستیانە:

بەراسـتی ئەگـەر شـیعر کۆتـایی هـات، دونیـاش کۆتـایی دێـت. ئەگـەر لەسـەر ئـەم ئەستێرەیە ژن نەما، ئەوە ئەو مەنزڵە بەکەڵکی ژیان نایەت، ئەگەر ژن نەمینێت، بێگومـان خۆرو مانگ و دەریاو دارستانەکانیش نامێنن، زەوی بێ ژن خوێدارو ژینگە پـیس دەبێـت، دەبێتە زەبڵدانێکی گەورە. ئەگەر منیش بـڕوام بـەژن نـەما، واتـە بـڕوام بـەخودی خۆشـم نەماوە، چونکە من لەو بووم، من و ئەو سەرەتای نەوەو رەچەڵکین، ئەگـەر لـەو دابـڕاین، سوڕانی ئەستێرەکان و دەریاکان و بزاڤی کەلتوورەکان و شارستانیەکانیش رادەوەستێن.

ژن کەرەستەی سەرەکییە لە بنیاتنانی شیعر، ئەگەر ژن لەناو فۆرمەکەی هاتە دەرەوە.

ئەوە چامەکە دەبێتە هاوکێشەیەکی بیرکاری،
یان دەبێتە راپۆرتی دکتۆرێك،
یان دەبێتە بەیانێکی هەڵبژاردن،
یان دەبێتە سەروتارو تەعلیقێکی رۆژنامەیەکی رۆژانە.
ژن هەیە دەتباتە ناو بەهەشت،
ژنیش هەیە بەرەو شێتخانەت دەبات.
کە ژنێك دەستم دەگرێت، هەموو کەون کارەبا دەیگرێت،
گۆی زەوی خێراییەکەی زۆرتر دەبێت،
بەو دەستە خۆڵ دەبێتە زێر.

شیعر بەئاسانی نایەت، بەڵام ئەگەر هات، هەموو یاساکان سەرەوو ژوور دەکات، ناوی مانگەکان و رۆژەکانیش دەگۆرێت، بەو شیعرەیە لەمانگی گەرمی گلاوێژدا بەفر دەبارێت، لەناو جانتاکانی زستاندا گوڵەکانی مانگ سەردەردەهێنن، لەناو چاوی خۆشەویستەکەم خۆرهەڵدێت. من هێشتا کەمم لەسەر خۆشەویستی نووسیوە، هێشتا زۆر ماون. من دڵشادم کەوا من ئەزانم، هیچم نەدۆزیوەتەوە، زۆر ماوە.

خۆشەویستی وەك دارستانەکانی ئەمازۆن گەورەو چڕو بێشەڵانن، هەر چەند بەناویدا گەشت بکەیت، زۆری نوێی تێدا دەدۆزیتەوە، هەر لەناوییدا گووم دەبیت.

خۆشەویستی خوانێك لەمیوە نییە، ئەگەر لەبەردەمت دانرا، تێر ببیت، لەخواردنییدا هەرگیز تێر نابیت، خۆشەویستی رۆژنامەیەك نییە کە خوێندتەوە فرێی بدەیت.
فیلمێکی سینەما نییە پاش بینی بێزار بیت.

خۆشەویستی بۆ زۆرتر زانین و دۆزینەوەیە، زوو ئاگر دەگرێت، سەفەرێکە تەواو نابێت، پرسیارێکە بەردەوام دەکرێت، کە یەکێکمان خۆشویست، واتە کەسێکمان بۆ خۆشەویستی دروستکرد، ئەویش ئێمەی بۆ خۆشەویستی دروستکردووە، ئەگەر خۆشەویستییەکە مەزن بوو، ئەوە دروستکردنەکەش مەزنەو تەواوبوونی نییە، لەو رەوشەدا خۆشەویستی بووە بەجۆرێك لەداهێنان. پاش پەنجا ساڵ لەنووسینم بۆ خۆشەویستی، هێشتا هەستم نەکردووە، من ئەو مادە سیحرییە پرشنگدارەم دەستکاری کردووە.

من شیعر لەکۆڕی پیاوانە ناخوێنمەوە، ناخۆشە شیعر خۆێندنەوە بۆ پیاوانی ترشاوی تووڕە، جارێك لەوڵاتێکی کەنداودا وام بەسەرهات، لەو ڕۆژەوە سوێندم خوارد بۆ پیاوان شیعر نەڵێم، ئەو جارەش تووش بووم، کە شیعرەکانم دەخوێندەوە، نیوەی پیتەکانم دەجوو، وامدەزانی لەناو دارستانێکی درك و بزمارم. کە ژنان دێنە کۆڕەکانم بۆنیان جۆشە، ڕوویان جۆشە، مێینەی تەڕن، ناسکن، بەپێچەوانەوە پیاوی دڕو تووڕەم ناوێت. من ئەو قسانەم لەپەنجاکانەوە کردووە، نەك ئیمڕۆ لەنۆدەکان، ژن بەردی بناغەی ژیانە، دروستکەری شارستانییەت:

ئێمە ناچینە یانەی پێشکەوتووان
تا لەلای ئێمە ڕەگەزی ژنان
لە لەتێ گۆشتەوە نەبنە گوڵدان

من بەخۆشی خۆم نەبوو شیعری سیاسییم نووسی، بەڕاستی من لەگەڵ شیعری عاتیفیم بۆ دژایەتی شیعری سیاسی، منیش بەو ڕەوشەی ناوچەی عەرەبیەوە سووتام. بەپێچەواوە کەس ناچاری نەکردووم بۆ خۆشەویستی شیعر بڵێم، کە شیعر بۆ دڵداری دەنووسم، لەسەر کاغەزەکە هەست بەگەورەی دەکەم. کە شیعری سیاسییش دەنووسم، هەست دەکەم مێژووی سیاسی لەسەرم زاڵە، ڕووداوەکان گوشارم دەخەنە سەر، دەمارو پەنجەکانم هەراسان دەبن، ئەوەشم هەرگیز نەوتووە، بۆیەش ئیمڕۆ ئەو قسەیە، ئەو ئیعترافە دەکەم، تا ئۆباڵی خۆم بەرامبەر بەمێژووی شیعر پاك بکەمەوە.

لەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا لەوتاری (خمسون عاما مع الشعر، پەنجا ساڵ لەگەڵ شیعردا) نووسیویەتی:

خۆتان بۆ پۆلینکردنم ماندوو مەکەن، من شاعیرێکم لەدەرەوەی پۆلین و پێناسە،
من کەسێکی تەقلیدییم،
من مۆدێرن نیم،
کەسێکی کلاسیکیش نیم،

به شێوازی نوێ و کلاسیکیش نانووسم، بڕوام بەڕەمزییەت نییە، لەگەڵ کۆنیش نیم، وەنەبێ من زۆر بڕوام بەدوارۆژیش هەبێت، ئینتباعی نیم، سریالی و تەکعیبیش نیم ... من کەسێکم ئازادیی دەمسوڕێنێت.

تاوانی شیعر نییە عەرەب پاشکەوتوون، هەزار فاکتەر وهۆکار هەیە نەتەوەی عەرەبی خەواندووە، ئەو بۆگەنییە سیاسییەی هاتۆتە پێش بەدەستی چەند سیاسییەکی سەرکێش خولقاوە، ئەوانن وشك و تەڕ بەیەکەوە دەسوتێنن. شیعر بەکەسانی میکافیللی و هەلپەرستی سیاسی گەمارۆدراوە.

شیعر ئیفزازی مرۆڤە، لەناخی ئەوەوە هەڵدەقولێت، سەرچاوەکەی تەنیا مرۆڤە، مەلائیکەت شیعر نانووسێت. دەزانن بۆچی شیعر نەیتوانیوە بەختیاری وکامەرانی لەوڵات پەیڕەو بکات و پەیامەکەی نەهاتووەتە دی؟ چونکە دەسەڵاتداران بواری ئێمە نادەن حوکم وەرگرین، هەر بۆ خۆیان رەوشەکەیان قورخکردووە، چونکە هەموو کورسییەکانیان داگیرکردووە.

چونکە پێغمبەرەکانی دەسەڵات لەسەر دڵمان کۆڵی خەمیان داگرتووە، چونکە دەترسێن لەسەر ئەو دەسەڵاتە زوو بکوژرێن، ژن و منالەکانمان هەتیو و بێوەژن دەمێننەوە. چونکە چامەی شیعر لەوە دەترسێت، پیاوانی ئاسایش بیگرن و تاوانێکی بەناوەوە بکەن.

*لە دیمانەیەکی درێژی نێوان هەردوو شاعیر نزار قەبانی و سوعاد الصباح ئامادەکراوە، کە بۆگۆڤاری العربی (کویتی) لەساڵی نەوەدەکان ئەنجامدرابوو.

# سۆما

چیرۆکنووسی سیلانی گواداسا ئاماراسکیر

و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

دەمێکە (بیاداسا) دەناسم، چونکە لەیەك قوتابخانەی سەرەتاییدا دەمانخوێند، بەڵام ئەوەم لەبیرە کە ئەو پۆلێك لەپێش منەوە بوو و لەماڵی مامی دەژیا کە هاوسێمان بوو، ئێستا ئەو دارتەمەرهندییە گەورەیەم دێتەوەیاد کە بەشکۆدارییەوە لەناوەندی حەوشەکەدا باڵای کردبوو. لەژێر ئەو دارەدا لەگەڵ منداڵە هاوتەمەنەکانمدا کە بیاداساش یەکێك بوو لەوان گەمەمان دەکرد، چوار ساڵ دەبێت زانیومە بیاداسا ژنی هێناوە، ڕۆژێك لەڕۆژان لەیەکێك لەدووکانەکانی شاری کۆلۆمبۆدا خۆی و هاوسەرەکەییم تووش هات، سیمای جارانی بێدەربەستیی زیاتری کردبوو، کاتێك تەماشای دەکەیت، دێیتەوە ئەو بڕوایەی ئەم پیاوە شایەنی ئەوە نییە ژن بهێنێت و خێزان بەڕێوەبەرێت. کەمنی بینی زەردەخەنەیەکی هاتێ، زەردەخەنەیەك دڵسۆزیی لێ بەدیدەکرا، ژنەکەی جوان و قەدو باڵاڕێك دەهاتەبەرچاوم، کاتێك بەمنی ناساند، زانیم شەرمن و پارێزکارە، چونکە بەگومان و دوودڵییەوە بۆ تەوقەکردن دەستی بۆ درێژکردم و لەتەماشاکردندا چاوی داخست.

بیاداسام نەبینیەوە تا ئەو دەمەی هاتمە خانووە نوێکەمەوەو بووینە دراوسێی یەکتری، باخچەی هەردووڵامان تەنها پەرژینێکی نزمی لەنێواندا بوو کە بەگوڵ (چین) داپۆشرابوو، هەر هێندەی لەماڵە نوێکەمدا جێگیربووم، ئیتر ئێوارانم لەگەڵ ئەودا بەسەر برد, (بیاداسا) پیاوێکی خۆشمەزە بوو، بەڵام زۆر حەزی لەگاڵتەو رابواردن نەدەکرد، لەڕاستیشدا تا ئەم ساتە نازانم حەز لەچی دەکات و رقی لەچی دەبێتەوە.

ئەو کە لەنووسینگەکەی دەگەڕایەوە، لەسەرئەوە راهاتبوو ڕۆژنامەکان بخوێنێتەوە تاشەوی بەسەردا دەهات. من بەردەوام لەخۆمم دەپرسی ئاخۆ چ چێژێك لەو خوێندنەوەیە وەردەگرێت، لەهیچ ئێوارەیەکی خۆش و لەباریشدا نەمدەبینی بۆ پیاسەیەك

لـەماڵ بـچێتەدەر. زۆرجـار شـەوانی سـازگار داوام لێـدەکرد بـچینە دەرەوەو پیاسـەیەك بکەین، بەڵام ئەو ئامادەیی دەرنەدەبڕی.

دوای ئەوەی بیاداساو هاوسـەرەکەیم ناسـی، بـۆم دەرکـەوت سـۆمای خێزانـی هێنـدە گۆشەگیرنییە وەك من بۆی چووم، ئەمەشم لەیەکەمین دیدارمانەوە بۆ دەرکـەوت، هـەوڵی زۆرمـدا کـە تـەبابوونێك دروسـتبکەم لـەنێوان کەسـێتی ئـەوداو یەکـەمین سـەرنجم کەلەبارەیەوە بۆم دروست بوو. ئەو بەپێچەوانەی مێردەکەیەوە، زۆربەی ئێواران دەچووە دەرەوە، چـەند رۆژێـك دوای ئـەوە زانـیم کـە درەنگـە شـەوانیش دەگەڕێتـەوە، هەنـدێك ئێواران کـە بەخوێندنـەوە خـەریك دەبـووم درەنگم پێدەکـەوت، دەمبـینی لەگـەڵ ژنـانی دەورووبەردا دەگەڕا، گوێم لەقسەو باس و تریقەی پێکەنینیان دەگرت، هەرجارە چاویشی بەمن دەکەن، بەدەست سڵاوی لێدەکردم و زەردەخەنەیەکی گەرمیشی ئاراستە دەکردم.

سـێ مـانگ دوای ئـەم پەیوەندییـە دۆسـتایەتییە، بیاداسـا باسـی دوای تـەواوکردنی خوێنـدنی قوتابخانـەی بـۆ کـردم، سـەرەتا لەشـاری کۆلۆمبـۆدا کـارێکی دەسـتکەوتووە، سەرەڕای بێئـارەزوویی لەئاسـتی ژنهێنانـدا، دواجـار بەناچـاری ژێربـاری خواسـتی دایـك و باوکی دەبێت و سۆما دەخوازێت، سۆما کـچی خێزانێکـی دەوڵەمەنـدبوو، کـە نیـشتەجێی ناوچەی گردۆڵکەکان بوون، ئاستی خوێندنی باشی بەدەستهێنابوو، زانیم کە کوڕێکیشیان بووە، بەڵام لەتەمەنی سێ ساڵیدا مردووە.

دوای بینینی و ئەم دانپێدانانە لەزمانی خۆیەوە، پێمسەیربوو کە بیاداسا بۆچی چۆتە کاری فەرمانبەرییەوە، چونکە ئەگـەر مـن سـەرووت و سـامانی ئـەوم دەبـوو، بـیرم لـەوە نەدەکردەوە لەژێر فەرمانی هیچ کەسێکدا کارێك بکەم، بەڵام ئێستا بۆمدەرکەوت کە جگە لەو کارە نەیدەتوانی بەهیچ شێوەیەکی تر خۆی بسەلمێنێت.

ئەوسـاڵە درەختـەکان تـەواو گەشـەیان کردبـوو، ئێـواران تادەهـات جـوانتر دەبـوون، درەختی (ئۆساکا)ی نێو باخـچەی هـەردوو لامـان گـوڵی زۆریـان گرتبـوو، لـق و چـڵەکانی سەریان کردبـووە پەنجـەرەی ژوورەکـەم، ئێـستا حەزدەکـەم لـەئێوارە پیاسـەکاندا ببمـە هاوڕێی سۆما نەك لەباڵکۆنەکەدا دابنیشم و گوێ لەدەنگە ساردو سڕەکانی بیاداسا بگـرم. بەوەشم زانیبوو کە سۆمایش حەزدەکات ئێوارانم لەگەڵدا بەسەر بەرێت.

تێبینی ئەوەم دەکرد کە سۆما هەر تەنها جوان نییەو بەس، بەڵکو بگرە ئەفسوونی لێدەبارێت، بەوردبوونەوەیەك لەئەدگاری لەو بڕوایەدا نەبووم شتێکی لێبەدی بکەم کە جوانییەکی تایبەتی هەبێت، چونکە چاوەکانی لەڕادەبەدەر گەورەو ئەبڵەق بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای منەوە سەرنجڕاکێش بوون، چونکە لەوە دەچوون ساتێك لەساتەکان پڕ لەئەشك دەبن، پێشموایە ژنی نازدار کاتێك ئەشك دەزێتە چاوەکانی جوانتر دەبێت، لووتیشی رێك و ناسك نەبوو، لێوەکانیشی تەنگ و ناسك و گەشاوە نەبوون، پەنجە شپرزەکانیشی وردو باریك و ناسك، بەڵام درێژبوون کە وایان دەکرد دەستەکانی جوان دەرنەکەون، قسەکانی وەك هی منداڵێکی بێگوناه بوو، چونکە هەر هێندەت دەزانی قسەی لەزار دەهاتەدەرو بەوەش هەستم بەو کاتانە نەدەکرد کە لەپێکەوەبوونماندا بەسەرماندا گوزەریان دەکرد.

هەرگیز باسی لەو شتانە نەدەکرد کە بەلای ژنانەوە گرنگ بوون، قسەکانی زیاتر لەهەندێك چەمکی سروشتی و فەلسەفی و ئەدەبیدا چڕدەبووەوە، زۆرجار سەرم لەڕۆشنبیرییەکەی سووڕدەما، بەتایبەتی لەو بابەتانەدا کە هی عەقڵی جدیەکانە.

لەبیرمە جارێکیان پرسیاری لێکردم کە ئاخۆ ژنێکم خۆشویستبێت. ئەم پرسارەی سەرسامی کردم، چونکە لەو باوەڕەدابووم کە ژنێکی گەنج نابێت پرسیاری لەوجۆرە بکات، بۆیە تاڕادەیەك بەتووڕەیی وەڵامم دایەوە:

—نەخێر.

من هەواڵی راستەقینەم پێڕاگەیاند، چونکە ئەوەم نایەتەیاد کە رۆژێك لەڕۆژان ژنێکم خۆشویستبێنت، لەقۆناغی سەرەتاییدا مەیلم بەلای کچە قووتابییەکی پۆلەکەمدا دەچوو، بەڵام ئێستا ئەوە بەحاڵەتێکی عاتقی زۆر جیاواز لەو خۆشەویستییە دادەنێم کە پیاوان و ژنان هەستی پێدەکەن لەئاستی یەکتردا.

کاتێك وەرزی گوڵەکان بەسەرچوون، درەختەکان بەزۆری لەباخچەکەی ئەواندا گوڵیان گرت، منیش لەچاوەڕوانی چوونم بۆ نووسینگە، خۆم دەدا بەسەر پەنجەرەکەداو سەیری سۆمام دەکرد کە لەنێو درەختەکاندا دەهات و دەچوو و گوڵەکانی دەچنی، هەموو بەیانییەك چەپکێك لەو گوڵڵانەی بۆ من دەهێنا، کەلەلای پەنجەرەکەدا دەبووم و ئەویش لەگوڵ چنین دەبووەوە، لێم نزیك دەکەوتەوە چەپکێکی دەدامێ.

ئێوارەیەکیان کە حەزمندەکرد بچمە دەرەوەو خەریکی خوێندنەوە بووم، دوای ئەوەی ڕۆژێکی پڕماندووێتیم بەسەر بردبوو، لەدەرگای ژوورەکەم درا، دەرگاکەم کردەوەو سۆما بەتەنهایی، پرسیاری لێکردم:

–(یانیماڵ) نایەیت پیاسەیەك بکەین، ئەم ئێوارەیە هەست بەتەنیایی دەکەم.

پێموت:

–دەمەویست لەماڵەوە بمێنمەوە، بەڵام ئەگەر تۆ ئەوە بەختەوەرت دەکات دەکرێت هاوەڵیت بکەم.

بەبێدەنگیی چەند هەنگاوێکمان بڕی، دەمەو ئێوارە لەشەودا دەتوایەوە، کەمێك لەدووریی ماڵەکەمان سەوزاییەك هەبوو لەسەیرانگەیەك دەچوو و هەندێك درەختی لێڕوابوو، مانگ بەئاسمانەوە تیشکی زیوینی بەسەر لق و پۆپی درەختەکاندا پەخشدەکرد، شنەبایەکیش گەڵاکانی دەلەراندەوە، هەستم کرد سۆما دەستم دەگرێت، یەکەمجار ویستم دەستم لەدەستی بکەمەوە، بەڵام ئەوەم بۆ نەکرا. ئەو دەستەی کە بەردەستم کەوت هەستی سەرفرازییەکی نامۆی لەلادروست کردم، ئەو بەبێدنەگیی لەگەڵمدا ڕێیدەکرد، پرشنگی مانگیش بەسەر روخسارو پۆشاکە سپییەکەیدا گەمەی دەکرد، تێبینی ئەوەم دەکرد کە چەند تاڵێك لەپرچە سووکەڵەو بریقەدارەکەی لەسەر رووخساری بەدەم شنەبایەکەوە سەما دەکات، دوای بڕینی ماوەیەکی دوورودرێژ وتی:

–نەگەڕێینەوە ؟

بەسەر وەڵامم دایەوە، لەکاتی گەڕانەوەدا دیقەتی سێبەری زەبەلاحی شتەکانی دەرووبەرمان دەدا کە لەشەوگار تاریکتر دەردەکەوتن، پێموابوو هۆشم لەلای خۆم نەماوە.

تەنها هەناسەییم دەهاتە بەرگوێ لەگەڵ خشەی پۆشاکەکەی کە بەدەم جووڵەوە دەنگی دەهات، شنەی شەوگار ڕوومەتی تەڕکردبوو، سۆماش زیاتر خۆی لێم نزیکدەکردەوە. لەوە دەترسام ئەو جەستە نەرموناسکەیم بەربکەوێت.

هەر کە لەماڵەکەیان نزیککەوتینەوە بۆنی گوڵە (ئاسۆکا)مان هات بەلووتدا، کە چووە نێو باخچەکەوە وتی:

–یانیماڵ وەرە ژوورەوە.

ئەم داوەتەیم بەجوان نەزانی، حەزمدەکرد رابکەم و لێی دووربکەمەوە، بەڵام هێزم لەبەربڕابوو، دوایکەوتم، لەمیانەی گەڵای درەختەکانەوە تیشکی مانگ دزەی دەکردو تیشکێکی زەردی بەسەردا دەباراندین، لەباڵکۆنەکەدا بەتەنها وەستابووین پێکەوە. دەرگای ژوورەکەی بیداسا داخرابوو، سۆماش بەبێدەنگیی وەك بەردێك راوەستابوو، دەموچاویم دەبینی کە تیشکە زەردباوەکەی مانگ بەسەریدا پەخش ببوو کە تاڕادەیەك دەربڕینێکی پڕ نیگەرانیی لەسەر نەخشاندبوو، لەلایەکی باڵەکۆنەکەوە لەسەر سیستەمەکە دانیشتم، نەمدەتوانی بەچاوەکانم تەماشای بکەم، دڵم دەگوشرا لەوەی بکەوێتە داوی هەستگەلێکی ناکۆك بەیەکەوە، بۆیە لاوازییەکی نادیار دایگرتم.

هەروەك خەونێك بەخاوی هاتە پێشەوەلێم، بینیم نزیك دەبێتەوە لەلامەوە دانیشت، هەناسەی دەهاتە بەرگوێم، چاوەکانم هەڵبڕی و تەماشام کرد لەگەڵ کۆکردنەوەی تەواوی ئەو هێزەی لەبەرمدا مابوو، رووخساری رەنگاورەنگبوو، تیلەی چاوەکانیشی تەعبیرێکی نامۆیان لێبەدی دەکرا، لێوەکانیشی هەڵدەلەرزین، دڵی منیش تا ئاستی وەستان لەخۆڕپەدابوو، بیرۆکەی یەکەمم ئەوەبوو هەڵسم و بۆی دەرچم، بەڵام بەرلەوەی بڕیارەکە بدەم هەستمکرد دەستەکانی بەسەر شان و ملمدا هاتنە خوارێ، رووخساری لەڕووخسارم نزیك کردەوە. تاڵێك لەپرچەکەی لەنێو چاوانم دەخشا، کتوپڕ چاوەکانم پڕبوون لەفرمێسك، لەبەرئەوەی نەشمدەتوانی رێ لەفرمێسکەکان بگرم، دەستم نایە سەر چاوەکانم، نازانم بۆچی وامکرد، رەنگە کەسێکی تر کە لەم هەڵوێستەی مندا بوایە وای نەکردایە، ئاخۆ ئەوە بەهۆی هەستە ناکۆکەکانی ناخمەوە بوو، خۆشی خەمی قووڵ تەمومژاویی دەردەکەوتن، یان ئەوە یەکەمجارە لەگەڵ ژنێکدا لەحاڵەتێکی لەوجۆرادابووم؟.

سۆما بەخاوی راوەستابوو، بێئەوەی ورتەی لەدەم بێتەدەر خۆی لێم دوورخستەوە، لەبەردەم دەرکەی هۆڵەکەدا وەستا، هەروەك بیرۆکەکانی کەمەنکێشیان کردبێت، سەری نابوو بەچوارچێوەی دەرگاکەوە، چەناگەیشی نابووە سەر دەستەکانی، بۆساتێك وا بەبێ جووڵەیی مایەوە، دواتر بینیم بەئارامیی چووە ژوورەکەوەو دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست. باڵکۆنەکەم جێهێشت و گەڕامەوە ماڵەوە.

لەسەر جێگەکەم راکشابووم و بۆم دەرکەوت ئالۆزییەك باڵی بەسەر رۆحمدا گرتـووە، چونکە هەڵسوکەوتی سۆما تەواو سەرسامی کردبووم، گەرچـی هەڵسوکەوتەکەی خـۆمم بەلاوە سەیرتر بوو، هەر بەبیرکردنەوەم لەوە شەرمم لەخۆم دەهات.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت دان بەوەشدا بنێم کە خودی بیرۆکەکـە خۆشـی و شـادییەکی نهێنی خستبووە گۆشەیەك لەگۆشەکانی رۆحمەوە، دەستبەرکەوتنی دەستی و کوڵمەکەی خـستمییە ئەزموومێکـەوە کـە پێـشتر نـەمبینیبوو، تـا ئـەو سـاتەش رووخـسارییم هەستپێدەکرد بەسەر دەموچاومەوە کەچاوی بڕیبووە چـاوەکانم، تیلـەی چـاوەکانی ئـەو تەعبیرەی لەخۆگرتبوو کە نهێنییـەکانی ئاشـکرا نـەدەکرد، بـەڵام لـەدڵی منـدا گومـانێکی بووژاندەوە کە بەردەوام بەدوامەوەبوو.

دووبـارە بینیمـەوە لەشـیپانەی دەرگاکـەدا وەسـتابوو و چـاوەکانی لەئالۆزییـدا سەرگەردان ببوون نەمدەتوانی تەنانەت بیرلەوەش بکەمەوە کە ئەوساتەی روخساری چی دەگەیەنێت، سەرلەبەیانی رۆژی دوایی، بەسەرسامیی خزمەتکارەکەم لەخەو رایچڵەکاندم، پێشتر هەرگیز بەوجۆرە بۆ لەخەوهەستان راینەتڵەکاندبووم.

—گەورەم، ئەمشەو ئەو ژنەی هاوسێمان مرد!

لەسەرسامییدا لەجێگەکەم راپەڕیم، بەئارامیی پرسیم:

—کام ژن؟

—ئەوەی لەتەنیشتمانەوە دەژین.

—ئاخر کەی؟

بەدەم لەرزینەوە وتی:

—نازانم. ئەم بەیانییە مێردەکەی تەماشای دەکات مردووە.

پرسـیاری تـرم لێنـەکرد، چـونکە بەخۆمـدا رانـەدەبینی. ئـازارو نیگـەرانیی کۆتییـان کردبووم، بیرم لەوە کردەوە کە رەنگە دوای ئێوارە گرانەکەی دوێنێمان خۆی کوشـتبێت، رەنگە بیاداسـای مێردیـشی ئێمـەی بینێبێـت و پرسـیاری لێکردبێـت، ئـەم پوختەیـە وای لێکردم لەدیداری (بیادیسا) بترسم، بەڵام بیرم لەوە نەکردەوە تاکو خۆی هات بۆ بینینم.

هاتنی ئەو بەتەنیا تووشی دڵەڕاوکێی کردم، گومانیشی لەوە نەبوو کە سووربوونەوەی روخساری و چاوە خەمبارەکانمی هەست پێکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا، غیرەتم نایەبەرخۆم

و لەگەڵیدا کەوتمە گفتوگۆ، ئەو وتی گوایە کە بەیانی چۆتە ژوورەکەی تەماشا دەکات مردووە.

هۆکاری مردنەکەی نەدەزانی، بەڵام شەو درەنگ وەخت نووستبوو، نامەیەکیشی نووسیبوو دابوویە خزمەتکارەکەو پێیوتبوو هەرچی زووترە بیخاتە پۆستەوە، بیادایسا هەر ئەم وردەکاریانەی دەزانی.

بەیانی رۆژی دواتر لەلایەن سۆماوە نامەیەکم پێگەیشت کە تێیدا بۆی نووسیبووم:

(دەمەوێت هەر لەسەرەتای نووسینی ئەم نامەیەوە ئەوەت لەلارپوونبکەمەوە کەمن سۆزم بۆت دەجوولا، من دڵنیام تۆش هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەیت کاتێك هەواڵی مەرگی من دەبیستیت، بەڵام دەبێت بیری لێبکەیتەوە، من بۆیە سنوورێکم بۆ ژیانی خۆم دیاریکرد، چونکە لەوە زیاتر ژیانم بەلاوە بێهودەبوو، تۆش ئەگەر بزانیت چۆن ژیاوم هاوڕام دەبیت، بێگومان ئەوەت بیستووە کەمن ژنێکی داوێنپاك بووم، شەش ساڵبوو شووم بەبیاداسا کردبوو بەئەرکی دەزانم ئەوەت بڵێم کە مێردەکەشم بەهەمان شێوە پیاوێکی داوێنپاك بوو، رەنگە بەزەحمەت پیاوێکی وەك ئەو بەسەبرو ئارام دەستبکەوێت، بەڵام پێموایە ئەو هەرگیز منی خۆشنەویستووە، گومانیشم هەیە پیاوانی لەوجۆرە لەهەستی جەوهەریی دڵی ژنان تێبگەن.

لەگەڵ ئەوەشدا بەتەبایی ژیاین، دەبێت ئەوەشم لەبیر نەچێت کە ئاماژە بەشتێك بکەم، ئەگەر بەراوردووی خۆمدا بچوومایەتەوە نەمدەتوانی بڵێم بەبەختەوەری ژیاوم. بیریشم لەوە نەدەکردەوە هەرچۆنێك بێت رۆژێك لەرۆژان کەسێك من رەتبکاتەوە، بەڵام هەرگیز هەستم بەو کامەرانییە نەکرد کە خوازیاربووم لەژیانی هاوسەرێتیشدا پێیبگەم. ساڵێك گوزەری کردوو کوڕێکمان بوو، کوڕەکەم زۆر خۆشدەویست و پێموابوو هیواکانم پڕدەکاتەوە، ئیتر ئەم منداڵە بووە نێوەندی ژیان، چونکە ماناو حەقیقەتی بەژیانم دەبەخشی، بەڵام سێ ساڵ دواتر کوڕەکەم مرد، ئیتر پێموابوو خۆ لەبەر تیاچوونی لەوجۆرەدا ناگیرێت، من پرسیارم لەلادروست بووە کە ئاخۆ بیاداساش هەمان هەستی منی هەیە یان نا. چەند مانگێك بۆ کوڕەکەم گریام، چونکە ماناو حەقیقەتی ژیانم لەگەڵ مەرگی ئەودا هەڵفڕین، رۆحم کەوتە ونبوون هەروەك لەگێچنە چووبێت، ئەو ونبوونەی رۆحم زیاتر دەبوون، بەتایبەتی بەنەمانی ئەو قەناعەتەی بەرلەمنداڵبوونەکەم هەستم

پێدەکرد، ئیتر درکم بەوەکرد کە لەژێر ئەو ئازارو ناسۆرەدا هەچی زووترە شەرم و شکۆم لەدەست دەچێت، ئیتر وردەوردە سیفەتی ژیانی پیرۆزو هاوسەری لەلام رێزو نەوازشی نەما، دواتر جڵەوم بۆ خۆم شلکرد کە لەهەرکوێیەك بێت بگەم بەخۆشی و لەئاستی خیانەتکردنیش لەبیاداسا هەستم بەنیگەرانی نەدەکرد.

ئێستاش، بەشەرمەزارییەوە نەبێت ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە، بۆیە رقم لەخۆم دەبێتەوە، ئیتر خۆشی و رابواردن بووە خەمی سەرەکیم لەژیاندا، لەوکاتەدا بوو کە تۆم بینی. لەو بڕوایەدانیم بیاداسا هەستی بەو گۆڕانانە کردبێت کە بەسەرمدا هاتبوون، ئەو جیاوازیی نەدەبینی لەنێوان هاوسەری دڵسۆزو خەمنەخۆردا، ئەگەر ئاگاداری ئەم حاڵەتەبوایە، خۆی لەم کۆتاییە تراژیدییە بەدوور دەگرت.

(من هاوڕێیەتیم لەگەڵ تۆدا بەست، بەڵام بەو مەبەستەی خواست و ئارەزووەکانم تێربکەم، بەڵام هەڵوێستی چاوەڕوان نەکراوی تۆ تەواو ئاوەژووی کردم و ئەو هەڵسوکەوتەت تەواو هەڵەکانمی خستەڕوو، ئێشتاش، تازە لەوە گەیشتووم، پێموایە تەواوی ئەو کاتانە کوێراییم داهاتبێت.

هەوڵمدا هەموو ئەوانە بۆ بیاداسا بگێڕمەوەو لاپەڕەیەکی نوێ بۆ بوونم بکەمەوە، بەڵام چۆن لەو بڕوایەدابم کە لێم حاڵی دەبێت کە ئەو لەمبارانەوە هیچ شتێك نازانێت؟ تەنانەت ئەگەر لێشم ببورێت، ئاخۆ من دەتوانم هەڵەبکەم؟ ئەگەر ئامادەش بێت بەهەڵەکانمەوە قبوولم بکات، خۆ دەتوانێت بەوە تاوانبارم بکات کەمن لەئاستی ئەودا ناپاك بووم، ئەی تۆش وانابینیت، ئەو ئەگەر ئێستا هەستی بەزەیی تێدا جووڵابێت، لایکەمی لەئاستی تووڕەیی لەهەڵسوکەوتی رابردوومدا هەستی کردووە، ئەگەر بەهۆی خیانەتی منیشەوە ئەو هەستەی نەمابێت تۆ بڵێی ئێستا دڵی جووڵابێت؟ پێموابوو مردن تاکە چارەسەرەو تاکە رێگە بووبێت بۆ سەرفرازبوون.

هیوادارم ئێستا قەناعەتت بەبێتاوانی خۆت هەبێت).

**سەرچاوە:**

کۆمەڵە چیرۆکی (کان ذلك في الربیع) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (مەها محەمەد حەسەن) کتێبی دار الشؤون الثقافیة العامە، بغداد ٢٠٠٣.





**دیدار لەگەڵ ساکار عومەر سلێمان**

**چنور محەمەد**

**دیدارلەگەڵ ئارق ئاکرەیی**

**رێبواری ئازادی**

**جەزیرەو CNN بکوژێننەوە..**

**تۆفیق عەبدول**



# هونەر

## ساكار.ع. سلێمان:



# ئەگەر هونەر لەناو ئەزموونددا نەمێنێتەوە تەنیا کاری دووبارەکردنەوەیە

دیداری: چنور محەمەد

ساکار، زیاتر ئیش لەسەر هێڵەکان دەکات، هێڵەکان بۆ ئەو گونجاوترین فۆرمە بۆ دەربڕین و هەڵچوونەکانی ناخی خۆی، جگە لەوەش دەتوانێت لەماوەیەکی کورتدا ژمارەیەك هێڵی بێپایان بکێشێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵچوونە بێکۆتایانەی لای ساکار هەیە، هەر ئەمەش وای لێدەکات ئیش لەسەر پانتاییەکان نەکات.

**×کارە هونەرییەکانت شێوەی سروشتیی مرۆڤەکان نین، واتە شێوەیەکی تێکشکاوو شێواویان هەیە، ئایا ئەمە بینینی تۆیە بۆ مرۆڤەکان؟ یان ئەمە شێوەیەکە لەشێوەکانی کارکردنی تۆ؟**

ئیشکردنەکانم پەیوەستن بەزات و هەستی خۆمەوە، ئەو شێوە ئیشکردنەی تۆ باسی دەکەیت ئەنجامی ئەزموونی چەند ساڵەی کارکردنی هونەریمە، لێرەشدا ناوەستم، چونکە هەموو هونەرمەندە مەزنەکانیش هەر بەو شێوەیە ئیشیانکردووە، وەستان لەهونەردا

نییــە، هــەر ئەوەشــە زیندوییــەتیی دەدات بەهونــەر، بــەردەوام لەگــەڕان و هەمیــشە لەتازەبوونەوەدایە.

***کەواتە ئەمە بینینی تۆنییە بۆ مرۆڤەکان، بەڵکو قۆناغێکە لەقۆناغەکانی کارکردن؟**

بەردەوام لەناو ئەزموونمدام، هەر هونەر خۆی لەناو ئەزموونمدایە، ئەگەر ئەزموون نەبێت تــەنیا دووبارەبونــەوە دەمێنێتــەوە کــە بــەو شــێوەیەش بــوو ئــەوا ئــەو هونــەرە دەبێتــە هونەرێکی وەستاو جگە لەوەش چاوی بینــەر لــەو هونــەرە وەســتاوە زوو تێردەبێــت، مــن خۆم بەردەوام دەگەڕێم هەرواش ئیشمکردووە.

***لەپێناو ئەوەدا دەگەڕێیت، تا شێوەی ئیشکردنی خۆت بدۆزیتەوە؟**

ئەمەی تۆ باسی دەکەیت لەقۆناغێکدایە، تا شێوەی کارکردن دەدۆزیتەوە.

***بەوپێیە بێت تۆ ئەو شێوازەت دۆزیوەتەوە؟**

ناتوانم هیچ قسەیەك لەسەر ئەوە بکەم، لێمگــەڕێ بابــە سروشــتیی ئیــشکردنی خۆمــدا تێپەڕم، دواتر خۆت ساتێك لەساتەکان وەڵامی ئەو پرسیارەی خۆت دەدەیتەوە.

***ئەگــەر قــسە لەهەســتەکانی مــرۆڤ بکــەین، تــۆ تا چــەند لــەو باوەڕەدایــت هەستەکان فێڵ لەهونەرمەند دەکەن، بەتایبــەتی هەســتی بیــنین، کــە هونــەری شــێوەکاریی زیــاتر پەیوەســتە بــەو هەســتەوە، چــاو نابێتــە رێگرێــک لەبــەردەم تێڕامانێکی راستگۆیانەی تابلۆیەکی هونەریی؟**

لــەنێوان بیــنین و نەبینینــدا خــاڵێکی زۆر هەســتیار هەیــە، ئــەو هونەرمەندانــەی بەئاگاییەکی قــووڵترەوە ئیشدەکەن، ئــەو خاڵــە دەدۆزنــەوە، نــەبینینی ئــەو خاڵــەش لای هونەرمەند دەبێتــە هــۆی دووبارەکردنــەوەی کارەکــانی پێــشووتری، هــەر ئەمەشــە وایــان لێدەکات نەگەڕێن بــەدوای ئیشەکانی خۆیانــدا و خوێندنەوەیــەکی تایبــەتییان نــەبێت بــۆ ئیشەکانیان.

***مەبەستت ئەوەیە ئەو دوو بینینە جیاوازن؟**

نەخێر، رێك بەپێچەوانەوە، کاتێك کــەبینینی یەکــەم بمێنێتــەوە نــەگۆڕێت، ئیــتر مــن پێویستم بەوە نییە هەمان ئەو ستایلانە ببینمەوە کە جاری پێشوو بینیومن.

*** چۆن؟**

بۆ نموونە، لەپێشانگەیەکی پاردا هــەمان ئــەو تابلۆیانــەم بینیوەتــەوە کــە ئەمــساڵیش نمایشکراون، من هەمان ئیش دەبینمەوە، بەبێئەوەی گۆڕانکارییــەکی تێــداکرابێت، وەکــو

پێشتریش ئاماژەم پێدا هونەرمەند خوێندنەوەیەکی بۆ تابلۆکانی خۆی نەبووە، نەگەڕاوە بەدوای تازەگەرییدا، هونەر خۆشی جگە لەگەڕان بەدوای تازەدا هیچیتر نییە.

***تازەگەریی بەلای تۆوە چییە؟**

هەر هونەرمەندەو لەڕێگەی ئەزموونی خۆیەوە دەزانێت ئەو تازەگەرییە چییە، هەندێکیان هەیە لەشێوەو فۆرمەوە دەستیان بەئیشی هونەریی کردووە، هێواش هێواش بەرەو ئەبستراکت ڕۆشتوون، ئەمە تازەگەرییەکە لەژیانی هونەریی ئەو هونەرمەندە.

***دەتەوێت بڵێت: دەبێت لەهەموو رووەکانەوە گۆڕانی بەسەردا بێت، لەڕووی ماناو بیرۆکەو...؟**

نا، نا، مەبەستم ئەوەیە من هەرمنم ئەمڕۆ بۆچوونێکم هەیە سبەینێ بۆچوونێکی تر، ئەوەی ئەمڕۆ دەبێتە بەکگراوندێك بۆ سبەینێ.

***کەواتە ئەزموون بەسە بۆ کارێکی هونەریی؟**

ئەزموون بنەمای کاری هونەرییە، ئەگەر ئەزموون نەکەیت کارەکانت دەمرێت، بەڵام کاری هونەریش بەتەنیا ئەزموون نییە.

***ئەی چی ترە؟**

ئیشی هونەری هەستکردنە، ئەو هەستەی بەرامبەر کەموکوڕییەکانی ژیان هەتە، یان تۆ چۆن هەست بەدەوروبەرت دەکەیت، جا ئەو هەستکردنە هەر چییەك بێت، هەستکردن بەجوانیی، بەئازار، هونەرمەند خۆشی بەردەوام هەستیارییەکی فراوانتری هەیە لەخەڵکی ئاسایی.

***دواتر ئەو هەستکردنانە دەچنە ئیشێکی هونەرییەوە؟**

هەستکردن و دواتر دەربڕینی لەڕێگەی تابلۆیەکی هونەرییەوە ئیتر بەهەر شێوازو فۆرمێك بێت بەمۆسیقا بێت یان شانۆو شێوەکاریی.

***ڕۆڵی بینەر لە کاری هونەریدا چۆن دەبینیت؟**

بەشێك لەئیشی هونەری بینەر خۆیەتی.

***ئەو پێویستبوونەی بینەر تاکوێیە؟**

هەتا بینەر ئیشی هونەریی نەبینێت هەست بەو جوانییە ناکرێت، کە لەتابلۆیەکدا هەیە، بەواتایەکی دیکە بینەر دوا لەمسەی کاری هونەرییەو دەبێتە تەواوکەری.

***هەموو بینەرێک؟**

نامەوێت جۆرەکانی بینەر دەستنیشان بکەم، چونکە زۆرجار کەسی سادە دەتوانێت بەجوانترین شێوە تابلۆکان ببینێت، من خۆم بینینی ئەو کەسە سادانەم لاپەسەندە.

***هونەرمەند بۆئەوەی بینەرێکی باشی هەبێت چەند پێویستیی بەباکگراوندێکی مەعریفییە؟**

ئەگەر ئەو باکگراوندە نەبێت هونەرمەند توانای هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییەکانی نابێت و تەنانەت ناتوانێت خوێندنەوەی بۆ بەرهەمە هونەرییەکانی تریش هەبێت، هونەرمەند هەر بەتەنیا کاری هونەری ناکات، بەڵکو پێویستە بەردەوام بەپێی ئەو باکگراوندە مەعریفییەی کە خاوەنییەتی دیدو تێڕوانینیشی بۆ دنیاو هونەرو کاری هونەریی بگۆڕێت، دیارە باکگراوندی هونەریی ڕۆڵی گرنگی هەیە لەبونیادنانی تیڕوانینی هونەرمەندد، لێرەوە هەموو باکگراوندێکی مەعریفی بۆ کاری هونەریی قبووڵە، بەمەرجێك هونەرمەند بزانێت هەموو باکگراندێکی مەعریفی لەکاری هونەریی خۆیدا تەوزیف بکات.

***کاتێک کەسەرقاڵی تابلۆیەکیت ئەزموونی چی دەکەین، یان ڕاستتر هەست بە چی دەکەیت؟**

لەناوەوەی خۆمدا هەست بەهەڵچوونێکی زۆر سەیر دەکەم، بەجۆرێك کە نەمپەرژاوەتە سەرئەوەی کە بزانم ئایا ئەو هەڵچوونە چییە، هێندە نەبێت کە حەزدەکەم بەردەوامی بەکارکردنەکەم بدەم، ماوەی کارکردنیشم پچڕپچڕە، هەندێك کات زۆر حەز بەکارکردن دەکەم و هەندێك کاتی تریش حەزم بەئیشکردن نییە، لەو ماوەیەدا کە لەناخمدا هەست بەبوونی وزەی کارکردن دەکەم، ئەگەر لەو کاتەدا کارەکە نەکەم، ئەوا ئەو هەڵچوونەی کە لەمەوپێش ئاماژەم پێدا لەناخمدا هەردەمێنێتەوەو پێویستە بەشتێکی دیکە دەریبڕم، لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر ئەو وزەیە دەرنەبڕم و بمەوێت دەربڕینەکەی دوابخەم، ئەوا هەر لەوکاتەدا دەمرێت، چونکە هەندێکجار ئەزموونی ئەوەم هەبووەو وتومە بائەم وزەی کارکردنە دەرنەبڕم و هەڵیگرم بۆ کاتێکی دیکە، بەڵام دواتر نەمتوانیوە ئەو وزەی کارکردنە بگێڕمەوە بۆ ناخی خۆم، من خۆم هیچ تەفسیرێکم نییە بۆ ئەو هەڵچوونەی خۆم، هێندە نەبێت کە بەهەڵچوونەوە دەست دەدەمە فڵچە، بەهەڵچوونەوە شتەکان ئامادەدەکەم، بۆیە لەکاتی کارکردندا کەسێك بیەوێت بەشتێکی دیکەوە سەرقاڵم کات گەلێك تووڕە دەبم، ئەمە ڕاستی ناخی منەو بەئەمانەتەوە پێم وتی.

***ماوەی کارکردنی هونەریت چەندە بەشێوەیەکی گشتیی؟ چۆن؟**

کاتی وا هەیە بۆ ماوەیەك هیچ کارێکی هونەریی ناکەم، تەنانەت هیچ شتێکیش ناخوێنمەوە، کەچی هەندێکجاری تریش زۆر بەعیشقەوە سەقاڵی کارکردن و تەنانەت خوێندنەوەش دەبم.

***ئەمە بۆ بەم شێوەیە روو دەدات؟**

دەمەوێت زۆر راستگۆیانە پێتبڵێم من هیچ دەستم لەوەدا نییە، هیچ شتێکیش دەربارەی ئەوە نازانم، پێش ئەم قۆناغەش لەمناڵیشدا هەر بەو شێوەیە بووم، ماوەیەك ئیشم زۆردەکرد پیشانی دایکم دەدا، ماوەش هەبوو هیچ کارێکم نەدەکرد لەمناڵیمدا وێنەی دارو داروخورماو گوڵ و کچ و خانووم دەکرد، هەمان ئەو کەرەستانەن کە ئێستاش بەدوایاندا وێڵم.

لەماوەی خوێندنی پەیمانگەدا کاری گوڵم زۆر دەکرد، گوڵ بەچەند جۆرو رەنگ و باکگراوند، کاتێك بیر لەئێستام دەکەمەوە تەواو پەیوەندیی بەمناڵیمەوە هەیە، ئێستا دەتوانم ئەو وێنانە بکەم کە بەمنداڵی دەمکردن.

**×کەواتە هونەرمەند دەیەوێت بەئاگاییەوە تابلۆیەک بکێشێت، نەک وەک لای منداڵ هەیە کە وێنە دەکەن، نازانن بۆ دەیکەن.**

ئێستا کە من کاری هونەریی دەکەم، هەمان کەرەستەی منداڵیمە گرنگی پێدەدەم و بەکاریدەهێنم،چونکە لێی تێرنابم، ناتوانم واز لەو شتانەی کە لەمناڵیدا ئیشم بۆ کردووە بهێنم، لای من منداڵیی بنەماو تەواوکەریشە، کاری هونەریی قۆناغە جیاکانی تەمەن تەواوی دەکەن، من لەموو قۆناغەکاندا گوڵم دروستکردووە، بەڵام لەمنداڵیدا بەشێوەیەك دروستمدەکرد، لەتەمەنی هەرزەکاریشدا بەشێوەیەکیتر، ئێستا بەشێوەیەکی جیاوازتر دەیکەم، کە گەورەبووم شێوەو رەنگی گوڵ زۆر سەرنجی راکێشام.

***لەئێستای کارەکاندا زیاتر ئیش لەسەر هیڵ دەکەیت بۆچی لەپانتاییدا ئیش ناکەیت، ئایا ئەوەی دەتەوێت دەربڕی تەنیا هێڵ گوزارشتی لێدەکات؟**

مەرج نییە، بەڵام هێڵ یاریدەدەرێکی باشە بۆ دەربڕینی ئەو هەڵچوونەی من، لەبەرئەوەش زیاتر ئیش لەسەر هێڵ دەکەم، چونکە هێڵ تیژە بەئاسانی دێن بەدەستەوە، تەواو لەگەڵ هەڵچوونەکانم دێتەوە، کاتێك پانتایی دادەنێیت ماوەیەکی زۆری دەوێت، تا پانتاییەك بەفڵچە دادەنێیت، بەڵام هێڵ قەڵەمێکە بەدەستەوەیە یان لەماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێك هێڵی زۆر دەکەیت ماوەی نێوان هەڵچوونەکانم لەگەڵ هێڵدا بەشێوەیەکە هەستی پێناکرێت، بەڵام لەپانتاییدا ماوەیان زۆرە.

***بۆیە ئەوە دەکەیت، تا فریای هەڵچوونەکانت بکەویت؟**

ئا، ئا، چونکە ئەوە تۆزێك شێتانەیە.

***تا چەند دەتەوێت کەسانیتر کارەکانت ببینن؟**

زۆر حەزدەکەم هاوڕێ و کەسەنزیکەکانم ببینن ئەوانەی خۆم پێیان مورتاحم هەمیشە ئیشەکانم پێشانداون، بەڕادەیەك هەر لەسەرەتای کارەکەوە کە خەریکی بوونیادنانی دەبم، دەبێت کەسە نزیکەکانم ببینن، دوای تەواوکردنیشی دیسانەوە پیشانیان دەدەم.

***سەبارەت بەکردنەوەی پێشانگە چۆنە؟**

بەڕاستی حەز دەکەم ئەزموونی من، ئەزموونێکی کامڵ بێت ئینجا بینەر بهێنمە سەیری کارەکانم، چونکە لێرەدا ئەرکی من زۆر قورستر دەبێت کاتێك ئیشێك لەکۆڵ خۆمی بکەمەوەوو تەواوی نەکەم خەڵك بهێنمە سەیری، ئەوە تۆزێك پێم ناخۆش دەبێت.

***ئایا ئەمە بۆ تۆ قورس نییە کە دەبێت کامڵ بێت دواتر پێشانگە بکرێتەوە کێ دەڵێت دەگەیتە ئەو کاملیەی خۆت دەتەوێت لەوکاتەشدا دەبێت هەرگیز پێشانگە نەکەیتەوە؟ ئایا پێویست بەوەناکات خەڵک ئاگاداری قۆناغەکانی کارکردنی تۆبێت؟**

نامەوێت من ئازاری هیچ کەسێك بدەم، من خۆم بەئازارێکی زۆری دەزانم کەسانێك کە لەشوێنێکی دوور دەژین بێت سەیری کارەکانم بکەن، دواتر تەنیا ماندوو بوونەکەیان بۆ بمێنێتەوە، من دەمەوێت ئەوان کارێك ببینن لەزاکیرەیاندا بمێنێتەوە، کاتێك کەمن ئیش دەکەم کەسانێك هەن ببینن، بەڵام نایکەمە ناو پێشانگایەکەوە، ئەگەر ئەنجامێکی وەهام دەستبکەوێت شایەنی ئەوە بێت بینەر سەری بکات، نمایشی دەکەم.

***ئەوئەنجامە چییە؟**

ئەوەیان پەیوەندیی بەئەزموونی خۆمەوە هەیە، دەمەوێت ئەوەم دەست بکەوێت کە پێی رازییم، رەنگە هەرگیز رازی نەبم، لەوانەشە هەرگیز بینەریشم نەبێت.

***کاملیی لەهونەردا چییە؟**

ئەگەر کامڵی لەهونەردا هەبێت هونەرەکە دەوەستێت، بەڵام مەبەستم ئەوەیە ئاستێك هەیە لەهونەردا من رازی ناکات، ئێستا من زیاتر قسە لەسەر پیشاندانی کارەکانم دەکەم،

دڵنیـام لـەوەی لـەهیچ کارێکـدا رازی نـابم و رازی نـەبووم، هەرئەوەشــە بــەردەوامی پێبەخشیوم، بەردەوام بگەڕێم بەدوای ئەوشتەدا کە نازانم چییە.

***پرسـیارێکی تـر، هونەرمەنـدانی ئێـرە زۆرپەیوەسـتن بەتابلۆکانیانـەوە، ئەوەندە پەیوەستن کە هەرگیز نایانەوێت لەدەستی بدەن و بیبەخشن، بۆ چی؟**

بۆیە هونەرمەندان نایانەوێت کارە هونەرییـەکان لەدەسـت بـدەن، چـونکە ئـەو کارانـە بەشێکن لەهەستەکانیان، زەحمەتە لای ئەوان ئەو کارە ببەخشن یان بیفرۆشن.

***ئـەی دواتـر چـۆن کـارێکی تـر دەکـەیت ئەگـەر ئەوەنـدە پەیوەسـت بیـت پێیەوە؟**

مەرج نییە، چونکە ئەو کارە هونەریەك خۆشدەوێت، بەردەوام دەتەوێت بیپارێزێت بـۆ خۆت، دەتوانیت کاری تریش بکەیت ئەوەی پێشوو دەبێت بەبنەمایەك بۆ ئەم کارەی تر.

***کەواتە هونەرمەندان خۆپەرستن بەڕادەیەک دەیانەوێت کارەکانیان تـەنیا بۆ خۆیان بێت؟**

نا، نەخێر، بۆتۆ ئەوە بەکەم دەزانیت کاتێك سەیری تابلۆکانی دەکەیت کە دونیایـەکن لەجوانی، ئەگەر هونەرمەند ئەو جوانیانە نەبەخشێت بەتۆ کـێ ئەمـەت پـێ دەبەخـشێت، بەرای تۆ ئایا ئەمە خۆپەرستییە، تابلۆکەش بەشێکە لەخۆی، بۆیە ناتوانێت بیبەخشێت.

***ئەمـە بیانوویەکـە بۆئـەوەی بەهەرشـێوەیەک بێـت تابلۆکانیـان نەبەخـشن؟ بەڵام هونەرمەندانی دەرەوەی زۆر بەئاسانی کارەکانیان دەبەخشن.**

بەڵێ راست دەکەیت، خەڵك لەوێ بەشێوەیەکی گشتیی رێز بـۆ ئـەو هونـەرە دادەنـێن کە هونەرمەند سەرقاڵییەتی، بەڵام لێرە تابلۆیەکی هونەری کەمترین رێزی هەیە، تەنانـەت لەپێشانگەیەکیشدا بەتەواوی ناتوانن سـەیری کارەکانـت بکـەن، بـەپێی ئـەو حەقـەی کـە لەتابلۆکاندا هەیە.

***بەو پێیە هۆکاری ئەو نەبەخشینە دەگەڕێتـەوە بـۆ رێزدانـەنانی خـەڵک بـۆ تابلۆکە؟.**

نـەك هـەر ئەوەنـدە پەیوەنـدیی بەهـەموو شـتەکانی تریشەوە هەیـە، بـەڵکو هەسـتی رێزنەگرتنی بەرامبەر، یان دیارنەمانی چارەنووسی ئەو تابلۆیە کە چی لێبەسەردێت.

***ئەو هەموو پەیوەست بوونە بەماددەوە چییە؟**

ماددە زۆر گرنگە لەبواری هونەریدا، چونکە ئەگەر ماددە نـەبێت هونەرمەنـد ناتوانێت ئـیش بکـات، بەتایبـەتی لەهونـەری ئـەمڕۆدا زۆر مـاددەی جیـاواز هاتۆتـە دونیـاوە،

هونەرمەندیش بەردەوام بەدوای ماددەیەکی باشتردا دەگەڕێت، لەبەرئەوە پارەیەکی باشتری تێدەچێت، بەڵام لایەنە مەعنەوییەکەی هونەرم بەلاوە گرنگترە، چونکە ئەوە لایەنێکی هەستییەو لەسەر تابلۆکە بوونی هەیە.



**دیدار لەگەڵ تاریق ئاکرەیی**

# تـــارق ئـــاکرەیی: لەهەشـــتاکان و حەفتاکانـــدا لەهەولێر شانۆ خەڵکی بۆ خۆپیشاندان هاندەدا



ئـەو سـەرەتا دەیویـست ببێتـە پەیکەرسـازێکی سـەرکەوتوو، بـەڵام رۆژگـاریی تەمـەنی بـەئارەزووی ئەو هەڵنەسورا، هونەرمەندو ئەکتەری ناسراو (تاریق ئـــاکرەیی) لەحەفتاکانـــەوە کـــاری شـــانۆیی وەك دەرهێنــەرو ئەکتــەر کـردووە، بـەکوردی و عـەرەبی چـــەندین کـــاری بـــۆ تەلـــەفزیۆنی عیـــــراق بــــەئــــەنجامگەیاندووە، لــەکارە دیارەکــان کــە ئاکرەیی بەشداربووە تێیانـدا، شـانۆیی و دراماکـانی (الرجل الذي رفضه الموت، طبيـــب و عقارب، زواج قطاع خاص، مطعم قرد الحية، الفأس، جدران و عقارب، (عیونها و النجوم) کـەکارێکی هاوبەشـی عێراقـی و میـسری بـوو و زنجـیرەی (مـەمی ئـالان) فیلمـی (راوە جنۆکـە)و (بەدرێژایی شەو) فیلمی (تـرس و ئـەڤین)، مامۆسـتا تـاریق خـاوەنی بڕوانامـەی (دبلـۆمی دەرهێنان)ە جگە لەوەی ئێستا مامۆستای پەیمانگـەی هونەرجوانـەکانی هـەولێرەو لـەدوا ساڵی قۆنـاغی خوێندندایـە لەکۆلێـژی هونـەری زانکـۆی موسـڵ، لـەم هەڤپەیڤینـەدا بـۆ خوێنەرانی گۆڤاری (هەنار) لەبارەی شانۆوە دەدوێت.

چاوپێکەوتنی: ڕێبواری ئازادی

**×ئەگەر بكرێت بەراوردێک لەنێوان ئاستی زانستیی هونەری دەرهێنەرانی كوردو دەرهێنەرانی عەرەب بكەیت بەوەی بەڕێزت ساڵانێكی زۆر كاری هونەریت لەناو عەرەبدا كردووە.؟**

بێشك هونەرمەندانی عەرەب توانایەكی بەرچاوتریان هەیە، بڵاوبوونەوەیان هەیە بەحوكمی ئەوەی ئەوان كۆمەڵێك ئۆرگانی تایبەت بەخۆیان هەیە، كۆمەڵێك كەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەتی خۆیان هەیە، واتە پێویستیان بەئیشە بۆئەوەی ئەو كەناڵانە بەرهەمی تازەیان هەبێت و پێشكەشی بینەرەكانیانی بكەن، ئەمەش بوارێكی فراوان بۆ هونەرمەندانیان دەڕەخسێنێت و ماوە دەدات هەركەسێك هەر هیچ نەبێت ساڵی یەك دوو ئیش بكات، بەداخەوە ئێمە ئۆرگانەكان و كەناڵەكانمان كەمترن، ئێمە تا یەك دوو ساڵ پێش ئێستا یەك دوو كەناڵمان هەبوو كوردسات، KTV، Med TV، ئەوانیش جۆرێك بۆچوونی تایبەتیان هەبوو. ئەو سێ كەناڵە بەهیچ شێوەیەك مادەی یەكتر بڵاوناكەنەوە، لەبەرئەوەی هەریەكەیان تەوجیهی بۆچوونی حزبێكی فیكرییە، ئەمە رێگەی لەهونەرمەندانی ئێمە گرتووە، هونەرمەندانی ئێمە ناچاربوون ئەو ئیشانەی دەیكەن لەتەلەفزیۆنێكی ناوخۆییدا نمایشی بكەن، لەتەفەفزیۆنی ناوخۆیش تۆ دەزانیت تەلەفزیۆنی لۆكاڵەو ئەوەندە بەربڵاو نییە بتوانیت لەساڵێكدا یەك دوو ئیشی بۆ بكەیت، هەروەها لەڕووی ماددیشەوە ئەوەندە بەهێزنین وەك كەناڵە ئاسمانییەكان، ئەوانیش بەهۆی بیركردنەوەی حزبییەوە كارەكانیان سنووردارە، ئەگەر ئیشێكیش بكەن تەنها بۆ شكاندنی تینیوێتیی خەڵكە، یان بۆئەوەی بۆشاییەكی خۆیان پڕبكەنەوە ئیتر بەهەزار هەوڵ و ئەملاو ئەولا ئیشێكیان ئەنجام دەدا بەپارەیەكی كەم هەوڵدانێكی یەكجار زۆر هەتا بتوانێت ئیشەكە پێشكەش بكات، ئیشەكەش بۆ بۆنەیەك یان لەڕەمەزاندا پیشان دەدراو كۆتایی دەهات، ئەمە خۆی لەخۆیدا قەیرانێك بۆ هونەرمەندەكانمان دروستدەكات. هونەر پراكتیكە، ئەزموونە، كۆبوونەوەی ئەزموونە، تۆ چەندە ئەزموونت زۆرتربێت دەتوانیت شتی جوانترو ناسكتر پێشكەش بكەیت، چونكە شارەزاییت زۆرترە، بەڵام كە دووساڵ جارێك ئیشێك بكەیت وەكو (مەمی ئالان) پێش پێنج ساڵ ئیشێكراو دوای ئەوە پێداویستیی وا دابیننەكرا بتوانرێت ئیشێكی گەورە بكرێت. ئەمە ئەزموون كەمدەكاتەوە

که ئەزموون کەمبوو واتە کەرەستەکان کەمە کە کەرەستەش کەمبوو واتا ئەو ئیشانەی کە دەکرێت لەو ئاستە هونەرییەدا نابێت کە ئێمە دەخوازین.

**×بەبڕوای تۆ تێڕوانین بۆ شانۆ لەساڵانی حەفتاکاندا چۆن بوو، وەک دەزانین شانۆیی ئێستا لەکارێکی سەرپێیی دەچێت، دێت و دەڕوات؟**

دەزانی شانۆی جاران پەیامێکی تایبەتی هەبوو، شانۆی خۆماڵی کە ئێمە پێی دەڵێین شانۆی کوردی، ئەو پەیامەی ئەو سای تۆ هەستت دەکرد داگیرکراویت، دەسەڵاتێك هەیە هەموو ڕێ و جێی لەتۆ گرتووە، بواری کارو ژیانی لەتۆ گرتووە، ئەنفالت دەکات دەتکوژێت کیمیابارانت دەکات لەسێدارەت دەدات، گوللەبارانت دەکات و پارەی گوللەکانیشت لێوەردەگرێت، ئەوکاتە خەڵك شوێنێکیان هەبوو تێیدا هەناسە هەڵمژن ئەو شوێنەش شانۆ بوو تۆ هەوڵت دەدا یا هونەرمەند هەوڵی دەدا هەر دەقێکی جیهانیشی بهێنابایە تۆزێك دەستکاری دەکرد بۆئەوەی نمایش بکرێت ئەگینا ڕێیان نەدەدا هەموو ئیشێك نمایش بکرێت ئیتر بەناوی ئەوەی دژایەی ئیسرائیل و بۆچوونی ئەمریکی و عوسمانی دەکەیت بەبیرۆکەی ئەوەی تۆ دژایەتیی سەربازگەی سۆسیالیستی دەکەیت و تۆ لەگەڵ بیری نەتەوەی عەرەب و عیراق و چیت ئیتر تۆ هەوڵت دەدا وەکو پاسپۆرتێکی لێبکەیت و ئیشەکەی خۆتی تێدا پێشکەش بکەت، ئەو کاتە هەڵئەستای هەندێك هێماو سومبول و دەلالەو شتت بەکار دەهێنا کە خەڵکە کوردەکە تێدەگەیشت کە تێیدەگەیشت وەکو هەناسە هەڵمژینێك بوو، تێیدا هەستی دەکرد تۆ باسی ئێش و ئازاری دەکەیت بۆیە پەنای دەهێنا بۆ هۆڵەکە جیاوازیی لەگەڵ ئێستادا ئەوەیە ئێمە ماوەیەك بەتایبەت ئەو سەردەمەی شەڕی براکوژیی و خۆکوژیی و هەموو کوژییەکەی تێدا بوو وایکرد کە هونەرمەندەکان و نیشتمان لەیەك دوورکەونەوەو ئینجا بەتایبەتی دوای ئەوە کوردستان ڕزگارکرا خەڵکەکە نزیك ئەو هەناسەیەی هەیە هەست ناکات داگیرکراوەو ئازادە، کە ئازادیشە ئیتر ئەو چێژەی ئەوسا لەدەلالەت و ئاماژەی سادەیدا دەبینێت ئێستا تێری ناکات ئێستا کۆمەڵێك کێشەی تری هەیە تۆ بۆی پێشکەش بکەیت کە بۆت پێشکەش نەکرد کە هەستی نەکرد تۆ لەئێش و ئازارەکانی دەکۆڵێتەوەو لێی نزیکی ناچار نییە بەرامبەر تۆ دانشێت سەعات و نیوێك هیچیش لەتۆ تێنەگات. بۆ نموونە زۆربەی ئەو شانۆگەرییانەی پێشکەش دەکرێت شانۆیی ئەزمونگەرییە بەگشتی هونەرمەندەکە

هەڵدەستێت هاوارو جووڵە دەکات و ئاسمانێکی سووروشین و سەوزو کە عەرەب پێی دەڵێت: (فن الکلام) تەنها لێرە شێوەزارێك پڕ فەزاحەت بەکاردێت لەسەر شانۆ، بەڵام خەڵکەکە خۆی تێدا نادۆزێتەوە واتا تۆ هەڵدەستی پارچە شیعرێکی شاعیرێکی بەرێز دەهێنی دەیکەیتە تابلۆیەکی شانۆیی شاعیرەکە هەست و نەستێکی تایبەتی خۆیەتی خستوویەتییەڕوو باسی حاڵەتێك دەکات لەخۆیدا بینیویەتی یان هەستی پێکردووە بەرامبەر بەپەیوەندییەکەی لەگەڵ خۆشەویستییەکەیدا، تۆ هەڵدەستیت کۆمەڵێك جلوبەرگی تایبەتی دەکەیتەبەری لەسەر شانۆ وەکو نمایشێکی شانۆیی پێشکەشی دەکەیت کە پێشکەشت کرد تۆ باسی چی دەکەیت باسی چ ئازارێك دەکەیت ئازاری کێ، من ئەگەر تەنها پێویستم بەوەیە ئازاری شاعیرێك بخەمەڕوو نمایشێکی تایبەتی بۆ دەکەم لەماڵەوەو تەواو، بەڵام ئەگەر بێم نمایشێکی شانۆیی بکەم بۆ خەڵکی گشتیی واتا دەبێت من لەئێش و ئازاری ئەو خەڵکە بکۆڵمەوە ئەگینا نایەن سەیرم بکەن، جارێك یان دوو دێت کە هیچ تێنەگەیشت دەچێت لەچایخانەیەك دادەنیشێت و ناچارنییە تەکسی بگرێت ئەو رێگا درێژە بخاتەبەرپێی و لەهۆڵێکدا دانیشێت و هیچ تێنەگات. ئێمە کێشەمان لێرەدایە شانۆ دوورکەوتووەتەوە لەخەڵکەکە نەك خەڵکەکە دوورکەوتووەتەوە لەشانۆ، ئێستاش شانۆگەرییەك بکەیت ئێش و ئازاری رۆژانەی خەڵکەکە بخەیتەڕوو من دڵنیان هۆڵەکە بەرناکەوێت، بەڵام تۆ شانۆگەرییەك دێنیّ، کەدەتەوێت ئیشێك بکەیت وەکو هونەرمەندێك بەردەوامیت هەبێت لەهەمانکاتیشدا چەند عانەیەك وەرگریت و منداڵەکانت بژێنیت و ژیان و گوزەرانت تۆزێ چاك بکەیت ئێشێك دێنی جیهانی هی شکتپیر براندۆمین پۆنسکۆ ئەپسن دێنی پێشکەش دەکەی وەکو نمایشێکی شانۆیی تۆ ئامانجەکانی خۆتت پێکا پارەکەشت وەرگرت نمایشێکیشت کرد بەردەوامیشت پیشاندا، بەڵام لەبەرامبەردا چەند کەس هات شانۆگەرییەکەی بینی لەکۆمەڵێك رۆشنبیر بەولاوە کەس نایەت، ئەو رۆشنبیرەش رۆژی یەکەم دێت رۆژی دووەم چۆڵە ئەگەر چۆڵیش نەبێت دە پانزە نەفەرێکی تێدایە ئەگەر بیکەیتەنمایشی سێیەم و چوارەم ئەوە دەبێت ئەکتەرەکان خۆیان خۆیان ببینن، کەسی تر نایبینێت، کەواتە کێشەکە لێرەدایە ئێمە پێویستمان بەوەیە لەخەڵك نزیك ببینەوە، لەئێش و ئازاری خەڵك نزیك ببینەوە، تۆ ئەگەر ئێستا باسی شەریحەیەکی وەکو ئەو قوتابیانەی کە کۆلێژەکان تەواو دەکەن دەردەچن تۆ

ئەگەر باسی کێشەی ئەوانە بکەیت ناتوانێت دابمەزرێت ناتوانێت بژی ناتوانێت ژن بهێنێت ناتوانێت و ناتوانێت کۆمەڵێك ناتوانیی پیشان بدەیت خۆی تێدا دەدۆزێتەوە دێ مقابەلە دەکات بزانێت تۆ چی پێ دەڵێیت بەس کە تۆ باسی رۆمیۆو جولێتم بۆ بکەیت یەکتریان خۆشدەویست ئەوا بوو ئاوا دوو عەشیرەت بوونە هۆی ئەوەی خۆشەویستییەکی گەورە لەناو بچێت هی رۆمیۆ جۆلێت ئەی دوایی من تێیدا لەکوێم وەکو میللەتی کورد. ئەوە قەیرانەکەمانە.



**×شانۆیی پاسەوانی ئەحمەد سالار کە نووسینی دڵشاد مستەفایە، مەلی بەختیاری بەکر رەشید کە نووسینی بەهرامی بەیزاییە لەفارسییەوە وەرگێڕدراوە ئەم دوو شانۆییە جەماوەرێکی باش هەبوو؟**

لەکوێ؟

**×لەسلێمانی، بۆچی ئەو دوو شانۆییە کەمتر باسی لەبابەتی سیاسی دەکات پاسەوان زیاتر، بەڵام زۆر شانۆش هەیە سیاسییە ئەو جەماوەرەی بۆ دروست نابێت؟**

دەزانیت مەلی بەختیاری (طائر السعد) دەقێکی عەرەبییە، ئەوەش یەکێك بوو لەو شانۆگەرییانەی کەمن لەساڵانی هەشتادا ئیشم تێدا کردووە، مەلی بەختیاری باسی

کۆمەڵێك شت دەکات، جاران باسێك هەبوو دەیوت ئەگەر چۆلەکەیەك پیسیی کردە سەر شانت دەوڵەمەند ئەبیت، تەقریبەن بیرۆکەکە هەر لەوە وەرگێڕاوە کە ئەو پەڕەیەی مەلی بەختیاری کەوتە دەستت ئیتر بەختەوەر دەبیت لەژیانی خۆتدا، بەهەرحاڵ ئەوە یەکێکە لەئامانجەکانی میللەتی ئێمە، میللەتەکەی ئێمە تەمەنناى ئەوە دەکات بەبەختیاریی بژی و حەز دەکات بچێت بزانێت مەلی بەختیاری کەی دێت و بەسەریدا تێپەڕێت و پەڕەکەی دەستبکەوێت و ژیان و گوزەرانی خۆشدەبێت، یەکێك لەو هاندەرانەی خەڵکەکە بیت ئاخر من ئەوەت پێ دەڵێم کێشەکە بەس باسی ئەوە نییە من بڵێم بچۆ جوێن بدە بەسەرکردەکان یان لێپرسراوی حزبەکان و ئەملاو ئەولاو خەڵکەکە بابێن ئیشەکەت ببینن، نا خەڵکەکە پێویستی بەنەوتە بەئاوە بەکارەبایە بەگازە بەغازە پێویستی بەڕێگاو بانێکی باشە پێویستی بەگوزەرانە پێویستی بەوەیە کە دەچێتە فەرمانگەیەك تەعامولێکی جوانی لەگەڵدا بکرێت، پێویستی بەوەیە کە دەچێتە خەستەخانە پێی نەڵێن ببورە دەرمان تەواو بووە برۆ لەدەرەوە بیکرە پێویستی بەوەیە شیکارییەکی بۆ بکرێت قۆڵی نەبڕن لەباتی ئەوەی چارەسەری نەخۆشی بۆ بکەن و جەڵدەی لێبدات، فەرموو باسی ئەمانە بکە خەڵکەکە دێت ئەتبینێت نالێم فلان کەس خراپە، باسی کێشەی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی دەکەم ئەو خەڵکە پێویستی بەوەیە کە تۆ وەعیەکی بۆ دروست بکەیت، جەنابت وتت لەسلێمانی نمایشی بەردەوامە، دەزانم ئەگەر نمایشێکی سادەش لەسلێمانی بکرێت هیچ نەبێت سێ و چوار رۆژ هۆڵەکە پڕە لەوێ خەڵکێك هەیە رەوتێکی لادروست بووە واتا مۆرکێکی لادروست بووە حەز دەکات موتابەعەی ئیشەکان بکات دەچێت ئیشەکە دەبینێت، ئەگەر لاوازیش بوو کێشەیەکی نییە بەس گرنگ ئەوەیە زەوقی خۆی تێر دەکات جیاوازە لەگەڵ خەڵکانێك چۆن بژێوی پەیدا بکات بۆ منداڵەکانی خۆی من دڵنیام لەسلێمانیش سەدان کەس هەیە ناتوانێت نمایشەکان ببینێت، چونکە خەریکی پەیداکردنی بژێوی منداڵەکانیەتی با ئەوەشمان لەبیر نەچێت ماوەیەکی دوورو درێژ شاری سلێمانی وەکو شارێکی رۆشنبیری مامەڵەی لەگەڵکرا لەکوردستاندا لەکاتی عیراقیشدا حکومەتی عیراق بایەخی دابوو بەو لایەنە، نازانم بۆچی. بەهەر حاڵ کە ئەو وەکو

ناوەندێکی رۆشنبیری دیارە ئەو شارە بۆیە خەڵك دەچێـە کۆنسێرتێکی موزیك خەڵك دەچێتە کۆنسێرتێکی شیعر خوێندنەوەو پێشانگایەکی شێوەکاری، لێرە خەڵکەکە ئەو متابەعەیەی ئەو هەناسەی لادروست نەبووە نازانم بۆچی، خەڵکەکەی خۆشمان دەوریان هەیە لەمە واتە هونەرمەندەکانمان دەوریان هەیە لەوەی ئەو خەڵکە دورکەوتووەتەوە لێیان ئەگینا من دێتە بیرم لەهەشتاکان و حەفتاکان شانۆ لەهەولێر خەڵکەکەی هانداوە بۆ خۆپیشاندان لەهۆڵەکەوە دەرگاو پەنجەرەیان شکاندووەو چوونەتە سەر شەقامەکان، واتە خەڵك دوورنەبووە هونەرمەندەکان خەڵکەکانیان دوورخستووەتەوە بۆیە پێویستە من لەسەر شانۆ باسی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی خەڵکەکە بکەم، خۆشەویستی نیشتمانی لادروست بکەم کە ئەوە یەکێکە لەپێویستییەکان وەکو نان و هەواو ئاوو پێویستییمان بەوە هەیە. شانۆ تەنها شتێی کەمالی نییە من کە زەوقم هەبوو بچم نمایشێك ببینم، گرنگ ئەوەیە کە نمانیشەکە شتێك بۆ خەڵکەکە زیاد بکات ئەگەر هیچ نەبێت لەلایەنی مەعریفییەوە.

# جەزیرەو CNN بکوژێننەوە..

لەئنگلیزییەوە: تۆفیق عەبدول

بەهمەنی قوبادی:

**(جەزیرەو CNN بکوژێننەوە.... ولەجیاتی ئەوە سەیری فیلمەکەی من بکەن،ئەمە ئەو ڕستە بزوێنەرەیە کە بەهمەنی قوبادی ئەیەوێت سەرنجی جیهانی بەلای کێشەی کوردا پێڕابکێشێت!**

فیلمە نوێیەکەی بەهمەنی قوبادی (گۆرانییەکانی نیشتیمانەکەم، یان لە عێراق بێسەروشوێن بوو) لەکوردستان لەناو کێشمەکێشی ئۆردوگایەکی پەنابەراندا لەکاتی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق –ئێراندا ڕوودەدات. گرمەی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی سەدام وەکو مۆسیقای بەردەوامی فیلمەکە بەکارهاتووە.

پیاوان، باوکان، کوڕانی هەرزەکار کوژراون و نێژراون، ژنان دەموچاوە وشکەڵاتووەکانیان لەترسی گازی کیمیاوی هەڵبەستووە. ئۆردوگاکان پڕن لەو منداڵە هەتیوانەی دایك و باوکیان لەو جەنگەدا کوژراون. ئەو هەموو خەڵکە نەفرەت لەسەدام دەکەن.

### قوبادی ـ دەنگی کوردەکان



بەهمەنی قوبادی، بەهرەمەندێکە، وتەبێژی سینەمایی کوردەکانە، سەرەتا بەفیلمی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان) دەستپێکردوە کەخەڵاتی کامێرای زێڕینی فیستیڤاڵی کانی ساڵی٢٠٠٠ ی وەرگرت و پاڵێوراوی ئێران بوو بۆ خەڵاتی ئۆسکاری ٢٠٠١.

قوبــادی چارەنوســی منــاڵانی کــوردی کــردووە بەیــەکێك لــە بابەتــە چەســپاوە هەمیشەییەکانی فیلمەکانی. چەند ڕۆژێك لەمەوبەرلەیەکێك لەڕۆژنامەکانی ئێراندا وتبوی.

(جەزیرەوCNN بکوژێنەوە ! ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت بزانیت ژیانی کورد لە عێراقدا چی مەرگەساتێکەو دوای ئەوە بچۆ سەیری دواین فیلمی من بکە).

قوبادی ئێستا یەکێکە لەوانەی دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت. ڕۆژنامەنووسەکان سـەرەیان گرتوە بۆ ئەوەی باری سەرنجی سینەماکارێکی کوردی ئێرانی دەربارەی مەسـەلەی کـورد بزانن.

ئەوپرسیارانەی دەربارەی ڕۆڵـی سـتراتیژیی و سـەربازیی ئێـستای کوردەکانـە لەگـەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە عیراقدا تەنیا شتە کە بەهمەنی قوبادی پێیان بێتاقەت دەبێت.

سەرنجت بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کـە لـەباکوری عێراقـدا نزیکـەی حـەوت هەشـت ملیـۆن کورد هەن بەدەست ماکەکانی جەنگەوە دەناڵێنن، قوبادی خۆی بەنوێنەرو وتەبێـژی ئـەو خێزانە لێقەوماوانە دەزانێت.

## هەر دو سێ ساڵ جارێک جەنگێکی نوێ.

ئـەم دەرهێنــەرە بارودۆخەکـە بـەم جـۆرە وێنـا دەکـات (کوردەکـان ماندون،مانـدون بەدەست ئەو هەموو جەنگەوە لەسـەر خاکەکـەیان ڕویـداوە (...) مـن بەشـبەحاڵی خـۆم بڕوام نەبە سیاسەتمەدارانی ئەمەریکاو نەبەسیاسەتمەدارانی ئەوروپا نییە.

بەئاشــکرا هەســت دەکــات کــە کــەس بەتــەنگ کوردەکــان یــان مرۆڤــە ســاکارە بێتاوانەکانەوە نایەت.قوبادی دەڵێت: لەماوەی بیست ساڵی جەنگدا نزیکەی١٨٣٠٠٠ زیانی گیانیی لەکوژراو وبریندار و کەمئەندام لە کوردستان هەیە.

دوایـن فیلمـی بەهمــەنی قوبـادی (لـە عێـراق بـێ سەروشـوێن بو،یـان گۆرانیــەکانی نیشتیمانەکەم) لەکۆتایی مانگی مایسەوە لە ئەمەریکا و ئەوروپا دەستی کردوە بەنمایش.

باس لەجەنگی پێشوی عێراق – ئێران و ڕاپەڕینی کوردەکان دەکات، کـە خوێنڕێژانـە لەلایەن سوپاکەی سەدامەوە وەڵام درایەوە.

## کیمیا بـارانکردنی گونـدەکانی کوردسـتان یـەکێکی تـرە لـە بابەتـەکانی فیلمەکە.

بەهمەنی قوبادی لاو بەمناڵیی لە بۆمبابارانکردنی عێراقدا ژیاوە و سەرجەم خێزانەکەی لەجەنگی هەشت ساڵەی کاولکار و ئیبادەکاردا دەربەدەربون.



## ژیان لە گەمەکانی کۆمپیوتەر دەچێت.

قوبادی بێئومێدانەو گاڵتەجاڕانە بەم شێوەیە وسفی ژیانی کوردەکان دەکات.

(منداڵانی کورد ڕاستەوخۆ بەزیندویی لە جەنگدا دەژین. مناڵەکانی ئێمە هەر ئەوەندە دەرگاکان بکەنەوە ئەوە دەبینن کەمناڵانی ئێوە لەسینەما و گەمەکانی کۆمپیوتەردا دەبینن) (گەلی کورد بەردەوام لەفیلمێکدا دەژین) قەناعەتی وایە کە سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا وەکو دەرهێنەرەکانی هۆلیوود وان ( کاتێک دەبینن فیلمەکانیان باش ئەفرۆشرێت،بڕیار ئەدەن کۆتاییەکانیان بەهێزتر بێت،نابێت ڕێگا بدرێت قارەمانەکانیان بمرێت،لەبەرئەوەی ئیتر قازانجی نامێنێت بۆیان.تا ئیستا ڕێگەیان داوە سەدام سێ جار ئەم دەورە ببینێت).

قوبادی لەفیلمی (لە عێراق بێ سەرو شوێن بو) دا دەیەوێت نیشانی بدات تراجیدیای شەڕی ناوخۆ بۆ کوردەکان – گەورەترین نەتەوەی بێ حکومەتی دنیا–یانی چی.

سەرەنجامەکەی دەتوانین بلێین چاپلنانەیە،فیلمێکە پڕ لە مۆسیقا و نوکتەو سوپایەك کاراکتەری نامۆ و سەیر و لەبیر کراو.

**مۆسیقاو نوکتەو رووخۆشیی بەرامبەر تۆقاندنی ڕۆژانە.**

لەگەڵ ئـەوەدا گرمـە و دەنگـی فڕۆکـە بۆمـب هاوێـژەکان بـەردەوام لـە باکگراونـدا دەبیسترێت و خەلك بۆ کەس و کارە مردوەکانیان دەگرین و دەیانلاوێننـەوە، تـەنیا یـەك لاشە نیشان نادات.

قوبـادی دەڵێـت ویـستویەتی فیلمێکـی ناسـکی شـیعر ئاسـا دروسـت بکـات و ڕونـی دەکاتەوە:

(ئێمەی کورد درکمان پێکردوە دوشت ئێمە لـەئازارو موعانـات دەپارێزێـت: مۆسـیقاو رووخۆشیی و بەزەوقیی. وا تێمەگە ئێمـە بۆیـە هەڵدەپـەڕین و گـۆرانی دەڵـێین و نوکتـە دەکەین، چونکە بەشتێکی باشیان دەزانین. نـەخێر، لەبەرئەوەیـە لـەوەزیاتر دەروییـەکی ترمان نییە بۆ دەربازبوون).

نوسینی بەئەڵمانی: بریجیت نیومان.

وەرگێڕانی بۆ ئنگلیزی: جۆن بێرگێرۆن

سەرچاوە : ئینتەرنێت.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.chrakan.com
www.dengekan.com